سمکۆ محەمەد

# وەهمی دیموکراسی

٢٠١٩

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | : وەهمی دیموکراسی |
| بابەت | : توێژینەوە لە چەمکی دیموکراسی و ڕەهەندەکانی |
| نووسەر | : سمکۆ محەمەد |
| پیتچنین و هەڵەچن | : نووسەر |
| نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ | : شاخەوان جەعفەر |
| تیراژ | : ١٠٠٠ دانە |
| چاپ | : چاپی یەکەم، |
| نرخ | : دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (١٧٨)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

# پێشــەکی

دیموکراســییەتی هاوچــەرخ. ڕێــک بەمانــای دوورخستنەوەی خەڵک دێت لەبەشداربونیان لەسیاسەت، لەلایەکـی دیکەشـەوە بەمانـای لەسیاسەتخسـتن دێـت. ئەمــە پارادۆکســی سیاســییە کــە ئەمــە روپۆشــکردنی دیموکراســییەتە بــە لیبرالیزمــی هاوچــەرخ و پشــتیوانی کۆمپانیــاکان.

لەپاشــایەتیدا و پۆســت پلــەی پادشــاهی و موڵکایەتــی گشت بۆ تاکێک لە زۆربەی سیستەمەکانی حوکمڕانیدا، دیموکراسـی کـراوە بـە ئەلتەرناتیـڤ و مەرجـی ژیانـی سیاسـی، مـن پێموایـە لەهـەردوو بارەکـەدا بـۆ چینـی خــوارەوەی کۆمەڵگــە چــوون یەکــە، چونکــە وەکــو مارکـس دەڵـێ (لـە پاشـایەتیدا ئێمـە خەڵکمـان هەیـە بــۆ دەســتوور، بــەڵام لەدیموکراســیەتدا دەســتوورمان هەیە بۆ خەڵـک) هـەر کامێـک لـەم سیسـتمە جێگۆرکێـی پێبکەی یەکسانە، ئەم فەلسەفەیە کە ئامانجەکەی روونە و دەبـێ پراکتیـک بکرێـت، فەلسـەفەش لەجەوهـەردا گەرەکیەتـی دیموکراسـیانە گەشـە بـکات و رەچەڵەکـی هەمـوو ئامانجێکـی مرۆیـی بدۆزێتـەوە.

جوگرافی و کولتووری و سۆسیۆلۆژی و سیاسی.

ئایا دیموکراسی ئەوەیە تێکەڵ بە سیستمی ئابوری بکرێت و وەکو کەرەستەیەک لەپێناو درێژکردنەوەی تەمەنی حوکمڕانی ستەمکاری و سیستمی کۆنترۆڵ بمێنێ و خەڵکیش هەر رەعیەتی دەسەڵاتەکان بێت بەهەموو جیاوازیەکیانەوە، یان ئەوە مانای کەمتەرخەمی گروپە هۆشیارەکانە کە مانای جیاوازیان بۆ دۆزیوەتەوە و ململانێکەیان بردۆتە ئاستێک خەڵک بەگشتی شارەزایی نەبێت لەو ستایلە سیاسییە، ئەگەر وایە بۆچی خاوەن تیۆرە سیاسییەکان، زیاتر خەمی سیستمی حوکمڕانیان هەیە لەوەی گروپە سیاسییەکان هەیانبێت؟.

ئەم باسە سەرەتاکەی لەوێوە دەستی پێکرد کە ئیمپریالیزم دوای سەرکەوتنی لەسەدەی ١٩ رابردوو، لەزۆربەی ولاتانی رۆژئاوا بۆ تاقیکردنەوە بێت یان بۆ جێگیرکردنی پێگەی خۆی، سیستمی تۆتالیتاریزمی راگەیاند کە لەدەسەڵاتی کەنیسەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئیدی سەرەتا شاڵاوبردن بوو بۆ کیشوەری ئەفەریقا و بەشێک لە ئاسیا کە رۆژهەڵات بوو، چونکە تۆتالیتاریزمی ئیدیۆلۆژیایی، دۆخێکی دیفاکتۆیی وەرگرت، چونکە هەم لەیەکێتی سۆڤیەت و هەم بەناوی سەرەتای سەرهەڵدانی جەنگەوە، بوو بە کەرەستەیەکی پشتیوانی بۆ دەسەڵاتە سیاسییەکان و فراوان بوونی کێشمەکێشەکە، لەکاتێکدا لەژێرەوە بزووتنەوەیەکی

دیکە بۆ مانەوەی سیستمی دەسەڵاتداریتی لەژێر عینوانی دیکەدا گەرەکی بوو درێژە بەتەمەنی خۆی بدات و سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، ئەویش ئەوکاتە بوو کە دیموکراسی ئەو خەیاڵەی خولقاندبوو گوایە دوای گەڕانەوەی بەها بۆ ئینسان و ستەملێکراوەکان، ماف و ئازادی بۆ گروپە ئیتنییەکانی ستەملێکراو و ئازادی بەیان و عەقیدە و هتد چارەسەری دۆخی سۆسیۆ سیاسی دەکات کە نەیکرد، لەکاتێکدا ئەم درووشم هەڵدانە تەنها وەکو ئەلتەرناتیڤی سیاسی بوو دژ بە یەکێتی سۆڤیەت، ئیدیعاکەش ئەوەبوو کە گوایە سەرجەم تاکەکان لەگەڵ یەک یەکسان و هێزی ماتریاڵی یەکسان دەبن لەگەڵ یەکتر، لەکاتێکدا سەرمایەداری لەگەڵ هاتنیدا بە پاڵپشتی تەکنۆلۆژیا و ئابوری داگیرکراو و کۆمپانیا و کەرتی تایبەت، گرەوێکی کرد وەکو سەرەتا و وەکو سیستم گەرەکی بوو فۆرمێکی تر بدات بە دیموکراسی، هەروەها لەگەڵ دۆخی هەر جوگرافیایەکی دەوڵەتداریدا بیگونجێنێت و لەگەڵ ئیکۆنۆمیزمی جهانیدا هارمۆنیا وەربگرێت، کە دواتر ئەم پلانە سەریگرت.

ستراکتۆر بۆ چەمکەکە لە ئەندێشەی کۆن بۆ جەوهەری بابەتە جیاوازەکانی سیاسەت جێگیربوو، بۆیە سیستمی سیاسی زاڵ ناچار بوو ناوەڕۆکی گۆڕانکاریەکان دەستکاری بکات، هەروەک چۆن دیموکراسی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەپێی

کوولتووری کۆمەڵایەتی و مێژووی شوێنەکە لەبارەی هەلومەرج و جوگرافیاوە جیاوازیان بۆ درووستبوو. لەبەر ئەوەی سیستمی ئابووری و بازاڕو توانای تەکنۆلۆژیا، سنووریان بۆ سیاسەت کێشا، دەسەڵات و حوکمڕانەکانیش بەهەمان ستایلی کۆمەڵایەتی جوگرافیاکە مامەڵەیان لەتەک چەمکەکە کرد، بەمانایەکی دیکە دیموکراسیەتی باویش تەماشای بەرژەوەندی دەوڵەت دەکات و هەر بەو ئاڕاستەیەشدا گوزەر دەکات، بەو واتایەی ئەگەر لە وڵاتانی رۆژهەڵات ئەو کولتوورەش هەبێت بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە بەپێی پڕۆژە و بەرنامەی حیزبی بۆ ماوەی ٤ ساڵ، بەڵام سەرەنجام خودی ئەو حیزبەش هەڵگری هەمان ستراتیژی سیاسی دەوڵەتییە، لەتواناییدا نییە بگۆڕێت و بەئاڕاستەی پێچەوانەوە سیاسەت بکات بۆ ماوەی ٤ ساڵی داهاتوو، کە ئەمە لەئامریکا تەواو پێچەوانەی هەموو دونیایە و تەنها دوو حیزب دەستاودەستی دەسەڵات دەکەن، ئەویش حیزبی کۆماری و دیموکراتییە لەئامریکا کە لۆگۆکانیان فیل و گوێدرێژە، حیزبی کرێکاری و پارێزگارەکانە لە ئەنگڵستان، ئەم بابەتە لە یەکێک لەچاپتەرەکاندا بە درێژی باسدەکەین.

دەرکەوتووە کە قەیرانی ئابوری بۆ هەر دەوڵەتێک، سابا ئەو قەیرانە خۆڕسک بێت یان درووستکراو بێت، دیاردەیەکی ناتەواوە بۆ شکست پێهێنانی

سیستمی سیاسی، ئەم خەون و خەیاڵە لە سەدەکانی رابردوووشدا هەمان پیلان و تاکتیکی سیاسی بووە، چونکە مەتڵەبە سەرەکییەکەی خەڵک عەدالەت و یەکسانی بووە، نەک دیموکراسی فۆڕمی سیستمی سیاسی، ئێستاش لەزۆربەی جوگرافیای وڵاتاندا ئەو گەمانە بەکاردێن کە نموونەیان وڵاتانی رۆژهەڵات و بەشێک لە رۆژئاوایە و لەولاشەوە هیند و نیپاڵ و بەنگلادیش و ئاسیاییەکان و هتد، بەڵام گرینگ ئەو رێکخستنەیە کە بۆ قەیرانەکە کراوە و درێژەی بە گەمەکە و هاوکێشە بەردەوامەکە داوە کە کۆمپانیا زەبەلاحەکان، ئەوانەی زلهێزەکان دەیجوڵێنن هەمیشە هاوکێشەکە پێکەوە دەگونجێنن.

هەموو ئەم رەوتەی کە لەپەراوێزی گەمە سیاسی و ئابورییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هاوکاری سیستمی سەرمایەداری هاوچەرخ دەکەن بۆ سەرکەوتنی دۆخەکە، لەوانەش ئەو گەمانەی ئامریکا و بەریتانیا لەگەڵ فەرانسە و چین کردیان لە ساڵی ۲۰۰۹ وە تاکو ساڵی ۲۰۱۹، مەبەستم خۆپیشاندانی هیلەگ زەردەکانی چەند ساڵ بەر لەئێستایە لە فەرانسە و بەشێک لە ئەوروپا نمایشی ناڕەزایەتی کرێکاری خۆیان کرد، کە ترسناکترین خۆپیشاندانی سەدە بوو، ئەو دیاردە سیاسی یە تەواوی رۆژئاوا بەخۆیەوە بینی، چونکە فەرانسە لەگەڵ ئێران گەمەی ترسناکی دەکرد، ئەمە وایکرد کە بەتایبەتی

ئامریـکا بەسـتایلێک ئابـوری تێکـەڵ بـە ململانێـکان بـکات، تـا ئـەو جێگەیـەی کردبـووی بـە پەراوێزێکـی گرینـک بـۆ سیاسـەت و دەستشـکاندووە لەگـەڵ یەکتـر، مەبەسـتم لـە پەراوێزەکانـی وەکـو ئێـران و کۆریـا و ئاسـیاییەکان و لەسـەرووی هەمووشـیانەوە چیـن کـە هـەم گەورەتریـن دەوڵەتـی سـەنعەتییە و هـەم تـەواوی بـازاڕی داگیرکـردووە، ئەمـە دیموکراسـیەتی بەڕادەیـەک پاشەکشـە پێکرد کـە نـەک هـەر بۆ کۆمەڵگـە و دەوڵـەت و حوکمڕانـی زیـان بـوو، بەڵکـو تـا ئـەو رادەیـەی تـەواوی خەڵـک بـە سیاسییەکانیشـەوە قەناعەتیـان کردبـوو کـە دۆخەکـە بەپێـی هەلومەرجـی ئاسـایی خـۆی دەگوزەرێت، بەڵێ نێوەنـدە سیاسـیەکان و خەڵک پێویسـتیان بـەو جـۆرە دیموکراسـییەتەیە، لەکاتێکـدا ئەوان باشـیان دەزانی کە وەهمەکە هێندە ئاشـکرایە، تا ئـەو رادەیـەی بیرۆکەکـە لەزەینـی هەمـوو تاکێک شـاش و کاڵ ببـووەوە و بەئاشـکرا پاشەکشـەیان دەکـرد، ئـەو دیمەنـەی کـە کچـە سـەربازێکی فەرانسـەیی بەبەرچـاوی هەمـوو میدیـای دونیـاوە داوای لـە خۆپیشـاندەران و پۆلیس دەکـرد ئـەو بکوژن، تەنها ئـەوەی لەژێر عینوانی ناڕەزایەتـی و بەرگریکـردن لـە دەوڵـەت، وڵاتەکـە تێـک نـەدەن، ئـەم داوایـە هێنـدەی پاشەکشـەی سیاسـی بـوو بـۆ ناڕازییـەکان، هێنـدە سـۆزداری نەبـوو بـۆ ژیانـی کۆمەڵایەتـی و لەوێشـەوە بـۆ تێگەیشـتنی دەوڵـەت، لـەو شـانۆیەی کـە دەگـوزەرا و پێشـتریش سـاڵی ٢٠١٣ لـە

ئاڵمــان و ئیســپانیا و یۆنــان هەمــان ســیناریۆ هەبــوو بەنــاوی هەڵایســانی قەیرانــی ئابــووری.

ئـەم سـیناریۆیە پێشـتر لـە ئامریکا هەبوو کە کێشـەی دارایــی ئامریــکا لەژێــر عینوانــی کێشــەی (ۆڵ ســتریت) گەیشـتە لوتکـەی ژیـان، هەمـوو هاوڵاتییـەک شـارەزایی لێــی هەبــوو کــە باگڕاوندەکــەی خــودی سیاســەتی ئامریکایــە بەرامبــەر بــە دەوڵەتانــی وەکــو عێــراق و ئەفغانستان و وڵاتانی عەرەبی، چونکە دووچار نەزیفی خوێنی ئابوری ببوو لـەوەی سـەرباز و کەرەسـتەیەکی زۆری هەواڵگــری و حوکمڕانــی ڕەوانــە کردبــوو کــە دواتــر بەشــێک لەدەرەنجامــی ســیناریۆکە بــە قازانجــی ئامریــکا نەشــکایەوە.

دیموکراســی بــەدەر لــەو دیمەنــە سیاســی باوانــەی هەیە، لەبارەی مێژووییـەوە بە سێ زەمەنی جیاواز لـە سـەدەکانی بـەر لەزاییـن و سـەرکەوتنی سـەرمایەداری و شکســتی سـۆڤییەت تێپەڕیــوە، بۆیــە ســێ دیمەنــی جیاوازی بەخۆیـەوە بینیبوو کە هیچ کامیان لـەوەی تر نەدەچوو، تەنانـەت لـەو وڵاتـەش کە سـەرەتا لێی لەدایک بــووە لەیەکتــر ناچــوون، چونکــە نــەک هــەر جێکەوتــە نەبــوو بــوو، بەڵکــو ئاسەواریشــی نەمابــوو لەبــارەی فکرییــەوە. کەواتــە بۆچــی داواکارییەکــە لەســەر گۆڕینــی شوناســی ڕۆژهەڵاتــە بەتایبەتــی، تاکــو ببێتــە پاشــکۆی ڕۆژئـاوا و ئامریکا، هەڵبـەت ئەمـە روونـە کە ئـەو جۆرە گەمەیـە لـەم ناوچانـە نەبێت لـە جوگرافیـای دیکـە سـەر

ناگرێت، بۆیە بەناوی دیموکراسی یەوە بەردەوامی بە فەزا سیاسییەکە دراوە و خەڵکیش لەپەنای بۆچوونی جیاواز دۆخە هەمەلایەنەکەیان قبوڵ کردووە، ئێمە لێرەدا بە هەناسەیەکی رەخنەگرانەوە لێکۆڵینەوە لەم چەمکە دەکەین و لێکەوتەکانی دەخەینە بەرباس، بۆیەش ناوم ناوە وەهمی دیموکراسی، چونکە دەرکەوتووە کە دیموکراسییەت سیستمیکی وەهمی یە بۆ خۆشگوزەرانی ئینسان لەهەر شوێنێک و لەژێر سایەی هەر سیستمێک و دەوڵەتێک بێ.

**سمکۆ محەمەد**

**هاوینی ٢٠١٩**

## لەوەهمی ئایینی یەوە .. بۆ وەهمی سیاسی

وەهم چەمکێکە بۆ شتی نادیار دەشێ، شێوەیەکە لە شێوەکانی تێکچوونی هەست، یان شیکاری بۆ هەستکردن بە هەقیقەت لەلایەن ئینسانەوە بەرامبەر بە دیاردە جیاوازەکان، لەوێشەوە ئەو وێنایانەی کە پێیانوایە واقیعین و هەن، ئەم زاراوەیە ئەگەرچی بەشێکی پەیوەندیی بە فەزای سایکۆلۆژیای درووستکراوەوە هەیە، بەڵام بەشێکی فراوانی پەیوەندیی بە ئەفسانەوە هەیە کە لەلای هیندۆسییەکان بە(مایا) ناسراوە، چونکە ئەوان وەکو پێکهاتەیەکی مەزن لە هیندستان کە دەوڵەمەنترین کۆمەڵگەن لە ئەفسانە و وەهم و شەعوەزەن لەدەرەوەی هەموو زانستێک، وەکو بەشێکی تایبەت لەپێداویستی ژیان لەگەڵیدا دەژین و قبوڵیانە و خاوەنی لایەنە شیکارییەکەشن.

لەرووی فەلسەفیەوە چەمکی وەهم، چەمکێکە ناتوانێ وەڵام بە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی خودی خۆی بداتەوە نەک زانست، بەمانای ئەوەی فەزایەکی نادیار پێشکەش دەکات بەکاریێکتەری واهیمی، یان هەڵگری ئەم دونیابینییە وەهمیە، ئەویش هەوڵدانە لەرێگەی

شۆڕش بەرەو سەرکەوتن، ئازادی بۆ عەدالەت و دیموکراسی بۆ گۆڕینی سیستم و هتد.

نیچە لەتێزەکانی خۆیدا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هەموو ئەو شتانەی لەدەرەوەی ویستی ئینسان خۆیەوە بەرهەمدێتەوە، سەرچاوەکەی لەلاشعورەوە سەرهەڵدەدات و وەهمە. بەڵام مەترسیدارترین وەهم ئەو موفرەدەیەیە کە سیاسەت بەرهەمیدەهێنێت، چونکە لە ئامادەنەبوونی خەیاڵ و هەقیقەت و واقیع و بیرکردنەوەوە سەرهەڵدەدات و وەکو واقیعیش خۆی دەردەخات، وەهمە کوشندەکەش ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەک بڕوای بە گروپێک بێت تاکو بەهەشتیان بۆ بەرهەبهێنن، یان نرخیان بۆ دابنێن و بەخۆیانی بفرۆشنەوە، نموونەش ئەوەیە کە دوو گروپی دژ بەیەکتر، دوو کۆمەڵگە بەکاربهێنن بۆ ململانێ و فەزاکەش تێکەڵ بە ئیستاتیکای سیاسەت بکەن، کەچی بەخۆیانی بفرۆشنەوە و ئاگری گەمەکەیان پێ جۆش بدەن، بۆ نموونە وەهمێک بۆ رزگارکردنی نیشتیمان و بۆ ئایین و بۆ تاک و بۆ حیزب و نەتەوە و ئایدیۆلۆژیا و هتد، هەموو کەسێکی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیان سەرقاڵ کردووە و بۆتە واقیع، لەکاتێکدا ئەمە بۆ کورت هێنانە بەتەمەنی کۆمەڵگەیەک، لەپێناو ژیانێکی رەفا بۆ گروپێک کە داینەمۆی وەهمەکەن، «بێگومان دەستەوداوێن بوونی ئایین و خودا، بەشکڵ و شێوەی جۆراوجۆر بەقەت مێژووی ژیانی

کۆمەڵایەتـی مـرۆڤ، تەمەنـی هەیـە و مرۆڤەکانیـش بەهـۆی جۆراوجـۆر لەوانـەی رەنجـی ژیـان و تـرس لـە مـردن، دەسـتەوداوێنی هێـزی بـان سرووشـتی دەبـوون، بـەڵام بونیادگـەری ئایینـی دیاردەیەکـی نـوێ و جیـاوازە، بـە دەربڕینێکـی دیکـە ئێسـتاکە ئاییـن لـە چوارچێـوەی بونیادگەرایانـەی خۆیـدا بۆتـە گرینگتریـن سـەرچاوەی شـوناس لـە جیهانـدا».[1].

. ئـەوەی کـە فەلسـەفە دەبەسـتێتەوە بەچەمکـە ئاکتیڤەکانـی نزیـک بەسیاسـەت و ئایدیۆلۆژیـا، ئەوەیـە کـە فەلسـەفە وەکـو یونیڤێرسـاڵێک خـۆی مەتـرەح دەکات و رازی نییـە بەخاڵێـک کـە ناتوانـێ ژیـان بگـۆڕێـت، بەومانایـەی دیموکراسـی کـە بەرهەمـی فەلسـەفەیە، بۆیـە ئـەم ئەگەرانـەی لەپێـش خـۆی دانـاوە، تاکـو بتوانـێ ئامانـج بگۆڕێت لەدەسـەڵاتێکەوە بـۆ دەسـەڵاتێکی دیکـە، کەچـی تەنهـا لـە ئاکسـیۆنەکاندا نمـوودی خـۆی دەبینێـت و لـە هەقیقەتیشـدا هەمـان مەبەسـتی فەلسـەفی هەیـە، کـە سیاسـەت فێڵـی لێکـردووە وەکـو ئـەوەی لەسـەرەتای لەدایکبوونـی فەلسـەفەوە، سیاسـەتیش لەرێگـەی گەمـەی جـۆراو جـۆرەوە، ئـەم گـرەوەی بردۆتـەوە و فەلسـەفەی کـردووە بەخزمەتـکاری خـۆی، بۆیـە فەلسـەفە لێـرەدا دۆڕاوی توانـا کـورت خایەنەکەیەتـی کـە هێـزی بەکارهێنانـی پرنسـیپەکانی خـۆی پـێ ئاکتیـڤ ناکرێـت، بـۆ ئایدیـاکان و رێژەی ئـەو کارێکتەرانـەی کـە هەڵگـری هەمـان ئایدیـان.

بە ئەستێرەکردنی تاکی ئاکتیڤیست لەنێو مەحفەلی سیاسی هاوچەرخدا کە مۆدێرنە ئابوری کردووە بە حاکم، بۆ بەریاڵکردنی بازاڕە هەمە چەشنەکانی، بەشێکە لەدرووستکردنی وەهمێک لەنێو واقیعدا، وەکو ئەوەی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە ئیعتیبارێکی فەلسەفی هەیە و رەهەندی جیاوازی وەرگرتووە، ئەویش لەڕێگەی ئایین و مەزهەب و هونەر و ئیدەی سیاسیەوە دەبنە ئەستێرە و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەردەکەون، ئەم جۆرە وەهمە لەو ماکینەیەوە بەرهەمدەهێت کە لەرێگەی زمانەوە فوو دەکرێتە فوودانەی کەسێکەوە و ریتواڵێکی پێ دەبەخشن، دواجار ئۆتۆریتەی بەهێزی کوالیت نزمی بۆ پەیدا دەکەن، مەبەست لەخەڵکی عەوامە، ئەوانیش لەنێو عەشیرەتێک یان گروپێکی ئیتنیکی و گروپێکی فراوانی مەزهەبی و هتد ئامادەن، چونکە هەڵگری شوناسێکی بنەماڵەیی یان عەشیرەتی و حەشیمەتین، نموونەش ئەو ناوانەن کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ لەدوای هێرشەکەی سەر هەردوو تاوەری بازرگانی ئامریکا کە بە ١١ ئۆکتوبەر ناسراوە، دەرکەوتن، ئیدی هەندێک کەس وەکو ئەستێرەی سیاسی دەرکەوتن، نموونەی کارێکتەری لەناوچووی وەکو بن لادن و کوڕەکەی و هەروەها کەسانی وەکو زەرقاوی و ئەبوبکر بەغدادی و مەلاکریکار و هتد دەرکەوتن و پێشتریش شا مەسعود و تاڵیبانەکان لە ئەفغانستان بوون و زەواهیری و

ئەبوبکـر بەغـدادی و هتـد، لەلایەکـی دیکـەوە کەسـانی وەکـو مورسـی و سیسـی و هتـد، یـان ئـەو ئاخونـد و مـەلا و بەنـاو چاودێـرە سیاسـی و ڕۆژنامەنـووس و یاریکـەرە وەرزشـیانەن کـە بـەردەوام لەمیدیـادا باسـی گرنگـن.

زاراوەی وەهـم زیاتـر ڕەهەندێکـی خورافـی و ئایینـی هەیـە، بـەڵام لەمێژووی زۆر کۆنـی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بەتایبەتیـش لـەلای میسـرییە کۆنـەکان ئـەم بابەتـە کاری پێکـراوە تـا ئـەو پـەڕی بەواقیعکردنـی، بۆیـە هێنـدەش موناقەشـە کـراوە تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە کێشـەی سـوبێکتی پـێ چارەسـەر بکـەن، ئیـدی ئـەم هەوڵـە واقیعییەتـی وەرگرتـووە، سـەردەم و قۆناغێـک کـە فیرعەونییـەکان سـەردار بـوون، ئاییـن لەسـەرەتای سـەرهەڵدان و گەشـەی ژیانی بـوو، ئەستێرەیەکی وەکـو ئیبراهیـم پێغەمبـەر بوو بە پاڵەوانی بنەمـای چیرۆکـەکان، بەچەکوچێکـەوە پەیکـەری فیرعـەون و خوداکانـی شـکاند، بەپێـی چیرۆکەکـە بەشـێک لـەو وەهمـەی تێکشـکاند کـە لـەلای زەیینیەتـی خەڵـک جێکەوتـە ببوو، دوا بـەدوای ئـەو، موسـای پێغەمبـەر هـات کـە داوای کـرد دژی ناعادالەتـی فیرعەونـەکان بووەسـتنەوە و کـەس پەیوەسـت نەبـوو بـە بانگەوازەکەیـەوە و قبـوڵ نەکـرا، ئـەو سـەرەتا باسـی ئـەوەی کردبـوو وەکـو بزووتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی و سۆسیالیسـتی بێنـە مەیـدان، یەعنـی بیرۆکەکـە سۆسـیالیزم بـوو دژی نایەکسـانی سیسـتمی حوکمڕانـی

و نەهێشتن و قبوڵ نەکردنی ژیانی کۆیلایەتی، بەڵام کە خەڵک ئەو باسەیان پشتگوێ خست، ئیدی موسا سایکۆلۆژیای خەڵکەکەی خوێندەوە و بابەتەکەی بە خودا ناسییەوە گرێدا، بەوپێیەی کە هێشتا لەو سەردەمەدا هۆشیاری و عەقڵ نەگەیشتبوو بەو ئاستەی ئینسان دژی ستەمکاری ببێت، عەقڵیش دژی ئیمان و بیرۆکە ئایینیەکانە کە بەزۆر خودایەک دەچێنن لەمێشکی ئینسان، بەتایبەتی ئەو خودایەی لەسەر زەمین حوکمڕانی دەکات و مەبەستیش دەسەڵاتی یەکەمی حوکمڕانییە، تەنانەت مەسیحییەت کە زەمەنێکی دووروو درێژ دوای موسا دێت، ناتوانێ خۆی بخاتە پلەیەکەوە کە چیتر ئینسان لە چاوەڕوانی وەهمدا نەژی، مافی عەقڵیش لەکاتی بێدەسەڵاتیدا زیاتر هەستی پێدەکرێت و بەرجەستە دەبێتەوە، عەقڵی بیرکەرەوە زەبری خۆی هەیە کە لەجەنگێکی نادیاردا هێزی بڕواهێنەری خۆی دەردەخات کە ئەگەر بگات بەجۆرێک لە هەقیقەتی ریاڵی و واقیعی، بۆیە موسا وەکو نموونەکانی دیکەی بەر لەزەمەنی خۆی، دوای ئەوە دەستی کرد بە بانگەشەی ئەوەی کە لەگەڵ خودا هەزار و یەک وشە قسەی کردووە و داوای لەخودا کردووە رووی خۆی نیشانی موسا بدات، بەڵام لەئەنجامی ئەو دەرکەوتنەی خودا، کێوی توور سوتاوە، ئەم چیرۆکە کە پێویستی بەوەبوو جێگەی خۆی بگرێت لەزەینی گوێگر و گوێڕاڵی

ئایینـی و كۆیلەكانـدا، دەبـوو بكرێنـە پیـاوی ئەفسـانەیی و لەوێـوە سـیحریان رێسـای خـۆی وەربگرێـت، ئەمـە پێویسـتی بـەوە بـوو رەواجـی زیاتـری هـەبێت لەگوتـاری ئایینـی و دەسـەڵاتی مەعریفـی، ئـەم دەسـەڵاتە وەهمیـە بەرادەیـەک جێکەوتـە بـووە، ئێسـتاش كاری پێدەكرێـت و كـەس ناوێـرێ رەتـی بكاتـەوە، بەپێچەوانـەوە بـووە بـە كێوێـک ی كیمیایـی و بـۆ بەئیسـتاتیكا كردنـی ئایینـی لەلایـەک، هەروەهـا بـە ئیسـتاتیكایی كردنـی رواڵەتـی ژن و رازاندنـەوەی ژنانیـش هــەر لەكۆنـەوە بەكاردێـت و وەكـو بابەتێكـی پیرۆز نـاوی دێت، مەبەسـت لەوەیـە بۆ كلـی چـاوی ژنـان بەكاردێـت.

لـەدوای ئـەو مێـژووە وەهمییـە ئایینییـە، قۆناغێكـی دیكـە هاتـە پێشـەوە، دیسـان لـە میسـر وەختێـک كرێكارانـی عـەرەب لەژێـر دەسـتی مەگـۆل و یۆنانییـەكان بـوون، بابەتـی هاوسـەرگیری ئینسـان و جنۆكـە هاتـە پێشـەوە كـە خـوداكان بەسـەر شـاخی ئۆلیمـەوە بـوون، لەگـەڵ مەهوسـی و عفریتەكانـەوە تێكـەڵ بـوون، هەروەهـا زۆربـەی بـڕواكان كـە پڕبـوون لـە خەڵـک جگـە لـەو واقیعـەی كـە لەراسـتیدا وەهـم بـوو، شـتێكی تـر نەبـووە».(٢) بەپێـی ئـەو فـرە گێڕانەوەیـە بێـت بـۆ رەسـەنایەتی چەمكەكـە، ئـەم چەمكـی وەهمـە لـە ئەفسـانەكانەوە سـەرچاوەی گرتـووە كـە لەقورئانـدا ئامـاژەی بـۆ كـراوە و كارێكـی كـردووە كـە لەعەقڵـی خەڵكدا جێگیـر بێـت، ئێمـە لێـرەدا لەژێـر ئـەو كاریگـەری

وەهمـــەی کـــە لەرۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا لەمیســـرەوە هاتـــووە و بۆتـــە ریـــاڵ، هـــەروەک قیپتیـــەکان لـــە شـــاخی موقتـــەم تـــا ئێســـتاش هـــەن، فاتیمیەکانیش وەکو وەڵامێک بۆ دوعـای سـاڵحەکان لەپشـت فاتیمییـەکان کـە خاوەنـی هەقـی ئاییـن بوونـە وەکـو خورافیات، بەگشـتی بەشـێکن لەدیکۆمێنتی مێژوویی لەعەقڵ و لۆژیکی ئەو سـەردەمە.

سـەرەتای ئـەم چەمکـە وەهمییـە کـە شـعورێکی گشـتییە و لەچوارچێوەی ئاییندا بەرتەسک کراوەتـەوە، هـەروەک ئـەوەی لـە ئایینـی یەهودیـدا هاتـووە و گـەلـی جولەکـەی کـــردووە بەخاوەنـــی ئـــەو ناوچـــە جوگرافیاییـــەی کـــە بـــە ئیســـرائیل ناســـراوە، وەکـــو ئـــەوەی ناوچەکـــە خاڵـــی بێـت لـــە خەڵکـــی تـــر، ئەمـــە وەهمێکـــی دیکـــەی ئایینییـــە کـــە بـــەزاری خـــوداوە واقیعییەتـــی وەرگرتـــووە. ســـلاڤۆی ژیـــژاک بیرمەنـــدی چیکـــی هاوچـــەرخ، لەمبارەیـــەوە نموونەیەکی سۆسیۆلۆژی دەهێنێتـەوە و بەسـەر وەهمـی سیاســـیدا پراکتیکـــی دەکات و دەڵـــێ ( وەهـــم ناتوانـــێ هـــاوکات و هاوتـــا بێـــت و لەهەمـــو دیوەکەیـــەوە راســـت بێـت، چونکـە گـەر وەهابێـت، ئـەوا خۆمـان لـە دۆخێکـی بێ مانـا و مەحاڵدا دەبینینـەوە، بۆ نموونـە عاشـقێک بـە حیسـابی خـۆی عاشـقەکەی لـە ئامێـز گرتـووە، وەختێـک دەمامکەکانیـان لادەبـەن، دەبینـێ ژنێکـی دیکـەی غەریبـە، ژنەکـــەش تەماشـــادەکات ئـــەوە رائولـــی عاشـــقی نییـــە، بەمـــەش وەهمەکـــە ریالێتـــی خـــۆی وەردەگرێتـــەوە و لـــەو حاڵەتـــە رزگاریـــان دەبێـــت).

لەبارەی ئەفسانە ناسییەوە باس لە چەند کاریکتەرێک ی وەهمی مێژوویی دەکرێت لە ئەفسانەکانی یۆنان و ناوچەی ناودار هاتووە، لەوانەش هەرقل ی یۆنان و رۆما و سوپەرمانەکەی نیچە کە مانایەکی فەلسەفەی هەیە، هەروەها لەرووی جوگرافیەوە (ئیلیا) واتە ئۆرشەلیمی ئیسرائیل کە لەلای ئیسلامییەکان و فەلەستین بە قودس ناسراوە، یان ئەو فریادڕەسە وەهمییانەی کە لە مێژووی ئیسلام و کریستیان و یەهودی ناویان هاتوون، لەوانەش سوداس و مەهدی مونتەزەری و عیسا و هتد. هەموو ئەمانە بە رزگارکەری خەڵکی باوەڕدار ناویان هاتووە و کاری پێدەکرێت لە میسۆلۆژیای ئایینەکان جێگیر کراون، لەکاتێکدا وەکو گۆدۆکەی سامۆئیل بێکت ی خاوەنی شانۆی عەبەسییەت، هیچیان نەهاتن و خەڵکیان رزگار نەکرد و وەهمێکی ئایینی کۆمەڵایەتی بوون. هەموو ئەمانە کە لەسایەی سیستمی ئایینی و حوکمرانی خیلافەت بەرهەمهات و لەرووی زمانەوانییەوە جێکەوتەی نێو خەڵک بوون، لەسایەی ئەو سیستمەوە بوو کە ئێستای بەرهەمهێناوە و گەشەی کردووە و ناوی نراوە دیموکراسی.

ئایدیالی دیموکراسی هەمان ئەو مانایەی هەیە کە خەڵک ناچار دەکات هەم بەوەهەم یەکتر قەبوڵ بکەن، هەم شێوەی خەباتی سیاسی و حزبایەتی بگۆڕن و هەم خەڵک ناچار بکەن بۆ رزگاربوونێکی وەهمی،

تاکو بچنە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان و جارێکی تر شەڕی سیاسی لەسەر شانی ئەوان تەواو بێت و دەستەبژێرێکی تری مشەخۆر خۆیان لەسەر حیسابی عەقلییەتی مردووی ئەوان دەوڵەمەند بکەن.

وەهمێکی دیکەی سیاسیی هەیە بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کە لەدوای هاتنی چەمک و سیستمی جهانگەراییەوە هاتووە، ئەویش یەکگرتن و بەدەوڵەت بوونە، ئەمە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە لەدوای شکستی فەلسەفەوە، ئەوانەی پێیانوابوو خاوەنی مەعریفە و ئەزموونێکی قوڵن، وەکو ئەوە لەنێو دارستانێک گینگڵ بدەن، نەگەیشتن بەهیچ وێستگەیەک و بەپێچەوانەوە بزربوون، ئەمە بۆ هەندێک کەس ئاسایی بوو بۆ هەندێکیش قورس کەوتووە، کەسانی وەکو (نعۆم چۆمسکی) نووسەری بەناوبانگ لە ئامریکا بە نموونە، کەواتە بیرکردنەوە ڕێگا گرتنە بە ڕێگادا، زەمینی ئەو ڕێگەگرتنەش زمانە، چونکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ قۆناغەی کە هیگڵ دیاریکرد بۆ دیالیکتیک، ئەویش (دۆز و دژیەکی و پێشنیار) بوو، ئەمە مەعریفەی ئەزموونگەری هۆشیاری یە کە بەشێکی بنەڕەتییە لە زانست، کەچی وەهم و درووستکەری وەهم کەڵکیان لێوەرگرتووە.

ئەم وەهمە کاریگەری خستۆتە سەر ژیانی تاکەکانیش کە پرسیاری بێ وەڵامیان لەلا درووست ببێت و بپرسن، بۆچی بەو ستایڵە خراپە دەژین؟،

لەکاتێکدا هەر ئەو هێزە سیاسی و ئابورییە جهانییەی کە دونیا بەڕێوەدەبات، بژاردە فەلسەفییە ستاندارییەکان بژاردەیەکی ناکاملە، چونکە ئەو وەهمە سەرتاسەری مێشکی ئینسانی هاوچەرخی داگیرکردووە، چونکە هۆشیارییەکی زرڕ دەخولقێنێ، مەبەست لە هۆشیاری زرڕ ئەوەیە کە تەکنۆلۆژیا ئێستا بۆتە ئایدیۆلۆژیایەکی زیندوو، لەوێدا شکستی هێنا کە کارپێکەرانی کۆمپیوتەر وایان زانیوە کە کۆمپیوتەر لەبری ئەوانیش بیردەکاتەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو ئامێرە لەپشتی شاشەکەوە جگە لە پرۆگرامەکەی خۆی، بیرۆکەیەکی دیکەی خوازەی ئینسانی نییە، ئەم تاقمە ماتریالیستییە نوێیە کە گوایە دژی ئایدیالیزمی نوێ، لەوێدا هیچی بەرهەمنەهێنا، کەبینی خەڵک دەگەڕێنەوە بۆ هۆشیاری مێشکی بیرکەرەوەی خۆڕسک، ماتریالیزمی نوێ ئەوە بانگەوازەکەیەتی کە تەکنۆلۆژیا وەهمێکە و لەبری ئینسان بیر ناکاتەوە، مەتەڵەکە وەهمییە و واقیعێکی درۆیینەی دروست کردووە.

مامەڵەی فیلمی سینەمایی لەتەک دونیادا دەکات و هەر دەمێک دیمەنێک نمایش دەکات، ئەو نەتەوانەش کە خاوەنی زیاتر لە شێوەزار و نەریت و ئایین و مەزهەب و کولتوورێکن، هەریەکەیان بەر دیمەنێک کەوتوون، کەچی بەر لەوەی ئەم نەتەوانە فراوان ببن و گەورە ببن، هەریەک لەو گروپە ئیتنیانە خۆیان بە

سەربەخۆ دەزانن و دان بەوانی تردا نانێن و دژی ئەو گوتارەن کە ناوی یەکگرتنە، لەنێوخۆشیاندا پارچە دەبن و گروپی دیکەیان لێ هەڵدەکەوێت، نموونەش پارچەبوونی ئێزیدییەکانە کە چیرۆکەکەی لەسەردەمی (ئەنستانت ماری کرملی) یەوە سەرچاوەی گرتوە و تائێستاش لەیەکتر جودا دەبنەوە، ئەم حاڵەتە هەر لە نەتەوەی ئەمازیغی و کورد دەرکەنەوتووە، بەڵکو لەتەواوی هیند و ئاسیاییەکان هەمان دیمەنی سینەماییە بەڵام ستایلەکەی جودایە، پێشتر لەلای نەتەوە زمانەکانی ئۆردو هەبوو کە سەنتەرەکەیان هیندستانە، ئەم وەهمە لەلایەن کۆلۆنیالەکانەوە خوڵقێنراوە بۆیان، بەتایبەتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی کە هەمیشە کار لەسەر دابەشکردنی نەتەوە و کۆمەڵگەکان دەکەن، وەهمی بڕوابوون بەو گەمە سیاسییە تەنها لەلا خەڵکەکە نییە، بەقەد ئەوەی لەلایەن گروپی دەستەبژێری سیاسییەوەیە کە بەپاڵپشتی ئابوری کار دەکەن، جهانێکیان درووست کردووە کە بڕوایان بەو وەهمە ببێتە بڕوابوون بە واقیع، ئەم وەهمە سیاسییە خراپترین فەزایەکە کە لەوەهمی ئایینی خراپترە، چونکە زەمەنەکەی درێژخایەنترە.

## دیموکراسی وەک ئیدیۆلۆژیا..

لەوەتــەی هەیــە لــەرووی تیۆرییــەوە ئــەم پرســیارە دەکــرێ، ئایــا دیموکراســی چییــە؟ ئایــا دیموکراســی ئیدیۆلۆژیایەکـە بەسـتایلی خۆیـەوە، ئایا پراکتیـک کردنـی ئـەم چەمکـی دیموکراسـی یـە کـە وەکـو بەهەشـتی دوای کۆمۆنیزمـی کـۆن باسـی دەکـەن، کـوا لەکـوێ هەیـە؟، چـۆن ئـەم دیموکراسـییەتە دەبێتـە کولتـووری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و لەنێـو سیسـتم و کولتـووری کۆمەڵایەتیـدا رەنگدەداتــەوە و دەبێتــە ئیدیۆلۆژیــای سیاســی و کۆمەڵایەتـی؟ بـەڵا م ئایدیۆلۆژیا ئۆبژەیەکـە کـە لەلێـوان دەســەڵاتی سیاســی و ئابــوری جهانیــدا دەستاودەســتی پێدەکـرێ، ئەگـەر لـە سیاسـەتدا شکسـتی هێنـا، جارێکـی تـر وەکـو ئۆبژەیـەک لەگـەڵ ئابوریـدا خـۆی دەڕازێنێتـەوە، کەواتـە وەکـو چییەتـی هۆگـری کۆمەڵایەتـی پێچەوانـەی واقیـع خــۆی بەرهەمدێنێتــەوە.

ئایـا دیموکراسـی مافـی کەمینـە دەپارێـزێ یـان گوتـاری زاڵــی زۆرینــە جێکەوتــە دەکات لەدەســەڵاتی سیاســی و کۆمەڵایەتییــدا؟، ئایــا زۆرینــە و کەمینــە دەتوانــن

هەڵگری هەقیقەتێکی رەهابن بۆ یەکلایکردنەوەی پرسە سیاسییەکان و لە سیستمێکدا بەناوی دیموکراسی بەرجەستەی بکەن؟. چ کۆمەڵگەیەک دەتوانێ دیموکراسی بێت وەکو ناوەڕۆکی چەمکەکە گەرەکیەتی؟. ئایا کۆمەڵگەی فرەیی لەئایین و نەتەوە و کولتوور و مەزهەبی جیاواز لەواقیعدا پێکەوە دەژین؟، یان تەنها فۆڕمێکی سیاسییە و زۆرینە لەپێکهاتەکان کۆمەڵگە ئاراستە دەکەن؟. یان ئەو چەمکەیە کە سەرمایەداری لەپەنایدا هەموو نەشازەکانی شاردۆتەوە کە سەرمایەداری دوای سەرکەوتنی بەسەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای بەناو سۆسیالیزم کردی بە لافیتەیەکی ئیستاتیکی سیاسی؟، ئایا دیموکراسی سیستمێکە بۆ پاراستنی ئابوری سەرمایەداری هاوچەرخ؟. ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە لەئاستە جیاجیاکاندا پێویستیان بەزیاتر لە وەڵامێک هەیە.

سەرمایەداری کە خۆی وەکو سیستم بریتییە لەو شۆڕش و هەڵگێڕانەوە بەردەوامەی هەلومەرجی بوون خۆی، دواتریش شۆڕشی هەمەکی و هەمیشەیی کە وەهمی شۆڕش بوو تا ئێستاش بەسەر سیستمدا، چونکە شۆڕش لەسەردەمی خۆیدا کە ئەرزشی هەبوو، تەنها بۆلابردنی ستەمکاربوو، نەک لابردنی سیستم، ئێستا هیچکام لەو چەمکانە نییە نەک سیستم و نە ستەمکاری، چونکە دەرکەوتووە پێشتریش کە

سیستمی سەرمایەداری هەر لەسەرەتاوە بە گەیویی لەدایک بووە، بۆیە ناکۆکی و نەگونجانێکی سەرتاپاگیر و بەڵانس نەدەکراو بەردەوام بەسەریدا زاڵ دەبوو، وەکو ئەوەی ئێستاش بەهەموو ئەلتەرناتیڤێکییەوە زاڵ دەبێت و بەنەفعی ئەو سیستمە دەکەوێتەوە، ئەمە کتومت ئەو گۆڕانەیە کە گەشەدەستێنێت، بەمجۆرە هەموو دۆخە باڵانس نەکراوە بنەڕەتییەکان و ناکۆکییەکانی دیکەی تێپەڕاندووە و لەگەڵیدا راهاتووە، ئەم سنوورداریە ریگە لەهەر گەشەسەندنێک ناگرێت، بەڵکو بزووێنەریشێتی، بۆیە دواین چارە و فرت و فێڵێک لەوەدایە کە سەرمایەداری دەتوانێ سنووری خۆی بگۆڕێت، ئەمەش لەپێناو مانەوەی خۆیەتی.

پرسیارەکان لە بارەی سیستمەوە ریشەیان لەقوڵیدایە، ئەم ریشەیە لەزمەنێکدا لەرووی فەلیەفییەوە چارەی بەشێک لەو کێشانەی دۆزیەوەتەوە، بەڵام نەیتوانی پراکتیکی بکات، لەکاتێکدا بۆچوونێک هەیە ریچارد رۆرتێ پشتگیری لێدەکات، فەلسەفە نەک تەنها کەڵکێکی بۆ لیبرال دیموکراسی و هەموو جۆرە رێبازێکی تری سیاسی نییە، بەڵکو ناتوانێ زیانێکیش بگەێنێت، نەک تەنها دەبێت بەرەوپێشچوون بە دیموکراسی بدات، ناتوانێ بیسەلمێنێ کە پێش سیستم لەدایک بووە، چونکە هاتنی فەلسەفە یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەبوو کە ژیان بەئاراستەی بیرکردنەوەی لۆژیک

و عەقلانی سیستم بکات، پێویستی جیاکردنەوەی دیموکراسی لەفەلسەفە، ئەو ڕێسایەیە کە لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردنی ئایینی و هزری کۆمەڵایەتی لەیەک چوارچێوەیەدا کۆدەکاتەوە، بۆیە ڕۆرتی پێیوایە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەنێو کەوانەدا دابنرێت، چونکە ئەگەر دیموکراسی و فەلسەفە دژ بەیەکتر بن، ئەوا دیموکراسی دەکەوێتە پێش لەدایکبوونی فەلسەفە، چونکە فەلسەفە توانای یارمەتی هیچ سیستمێکی نییە.

لەیۆنانی کۆنەوە دەست پێدەکەم کە سەرەتای لەدایکبوونی چەمکەکە لەوێ بووە و ئێستاش بێ سیستمی دیموکراسی ژیانی سیاسی بەڕێوەدەبات و زۆرترین هەژاری و ناعەدالەتی لە سیستم لەوێیە، دەبێ بپرسین لەکاتی خۆیدا سوکرات بۆچی دژی دیموکراسی بوو، بابەتەکە پێشبینی کردنی ئیدیۆلۆژیا بووە، یان پێشبینی بەکاربەری کولتوورێکی لێکدژیی بووە، لەکاتێکدا دیموکراسی وەکو بنەما و سەرەتایەک بۆ یەکسانی کە زەمینەخۆشکەری گوتاری لیبرالیزمی تەقلیدیە کە ئەمە بەشێکە لەباڵادەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لەمرۆڤگارەدا هیچکام لەمانە ئەم ڕۆڵە ناگێڕن، ئایا ئەم پێشبینییە واقیعییە مەترسی ئایندەی هەبوو کە ئێستا بەدیهاتووە. «پرسیارەکەی سوکرات ئەوەبوو هەموومان لەنێو یەک کەشتیداین، بەڵام کەشتییەکە بۆ دەسەڵاتداران خێرەکەی زیاترە و

شەڕیشی کەمتر. دیموکراسی ئەگەر لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دابمەزرێت، ئەوا هەڵبژاردنیش دەبێت وەکو شارەزایی و ئەزموونی خودی هەڵبژاردن بێت، بەڵام هەڵبژاردن ڕووداوێکی تایتڵی یە، واتە ناونیشانی پرۆسەیەکە و هیچی تر، چونکە خەڵک ئەو کاتە بیرناکەنەوە باوکێک هەڵبژێرن، بەڵکو بیر لە بەهەشتێک دەکەنەوە تێیدایە بحەسێنەوە، ئەوان تەنها بۆ بەختەوەری خۆیان دەسەڵات وەردەگرن و خەڵکیش بەشی هەر نەهامەتییە».[٣] تیۆرو ئاگاهی و هۆشیاریش هەمان ئامانجی هەیە کە بەدەستهێنانی دەسەڵاتە، ڕێک ئەم پرسیارەی سوکرات کە بۆ ژێری گوتوویەتی و ژێریش لەخزمەت گروپێکی دەستەبژێری سیاسی بووە نەک بۆ گشت، مێژوو لێرەدا هیچ زیادەیەکی نییە بۆ سەر ژیانی سیاسی و ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی درووست بکات بۆ بەشەرییەت، کەواتە دیموکراسی ئایدیۆلۆژیایەکی زەرووریە کە لەهەناوی فەلسەوە هاتووە و دژی فەلسەفەشە، دواتر بووە بە ڕێگری خۆی کە پراکتیک کردنی مەحاڵە، ئەمە هیگڵ باسی کردووە کە دۆخی تێز لەسەردەمی خۆیدا، وەکو دۆخی ئەنتیتێز وایە کە تەنها دەتوانێ خۆی تێکهەڵکێش بکات، نەک ئاستێکی باڵاتر کە یەکێکیان ئەویتریان وەلا بنێ. ئەمەش دیاریکردنی ئاسۆیەکی ناکۆتایە کە هەمیشە لەژێر عینوانی شۆڕش دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر

دیالیکتیک ئەمە قبوڵ بکات وەکو دیفاکتۆی سیاسی لەئاستی گشتیدا، ئەوە تێدەگەین کە شۆڕش وەکو ئەو خۆشگوزەرانیەی سیستمی سەرمایەدارییە کە لەرووی زەمەنەوە کاتییە و لە ریشەوە ناکۆتایە.

پەیوەندیی چەمکی دیموکراسی و هەقیقەت و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و هتد، پەیوەندییەکی بێ سنووری پۆزەتیڤە و هەقیقییە، بەڵام سیاسەت و سیستمی سیاسی هەر بە چەمکەکە خۆی ریگری لێدەکات، ئەوەی کە ٤٥٠ ساڵ بەر لە مەسیح لەلایەن یۆنانیەکانەوە گوتراوە سەبارەت بە سیاسەت و حوکمڕانی، ئێستا هەمان شت بە فۆڕمێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە.

هەمیشە لەکاتی ناسکدا دەسەڵات پەنا بۆ رستەی شیعری و سۆزداری دەبات کە هەموومان لەنێو یەک کەشتیداین و دەبێ بیپارێزین، بەو مانایەی هەژار و دەوڵەمەند پێکەوە ئەو نیشتیمانە بپارێزن کە خێرو بێرەکەی بەیەکسانی دابەش ناکرێت، ئەمە پارادۆکسەکەیە کە لەفۆڕمی دیموکراسیدا نابینرێت، تەنها دیاردە باوەکانی نەبێت ئەویش ئێکسسواراتی سیاسی یە، ئەگەرنا ئەوەی لە ئاستی گوتاری راستەوخۆ و شەفافدا دەیبینین، ئەوەنییە کە لەژووی مەنفەعەتە ئابورییەکاندا قسەی لەسەر دەکرێت و پراکتیک دەکرێت.

ئامانجە راستەقینەکانی ئیدیۆلۆژیا بریتین لە داواکاری

ستایلێکی تایبەت و ناچاربوونمان بەوەی لەسەر ڕاستەڕێیەک هەنگاوهەڵبێنین، ناچار بوونمان بەوەی کە ملکەچی ئەو فۆڕمە بین، ڕۆڵی شاردنەوەی ڕاستییەکەیە، بەدەربڕینێکی تر کە شاردنەوەی فۆڕمی خۆیەتی، واتە ئێمە تەنها ئەو فۆڕمە ئایدیۆلۆژییە دەبینین کە بەئاشکرا کاری پێدەکرێت لە ناوەندی ئایینی و سیاسی، لەڕاستیدا ئایدیۆلۆژیایەکی تر کە فۆڕمێکی نادیاری سۆسیۆلۆژیای وەرگرتووە و چالاکی پێدەکرێت، ئایدیۆلۆژیاکی زاڵترە لە ئایین و سیاسەت کە ئێمە گیرۆدەی ئەوەی دووەمیانین، چونکە ئاسان نییە هەڵوەشاندنەوەی.

لیوی ئاڵتۆسێر کە لەسەر داڕشتنەوەی بنەمای تێگەیشتنی مارکس دەوەستێت بۆ ئیدۆلۆژیا کە لەرووی جەوهەرییەوە دژە دیموکراسییە، بەتایبەتی لە ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی، کە مارکس پێیوایە خودی چەمکەکە وەکو ڕەهەندە جیاوازەکانی، هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە و بەدەرە لە مێژوو، چونکە لەسەر بنچینەی ململانێی چینایەتی ڕاوەستاوە، بۆیە هەمیشە کە نوێدەکرێتەوە، هەرجارەی بە فۆڕم و ناوەڕکێک دێتەوە مەیدان و کاری پێدەکرێت، بۆیە ئاڵتۆسێر ئیدیۆلۆژیا بەچەمکێکی ئەبەدی دەزانێ و کۆتایی پێنایات، هەر بۆیە بە کۆمەڵێک دەزگای جۆراو جۆری حکومی و دەسەڵاتەوە دەیبەستێتەوە، تاکو خەڵک قەناعەت دەکات

و رادێت لەسەر تێکەڵ بوون بە ئیدیۆلۆژیا و دەبن بە بەشێک لەو فەزایەی خولقاندوویەتی و بۆتە ریاڵێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەبڕوای ئالتۆسێر ئەوەی کە لەکۆتاییدا سنوورەکان بۆ ئینسان دەکێشێت، خودی ئیدیۆلۆژیایە کە بانگەشە بۆ تاکەکان دەکات و دواجاریش لە خەسڵەتی تاکەکاندا رەنگدەداتەوە و دەبێتە بانگەشەکەر، بەمەش شوناسێکی کاتی بۆخۆی پەیدا دەکات.

«لەراستیدا لێرەدا دۆخێکی سەیر هەیە، وادەردەکەوێت کە موژدەی شۆڕشێکی پێیە لەفەلسەفەدا بەڵام سێ ساڵ بێدەنگی فەلسەفی بەدوای خۆیدا دێنێت، دواجار چەند وەرزێکی موناقەشە ئامێزی فەلسەفی بەدوای خۆیدا دێنێت، وەکو ئەنگڵس کە بەچەند هۆکارێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەیبەستەوە، ئەوەی کە لەو کورتە باسەی کە بۆ تیۆرە زانستییەکەی مارکس نووسیبووی و بڵاوی کردبووەوە، پرسیارەکە ئەوە ئایا دەبێ بەو دەرەنجامە بگەین کە ئێمە بە خوێندنەوەی ئەو تێزە، دەگەین بە موژدەی شۆڕشێکی فەلسەفی، ئایا نەکەوتووینەتە ژێر کاریگەری وەهمێکی فەلسەفییەوە کە چاوی لە رابردوە؟، بەڵێ یان نا، پێموایە جەخت لەسەر بەڵێ بکەینەوە، بەڵێ ئێمە بەناوی قوربانی وەهمێکی فەلسەفین، ئەوەی تێزگەلێک لەبارەی فیورباخەوە خراوەتە روو بەزمانی فەلسەفی، باس لە

دابڕانــی فەلســەفە لەگــەڵ هەمــوو جــۆرە فەلســەفەیەکی شـیکاری جیهـان دەکات، شـتێک جگـە لەفەلسـەفەی تـازە زانسـتێکی تـازە زانسـتی مێـژوو کـە مارکـس دەیویسـت بنەماکانــی بــۆ دابڕێــت هێشــتا دەڵەمــە بــوون، کەواتــە بۆشـاییەک کـە هەیـە لـەم تێزە، ئەویش فەلسـەفەیەکە کـە دەبێتــە ئایدیۆلۆژیــا و شــوێنی فەلســەفە ناگرنــەوە».[٤].

بەهــەر حـاڵ دێمـەوە سـەر بابەتـە پراکتیکییـە سـادەکە، ئەویــش بابەتــی هەمــوو قــەوارە نێودەوڵەتییــەکان لەبەرامبـەر قـەوارە بێشوناسـەکانە کـە لینین لـە کۆنگرەی باکۆ پێشنیاری کرد بۆ رۆژهـەڵات، هەمووشیان چاویان لەدەســتی بــاڵاکان بــوو بــۆ شــۆڕیان بــۆ هەڵگیرســێنن، ئێسـتا دەسـتەبژێرێکی دیکـەن بـۆ ئەوانـی تـر کـە تەنهـا بەرژەوەنــدی خۆیــان دەبینــن پەیــدا بوونــە، لەنێــو حوکمـی لۆکاڵیشـدا هەمـان سـیناریۆ دەبینیـن کـە خەڵکـی بەشـمەینەت پشـتگوێخراوە و تەنهـا بەرژەوەنـدی خۆیـان بەنـاوی دیموکراسـیەوە لەبەرچـاو گرتـووە، ئەمـە ژێرێتـی بێویژدانــی سیاســییە بۆرژوازییــەکان نیشــان دەدات لەبەرگـی سیسـتمێک بەناونیشـان دیموکراسـی، شـانازی ئـەم فـرە رەهەندییـە لـە نیگەتیڤ، ئەوەیـە گوایـە چەمکێکی فــرە رەهەنــدە و لــە عەســایەکی ســیحری دەچێــت، بــۆ هەمــوو قەیرانێکــی سیاســی و فەرهەنگــی و ئابــوری بەکەڵــک دێــت، بۆهــەر گروپێکــی نــاڕازی لەدەســەڵات بەتایبەتـی دەسـەڵاتەکانی رۆژهـەڵات، باشـترین داواکارییە

بـۆ گۆڕینـی سیسـتمەکەیان، چونکـە لەگـەڵ قەبوڵکردنـی چەمکەکە بڕێکی زۆر لـەو ناعادالەتیانـە پاشەکشـە دەکات و دەبێتـە مایـەی ئاڵوگـۆڕی سیسـتم و حوکمڕانـی، خـۆ ئەگـەر تەشـکیلەی گوتـاری دەوڵـەت فـەزای ئـەم چەکـە قەبـوڵ بـکات، لۆژیکێـک بەرهەمدێنـێ کـە بەبـێ هیـچ کێشـەیەکی سیاسـی سیسـتم دەگۆڕێـت، بەپێـی لۆژیکـی (بورهـان غلیـون) گـەورە بیرمەنـدی عەرەبـی، هـەر دەرخسـتنی ئـەم چەمکـە، هەندێکجـار لەبـری داواکردنـی نـان دەشـێت و کارتێکـی بەهێـزە لـەدژی دەسـەڵاتی سـتەمکار ئیدیۆلۆژیایەکـی دیاریکـراو بەرهەمدێنێتـەوە و برسـیەکانیش بەناچـاری دەبـن بـە بانگەشـەکاری ئـەو سیسـتمە.

پرسـیاری دووەم ئەوەیـە بۆچـی دیموکراسـی بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان وەکـو ئیدیۆلۆژیـا دەگونجێـت و لایەنگـرە وەهمییەکانیـش بـەو ئاراسـتەیە بەرگـری لێدەکـەن؟، ئایـا ئـەم چەمکـە سیاسـییە، یـان فەرهەنگـی و سۆسـیۆلۆژییە؟. ئـەم بیرۆکەیـە ئـەم پرسـیارە بەرهەمدێنێـت کـە بۆچـی ئـەم چەمکـە لـەلای بیرمەنـدە سیاسییەکان و نموونەشیان (ئالان بادیۆ) یە، بەو مانایە بەرهەمهاتـووە کـە گوایـە دیموکراسـی تەنهـا وەهمێکـی سیاسـییە بـۆ نەتـەوە و دەوڵەتـە تـازە پێگەیشـتووەکان، هەروەهـا وەکـو کاڵایەکـە لـەو بـازاڕەی کـە ئـەوان بـوون بـە هاوبـەش تێیدا، بـەڵام لایەنـە نەرێنییەکـەی ئەوەیـە کـە

تاکە ناوێکە و ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا بووە و وەکو خۆی پراکتیک ناکرێت، تاکە وەزیفەیەکیش کە بۆ رازاندنەوەی سیستەمە سیاسییەکان و هیچی تر کە ئیدیۆلۆژیایە. «لەبەرئەوەی چەمکی دیموکراسی کەم تا زۆر ئاشکرا کراوە، زیانێک بە یاسا ناگەیێنێت، بەڵام ئەو شتەی سەیرە و ناکرێت لێی ببورین، ئەوەیە کە دیموکراسی لە پێش فەلسەفەوەیە و پێویستییەکی فەرهەنگی و سیاسییە».[٥]. ئیدی بۆچی کۆمەڵگە بەگشتی پێویستی بە چەمکە فەلسەفییەکانی دیکە نەماوە بۆ هۆشیاری و فەرهەنگ پەیداکردن و بۆ خۆشگوزەرانی، کەچی پێویستی بە دیموکمراسییەتە؟.

هیچ لەوە دوو دڵ نیم کە دامەزراندن و جێگیرکردنی سیستم بەپێی چەمکی فکری، پێویستی بە هێز هەیە تاکو جێکەوتە دەبێت و دەبێت بابەتێکی باو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە هێزێک بێت بتوانێ باڵانسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی رابگرێت، بۆرژوازی ئەگەر هەر فۆڕمێک لە سیستمی سیاسی نیشان بدات، سەرەنجام دەوڵەتە و دەوڵەتیش یەعنی ستەمی جیاوازی چینایەتی، بەڵام دیسان وەکو مارکس لە کتێبی رەخنە لەفەلسەفەی هەقی هیگڵ دەڵێ « دیموکراسی هەقیقەتی پاشایەتی یە، بەڵام پاشایەتی هەقیقەتی دیموکراسی نییە، پاشایەتی بەناچاری هەقیقەتی پراکتیک کردنی ئەم چەمکە قەبوڵ دەکات و دەیگونجێنێ لەگەڵ

حوکمڕانییەکـەی، چونکـە دیموکراسـی دەسـتوورە و پاشایەتی ستایڵی جیاوازی دەسەڵاتداریێتییە، لەپاشایەتیدا ئێمە خەڵکمان هەیە بۆ دەستوور، بەڵام لەدیموکراسیەتدا دەسـتوورمان هەیە بۆ خەڵک، دیموکراسی چارەسـەری گرێکوێرەی هەمـوو دەسـتوورەکانە، بەمجۆرە دەسـتوور نـەک تەنها لەخـودی خۆیدا بەپێی جەوهەرەکـەی، بەڵکو بەپێـی وجـوود و خەڵکـی راسـتەقینە، خەڵکـی راسـتەقینە وەکو کرێکار کە وەکو خۆی بونیادنراوە، دەستووریش وەکو ئـەوەی کـە هەیـە و دەردەکـەوێ وەکو بەرهەمێکی ئازادانـەی مـرۆڤ». (٦)

بەوپێیەی کە فەلسـەفەی سیاسی لەگەڵ هاتنی مارکس، دوچـاری قەیرانـی زیاتـر بـووەوە کـە کاریگـەری فکـری درووسـت کـرد، ئەمـەش لەوێـوە سـەرچاوەی گـرت کـە باسـەکە چـووە سـەر ئـازادی بەهەمـوو مانایەکـەوە بـۆ ئینسـانە نـەک بۆ خـودی سیاسـەت، هـەروەک بەدیوەکـەی تـردا نیگەتیڤی کەوتـەوە و هەرچی پرۆژەی دیکە هەبووە پاشـکەوتکرا، هـەروەک ئـەوەی ئەدیـب و بیرمەنـدەکان بـە تایبەتـی لـە فەرانسـە و ئاڵمـان بـوون بـە خاوەنـی هەڵوێسـتی سیاسـی. «بـەدەر لـە سـەرکوتکردنەکانی بـۆرژوازی مۆدێرنـی ئەوروپـی، پێشـتر نموونەیـەک لـە دەوڵەتـی دیموکراسی بـۆرژوازی هەبـوو، بـەڵام مارکس وەکو رەخنەگرێکی ریشـەیی سیسـتمی دەوڵـەت بە جیددی وەرینەدەگـرت، لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکادا

کۆمارێکی دیموکراسی لەسەر حوکم بوو، چونکە مارکس لەبەر ئەوەی تەماشای وڵاتە یەکگرتووەکانی وەک کۆلۆنیالێکی ئابوری ئەوروپای دەکرد، بۆیە بایەخی بە بونیادە سیاسییەکەی نەدەدا و لەلایەکی دیکەوە ئازادییە سیاسییەکان و مافەکانی تاکەکەس لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەرەنجامی خەباتی چینی کرێکار نەبوو».[٧] بەڵکو دەرەنجامی ئەجێندایەکی دیکەی سیاسی بوو لەخزمەت سیاسەت، ئەمە مانای ئەوە نەبووە کە مارکس لە قەوارەی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامریکا گەورەتر خۆی بینیوە، بەڵکو نەیویستووە وەکو چۆن (لیۆن ترۆتسکی) کە دوای مارکس بووە و چی بەسەرهات، ئەویش ئەو جەبرییەتە قبوڵ بکات لەلایەک، هەروەها ئەو فەزایە رەتبکاتەوە کە ئەوروپا تێیدا دەژیا لەهەموو رویەکەوە، بۆیە تیۆرەکەی بۆ کۆنترۆڵکردنی رۆژئاوا لەرێگەی ئابورییەوە و بەئەنتەرناسیونال کردنی تەواوی دونیا رەتکرایەوە و دەربەدەر کرا و لەمەکسیک تیرۆرکرا.

لەکاتێکدا گریمانەیەکی فەلسەفی سیاسی لەلای مارکس وەربگرین بۆ خوێندنەوەی سیستم لەوکاتەدا و پێشبینیکردنی بۆ داهاتوو، دەبێ گریمانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرین کە بۆچی ئاڵوگۆڕی بەسەرهاتووە، بەتایبەتی کە خودی رەمزەکان لەچوارچێوەی شیتەڵکردنی دال و مەدلولێکدا سیمایەکی

ئیدیۆلۆژییـــان وەرگرتـــووە، مەبەســـتم لـــەو بەکاربەرەیـــە کـــە مارکس کەمتر دیققەتـی پێداوە و خسـتوویەتییە بـەر لێکۆڵینـەوە، ئـەو ئیدیۆلۆژیایـەی کـە تاکو دوێنـێ میتـۆد و ئایدیاییەکـی تایبـەت بـوو، ئێسـتا بۆتـە کاڵا و بەکاربـەر کـــە نموونەیـــان کرێـــکارە بۆتـــە بەشـــێک لـــە ئامـــرازی گەشـــەپێدانی ئیدیۆلۆژیـــا، لەکاتێکـــدا کرێـــکار پێشـــتر ئامـــرازی بەرهەمهێنانـــی تەکنۆلۆژیـــای کلاســـیکی بـــوو، ئێسـتا هـاڕدراوی تەکنۆلۆژیـای پێشـکەتووە، ئەمـە جگـە لـەوەی میدیـاو ئامرازەکانـی راگەیانـدن و سـیمبولەکانی ژیـان، چیتـر بـۆ تاکـەکان نیشـانەی واقیعییـان نەمـاوە، ئەمـە ئـەو گریمانەیـە کـە مارکـس بـۆ ئیدیۆلۆژیـا وەکـو ئامانجـی داهاتـووی سیسـتمی سـەرمایەداری تەماشـای نەکـردووە، چونکـە ئیدیۆلۆژیـا بریتییـە لەگۆڕینـی واقیعـی بەکاربـەر، ئەمـە کۆتاییـی ئیدیۆلۆژیایـە.

دیویـی نـاوەوەی ئیدیۆلۆژیـای ئـەم سیسـتمە کـە ئابوریـە و رووە سیاسـییەکەی وەکـو فەرهەنـگ تەنهـا کەڤەرەکەیەتـی، لەسـەر بـاج ئەسـتاندن وەسـتاوە کـە تـەواوی دونیـای کـردووە بـە ئینسـانێکی تۆڵەسـێن نـەک لەئەویتـر. بگـرە تۆڵـە لـە خـودی خـۆی و هێـزی خۆشـی بکاتـەوە، کە تـەواوی ژیانی کردووە بـە قوربانی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی و بەردەوامبوونـی تەمەنـی کۆمپانیـا و خاوەنـکار لـە پێنـاو ژیانێکـی شایسـتە، بۆیـە تەکنۆلۆژیـا شـێوەیەکی بەرهەمهێنانـە کـە بـە ئیدیۆلۆژیـای پراکتیکـی

ناودەبریت، یان بە مانایەکی تر کۆمەڵێک لەو کەرەستە و دەزگایانەی کە هیچ جیاوازیان نییە لەگەل چەرخی رۆبۆت، ئەو دیفاکتۆیە شێوە فەرمانێکە لە رێکخستن و درێژەدان بە ئاڵوگۆڕە تەکنۆلۆژییەکان و لەوێشەوە گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەم مانایە تەکنۆلۆژیا فۆڕمی فکرێکی هەژمونخوازە لە کەرەستە و هەژموون و کۆنترۆڵ و چاودێری بەهەموو ماناکانییەوە، ئەم گشتاندنە جێکەوتەیە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیی پێشکەوتوو، بووە بە کۆنتێکستێک و سیستمێکی گشتی کە هەموو چالاکییەکانی ئینسان لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە بێت، نەک توانای کەسی، تەکنۆلۆژیایەک کە بەبێ ئاگا بۆ گشت بۆتە ئیدیۆلۆژیا و بەرگری لێدەکەن، وەکو پیتەر سلۆتەردایک لە چاپێکەوتنێکدا دەڵێ» دەوڵەتی مۆدێرن لەڕێی بەرفراوانکردنی ئەرکی گشتی باجدانەوە، جۆرێک لە ئەرکی دڵاوایی بەخشندەیی بەسەر هاوڵاتیاندا سەپاندووە، بەتایبەتیش لەرێی پیادەکردنی باجی داهاتەوە وەکو ئامرازێکی تا رادەیەک تازە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ وە بوو، کە ئەوکات ئینگلیزەکان لە ژێر فەرمانڕەوایی پاشا ڤیکتۆریا پیادەیان دەکرد«. ئێستا کە سەدەی ٢١ هیچ نەگۆڕاوە، تەنها شتومەک و ستایلی سیاسەتی دەوڵەت لەرێگەی کۆمپانیاکانەوە گۆڕاوە لە پێدانی پوڵ و خزمەتگوزاری تەندرووستی و پەروەردە و خوێندن و شوێنی نیشتەجێبوون و هتد،

بۆیە خۆشگوزەرانی و ژیان لەنێو سیستم پیادەکردنی هەمان ڕۆژگارەکانی سەدەکانی رابردوون، بەڵام بە فۆڕمێکی دیکە کە تەکنۆلۆژیا پەرەی گرتووە و خەڵک بۆ بەدەستهێنانی جۆرە داهێنانەکانی تەکنۆلۆژیا هەوڵدەدەن ئارەزوومەندانە زیاتر باج بدەن، تاکو لەو بەختەوەرییە وەهمیە بەهرەمەندبن. مەسەلەی ڕێکخستنەوەی بانک و بازاڕە داراییەکان، ئاسایشێکی دیکەی ئەم سیستمەیە کە قەناعەتی بە گشت کردووە بە هەمووان دەبێت بیپارێزن، لەکاتێکدا ئەم سیستمی باج ستاندنە بە فۆڕمێک جوان کراوە و لەنێو دەستووردا جێگەی بۆ کراوەتەوە، تا ئەو رادەیەی کە هەموو هاوڵاتیەک بەدڵخوازی خۆیەوە باج دەدات و ناشزانێ کە ئەوە دەوڵەت نییە باجی لێدەستێنێ، بەڵکو ئەوە کۆمپانیایە بۆ خزمەتکردنی خۆی و سیستمی سەرمایەداری و دواجار دەوڵەت و خزمەتی خەڵک، ئەو باجە وەردەگرێت، ئەمەش بابەتێکی هەستیاری مەعریفیە و هەموو خەڵک لەم ستایلە سیاسییە ئابورییە تێناگات « نیومارکسیستەکانی جهان باس لە پێگەی کۆمەڵایەتی خەڵک دەکەن لە بیاڤی ئابووری و سیاسی و کولتووری سیستمی سەرمایەداری، ئەگەرچی بە جهانی بوون دەرەتانێک بوو بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤە زۆر لێک دوورەکان، بەڵام پەردەی لەسەر ئەم ڕاستیەش لادا کە جیهان لە ئێستادا تەواو نایەکسانییە

و بگـره غـەرقـی گـەندەڵیشـه»[٨]. نایەکسـانییەک کـه پێش ئـەوەی جیهانگیـری ببێتـه وێردی سـەر زمانـی هەمووان، ئـەو یەکسـانیەی بەخۆیـەوە نەبینیـوە.

هـەر لەبـەر ئـەم پێشـبینییەش بـووە کـە مارکـس هیـچ زەمانەتێکـی بـۆ مانـەوەی سیسـتمی دیموکراسـی نەبـوو کـە ئینسـان لەسـایەیدا خۆشـگوزەران بێـت و کێشـەی چینایەتـی نەمێنـێ کـە ئێسـتا گوایـە دونیـا کەیـف لـە دیموکراسـی وەردەگرێـت و شـانازی پێـوە دەکات. لەکاتێکدا پێچەوانەکـەی راسـتە، چونکـە نایەکسـانی ژیانـی کۆمەڵگـە و فەراهـەم نەبوونـی مافـە مەدەنییـەکان، ناکرێت لـە مافـی دەنگدانـدا کۆبکرێتـەوە بـۆ هاوڵاتـی، زۆرینـەی خەڵکیـش کـە دواجـار تەنهـا گروپـی دەسـتەبژێری سیاسـی و بازرگانـەکان و پیاوانـی دەسـەڵات کەڵـک لـەو فەزایـە و لـەو خۆشگوزەرانییە وەربگرن، لـە حاڵێکدا ئـەو نموونـە ریاڵییـە بەردەوامەکـە، هەمـوو قۆناغێـک و چەنـد سـاڵ جارێـک دووبـارە ببێتـەوە هـەر زۆرینـە زەرەرمەنـد دەبـن لێـی.

«ئـەم نـا ئامادەبوونـەی دیموکراسـی فێرکاری لـەڕووی پەروەردەییـەوە، کـە دەزگا جۆراوجۆرەکانـی فێـرکاری دەوڵـەت لە خۆڕایی کار دەکـەن، ئەو پرسیارانە درووست دەکـەن، ئەمـەش بـۆ ئـەو میتۆدانـەی ئارمانجیـان چییـە کـە پرۆسـەکە شـانی هەمـوو هاوڵاتییـەک دەگرێتـەوە و هـەر ئەوانیـش بریـکاری ئـەو مافـەن، ئیـدی بۆچـی

ئەو زانیارانە لەرووی مەعریفەوە چ مافێکە و بۆچی خەڵک لەرووی عەقڵەوە گەشە ناکات». [٩]. ئاڵتۆسێر لەخوێندنەوەی بۆ سەرمایەی مارکس و خوێندنەوەی بۆ فکری مارکس لەبارەی پەیوەندیی گرتن بە سیستمی دیموکراسی وەکو ئالتەرناتیڤی سەردەم، لەبارەی مێژوو و بەماتریالەوە، باسی ئەوە دەکات کە لەوانەیە دیموکراسی وەک ئیدیۆلۆژیا، یان فۆرمێک لە فۆڕمەکانی سیستمەکانی حکومڕانی دژی سەرمایەداری بێت، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو رق و کینەیەی یەهودی دژ بە سامی کە لەسەرەتای هاتنی ئیدیۆلۆژیای عیلمانی هاتە پێشەوە کە لەسەدەی ١٩ وە سەریهەڵدا رێگری بووە، ئیدی ئەریستۆکراتییەت کاریگەری نەما، تاکو کۆسمۆپۆلۆتیکی یەهودی کەنارنیشین کەوتن و مەسەلەی موڵکایەتی و بنەماڵەچێتی جێگەو رێگەی بۆ نەتەوە و ناسیونالیزم ی رۆژهەلات سازکرد، بەلام کە هیتلەر و و نازیزنم و فاشییزم دەسەڵاتی وەرگرت، لەوێوە یەهودییەکان پێگەیان نەماو بوون بە قوربانی بۆ جەنگێک بەناوی بیرۆکەی دیموکراسییەت، ئەوە بوو ئیمپریالیزم دوای سەرکەوتنی لەسەدەی ١٩ رابردوو، تۆتالیتاریزمی راگەیاند، لەوێوە سەرەتا شالاوبردن بۆ کیشوەری ئەفەریقا و بەشێک لە ئاسیا کە رۆژهەلات بوو، چونکە تۆتالیتاریزمی ئیدیۆلۆژیایی، حاڵەتێکی دیفاکتۆیی وەرگرت، چونکە هەم لەیەکێتی

سۆڤیەت و هەم بەناوی سەرەتای سەرهەڵدانی جەنگەوە، بوو بە کەرەستەیەکی پشتیوانی بۆ دەسەڵاتە سیاسیەکان و فراوانبوونی کێشمەکێشەکە، لەکاتێکدا لەژێرەوە بزووتنەوەیەکی دیکە بۆ مانەوەی سیستمی دەسەڵاتداریتی لەژێر عینوانی دیکەدا گەرەکی بوو درێژە بەتەمەنی خۆی بدات و سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، ئەویش ئەوکاتە بوو کە دیموکراسی ئەو خەیاڵەی خولقاندبوو کە گوایە دوای گەڕانەوەی بەها بۆ ئینسان و ستەملێکراوەکان، ئیدی سەرجەم تاکەکان لەگەڵ یەک یەکسان و هێزی ماتریاڵی یەکسان دەبن لەگەڵ یەکتر، لەکاتێکدا سەرمایەداری لەگەڵ هاتنیدا وەکو سەرەتا و وەکو سیستم گەرەکی بوو فۆڕمێکی تر بدات بە دیموکراسی، هەروەها لەگەڵ دۆخی هەر جوگرافیایەکی دەوڵەتداریدا بیگونجێنێت و لەگەڵ ئیکۆنۆمیزمی جهانیدا هارمۆنیا وەربگرێت، کە دواتر ئەمە پلانە سەریگرت، ستراکتۆریش لە ئەندێشەی کۆن بۆ جەوهەری بابەتە جیاوازەکانی سیاسەت جێگیربوو، بۆیە ناچارە ناوەڕۆکی گۆڕانکاریەکان دەستکاری بکات، هەروەک چۆن دیموکراسی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەپێی کوولتووری کۆمەڵایەتی و مێژووی شوێنەکە لەبارەی هەلومەرج و جوگرافیاوە جیاوازیان هەیە.

دەرکەوتووە کە قەیرانی ئابوری دیاردەیەکی ناتەواوە بۆ شکست پێهێنانی سیستمی سیاسی کە ئەمە لە

سەدەکانی رابردووشدا هەمان پیلان و تاکتیکی سیاسی بووە، بەمانای ستایلێکی نوێی ئەنارشیزمی خەڵاق وەکو ئەوەی ئامریکا لەدژی چین بەرپای کردووە و مەرجی بۆدانـاوە، ئێستاش خولْقاندنی ئەم شێوازە لە درووستکردنی قەیرانی درۆیینە، لەزۆر جوگرافیا بەکاردێت کە نموونەیان وڵاتانی رۆژهەڵات و بەشێک لە رۆژئاوایە و لەولاشەوە هیند و نیپاڵ و بەنگلادیش و فەنزویلا و هتد، بەڵام گرینگ ئەو رێکخستنەیە کە بۆ قەیرانەکە کراوە، ئەوەی کە دیاریکراوە قەدەری ئەم سیستمەیە کە بەبێ بە سیاسی کرندنەوە و یەک ئاستکردنەوەی قەیرانەکە دەکرێت.

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەرجەنتین دووچاری قورسترین قەیران بوو، حکومەتەکەی کەوتە بەردەم رەخنە لە بواری بێکاری و ئازادی بۆ سیستمەکەی کە گوایە سیستمێکی میللی یە، هەڵچوونێک لەنێو ریزی ئەوانە درووست بوو کە بەرگریان لەو سیستمە دەکرد بەئاراستەی گۆڕانکاری، بەڵام نموونەی ئەوانی تر کە وەکو یەکی جیاوازی لە بەرهەمهێنان لەگەڵ چیلی، هەروەها وەکو وڵاتێک کە دوچاری قەیران بووە و بووە هۆی روخانی سیستمەکە، لەکاتێکدا نموونەکە نەبووە هۆکاری روخانی سیستمە سیاسییەکە».(١٠) بەڵکو گۆڕانی ستایلەکە و هیچی تر کە کۆمەڵگای گۆڕی بۆ بارێک خراپتر لەوەی کە هەبوو، ئێستاش کە

ستایلی ژیانی سیاسی گۆڕاوە و لەلایەن سەرمایەداری یەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەر هێناوە، هەروەک ئەوەی کۆمپانیاکان بەجێگای دەوڵەت ئەرکەکان بەڕێوەدەبن و خۆشگوزەرانی دەستەبەر دەکەن، لەلایەکی ترەوە هەم ئینسان دەکەن بە رۆبۆتی ئیکۆنۆمی، هەم مەیدانێک بۆ تەمەن درێژی ئەم سیستمە فەراهەم دەکەن، بۆ نموونە ئەو خراپ کەڵک وەرگرتنە لە دەستی کاری کرێکارە بێکارەکانی وڵاتی ئاسیا و خراپ کەڵک وەرگرتن لە کۆچی بە کۆمەڵی رۆژهەڵاتییەکان بەرەو رۆژئاوا، یان خراپ کەڵک وەرگرتن لەو نەتەوە ستەملێکراوانەی کە لەژێر سایەی دەوڵەتانی هەرێمایەتی ناوچەکەدان و ئەوانەش کە داهاتی وڵاتەکەیان بەشی ژیان ناکات، ئیدی هەلپەرستن لەم فەزا واقیعیە، بەناوی دیموکراسییەتەوە هەرچی کێشەی خۆیان هەیە وەکو سیستمی ئابوری چارەسەر دەکەن.

دیموکراسی رەهەندێکی قوڵی تاک رەهەندی هەیە بۆ بەشێک لە رۆشنبیران و نووسەرانی بەناو شارەزا، ئەمە پێشتر چارەسەر کراوە و هۆکارەکەشی زانراوە، بەبڕوای هێربەرت مارکۆزە کە لەکتێبی (الانسان ذو بعد واحد) واتە ئینسانی تاکرەهەند باسی دەکات، سیستمی دیموکراسی لە کۆمەڵگە جێکەوتووەکان بوونی نییە، تاکو ئەو شوێنەی کە دیموکراسی مەزن دەکرێت و دەبێتە ئیدیۆلۆژیایەک بۆ هەمووان، ئەوەی

که جێکەوتە بووە تەنها ستایلێکە لە ستایلە سنووردار و قەیدوبەندەکان، ئەوەی کە ئەم مەرجە هەقیقیانەی لە رووی پراکتیکدا بە هەژاری هێشتۆتەوە، وای کردووە بە رەهایی بڵێین بەپراکتیک بەدەست نایات. تەنها ئەوە نەبێت کە بەرووکەش لەبری دیکتاتۆرییەت، سیمایەکی دیکە نیشان دەدرێت، ئەویش بۆ خزمەتی پیشەسازی و هیچی تر، بۆیە سیماکە هەستی پێناکرێت، چونکە لەنێو دەزگا ئیدیۆلۆژییەکاندا جێگەیان بۆ کراوەتەوە و مانای ئازادییان پێبەخشراوە.

کێشەی سیستمە سیاسییەکانی رۆژهەڵات کە رابردوویەکیان لەگەڵ فەزا و ناوەڕۆکی ئەم سیستمەی بەناوی دیموکراسییەتەوە نەبووە، قورسە بتوانن ملکەچی سیاسەتی مۆدێرن بن و لە موعاناتی ئابوری و مەعیشەتی کۆمەڵگە تێبگەن و هەنگاوێکی نوێ بەرەو بیرۆسترۆیکای بنێن، هەموو ئەو وڵاتانەی کە گۆڕانیان لە سیستمی خۆیاندا بینی، پێشتر گوندێک بوون لە دینامیکییەتی ئابوری کە هێزێکی ئابووریان نەبوو تاکو خۆیان لەو قەیرانە ئابورییە رزگار بکەن کە دووچاریان بوو، بۆیە رووبەڕووی دەرەنجامە سیاسییەکان بوونەوە کە بەناوی بەهاری عەرەبییەوە روویداو ئێمەش هەموو شاهیدی بووین، ئەمە لەکاتێکدا بۆخۆیان وەکو سیستمی سیاسیی بەدەست دەسەڵاتدارانیانەوە، زەمینەیان بۆ ئەو واقیعە خۆش

کردبوو کە روویدا، نموونەش ئەو دونیا نابەرابەر بوو کە هۆکار بوو بۆ سوکایەتی پێکردنی هەزارەها ئینسان و جیاوازییەک لەرووی چینایەتییەوە کە بەدرێژایی زەمەن دوبارە دەبووەوە، لەحاڵێکدا سەرباری هەموو ناعەدالەتی و دیکتاتۆرییەتەکانی سەرکردە عەرەبەکان، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەوان ژێر دەستەی کۆمپانیا و هێزە نێودەوڵەتیەکان بوون، نموونەش بەشداربوونی سارکۆزی بوو لەگەڵ ژنی موبارەک و بن علی تونس، ئەوان بەناچار ئەم.مامەڵە ئابورییەیان دەکرد، ئەگەر دەکەوتنە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوون، هەروەک چۆن جهان سادات لە یاداشتەکانی باسی ئەوە دەکات چۆن زۆریان بۆ ئەنوەر سادات هێناوە کە خەڵک هەم نەخوێنەوار و هەم برسی بکات، ئەوە مەرجی مانەوەکەی بوو، ئەمەیە هەقیقەتی عەدالەتخوازی و دیموکراسیخوازی ئامریکا و فەرانسە و هێزە نێودەوڵەتییەکان.

ئەوەی کە لەپەیوەند بە چەمکی دیموکراسییەوە یە بەپێی تیۆری نوێ هاتووە و نەبۆتە هۆکارێک بۆ جیاکردنەوەی سیاسەت و ئابوری، ئەوە روونە کە ئەم چەمکە هیچ مانایەکی کۆنی نەماوە و تەنها بیانووە سیاسییەکان نەبێت کە دەوڵەت و شێوازی سیستمەکە و مامەڵە بازرگانییەکانی بۆتە مەرج، کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش بۆ بەکاربردنی خەڵکەکەی، کەڵکیان

لێوەردەگرن و لە پەراوێزی کارەکەیان دەوڵەتان و سیاسەتییان خستۆتە خزمەت خۆیانەوە و خەڵکی عەوامیش لەرێگەی کەرەستەوە ملکەچی سیستمەکە دەکەن، سیستمیش بەو پێناسە و حاڵەی کە پێشتر باسمان کرد، بەو مانایەی ئەگەر جاران دەوڵەت بەرگری لە کۆمپانیا دەکرد بۆ ئاراستە کردن و رێکخستنی کاروباری دەوڵەت وەکو ئەوەی لە رۆژئاوا هەیە و سیحرێکە لەزەینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئێستا بە پێچەوانەوە کۆمپانیا دەوڵەت دەپارێزێ، وەکو ئەوەی وڵاتانی عەرەبی تازە پێشگەیشتوو دەپارێزن و فۆرمێکی نیمچە رۆژئاواییان پێی بەخشیوە، ئەگەرنا ئەم چەمکە نە بۆ پراکتیککردنی پێناسە کۆنەکەی و نە بۆ موناقەشەی فکریش، مانایەکی ئیدیاڵی نەماوە، تاکو هەوڵی بۆ بدرێت و شانازی پێوەبکرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە بەبێ ئاگا بۆتە ئەلتەرناتیڤێکی ئیدیۆلۆژی بۆ ئەوانەی دژی سۆسیالیزم و یەکسانین، ئەم هەقیقەتە نەک لە رۆژهەڵات، بەڵکو لەتەواوی رۆژئاوا هەستی پێدەکردووە. کەوابوو دیموکراسی لەو کۆمەڵگایانەدا بوونی نییە کە خۆیان بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکەن، چونکە ئەسڵەن سیستمەکە بە بوونی پەروەردەیەکی ئەزەلی و بنەڕەتی جێکەوتە نابێت، هەروەک ئەوەی دەبینین لە رۆژهەڵات چ نموونەیەک پێشکەش دەکرێ، چ لە ئاستی سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و چ لە

ئاستی سیستمی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر دوور بکەوینەوە لە بوارە ئابوورریەکە و بە فەرهەنگی سیاسیەوە گرێی بدەین، «رەنگە دیموکراسی ببێتە تەنها وشەیەکی کرچ و کاڵ، ئەگەر نەیبەستینەوە بە مەیدانەکانی تێکۆشانی جەماوەرییەوە یان فەرهەنگی سیاسییەوە، چونکە چەندین ئافرەت و پیاوی ناوداری سیاسی نەخشیان لەگەشەپێدانی ئەم چەمک و سیستمەدا هەیە و لەپێناویدا خەباتیان کردووە، ئەگەر پێویست بکات پێناسەیەکی بەهێز بۆ دیموکراسی بدۆزینەوە، ئەوا بەشێکی ئەو پێناسەیە دەخوازێت شوناسی دیموکراسی لە هەموو ئەوکەسانە بسەنێتەوە، کە بەناوی خەباتی دیموکراسی دێرینەوە، بوونەتە خزمەتکاری حکومەتە رەهاخواز و ستەمگەرەکان، چونکە ئیدی ئێمە بۆ جێکەوتە کردنی دیموکراسی، بەشداریکەری پەتیمان ناوێت، تەنیا دیموکراسی راوێژخوازیمان ناوێت، بەڵکو دیموکراسییەکی ئازادیخوازانەمان دەوێت».[١١]

چونکە ئیدیۆلۆژیایەکی فکری نەما سیاسەت و خەباتی بزووتنەوەی جەماوەری پێوە گرێبدرێت، بەڵام گریمانەی ئەوە بکەین کە دیموکراسی هێشتا لە دونیای سیاسەتدا کاری پێدەکرێت و پێوەری سیاسییە، بە ئەزموونیش دەرکەوتووە کە دیموکراسی وەکو چەمک، تەنها بۆ دەسەڵات و سیاسەت و گروپ و حیزبی سیاسی نییە، بەقەد ئەوەی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەشە ئەگەر

کەڵکی لێوەربگرن و بزانن کەلێنەکانی چین و لەکوێ پێویستی بە دابڕان هەیە لەگەڵ ئەو سیستمە، بۆیە بەرلەوەی بۆ سیستمی سیاسی و دەوڵەت و دەسەڵاتی قەوارەیەک بێت، کەوابوو» دیموکراسی لەسەرەتاوە لەعەقڵی تاکدا چەکەرە دەکات و لەدایک دەبێت، هەروەها ئاشتیش لەزەینی ئینساندا سەرهەڵدەدات، کار و گەشەی بەشەریش بەهەمان شێوە لەبنچینەدا لەدڵی هاونیشتیمانیاندا دەبێ هەبێ، بۆیە دەبێ گۆڕانی ماتریاڵی تێگەیشتنێک بێ لە تێگەیشتن و فکر و خەملاندنی کۆمەڵایەتیدا و لەبازنەیەکدا دەستپێبکات، ئەوانەش کە قودرەتی گۆڕانیان هەیە، دەبێ قودرەتیان هەبێت لەنێو دەسەڵاتدا، یان دەبێ لەدرووستکردنی بڕیاری سیاسی دەسەڵاتدارێتیدا پشکیان هەبێت». [١٢]. پەیوەندیی دەوڵەتیش بە تاکەوە لەڕێگەی ئەرک و مافەوە دەبێت کە دەستوور دایناوە، کەچی دەوڵەت لەڕێگەی کار و بەرهەمەوە تەماشای تاک دەکات، نەک ئەوەی دەستوور سنووری بۆ کێشاوە، چونکە تاک واتێگەیشتووە کە ئیرادەی دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی لەسەرووی ئیرادەی تاک و بەرژەوەندییەکانیەتی، بۆیە دەوڵەت تاک بە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بونیادنانی دەوڵەت و کەرەستەکانی دیکە کە دواتر هەردوو بەرژەوەندییەکە تێکەڵ دەبن و کەسایەتی تاک و کەسایەتی دەوڵەت دەپارێزێ بەپێی پەیمانێکی

کۆمەڵایەتــی، ئەگــەر شــتێک مابێــت نــاوی پەیمانــی کۆمەڵایەتــی بێــت لەهــەر کۆمەڵگەیــەک، بەوپێیــەی کــە ئێســتا پەیمــان لەگــەڵ کۆمپانیــاکان دەبەســترێت نــەک دەوڵــەت.

لێــرەوە تایتڵــی پرســیارەکانی رابــردوو جارێکــی تــر دووبــارە دەبنــەوە، ئایــا دیموکراســی مانــای دەســەڵاتی (گـەل) ە تاکـو مانایەکـی ئیدیۆلـۆژی وەربگرێـت بێـت بـۆ گــەل، ئایــا زۆرینــەو کەمینــە مانــای هەیــە لــە فەزایــەک کــە هێشــتا سیســتمەکە پراکتیــک نەکــراوە، ئەگــەر بەمانــا کلاسـیکیەکە گـەل بێـت، دەبـێ پرسـیارێکی دیکـە بکەیـن، ئەویــش فەرهەنگــی پێکەوەژیــان و لێبــوردن و فەرهەنگــی ئاشــتەوایی و قبوڵکردنــی یەکتــر و ئینســان دۆســتی بێــت پێشــکەوتووخوازی بێــت ئــەو گەلــە، لــە حاڵێکــدا « لــە دیموکراسـیدا هیـچ زۆرینەیـەک و کەمینەیەکیش ناتوانرێت خــۆی بەهەڵگــری هەقیقەتــی مێــژوو، یــان جەوهــەری پەیامی کۆمەڵایەتی بزانێت، چونکە پەیامێکی کۆمەڵایەتی میتافیزیکـی و بـاڵا بوونـی نییـە، کۆمەڵگـە لـە زنجیرەیـەک خواســتی جیــاواز و هێــزی جیــاواز درووســت دەبێــت، کـە لەکاتـی جیاوازدا ئامانجـی جیاوازیـان هەیـە، هەڵبـەت پەیامـی کەمینـەش پەیامـی کۆمەڵایەتـی خەڵکـە کـە پشـت لـەدوای پشـت هێـزە موبارەکـەکان، بەنێـو رەوتـی مێژوودا هەڵیانگرتــووە و پاراســتوویانە».(١٣). رەنگــە دووبــارە بوونـەوەی مەسـەلەی کۆتایـی میتافیزیـکا و جمگەکـەی کـە

ئاماژەیە بە وەهمی ئایینی، وەکو ئەلتەرناتیڤی سیاسی، هیچ نەکات تەنها چەقێکی بنەڕەتی دروستدەکات کە قالبێکی سەرسورهێنەرتر دەخاتەوە، ئەویش میتافیزیکایەکی نوێیە کە دەستکردی فەلسەفە نییە، بەڵکو دەستکردی سیستمی سەرمایەداری هاوچەرخە و نەفیکردنەوەی فەلسەفەی دیالیکتیکی لەو شوێنەدا کە پێویستی پێیەتی، بایەتی ئەو شوێنانەی سیخناخ کراوە بە ئەفسانە و سیحری نوێ.

ئەم بابەتە نموونەیەکی نوێ دەخاتە بەردەست بۆ تاقیکردنەوەی ئەم سیستمە، بۆ نموونە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوا و ئامریکا، بەتایبەتی لە ئیسپانیا زۆر هەوڵیاندا بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەتی ئابوری، ئەوان واتێگەیشتبوون کە ئەوەی مەسەلەی رێژەییە کە لە٩٩٪ و تەنها ١٪ ماوە دەسەڵاتی ئابوری وڵات وەربگرن، ئەو کۆدەنگییە بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربهێنن و لەوێشەوە ئابوری، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت ئەوە وەهمی سیاسییە و لاسەنگییە لەرووی سیاسییەوە، چونکە ئەوە شەقام و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نیین کە واقیعی سیاسی دەگۆڕن، بەڵکو ئەوە پەیوەندییە دامەزراوەکانی دەوڵەتە کە کۆمپانیا سیستماتیکی کردوون، بۆیە کێشەی دیموکراسی لە مەیدانی پراکتیکیدا دەرناکەوێ، بەڵکو چانسەکە لەباری گروپ بەندییەوەیە بۆ دەستەبژێرە کە سیاسەت

دەکـەن، یـان هەڵگرێکـی دیکـەی لۆژیکـی سیاسـییە کـە چیـدی دەوڵەتـان و خـودی سیاسـەت لەنێـوان هێـز و گروپـەکان، ناتوانـن بەبـێ ئـەم چەمکـە خۆیـان باڵانـس بکـەن، یان لەباری کۆمەڵایەتی یەوە راهاتنی فەرهەنگی تایبەتـە؟، دیسـان دەبێ بپرسـین ئایا بەبێ ئـەم چەمکـە هیـچ هێـز و تاکێکیـش دەتوانـێ نوێنەرایەتـی گشـتێکی دیاریکـراو بکات کـە بریتییە لەکۆمەڵـەی نێو کۆمەڵـەکان کـە بەمانـای قـەوارەی دەوڵـەت دێـت؟، ئەمـە جگـە لـەوەی دەسـەڵاتەکان و سیسـتمی دادوەری شـارێگەیەکە بـۆ دامەزراندنـی ژیانێکـی نـوێ کـە گوایـە رێکخسـتنی کۆمەڵایەتییـە، بـەر لـەوەی رێکخسـتنی سیاسـی بێـت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە (گەل) لەنێو ئەم چەمکەدا جێگـەی نابێتـەوە. بۆیـە «دیموکراسـی هەرگیـز حکومەتـی جەمـاوەری نەبـووە و هیچکاتیـش ناتوانـێ و ناشـبێتە دەسـەڵاتی گـەل»(١٤).

کەواتـە ئەمەیـە وەهمـە نادیارەکـەی چاپتـەری رابـردوو موناقەشـەمان کـرد، کـە سیسـتمی سیاسـیی و نەزمـی نـوێ خوڵقاندوویەتـی، بەتایبەتـی ئـەو کەرەسـتانەی کـە راسـتەوخۆ کاریگەرییـان لەسـەر ئینسـان هەیـە، ئەویـش لەرێگـەی میزاجـی واقیعییـەوە کـە بریتییـن لـە میدیـا و بەکارهێنانـی کەرەستەکانی ژیـان بـۆ ریکلام کـردن، ئـەم راکێشـانی ئینسـانە لەرێگـەی هـەواڵ و رووداوەوە بـەرەو ریـکلام و بەریـکلام کردنـی هەمـوو شـتێکی پێویسـت و

نا پێویست، بەپێچەوانەوە لەرێگەی ریکلامی کەرەستە و پێداویستییە ژیانییەکان، راکێشانی سەرنجی بینەرە لەرێگەی ماسمیدیا و سۆشیال میدیاوە کە بەشێکە لە کۆنترۆڵ کردنی مێشکی جەماوەر و بەرهەمهێنانەوەی لەئاستەکانی دیکەی سیاسیدا.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو هێدلاینەی سەرەوە کە دیموکراسی لەرووی جوگرافییەوە لەکوێیە، ئەمە ئەو پرسیارە جەوهەرییەیە، ئایا ئەم قۆناغە قۆناغی دیموکراسییە؟، وەڵامەکە بە ئەرێ و نەرێ نییە، چونکە روحی ئەزموونکردنی دوا قۆناغ بۆ سیاسەت، بەناچاری لەهەموو دونیادا تەنها گرێدراوە بە دیموکراسییەوە، لە هەموو شوێنێکی ئەم سەر زەمینە ئەگەر ئەم سیستمەش جێگیر نەبووبێت، دیسان بە ناچاری دەبێ ئەم جیهانە سیاسییەکان مومارەسەی بکەن و لەوێشەوە ببێتە ئیدیۆلۆژیا بۆ خەڵکی عەوام و ستەملێکراو، جگە لەوەش کە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی سیستمی سیاسی نییە، تاکو ئیدیۆلۆژیای بۆ دابتراشرێت.

تەواوی کۆمەڵگەی سیاسی نێودەوڵەتی جەبرییەتێکی نیشانداوە کە ئەم ئیدیۆلۆژیایە دەستبالایی سیاسییە و سیاسییەکانیش نموونەی بالان وەکو چۆن لەنێو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کەسانێک بەناوی کاریزماوە، پیرۆز دەکرێن و دەکرێنە خودای سەر زەمین، ئەمە

تەنها ئەوە نییە کە تێربوونی هاوڵاتییان نییە بۆ تۆڵە، چونکە لەدوای بەرقەرار بوونی سیستمی مۆدێرنە بۆ سیاسەت و ئابوری لەتەواوی جهاندا بە کراوە و داخراوەوە، تەنها ئەم ئەلتەرناتیڤە هەیە. دیسان دەبێ بپرسینەوە ئایا دەتوانین لەشێوەی پرسیاری کۆنکریتی موناقەشە چەمکی دیموکراسی بکەین؟ لەراستیدا وڵامەکە نەخێرە.

بەرقەراربوونی ئەم سیستمە چەند لایەنێکی جیاوازی هەیە، چونکە پرسیارێکی زیندووە نەک لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەکرێ بەتەنها، بگرە لەتەواوی دونیادا پرسیارێکی جەوهەری سیاسییە و زۆر وەڵامی جیاواز و مانای جیاوازی وەرگرتووە، بەمانایەکی دیکە دیموکراسی لەئێستادا وەکو ئەو فۆرمەی کە وەریگرتووە، تاکە ئەلتەرناتیڤی ناونیشانەکانی دیکەی سیستمی حوکمڕانییە لەدونیادا و زۆرینە و کەمینەی واقیعی بۆ گروپ و حیزبی خراپ و کەسایەتی خراپ دەنگدەدەن و هەر ئەوانیش چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگە و نیشتیمان و سیاسەت و ئابوری دەوڵەت و تاک دیاری دەکەن، لەکاتێکدا چەمکی کەمینە و زۆرینە چەمکێکی ستالینی و شۆڤێنییە و تابۆ کراوە لە رۆژئاوا و ئەسکەندەنافیا و بە نائەخلاقی زمانەوانی تەماشا کراوە، بۆیە بەکارهێنانیشی بۆ گروپە ئیتنیک و نەتەوەکانی نێو نەتەوەکانی تری خاوەن دەسەڵات،

بەشـێکە لـە زیندووکردنـەوەی فاشـیزم، «هـەر کەسـێک تێبینـی و دەرکـی ئـەم فێڵـەی کردبێـت کـە بـە هۆیـەوە دەنگـدەران دەبـن بـە یاسـادانەر و دەمێننـەوە، هەسـت دەکـەن دیموکراسـی بـەو شـێوەیەی کـە ئێسـتا هەیـە، میکانیزمێکـی بـاش نییـە بـۆ بەڕێوەبردنـی حکومـەت، بـە پێچەوانـەوە ئازار بەخشـە بۆ بەڕێوەبردنی خەڵک، چونکە ئـەو کەسـەی خوازیاری زامنکردنی چاکسـازییە، پیاوێکی زمانبـازی بـە ئاوات تەماحکارە کـە هەتـا بانگەشـە کردن بەرژەوەنـدی گشـتی دەبینـێ، ئەویـش هەتاکو دەچێتـە نێو دەسـەڵاتەوە و دواتریـش کارەکانـی حوکمڕانـی رابـردوو تـەواودەکات و دەبێتـە سـتەمکار».[١٥]





ئـەم ریاڵـە لەکوێـدا روون دەبێتـەوە، وەختێـک چارەنووسـی دیموکراسـی لەتـەواوی دونیـادا دەبێتـە سوبێکت واتـە شوناس بۆ گرووپێک یان کۆمەڵگەکەیەک کـە لەسـایەی سیسـتمێکەوە بەرقەرابـووە، بەوپێیـەی روداوە سیاسـییەکانی دوای هـەزارەی سـێهەم کـە سـەرتاپایان سـوپڕایز بـوون بـۆ داواکاری عەدالەتخوازی و ئیدیۆلۆژیای دیموکراسی و لیبرالیزمی سیاسی و کەچی پێچەوانەکەی راست بوو، بۆیە ئەم دیموکراسییەتە هەم ناونیشـانێکی دیکەی وەکو ئەلتەرناتیڤ نییە لەبەرامبەری کە دەوڵەتانی زلهێز و سەنعەتیەکان کەڵکی لێوەربگرن و هـەم بۆ مانـەوەی ئەو دەوڵەتە شانشینانەی عەرەبستان و زۆربـەی دەوڵەتانـی دیکـە، هەروەهـا بـۆ رۆژئـاواش

وەکـو خۆیـان بـە هـاوکاری کەرتـی تایبـەت و گەشـەی سـەرمایەداری دەمێننەوە و لەرێگەی کەسانی چاوچنۆک و کۆمپانیاکانـەوە، ئەگـەر بەسـیناریۆش بێـت، دەنگـی خەڵـک بەدەسـت دەهێنـن بۆ بەدەسـتهێنانی شـەرعییەتێک بەنـاوی دیموکراسـییەوە.

(پۆل فیریلیو) بیرمەندێکی سیاسی ئامریکییە، لە کتێبی (السـرعە و السیاسـە) بـاس لـەو سـتایلە دەکات کـە بـەر لەسـەدەیەک (رۆزا لۆکسـمبۆرک) لـەدوای سـاڵی ١٩١٩ لـە دوای (عصبـە سـبارتاکۆز) هێنایـە ئـاراوە و کتێبێکـی لەسـەر مانگرتنی جەمـاوەری نووسـی، ئیدی ئـەم سـتایلە تاکـو کۆتایـی سـەدەی ٢٠ بـڕی کـرد، لـەوە بـەدواوە هێـزە سیاسـییە نێودەوڵەتییـەکان، بـۆ ئـەوەی بیانـوو بـە دەسـەڵات و حوکمڕانـی دەوڵەتێـک بگـرن، خەڵـک هەڵدەخڕێنـن بەنـاوی ناعەدالەتـی و نەبوونـی سیسـتمی دیموکراسـی و ئـازادی و نـان و بێـکاری و قەیرانـی دارایـی و هتـد، دژی دەوڵـەت و دەسـەڵاتەکە، لەوێـوە ئـەم نەزعـە سیاسـییە کەوتـە نێـوان خەڵـک و دەوڵـەت کـە بزووتنەوەیەکی دەسـتکرد لـە پشـتییەوە وەسـتاوە و لەوێوە شـەرعییەتی شـەقام، دەگوازێتـەوە بۆ شـەرعییەت و مـاف بەدەوڵـەت، چونکـە خەڵـک بـە هـۆی ئـەوەی گروپـەکان پێشـڕەوایەتییان دەکـەن، دووچـاری دیـاردەی ئەنارشیسـتی و خراپ بەکارهێنانی چەمکی شۆڕشگێڕێتی دەبن، دەسـەڵاتیش ناچار دەبێت ستەمکاری بەکاربهێنێت

و شــەرعییەتی دەوڵــەت بگەڕێتــەوە، بــەڵام بیانووەکــە لەلایــەن دەوڵەتانــی زلهێــز هــەر دەمێنێتــەوە، نموونــەش عێراقــی بــەر لــە ســاڵی ١٩٩١ و ســاڵی ٢٠٠٤ و یەمــەن و میســر و تونــس و ســوریا و هتــد، پاشــان ســاڵی ٢٠١١ و لــە لیبیــا ســەریهەڵداو تاکۆتایــی ٢٠١٨، کــە چــۆن بەنــاوی بەهــاری عەرەبییــەوە خەڵکیــان فریــودا و سیســتم وەکــو خــۆی گەڕایــەوە و تەنهــا دەموچــاوەکان گــۆڕان، بــەڵام ئەمجارەیــان لەجیاتــی خزمــەت بــە روســیا و ســۆڤیەتی کــۆن بکــەن، خزمەتیــان بــە ئامریــکا و بەریتانیــا و کۆمپانیــا زەبەلاحــەکان کــرد و هەقیقەتەکــەش وەکــو رۆژی رونــاک دیــارە کــە بەنــاو غیابــی دیموکراســییەوە کــرا، کەچــی دیموکراســییەت نــەک هــەر نەهــات، بەڵکــو وەهمێــک بــوو جگــە لــە بــازاڕی سیاســەت لەنێــوان زلهێــزەکان، بــازاڕی شــتومەک و کەرەســتەی ســەربازی و خاڵــی کردنــەوەی عەمبارەکانــی پێداویســتی ماڵیشــی هێنایــە ئــاراوە و ئینســان بــووە بــە بەشــێک لــەو کالایانــەی سیاســەت گەرەکــی بــوو.

## وەهمی پارلەمانی

پارلەمان واتە دەزگای شەرعی بۆ دانانی یاسا، ئەو دەسەڵاتانەی کە دەبنە دەسەڵات و دواجار دەبنەوە بە دژی دژی دەسەڵاتی راستەقینەی هەڵبژێردراو، لە پڕۆژەیەکی دیکەی نووستووەوە توانای وەرگرتووە نەک دەوڵەت و یاسا شارستانییەکانی هەر وەک ئەوەی لە سەدە ناوەنجییەکاندا ئەم سیناریۆیە هەبوو، «یاسا بەمانای چوارچێوە و ڕێکخستنێک، نەک یاسای دەوڵەت، ئا ئەمانە بابەتی مێژوون سەبارەت بەم توخمانە دەدوێن، ئەم توخمانە میللەتن کە دەست بە قسە دەکەن، ئەو نەتەوەیە کە قسە دەکات، بەگزادەیی نەتەوەیەکە کە لە کۆی نەتەوەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، ئەم دیدە ناسیونالیزمی سەدەمی نۆزدەهەمی هێنایە کایەوە» [١٦].

. گوتاری تازە مەرجەعی تازەی دەوێ وەکو فۆکۆ تێیگەیشتووە، چونکە ئایین ی زاڵ خۆی تەرجومەی ئەوانی تر دەکات و رەنگدەداتەوە بەسەر کولتوورەکانیانەوە، ئەو جۆرە ئایینە زاڵەی کە بووە بە خاوەنی گوتاری زاڵ و سەرچاوەی دەستوور و یاسا،

چوارچێوەیەکی مەرجەعی شەرعی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و لەرێگەی پارلەمانەوە شەرعییەتی وەرگرتووە، ئەمە ئەو وەهمەیە بۆ گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بووە بە پاراستنی مافی کولتووری و نەتەوەیی و ئایینی و هتد.

ئەگەر باشترین حاڵەت وەربگرین کە دەوڵەتی عەلمانییەو پشت بە یاسا و دەستوور دەبەستێت، وڵاتی تورکیایە کە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئاکەپەی ساڵی ٢٠١٩ بەو دۆڕانەی ئەستەنبوڵ رازی نەبوو، دواجار دووبارەی کردەوە و باڵانسی هێزی کرد و خەڵکیش بە کردەوەی ناشەرعی لەقەڵەمەیان نەدا، ئەم هێزە نادیارە سەرچاوەکەی لە گوتاری ئایینی و نەتەوەیی گرتووە لەرووی سەرخانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ دەوڵەمەندبوونی حیزبەکە دەگەڕێتەوە لەرووی جەماوەرییەوە، بەڵام بەپشتگیری یاسایی و دەستووری کە هەموو لایەنەکان ملکەچی ئەو گوتارەن.

حەزکردن لە دەسەڵات پاڵنەرێکی مەترسیدارە ئەگەر لەرێگەی دەستوور و یاساوە بێت خراپتر، چونکە بەڵگەی دڵنیابوون لەسەر دەسەڵات ئەوەیە کە دەتوانێت رێگە لەئەوانی تر بگرێت، بەتایبەتی ئەو وەهمەی کە قەناعەتی بەگشت کردووە، پارلەمان گوایە نوێنەری گشتە بەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانەوە، ئامانجی راستەقینەی دیموکراسیش لەلای ئەم کارێکتەرە

سیاسی و بزنسمانانەوە کە گوایە پارێزەری یاسا و دیموکراسین، هەر ئەوەیە کە ملنادەن بە چاودێری میللی و دەستگاکانیش، تاکو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت لەسەر مافی گشتی، لەکاتێکدا هەر ئەو کاندیدانەی خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکەن بۆ وەرگرتنی حوکمڕانی، هەر دوای هەڵبژاردنەکان بیریان دەچێت کە بە دەنگی خەڵک شەرعییەتیان وەرگرتووە و لەژێر ئەو عینوانە سیاسییە بوون بە خاوەنی حوکمی زۆرینە کە پێکهاتووە لە جیاوازی، نەک ئەو فەزایەی کە رەهاگەرایی دەکاتە باو.

ئەم چەمکە بە گشتی هەم لەخزمەت ئەو هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەیە کە لەدوای شکستی یەکێتی یان سەربازگەی سۆڤییەتی کۆن، خزمەتی زۆری بە ئامریکا و وڵاتانی زلهێزی سەرمایەداری و کۆمپانیاکان گەیاند کە دژی تیۆری سیاسی سۆسیالیستی بوون، لەبەرامبەریشدا سێ چەمکی دیکە جێگەیان گرتەوە کە بریتیی بوون لە (ئازادی و مافی مرۆڤ و بازاڕی ئازاد)، لەحاڵێکدا هیچکام لەو سێ چەمکە نەکاریان پێکرا وەکو خۆیان و نە ریاڵێتیە سیاسییەکان بوون بە جێگەی قەناعەتی خەڵک، چونکە هەموو ئەو دۆخانەی لەدوای هاتنی ئەو چەمکانەوە وەکو کاڵا هاتنە نێو کایەکانەوە. جەنگی هەمیشەیی لەنێوان مەزهەب و نەتەوە و دەوڵەتان و جەنگی دەروونی و ئابوری

سەریانهەڵدا، بەبێ بڕانەوە و بەردەوامیشییان دەبێت.
بەردەوام بوونی ئەم فەزا نادیموکراسییە کە مانای دیموکراسی وەکو خۆی نەماوە و بووە بە کاڵای بازاڕی سیاسی لەسەرانسەری جهاندا، کاریگەری وەهای کردووە کە زۆرترین موناقەشە لە بارەی دیموکراسییەتەوە بکرێت و بەپێچەوانەوە رەخنەشی لێبگیرێت کە ئەوە تەنها دیموکراسیخوازەکان پرنسیپەکانی پێشێل دەکەن، هەرئەوەی کە ئەم سیستمە لەهیچ شوێنێکی دونیادا وەکو خۆی بەمانای ناوەڕۆکی چەمکەکە کاری پێناکرێ، بۆ نموونە ئەگەر وای دابنێین باشترین نموونەی سیستمی دیموکراسی شەرعیەتی یاسایی یە لەهەڵبژاردنی پارلەماندا کە وەکو نوێنەرایەتی گشت ناوزەدکراوە، ئەو هەڵبژاردنەی کە خەڵک وادەزانن کاتێک ڕوودەکەنە سندوقەکانی دەنگدان و لەوێ هەست بەبوونی شێوەیەک لە کێبەرکێی سیاسی و شەرعی دەکەن کە لەنێوان حزب و هێزە سیاسیەکاندا نمایش دەکرێت و ئەوانیش بەشداری ئەو مومارەسە سیاسییە دەکەن، دواجاریش بەپێی یاسا گەلێک شەرعیەت بەو یاسایە دەدرێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، تێگەیشتنێکی تەواو ناهۆشیاریانە و کلاسیکییانەیە، ئەم سیستمە لە ساتەوەختێکدا سەریهەڵداوە و بووە بە ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و شەرعیەتی وەرگرتووە، ململانێ سیاسییەکان بەو شێوەیە نەبووە

که ئێستا لەئارادان، یان لانیکەم ئەو دیموکراسییەته هەم ماناکەی جیاواز بووه و هەم لەو وڵاتانەش نەبووه که نموونەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاته که ناتوانێت جێکەوته بێت، چونکه هەم پەروەردەی سەرەتایی نەبووه و هەم نەبۆته کولتوور بۆ گشت، تاکو لەنێو سیستمی سیاسیدا جێگەی ببێتەوە، بۆیه درووستکردنی ئەو هەستەش بۆ خەڵک درووستکردنی حاڵەتێکی سایکۆ سیاسییه بۆ خەڵک که ئەم دەرچەیه نەبێت ژیان مەحاڵه بەبێ ئەو ویستەی که دەستەبژێری سیاسی گەرەکیەتی، حاڵەته سایکۆلۆژییەکەش نەک تەنها له دونیای ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو هەیه، بەڵکو لەتەواوی دونیادا ئەم حاڵەته جێکەوته بووه.

سەرهەڵدانی چاخی پیشەسازی لەرۆژئاوا که دواجار مۆدێرنەی لەگەڵ خۆیدا بەرهەمهێنا، دەرفەتێک بوو بۆ گۆڕینی سیستمه سیاسیەکەش که سەرمایەداری وەکو سیستمێکی نوێ لەدوای دەرەبەگایەتی شۆڕشی کردو، پێشڕەوایەتی هەموو کایەکانی ژیانی گرتەدەست، چونکه پێشتر ئەوەبوو ئایین وەکو سیستم جێگیر بوو و هەرچی ستەم هەبوو بەسەر کایەکانی ژیاندا سەپاندبووی، سەرەتا لێکدژی لەنێوان ئایین و سیستمی دەوڵەتداری عیلمانی هێنایه ئاراوە، دواتر بەکودەتاکەی لویس ناپلیۆن پۆناپارت ی ساڵی ١٨٥١ دووپاتی ئەوەی کردەوە که هەوڵێکی هەمەلایەن هەیه بۆ گرێدانی

شـۆڕش و رژێمـی کـۆن، چونکـه ئـەو سـەردەمە رژێمـی دەسـەڵات پێویسـتی بـه خۆپاراسـتن بـوو لەدەسـت شۆڕشـه جیاوازەکانی فکر، بۆیه پشتی داواکاری خەڵکی دەگـرت بـۆ بەدەسـتهێنانی هەرچـی زیاتـری ئـازادی یـه، بـەو مانایـەی کـه دیموکراسـی هونـەری دەویسـت، بـەڵام ئـازادی تـاک و گروپـه سیاسـیەکان هونـەری نـاوێ، ئەمـەش بـۆ سـڕینەوەی ئـەو رابـردوو بـوو کـه کۆسـپی دەخسـته بـەردەم شـۆڕش بەسـەر سیسـتمی پاشـایەتی، تاکو بیسـەلمێنێ رازیبوون بـەو سیستمه رۆڵێکی گرینگ دەدات بـۆ ئیـرادەی بەدەسـتهێنانی سیسـتمێکی یاسـایی بـۆ گشـت، هونـەری ئەمـەش وەکـو ئەلکیسـی دی تۆکفێـڵ پێیوایـه، (باڵادەسـتی دەسـەڵات بەهـرەو لێهاتوویـی و دسـپلینکردنی زۆردارییـه تایبەتمەندییەکانـی دەوڵـەت بەسـەر جەمـاوەردا) هـەروەک ئـەوەی کـه لەئاسـتی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا زیاتـر دەبینـرێ.

میشـیل فۆکـۆ لـه کتێبـی (الكلمـات و الاشـياء) دا دەڵـێ (هۆشـیاری و گۆڕانـکاری و نەرمـی نوانـدن لـه پێداچوونـەوەی ژیـان بەشـێوەیەک هەمـوو بەرهەمەکانـی خـۆی بـه ئێمـەی ئینسـانەوە خسـته نێـو زەمەنێکـەوە، هیـچ کەسـێک نەتوانـێ ڕێبەرایەتـی بکات، ئـەوان لایانوابـوو کـه سـەرەتای مشـتومڕ سـەبارەت بـه پێشـکەوتن لەداروین و لامـارک و کتێبـی تلیامنـد و بوژاندنـەوەی فەلسـەفه و خەونەکانـی دالامیـر بـووە، لەکاتێکـدا میکانیکییەتـی

ئایینناسی بە ستایلێک بەردەوام لە ململانێدابوو کە پشتوانی یەکتریان دەکرد، ئەم ململانێیە بەدرێژایی چەرخی کلاسیک خۆی لەبەرەی دیکارت مالبراند دەنواند). لەراستیدا ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییەی کە ئایین وەکو هۆکارێکی سەرەکی کاریگەری لەسەر سیستم هەبوو، لەدوای ئەوەش تاکو سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، باشترین ستایلێش ئەو رواڵەتانە بوو بۆ وەڵامدانەوەی بلۆکی سۆڤییەت کە مەترسی بوو بۆ سەر سەرمایەداری پەرەگەرگرتوو، تاکو شکستپێهێنانی، ئەم حاڵەتە لەدوای ساڵی ٢٠٠١ و دواتریش لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە کە ئامریکا لەرێگەی عێراقەوە سیمای سیاسی گۆڕی و دونیای ترساند، بەڵام وەهمێکی خوڵقاند کە خەڵکی ناوچەکە نەیانبینیبوو، ئەویش وەهمی پارلەمانی بوو خەڵک دەنگ بدات بەو هێزەی کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیاکەیەتی، ئەوەبوو کە بینیمان چۆن بووە مایەی جەنگی نێو خۆیی سوونە و شیعە و کورد و عەرەب و تونرەوی ئیسلامی و گەمەی ئابوری و هتد.

دەرکەوتووە بۆ بیرمەندە سیاسیەکانیش کە کۆدەنگی کۆدی سیاسی ناکاتەوە لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت، بەمانایەکی تر فەزایەکی مەحاڵە، چونکە بازنەی ناکۆکی لێکدژییەکان یان ململانێکان دەکاتەوە، نەک ئەوەی سنووربەندی درووست بکات، واتە بوونی

ئێمـەو ئـەوان لەنێـو گرووپـەکان تـا بمێنـێ، فۆڕمەکانـی سیاسـەتیش دان بـەوەدا دەنێـن کـە ئەوەیـە سیاسـەت، نـەک فـەزای کۆدەنگـی لەپێنـاو ئامانجێـک، بۆیـە کۆمپانیـاکان بـۆ ئـەوەی کاڵاکانیـان لـەرووی سـەربازی و پێداویسـتییەکانەوە بـۆ خەڵـک بـە گشـتی یـەکلا بکەنـەوە، سیاسـەت بەردەوانـی دەبێـت و شـەرعییەتیش بـۆ گروپـە ئیتنـی و ئایینیـەکان بـەردەوام دەبێـت، ئـەم ئەزموونـە لـە ململانێـی نێـوان کاسـۆلیک و پرۆتسـتانتی مەسـیحیەوە کەڵکـی لێوەرگیـراوە و ئیسـتاش لەسـەر شـیعە و سـوونە پراکتیـک دەکرێـت.

بەڵـی ئـەوەی رابـوورد و ئێسـتاش بەردەوامـی هەیـە، مەسـەلەی دیموکراسـی و هەڵبژاردنـی پارلەمانـی یـە کـە پێشـتریش لەگەڵ لەدایکبوونـی سـەرمایەداریدا ئـەم چەمکە بـوو بەبـاو، بۆیـە کـرا بـە سیسـتمێکی دانسـقە و دەگمەنـی وەهمـی، بۆچـی وەهـم، چونکـە وەهـم هەمیشـە لەبـەردەم پرسـیاری زینـدووە بـۆ وەڵامدانـەوەی کێشـە ژیانییـەکان، چونکـە وا بانگـەوازی بـۆ دەکـرا کـە وەڵامـی هەمـوو پرسـیارێکی سیاسـی دەداتـەوە و هەمـوو پێکـەوە بـە هەمـوو ئیدیۆلۆژیـا ناکۆکەکانـەوە، لەرێگـەی هەڵبژاردنـی نوێنەرایەتـی خەڵکـەوە، دەتوانـن بژیـن کـە وەهمێکـی سیاسـی بـوو «بۆیـە گوتـرا دیموکراسـی سیسـتمێکی دانسـقەی فەرمانڕەواییـە، لەفۆڕمـە هاوچەرخەکەیـدا بەرهەمێکـی چاخـی پیشەسـازی، یـان ئـەوە چاخـی

مۆدێرنیتەیەکـە بـە عیلمانییـەت و بەشارسـتانیکردن و لیبرالیزمـدا دەناسـرێتەوە، سـەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئـەم سـەردەمە چەند سـەدەیەکی خایاندووە، لـەم توێژینەوەیـەدا چەنـد رواڵەتێکـی مێژوویـی ئـەم پرۆسـە درێژخایـەن و ناهاوسـەنگ و بگـرە تـا ئاسـتێکی ترسـناک ناکۆکیـش دەپشـکنین، بـە پشـکنینێک کـە دەچێتـە شـێوەی گێڕانـەوەی واقیعـەکان و وردکردنـەوەی چەمکەکانـەوە». [١٧].

ئـەم چەمکـە بەهەمـوو ئیشـکالیاتەکانیەوە و بـە هەمـوو کەلێنەکانیـەوە، گوایـە هیـچ نەبـێ لەبـری جەنگـی گـەرم، پارلەمـان وەکـو جەنگێکـی سـارد بەکاردێنێـت و خێروبێـر دەداتـەوە، بۆیـە بەناچـار کـراوە بـە ئەلتەرناتیڤـی هەمـوو ناونیشـانێکی دیکـە بـۆ سیسـتمی سیاسـی جیهـان کـە هەمـوو دیمەنەکانـی دیکـەی نمایـش کـردووە، جگـە لەخـودی دیموکراسـی خـۆی بەمانـای ناوەڕۆکـی چەمکەکـە، بـەڵام بـەدەر لـەم باسـە، دەبـێ لـەدەرەوەی هەمـوو شـیکردنەوە و رەخنەیـەک دژی ئـەم ژیریتییـەی سـەرمایەداری بـۆ مانـەوەی خـۆی، باشـترە باسـی ئـەوە بکەیـن کـە چەمکەکـە بەسـێ زەمەنـی جیاوازدا تێپەڕیـوە، زەمەنـی هـەر یەکەشیان بەجیاواز لەگـەڵ ئەویتردا قسـەی لەسـەر دەکـرێ، ئـەم پرۆسـەیە دوای جێگیربوونـی وەکـی سیسـتمێک بـۆ دەوڵـەت، هـەر لـە سـەردەمی یۆنانـی کـۆن و ئاڵوگـۆڕی قۆناغەکانـی دەسـەڵات تاکـو سـەرهەڵدانی سیسـتمی سـەرمایەداری مۆدێـرن و گەشەسـەندنی

لەرووی سەنعەتی و سیحری تەکنۆلۆژیاکەی، دواتریش هاتنی سەردەمی جیهانگیری کە ئێستا پێناسەی جۆراو جۆری بۆ دەکرێ، هەمان ئەو ئیشکالیەتانەی هەبووە و هەیە کە لەسەرەتاوە هەیبوو، هەڵبەت مەبەست لە گرتنە دەسەڵاتە لەلایەن خەڵکەوە کە بۆ خۆی ماناکەی ئەوەیە و فروفێڵکردنەکەش لەسەر حیسابی قەناعەتی خەڵک بە سیستمی هەڵبژاردنی حیزب و دەسەڵات کە دوای بەرجەستەبوونی واقیعەکە هەستی پێدەکرێ « دیارترین رێگە کە تێیدا دیکتاتۆریەتەکان دڵنیا دەبن کاندیدەکانیان هەڵبژاردن دەبەنەوە، لەرێی فرتوفێڵکردنە لە هەڵبژاردندا، فرتوفێڵی هەڵبژاردنیش ئەمانە دەگرێتەوە، ئاخنینی سندووقەکانی دەنگدان بەدەنگی نایاسایی و ئەوانی تری دەنگدەر کە موقاتەعەیان کردوە بەهەر بیانووەکەوە بێت، تۆمارکردنی نایاسایی دەنگدەران و تۆقاندنی دەنگدەران لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، رادەی خەریکبوونی دیکتاتۆریەتەکان بەو جۆرە فڕتوفێڵانە لەرژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێت، وێڕای ئەوەی لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ یەکێکی تریش دەگۆڕدرێت و لە جوگرافیایەکەوە بۆ جوگرافیایەکی تر بەهەمان شێوە دەگۆڕێت».[١٨].

وەختێک بیرمەندانی فکری و سیاسی لە رۆژئاوا، خوێندنەوەیان بۆ سیاسەت و ململانێ سیاسییەکان دەکرد و هەڵبژاردنیان وەکو فاکتەرێکی پۆزەتیڤی

سیاسی ناوبرد، ئەوکاتە بوو کە بڕوایەکی تەواو هەبوو سیاسەت بۆ گشتە نەک بۆ گروپ، بەو مانایەی کە فرتوفێڵی دەستەبژێر لەنێو هاوکێشەی سیاسیدا لەسەر کەللەسەری خەڵک بۆ بەرژەوەندی دەستەجەمعێک دەرناچێت، «ئەو گروپانەی کە فەزا و زەمەن کۆنترۆڵیان ناکات و تەنها کەڵکی لێوەردەگرن، لە پلەی سێهەمیشدا کۆمەڵانی بێبەش و هەژار هەڵکەوتوون کە چاولێکەری ئەم پرۆسەیەن و لەژێر کارتێکەری نەریتی ئەودان». [١٩]. واتە گروپی پلە دووەکان، چونکە لەزنجیرەی سێهەمدا بیاڤێکی دیاریکراون و کورت نابنەوە لەهەموو بیاڤەکان، لەرێگای و شێوازی جۆراوجۆرو جیاوازەوە دەکەونە چوارچێوەی زەمەن و فەزای بەستراوەوە». چونکە بەپێی تێگەیشتنە دۆلۆزییەکە کە بۆ ئەنتۆلۆژیا کردوویەتی، تێکەڵکردنی سیاسەت لەگەڵ ئەو رەتکردنەوەی رەخنە لە سیاسەت وەکو دوو فەزای جیاواز، بەڵی خولْقاندنی جیاوازی بوو کە رەخنەگرتن بوو لە سیاسەت وەکو فەزا نەک وەکو چەمک، بەڵام کە پارتە سوننەتییەکان نەریتییانە و سوونەتیانە پراکتیکیان کرد، وەکو ئەوەی لە رۆژهەڵات بەشێوەیەکی گشتی دەبینرێت و بەتایبەتیش لە عێراق و کوردستان خراپتر، لەوێدا ئەنتۆلۆژیا ئەو فاکت و ژیانە ریاڵیە سیاسیەی لەناوبرد و گرەوێکی دیکەی کرد کە لەنێو سەندیکا و کاری گروپبەندی پاشکۆیەتی سیاسی خۆیان بینییەوە،

هەروەک ئەوەی لەکوردستان بەناوی خەباتی پارلەمانی یەوە رەنگیدایەوە و خەڵکیش نەک هێزە سیاسییەکان، هەموو بوون بە دووبەرەی جیاوازی ئیدیۆلۆژی دژی تا سەر ئێسک خوێنی یەکتر بمژن، لەمەدا دەسەڵاتی سیاسی سەلماندیان کە ئەم دەسەڵاتە رادەستی خەڵک ناکرێت وەکو ئەوەی لە پێناسە ئەکادیمیاکەدا هاتووە، بەڵکو لەنێوان چەند گروپێکدا دەکرێ دەستاودەستی پێبکرێ و خەڵک تەنها لایەنگری ئەو گروپانەن، بۆ نموونە سەندیکا و یەکێتییەکانی توێژەکانی کۆمەڵگەن کە پاشکۆی حیزبە سیاسییەکانن، بەڵام خەڵک ناتوانن ببن بە بەشێک لە باڵانسی سیاسی و یاسایی و ململانێ، مەبەست لەخەڵک ئەو جەماوەرە کۆنەی بەناو شۆڕشەوە دەوڵەت و دەستەوتاقمی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت بڕوخێنن و سیستمێکی تر و گروپێکی تر بکەن بە رابەری خۆیان کە ئەمە وەهمێکی سیاسییە و تەنها لەنێو میتۆدەکانی خوێندن جێگەی دەبێتەوە، نەک وەکو فاکتێکی سیاسی کاری پێبکرێ.

«دیموکراسی سیاسی لە واقیعدا بەمانای حکومەتی زۆرینە، یان یەک لەسەر نیوەی دەنگەکانە، لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە دیموکراسی، خەڵک لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی کۆمەڵگا و چاودێری بەسەر حکومەت بەهەقدار دەزانێ و دەوڵەت بە بەرەنجامی ئیرادەی گشتی لەقەڵەم دەدات، هیرۆدۆت مێژوونوسی

بەناوبانگی یۆنانی، پێی وایە ئەگەرچی دیموکراسی هەم بۆ خەڵک لەبەردەم یاسادا بەیەک چاو دەڕوانی، بەڵام گرفتێکی هەیە، ئەویش بە ئاسانی دەبێتە مۆبۆکراسی، واتە سەروەری کەسانی نەزان و بازاڕی و دەسەڵاتی بۆرە پیاوانی سەرکێش و لاسار، هەم بۆ گروپی دەستەبژێرە سیاسییەکان».[٢٠] ئەم قسەیەی هیرۆدۆت مەودایەکی کورت بڕی کردووە وەکو تیۆر، بەپێچەوانەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی چاخی نوێی سەرمایەدارییدا کە لەدوای هەزارەی سێهەمەوە فەزایەکی نویَ خوڵقا و تەکنۆلۆژیا جێگەی ئیدیۆلۆژیا و سیستم و دەسەڵاتی گرتەوە، ئەویش دەسەڵاتی کۆمپانیا زەبەلاحەکان بوون، وەکو ئایفۆن و گالاکسی و لینۆڤۆ و هتد بوون، ئیدی هەموو ئەوانی دیکە کە پاشکۆی کۆمپانیاکان و سیاسەت بوون، لەناکاو دەرکەوت لەنێو هاوکێشە سیاسیی و بازرگانی و ئابوررییەکان ک حیزبیان بەرهەمدەهێنا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتێک لەجوگرافیایەکی دیاریکراو، بوون بە پەشم و رێک پێچەوانەکەی راست دەرچوو، بەکارهێنانی ئەو کەرەستە تەکنۆلۆژیانەی وەکو گالاکسی و ئایفۆن و مۆبیل بەگشتی، لەدوا هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراقی و کوردستان بە باشی دەرکەوت، چۆن خەڵک بە کارتێک و ئۆفەرێکی سیستمی مۆبایل و ئینتەرنێت هەڵدەخەڵەتا.

بۆ ئەوەی باشترین نموونە بۆ ئەم سیستمە بهێنینەوە کە کەڵکی چی دەبێت ئەگەر وەکو خۆی پراکتیک کرا،

ئەوا دەبێ لەوێوە دەستپێبکەین کە ئایا ئینسان تەنها بۆ خۆی دەژی یان بۆ کائینەکانی دیکەش، «دیموکراسی تەنها خزمەتکردنی کۆمەڵگە و خزمەتکردنی تاکەکان نییە، بەڵکو خزمەتکردنی بوونەوەرە مرۆییەکانیشە، بەوپێیەی کە خودێکی کاران لە سرووشتدا، واتە دروستکەری خۆیان و دروستکەری تاکەکەسی و دەستەجەمعی خۆیانن، تیۆری دیموکراسی شتێک نییە جگە لە تیۆری مەرجە سیاسییە تەواوکەرەکانی بوونی خودێک، کە هەرگیز رازی نییە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە پێناسە بکرێت، چونکە پەیوەندییەکی لەو جۆرە شتێکی وەهمییە».(٢١). ئەم وەهمە ئەوکاتە زیاتر دەردەکەوێت کە گروپێکی ئیتنیکی یان مەزهەب یان ئایینێکی دیکەی ژێر دەستە دەبینین لەژێر حوکمی زاڵی ئایینێکی دیکەی زۆرینە، هەروەک ئەوەی لە کوردستان و عێراق و بەشێک لە ناوچەکە دەبینرێت، بۆ نموونە شیعی و سوننی و ئێزدی و کاکەیی و سابیئە و هتد.

هەڵبەت بۆ ئەوەی لە ریشەوە ئەم چەمکە و بەرهەمهێنەرانی ئەم چەمکە بناسین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی لە دایک بوون و بەرهەمهاتنی کە لەیۆنان بووە و دواتر گەشەی کردووە، لەگەڵ هاتن و ئاڵوگۆڕی هەر قۆناغێک چەمکەکە لەگەڵ سیستمەکان خۆی گونجاندووە، یان باشتر بڵێم دەوڵەت و دەستەبژێرە سیاسییەکان گونجاندویانە بەپێی ویستی خۆیان و

بەرژەوەندیی خۆیان، نموونەی ئەم زەمەنە جیاوازانە باشترین سەلمێنەرە بۆ ئەو دیموکراسیەتەی کە هەر یەک چەمکە، کەچی لە سێ قۆناغدا مانا و فۆرمی جیاوازی وەرگرتووە کە هیچیان لەوەی تر ناچن، لەکاتێکدا یەکەم کەشوهەوای هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی پارلەمانی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە .

زەمەنی یەکەم: زەمەنی سیستمی دیموکراسی کلاسیکە، ئەم سیستمە ئەلتەرناتیڤێک بووە بەرامبەر ئیمبراتۆریەتی کۆیلەداری و کێبەرکێی چینەکانی ئەریستۆکراتی و ژێردەست و کۆیلەکان بوو لەیۆنانی کۆندا، پلەبەندی چینەکانی خوارەوە و ئەریستۆکراتەکان و دەسەڵاتدار و ئەشرافەکانی ئەوکاتی ئەسینا، باشترین نموونەی ئەوەن کە دیموکراسیەتی ئەو سەردەمەش سیستمێک بووە بۆ دیاریکردنی ژیانی چینی هەژار و کۆیلە کە بەکوشتنی کۆیلەکەی بەرامبەرەکەی ئازاد دەکرا، جگە لەمەش ئەو دیموکراسیەتە، نەبوو بە سیستم، بەڵکو تەنها رواڵەت بوو، چونکە جگە لە ئایینێکی دیاریکراو کە ئەفسانەیی بوو، هەروەها پێکهاتەی دیکەی دەرەوەی ئەسینا نەبوو، بۆیە تەنها وەکو چەمک بوو بۆ ماوەی سیاسەت و بنەمای سیاسەت و نەبوو بە کولتوور و جێگەوتە نەبوو.

زەمەنی دووەم: لەگەڵ سەرکەوتنی سیستمی سەرمایەداریدا کە سەرکەوتنێک بوو بەسەر سیستمی

فیۆدالیزمیدا و لەگەڵ خۆیدا شاری گەورەتری بەرهەمهێنا کە بووە مایەی سەنتەرێک بۆ کۆکردنەوەی گوندەکان بەگشتی لەلایەک÷ هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی دەستەبژێرێک بۆ بیرکردنەوە لە سیاسەت و دەسەڵاتدارێتی لەلایەکی تر، بەتایبەتی کە زۆری نەخایاند شۆڕشی فەرهەنگی لە رۆژئاوا سەرکەوت بەناوی دووهەم بزووتنەوەی رێنیسانس، ئیدی ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی ئایین لە دەسەڵاتی حکومەتداری جودا بکرێتەوە کە پێشتر بەهۆی دوو پارچەبوونی کەنیسە و حوکمڕانییەکەیەوە خەڵک و روناکبیرەکان حاڵیان خراپ بوو، ئەمە وایکرد لەبارێکی تردا هەم لەبری بنەماڵە و قەبیلە حیزبی سیاسی بەرهەمهێنا، ئەمە بوو بە مایەی سەرهەڵدانی خەباتی پارلەمانی و هەم ستایلی پارلەمانتاریزمی بارهێنا کە سەرەتای نوێنەرایەتی خەڵک بوو لەنێو دەزگایەکی تەشریعی، وەکو مۆدێلێکی نوێ بۆ دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان و دیاریکردنی جێگا و ڕێگای هێزو گروپەکانی نێو کۆمەڵگە لەنێو دەسەڵات و حکومەتدا.

زەمەنی سێیەم: دیموکراسیەتی ئێستا تێگەیشتنی کاریگەری تەواوی کایەکانە و ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر واقیعی سیاسی و کایە ئابووریەکان بەگشتی و بازاڕی ئازاد بەتایبەتی هەیە، بەو شێوەیە کە ڕاستەوخۆ تەحەکووم بەسەر ئاڵوگۆڕەکاندا دەکات و جیاوازی

لەنێوان دیموکراسیەتی مۆدێرن و حوکمی دەسەڵات وەک پێناسە کلاسیکیەکەی بۆ (دیموکراسی) دەکاتە وەهەم، بەمانایەکی دیکە بەلەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەو ئیشکالیەتانەی کە لایەنەکانی تری ئەم چەمکەی گرتۆتەوە، بۆ نموونە وەکو (دیموکراسیەتی لیبڕاڵی و سێنترالیزمی دیموکراسی و دیموکراسیەتی پارلەمانی و هتد) تێدەگەین کە تاچەند دیموکراسی لەمێژووی کارپێکردنیدا وەک سیستم ڕێگاچارەی ئیشکالییەتە ڕیشەییەکانی کۆمەڵگەی بەشەری نەبووە کە کۆمەڵگا لەدەرئەنجامی ناعەدالەتیدا دووچاری بووە، بەهەمان شێوەش پاڕادۆکسی و نابەرابەرییەکی درووست کردووە لەنێوان چینەکاندا، لایەنێکی تری ئیشکالیەتەکانی ئەم چەمکە ئەوەیە کە وەکو خۆی و بەپێی پڕنسیپەکانی دیموکراسی کاری پێ ناکرێ و بەبەهانەی جیاجیا شرۆڤەی جۆراو جۆر و پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە، وەختێکیش کە تەرجەمە دەبێتەوە سەر واقیعی سیاسی و لە دونیای کارگێڕیدا فۆڕمێکی تر وەردەگرێ، هەمان ئەو ئیشکالیەتانە لەگەڵ خۆیدا باردەهێنێتەوە کە پێشتر لەئارادابوون.

«سەرکردایەتی کردن و ئاراستەکردنی دیموکراسی و ئاڵگۆڕکردنی بۆ قۆناغی سێهەم لەو بەردەوامییەی رابردووی، بۆ زەینییەت و فکرەی دیموکراسی، سەرباری ئەو بوون و تێڕوانینە دیارە سەبارەت بە

دواهەمیـن پنتـی دیموکراسـی کـە گرێـدراوی بۆچوونـی هەڵەیە لەو ئامانجەی کە بۆی دەچێت، ئەویش توانەوەیە بەبـێ لێدانـی ئـەو بەردەوامییـەی کـە بـەرەو حوکمـی دەسـەڵاتداریێتی و بونیادنانـی باشـترین جـۆری سیسـتمی دیموکراسـی یـە»[٢٢]. ئـەم بونیـادە نوێیـە پەیوەندیـی بـە ئایدیاڵـی لێپێچینـەوە لـە دیموکراسـییەتی کۆنـەوە هەیـە، تاکـو سیسـتمێکی دیموکراسـی نـوێ زامنـی ڕێکخسـتنی ژیانی سیاسی بێت، هەمـوو ئـەو گروپانـەش کـە پشتیان بەو سیستمە نوێیەی بەستووە بەرەو بەدەزگایی کردنی سیستمی دەسەڵاتداریێتی و حوکمی دەوڵـەت، ئەو گروپە دەسـتەبژێرەن کـە بڕوایـان بـە گۆڕانـکاری دیموکراسـی هەیـە لـە جـۆرە کۆنەکەیـەوە بـەرەو نوێخوازییەکـەی کـە بەدەزگایـی کردنـی دەسـەڵاتی ئابـوری و سیاسـییە، جگـە لەمـەش هیچ ئەلەرناتیڤێکی دیکە نییە بۆ حوکمڕانی لەژێر سـایەی ئـەم چەمکـەدا تاکو بـۆ هـەتـا هەتایی سیسـتمەکە بمێنـێ و خـۆی نـوێ بکاتـەوە، بۆیـە هیـچ سیسـتمێکی دیموکراسـی زەینـی و نازەینـی نییـە تاکـو پێوەرێکـی زەمەنـی بـۆ ئـەم سیسـتمە دابنرێـت، چونکـە خاوەنـی ئـەم تیـۆرە هیـچ ڕێگەیەکـی دیکـەی شـک نەبـردووە بـۆ ئاڵوگۆڕی دەسـەڵات لەنێوان هێزە سیاسییەکان براوەکان، «مەدیسـۆن پێیوایە بە سـپاردنی دەسـەڵاتی حکومـەت بـە ژمارەیەکـی کـەم لـە تاکـەکان کـە ئاسـتی هۆشیارییان بۆ هەمـووان سـاغ بووبێتـەوە لەڕێگـەی پارلەمانـەوە هاتبـن،

کەسانێک دەبنە بڕیاردەری بەرژەوەندییە راستەقینەکانی وڵات کە بەدوور دەزاندرێت پرسەکە بکەن بەقوربانی لایەن و لایەنکاری و شتی گوزەراو و کەمبایەخ، ئەمەش هەر ئەو کەسەو لە دوای هەڵبژاردنییەوە چ رێباز و شێوازێکی ئیشکردن دەگرنە بەر، مەبەست لەوەش پەیوەست بوونە بەخۆیەوە، بەهەرحاڵ ئەو نوێنەرە ئیدی کارگوزاری تایبەتی ئەوکەسانە نابێت کە دەنگیان بۆ داوە، وەک نوێنەری سەرجەم میللەت دەبێت، ئەگەر بڕیار وابووبێت، کە دیموکراسی بەمانای راستەقینەیەوە نوێنەرایەتی بێت ئیتر نەدەکرا کە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لەچوارچێوەی خواستی دەنگدەرانەوە لەقاوغ بدرێت، ئەو وابەستەیە تایبەت بوو بەهەندێک کۆمەڵگەی سەردەمە کۆنەکان کە لەسەر بنەمای پلەو پایە کاست دامەزرابوون، کۆمەڵگە گەلێک لە گروپە جیاجیاو ئەنجومەن و دەستە و تاقمەکان نوێنەرەکانی خۆیان وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیە تایبەتییەکان لەلایەن حکومەتەوە تێیدا بەکاردەهێنران». [٢٣] واقیعی سیاسی ئەمدواییە کە سوپرایزەکانی ئامریکا دەریخست، دەرکەوت کە نیو لیبرالیزمێک کە سەرمایەداری هاوچەرخ خواستێتی، تەواوی دەمامکەکانی خۆی دەرخست و شکستی بە هەموو هەوڵێکی خەڵک هێنا کە چیتر ناتوانن نوێنەرایەتی خەڵک بکەن، هەروەک ئەوەی سوپرایزی سیاسی گەیشتە دەنگدانی نهێنیش

که هەمـوو تێڕوانینەکانـی قڵـپ کـردەوە.

هەڵبـەت هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە مەدیسـۆن بـە کەمبایەخـی دەزانـێ لەراسـتیدا کـەم بایـەخ نییـن، بـەڵام لـە ئاسـتی گـوزەران و ژیـان و چارەنووسـی ئینسـاندا بایەخێکی کەمیان هەیـە، لەحاڵێکدا ئـەو دیموکراسـیەتەی کـە هەمـوو ئینسـان وەکـو وەهمێـک وەریگرتـووە، بەبارتەقـای چرکەسـاتێکی ژیـان نییـە کـە دەسـەڵاتداران بـە رەوای نابینـن و تەنهـا بـۆ خۆیـان نەبـێ.

بەدرێژایی مێژوو ئەم سیستمە کە سەرەتا لە (ئەسینا) ی پایتەختی یۆنانەوە پێشنیار کرا تاکو ئێستا ئەوەندەی لەخزمەتی خانەوادە ئەرستۆکراتەکاندا بووە، نیو ئەوەندە لەخزمەتی چینی خوارەوە واتە چینی ژێردەست نەبووە، بەبیانوی ئەوەی کە چینی ئەرستۆکراتی چینی رۆشنبیر و لەبـارن بـۆ بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت، بەپێچەوانـەی چینـی خـوارەوە گوایـە لەتوانایانـدا نییـە دەوڵـەت بەڕێوەببـەن، بەبیانـوی ئـەوەی چینـی ژێردەسـت چونکـە کێشـەی چینایەتـی هەبـووە لەگـەڵ چینـی سەردەسـت، ئیـدی گرینگـی بەبوارەکانـی حکومـەت و سـامان و نەخشـەی سیاسـی و جوگرافـی و ئاسایشـی نەتەوەیـی و فەرهەنـگ نـادات، هـەروەک چـۆن ئێسـتاش هەمـان تێگەیشـتن هەیـە بـۆ ئـەو هێزانـەی کـە خۆیـان بەپێشـڕەوی چینـی کرێـکار دەزانـن لـە هاوکێشـە سیاسـیەکاندا، هـەر ئـەوەی کـە حیزبێکی مارکسی و هەڵگری ئاڵای یەکسانی هەمەلایەنە

بـۆ هەمـوو هاوڵاتیـەک بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی مەزهـەب و نەتــەوەو کوولتــوور، ڕێگــەی پێنــادرێ دەســەڵات بگرێتـە دەسـت، بەپێچەوانـەوە هێـزی نەتەوەیـی و بەنـاو نیشــتیمانی تادەگاتــە کۆنەپەرســتەکان بــواری کاری سیاسـیان باشـتر هەیـە کـە دواتـر دەبـن بـە غـەزەب بۆ سیسـتمی حوکمڕانـی و بۆ خەڵکیـش، یـان لانیکـەم ژیانـی کۆمەڵایەتیـش تێکـدەدات و تـۆوی تونـدڕەوی دەپرژێنێـت لەنێـو گروپـە کۆمەڵایەتییـەکان و دەیـکات بـە مۆدێـل، ئیدی لێـرەوە تێدەگەیـن کـە سیسـتمێک بەدرێژایـی مێـژوو بـەم ئاراسـتەیەدا گـوزەری کردبـێ و دەسـەڵاتەکانیش بـەم شـێوەیە پڕاکتیکیـان کردبـێ، ڕەشـبینی نییـە ئەگـەر بڵێیـن هـەر جـۆرە قسـەکردنێک لـە سـەر ئـەم چەمکـە لەئێسـتاو ئاینـدەی (دیموکراسـی) تەنهـا وەکـو درووشـم دەمێنێتـەوە کــە هەنــدێ لەهێــزە ئۆپۆزسـیۆنەکان بــۆ بەدەســتهێنانی دەســەڵات بــەرزی دەکەنــەوە و هیچــی تــر.

ڕەنگـە ئاسـایی بـێ کۆمەڵگـە پەرەگرتووەکانـی ڕۆژئـاوا لـەڕووی کولتووری و تەکنۆلۆژی و سیاسـیدا ئـەم سیمایە بەخۆیانــەوە ببینــن و لنێــو دەزگاکانیشــدا تاڕادەیــەک نەریتەکــە رەنگبداتــەوە، چونکــە لانیکــەم مێژوویــەک لەململانـێ چینایەتییەکانیـان بەخۆیانـەوە بینیـوە، چونکـە بەپراکتیک ئەزموونیان کـردووە و بـووە بـە کولتـوور تاکو گەیشـتووەتە ئـەم ئاسـتەی ئێسـتا، بـەڵام بـۆ کۆمەڵگەیەکی وەکـو کۆمەڵگەکانـی ڕۆژهەڵاتـی بەگشـتی و کۆمەڵگـەی

عێراقی و بەتایبەتیش کوردستان کە بالانسی نەهێز و نەکولتوور و نە ئاینەکان و نە بنەماڵەیی راناگیرێت، بەوپێیەی عێراق هەمیشە پاشکۆی ولاتانی زلهێز بووە لەرووی کولتووری سیاسیەوە و پاشکۆی ئایینی ئەوانی تر بووە وەکو سعودیە، کوردستانیش هەمیشە پاشکۆی ئەم ولاتە شکستخواردووە بووە لەرووی سیاسی و حوکمڕانیەوە. هەروەها رۆژهەلات کە لەمێژە لەژێر کاریگەری ئایینێکی زاڵی داخراودا بووە و هەوڵی کرانەوەی نەداوە و خودی چەمکەکەش موڵکی رۆژهەلاتی نییە، لەلایەکی تریشەوە هەمیشە دەوڵەتانی رۆژهەلات و بەتایبەتی عەرەبی کە بۆ خۆیان لەنێو یەکتردا کۆک نیین و یەک گوتار نیین، لەژێر دەستی داگیرکەری رۆژئاوایی بوونە، بۆیە نەک دەستەبژێری سیاسی نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەو فەزا و چەمکە سیاسی و فکریانە هەڵبکەن و جاری پێبکات کە پراکتیک کردنی قورسە و پەروەردە و راهاتنی دەوێ، بەڵکو لەگەڵ فەزا داخراوەکەی خۆشیان هەڵناکەن، باشترین سەلمێنەر ئەو ناکۆکییە تائیفی و پێکهاتە سیاسییەیە کە لەلوبنان و یەمەن و میسر و سوریا و عێراق و هتد هەیە.

پێویستە زیاترین رێژەی ئەرکی ریفۆرم لە رۆژهەلاتی ناویندا بخرێتە ئەستۆی خودی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە، کەس ناتوانێ بەبێ گەڕان و تێکۆشان و سەرکەوتنی گەلانی ناوچەکە دیموکراسی یان لیبرالیزم

یـان سـیکۆلاریزم لـەم کۆمەڵگایانـەدا سـەقامگیر بـکات، هەڵبـەت هەمـوو ئـەو چەمکانـە تەنهـا لەنێـو فەرهەنگـدا جێگەیـان دەبێتـە نـەک پراکتیـک، فەرهەنگـی لەرێگـەی پـەروەردەوە کـە باشـترین رێگـە. قوتابخانەکانـە، بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن «رۆژئـاوا بـە تایبەتـی ئامریـکا دەتوانـێ یارمەتیدەرێکـی گـەورە بـێ، وڵاتـە یەکگرتووەکانیـش دەسـەڵاتی زاڵـی رۆژهەڵاتـی ناوینـە کـە بیانووەکەیـان نەبوونـی دیموکراسـییە لەناوچەکـە، بۆیـە هەمـوو وڵاتانـی ناوچەکـە پەیوەندیـی راسـتەوخۆ و ژێربەژێریـان لەگـەڵ واشـنگتۆن بـە ژیانبەخشـترین پەیوەندییـان لەقەڵـەم دەدەن، ئـەوەش بـە کۆمەڵـە هۆکارێکـی وەکـو نـەوت پەیوەندییـە سـتراتیژییەکان و پەیوەندیـی تاقانـە و تایبەتـی نێوان ئامریکا و ئیسـرائیل وایـان کـردووە دەسـتێوەردانی ئامریـکا مسـۆگەر و حاشـاهەڵنەگر بێـت».[٢٤]. بەپێـی ئـەم تێڕوانینـە واقیعییـە بێـت، وڵاتانـی عـەرەب نشـینی وەکـو سـعودیە کـە وڵاتێکـی ئایینیـە بـە حیسـاب و قەتـەر و ئیمـارات و کوێـت و ئەوانـی تـر، بۆیـە مانەوەیـان لەرێگەی ئابورییـەوە مسـۆگەر کـردووە و ناترسـن لەهـەر ئەگەرێکـی مەترسـیداری چاوەڕوانکـرا و هەرچـی سـیمای دیموکراسـی درۆینـەش هەیـە لـە دۆخـی نێوخۆییـان نابینرێـت، یـان هەسـتی پێناکرێـت، چونکـە کەڵکیـان لـە ئاییـن وەرگرتـووە و تەنهـا کێشـەکانی نێوخۆیـان دەخەنـە دەرەوەی خۆیـان، بـۆ نموونـە تۆمەتبـارن بـەوەی کـە

چـەک دەکـرن و بـە ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان دەیـان فرۆشـنەوە، ئەگـەر نـا کێشـەیان لەگـەڵ دەوڵەتـی گـەورەی وەکـو ئامریـکا و ئیسـرائیل نییـە، گوایـە کوفـر و ناحـەزی عەرەبـن لـە ڕووی ئاینییـەوە، یـان دوژمنـی ئەوانـن کـە ڕۆژهەڵاتیـان دوچـاری کێشـە کـردووە، ئەمەیـە گەمەکـە بەنـاوی ئـەو دیموکراسـییەتەی کـە تەنهـا ناوەڕۆکێکـی نوێـی بـۆ دانـراوە، ئەگـەر نـا زاراوەکـە هیـچ داواکارییـەک نییـە لـە وڵاتانـی عـەرەب و پادشانشـینەکان.

کەواتـە «بوونـی سیسـتمێکی دیموکراسـی گەردوونـی پێویسـتی بـە بوونـی حکومەتێکـی جیهانـی هەیـە، کـە بەشێوەیەک لە شێوەکان درووست بێت، دیموکراسیزمێک نییـە بتوانێـت بەبـێ ڕەخسـاندنی ئـەم مەرجانـە ڕەگ دابکوتێت، هێشـتا پێویسـتە لەسـەرمان لـە چیـن و کۆریـا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت چاوەڕوانـی وەرچەرخانـی دیموکراسـیانە بکەیـن» [٢٥]. چونکـە بەلایەنـی کەمـەوە ئەو دەوڵەتانە چ وەکو کۆمەڵگە و چ وەکو مێژووەکەیان لـە حوکمڕانـی و دەسـەڵات کاری، ئەزموونێکـی فراوانیـان هەیـە و چاوەڕوان دەکرێـت ئـەو مۆدێلـە بکرێتـە بـاو کـە ئەمـە گریمانەیـە.

ئـەم دیموکراسـیەتە جهانیـە ئەگەرچـی وەکـو چەمـک لـە تێگەیشـتنێکی کۆمیـدی دەچێـت، چونکـە یەکەمجـارە ببیسـترێت و موناقەشـە نەکراوە، بەڵام مانا بنچینەییەکەی ئەوەیـە کـە مـادام ئـەم سیسـتمە کـە نـاوی سـەرمایەدارییە

چەند دەوڵەت و کۆمپانیایەکی گەورە بەڕێوەی دەبەن، دەبوو بۆ مانەوەی ئەم گەردوونە لەژێر سایەی یەک سیستمی سیاسی کە خۆیان خواستیان هەیە بۆی، دەبوو لانیکەم ئەو دیموکراسییە بن کە بانگەشەی بۆ دەکرێت، وەختێک دەبینین ئەو دۆخە خوازراوەی خۆشیان جێگیر ناکەن، تەنانەت داواکارییەک نییە لە وڵاتانی ستەمکاریش بەناوی ئایینەوە، کەواتە باسەکە لە دیموکراسییەت دەچێتە دەرەوە و دەبێتە ناعەدالەتی، چونکە سەرمایەداری هاوچەرخ تەنها بەرژەوەندی کۆمپانیاکان لەبەرچاو دەگرێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەمەندن لە رووی کانزایی و نەوت لەلایەک، هەم دەوڵەمەندن لەرووی توانای بەشەرییەوە بۆ دەستی کار و بۆ جەنگیش، بۆیە ئەم دیموکراسییە ویستی گشتی نییە، بەڵکو زاراوەیەکی بازاڕییە بۆ زیندووڕاگرتنی سیناریۆ ئابوری و سیاسی و سەربازییەکان لەو ناوچانەی کە جەنگ بەبەرژەوەندی زلهێزەکان تەواو دەبێت.

لیبرالیزم وەکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ سیستمی سیاسی لەپەراوێزی دیموکراسیدا سەریهەڵدا و گەشەی کرد و بوو بەئەلتەرناتیڤێکی واقیعی دیموکراسیەتی ئەپستراکت، یان داماڵراو لەچەمکەکانی تر، ئەمەش تاڕادەیەک گەشەی بە ژیانی کۆمەڵایەتی داوە، بەتایبەتی تاکەکەس توانیویەتی بەشێک لە ویستە فەردییەکانی بەکاربهێنێت

و هیچی تر، لەسەرووی هەموشیانەوە مەسەلەی بەکارهێنانی ئایینە کە ئەمە لەدوای پرۆژەکەی (مارتن لۆسەر) ەوە بۆ چاکسازی ئایینی، جێکەوتە بووە دژ بە دوو سیستمی کەنیسە لەسەردەمی خۆیدا. «وشەی لیبرالیزم بنەڕەتێکی لاتینی هەیە و مانای مرۆڤی ئازاد، یان ئازادی تاکەکەس دەگەیێنێت، لەرووی سەرهەڵدان و مێژوو پەرەسەندنەوە، بە توندی بەستراوە بە سەردەمی رۆشنگەرییەوە، سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی (ئەمیل بۆلا) دەڵێت «ئەم ئیدیۆلۆژیا نوێیەی کە رۆشنگەری پیشانی جهانی دا، دژایەتی مەسیحییەت دەکات، لەرێگەی دەرچوون لێی، ناوێکی رەمزی پڕ مانای هەیە کە ئاخنراوە بە دەلالەتی واقیعی سەردەمی رابردوو، ئەویش ناوی لیبرالیزمە».[٢٦].

ئەگەرچی دامەزراندن و پەیڕەوکردنی لیبرالیزم عینوانێکی دیکەی سیستمی سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و تاک بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی پارلەمانی سوودی لێدەبینن، بەڵام (هێربرد مارکۆز) پێی وایە ئەمەش جۆرێکی دیکەی سەرکوتکردنە کە لەکایەکانی دیکەدا رەنگدەداتەوە و هەستی پێدەکرێت، بەبڕوای هێربرد مارکۆز «کولتووری لیبرالیش کولتوورێکی سەرکوتکەرە و رێگە لە رەخنەگرتنی بنەڕەتی دۆخی هەنووکەیی دەگرێت، لەم رووەوە لە روانگەی مارکۆزەوە جیاوازی چیەتیانە و بنەڕەتی

لەنێوان رژێمە لیبراڵ و تۆتالیتارەکاندا نییە، هەموویان دەچنە خانەی شارە گومڕاکان، یان یۆتۆپیا گومڕاکان، لەهیچ یەکێک لەم شارانەدا هێزی رزگارکەر نەماوە کە ئێمە بەرەو جهانە عەقلانی یە یۆتۆپیاکەی مارکۆز رێنمایی بکات»[٢٧]. چونکە کۆمەڵگە ئەگەر تازە لەسەر وەختی دروستکردنی بنەمایەک بێت بۆ ژیان و بەوپێیەی کە سیستمی نەبینیوە، داواکانی و تموحەکانی لەگوێرەی توانستەکانی خۆی نابێت، بەمەش پێداویستییە راستەقینەکانی خۆی لەپرۆژەیەکدا بۆ کۆناکرێتەوە تاکو چین و توێژەکانی وەریبگرن، لەحاڵێکدا بنەڕەتی شۆڕش و ئایندەی شۆڕش، دوو خەیاڵ و واقیعی جیاوازن، ئەو داواکارییە کە دامەزراندنی سیستمی لیبرالییە بۆ رۆژئاوا نەچووە سەر و گۆڕانکاری لە پراکتیکیدا هات، هەروەک ئەوەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٩ وە تاکو ساڵی ٢٠١٩ هەردوو ئەنارشیزمی دەوڵەت و ئەنارشیزمی سیاسی کە جەماوەرو فەرمانبەر و کرێکار ببووە کەرەستەی شانۆکە، لەهەردوو بارەکەدا دەریخست کە هێزێکی رزکار ئامادە نییە کە شانازی بە لیبرالیزمەوە بکات و دەوڵەت و خەڵکیش رزگاریان بێت لەو فەزا ناجێگیرە سیاسی و ئابوورییە، هەڵبەت بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەتووی وەکو کوردستان، چۆن مەیسەر دەبێت کە هێشتا سیستمی نییە و ناتوانێ بڕیار لەسەر دروستبوونی دەستوور بدات، لینین گوتوویەتی

دیموکراسییەت بەرلەهەشتێک ناوی فۆڕمێکە لەدەوڵەت، دەوڵەتی دیموکراسییانە بەهەڵبژاردنەوە، جگە لەمەش فۆڕمێکە لەکردەی جەماوەری لەگەڵ ڕووبەبوونەوەی گەورەکان.

هەڵبەت هەر خودی ئەم چەمکە بۆ کورد باشتر بووە لە نەتەوەی عەرەب، بەحوکمی ئەوەی ویستی دەستبەرداری لە ئازادییە جۆراوجۆرەکان، لەلای تاکی عەرەب لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان وەختێک باسەکە دێتە سەر دەقی ئایینی و دەسەڵات، بۆ ئایین ترسیان لە قورئانە و یەکسەر پاشگەز دەبنەوە لە ئازادی، بۆ دەسەڵاتیش ترسییان لەوەیە عروبە وەکو شوناسی نەتەوەیی لەدەست بدەن، ئەوان ئەگەرچی حیزبی شۆڕشگێڕیان هەبووە و لەژێر دروشمی دیموکراسی ئۆپۆزسیۆن بوونە، باشتر توانیویانە لانیکەم مامەڵەی پێبکەن، بەڵام ڕووە نێگەتیڤەکەی ئەوەیە کە گرێدراوی دەوڵەتێکی بەزۆر درووستکراو و سەپێنراوە بەسەریاندا، ئەگەرچی هەڵبژاردنیش بۆتە بەشێک لە سیستمی ژیانی سیاسییان، بەڵام سەرەنجام ئەمە بۆ نێوانی کورد و عەرەبی عێراقیش هەر وایە، چونکە بەزۆر پێکهاتەکانیان پێکەوە لکاندووە و کردوویانە بە دەوڵەت کە ئەویش عێراقە و ئێستاش هەمان سیناریۆی کۆنە بەڕەنگێکی تر، بۆیە هیچ کات بەئەزموون حکومەتێکی فرەیی و دیموکراسی بەخۆیەوە

نەبینیووە جگە لەناکۆکی و شەڕی تایەفی و نەتەوەیی، هەمیشە بەئاسایی دەسەڵات و سیستمەکانی نەگۆڕیوە، یان بە کودەتای سەربازی بووە یان بەشۆڕش و دژە شۆڕش بووە.

ئەم پرسە بۆ بەشێکی کەم لە رۆشنبیرانی سیاسی عەرەبی مانای ئازادی ویست و بڕیاردان لەچارەنووس یەکلایی کراوەتەوە، ئەوەتا لە دیبەیتەکاندا رۆشنبیری عەرەبی هەیە بەرگری لەو مافە دەکەن بۆ درووستکردنی کوردی و قیبتی و ئەمازیغی و فەلەستینی و پەشتۆی ئێرانی و ئەفەریقییە رەسەنەکانی تونس و جەزائیر و میسر و هتد، بەڵام هێشتا بۆ شۆڤێنیزمی عەرەبی بە رۆشنبیرانی سیاسی و ئەکادیمیستەکانیان بابەتەکە وەکو خۆی تابۆیە و باسکردنی وەها داواکارییەک، تێکدانی سکێچی سیاسی و مەترسییە بۆسەر ئەمنی نەتەوەیی عەرەبی، لەکاتێکدا هێشتا عەرەبەکان بەگشتی باوەڕیان بەوە نەهێناوە کە ئەو نەخشە سیاسییەی لە وڵاتانی عەرەبی وەکو نیشتیمانی عەرەبی ناوی هاتووە و بازاڕی پێوە دەکەن، نە دەستکردی خۆیانە و نە دەسەڵاتی تەواوی ئابوری خۆیانە و نە بەدەستی ئەوانە کاتی هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکە، بۆیە تێگەیشتنێکی لەم بابەتە قورسە بۆ عەرەب و تورک و فارس و دەوڵەتانی بەشی ئەفەریقای عەرەبی، «چونکە گروپی ئیتنیکی و دەوڵەت هەروەک پێوەندیی نێوان نەتەوە و

دەوڵـەت ئاڵۆزە و لەگۆڕان دایە و لەلایەنی لۆژیکی یەوە پێونـدی گشـت و تایبـەت لەنێـوان ئەوانـدا هەیـە، هەندێـک لـە گرووپـە ئیتنیکییـەکان نەتـەوەن و هەندێکیشـیان نیـن، هێندێک لە نەتەوەکانیش گروپی ئیتنیکین و هەندێکیشیان نیـن، بـە گوتنێکـی دیکـە گروپـی ئیتنیکـی و نەتـەوە دوو جـۆر حەشـیمەتن کـە هەندێکجـار لایەنـی هاوبەشـیان هەیـە». [٢٨]

ئەگەرچـی ئەمانـە هیچکامیـان وەکـو یـەک نییـن و بـە گروپـی ئیتنیکـی ناژمێردرێـن تەنانـەت لـە دەسـتووری دەوڵەتیشـدا، یـان هەندێکجـار لـە ڕێنمایـی نەتـەوە یەکگرتووەکانیش، بەوپێیەی کە ئەو سیمایەیان لەخۆیان نیشـان نـەداوە بـۆ بەرامبـەر کـە دەوڵـەت یـان قـەوارەی سیاسـییەن.

لەبارەی فەلەسـەفییەوە ئەوەی کە فۆڕمی دەوڵـەت تـا ئـەو شـوێنە دەمێنێتـەوە کـە زەمینـەی هەڵوەشـاندنەوەی نەخشـەکەی سـازدەکرێت و دەبێتـە بابەتـی موناقەشـەی سیاسـی، بۆیـە ئـەو ڕواڵەتـە بایەخـی نییـە بـۆ ئەوانـی تـر کـە دەوڵەتـەکان بـە موڵکـی نەتەوەیـی و قەوارەیـی خۆیـان نازانـن. «هەرچـی لایەنەکانـی تریشـە کـە (ئەمـا نوئێل کانت) ی فەیلەسوفی ئاڵمان بەر لەسەدە و نیوێک قسـەی لەسـەر کـردووە، بریتییـە لـە ڕواڵەتـی نـاوەوەی (دەوڵـەت_ نەتـەوە) واتە بەرپرسیاری و هەڵبژاردن لەناو نەتەوەکانـی خۆیانـدا، ئـەو پییـی لەسـەر ئـەوە داگرتـووە،

کـە هەڵبژاردنـی ئازادانـە سـنوور بـۆ هەڵـی هەڵگیرسـانی شـەڕ دا دەبێـت، ئـەم بیرۆکەیـە هەرچەنـد بـە نموونەیـی یش بێتـە بەرچـاو، شـتێکی حەقیقەتییشـی تێدایـە، ئـەم دوو لایەنـە بەبێ لێکتـرازان، یەکتـر تەواودەکـەن» [٢٩]. «هێـزی ئایینـی لەناوچەکـەدا کـە بـاس دەکرێـت، بـەو مانایـە دێـت کـە لـە مەنزوومـەی بزووتنـەوە سیاسـییەکان یـان لـە دەستەی حیزب و ڕێکخراوەکانە، سـابا ئەو حیزبانە لەنێو دەسـەڵات بـن یـان لـەدەرەوەی دەسـەڵات، مەبەسـت لـەو هێزانـەش ئـەوەی ئێسـتایە کـە هاوچەرخـە و مێژوویەکـی دیکـە نییـە، دواجاریـش سـنووری شـوێنگەی دیاردەکـە پێشـتر دیاریکـراوە کـە ئێـران و عێراقـە، ئـەم واقیعـە بـۆ هـەر دیاردەیـەک هەرچـۆن لـە شـوێن و کاتێکی دیاریکـراو بێـت، ریشـەکەی لەمێژوودایـە، بـە تایبەتـی ئەوکاتـەی پەیوەندیـی بـە بزووتنـەوە ئایینیـی و مەزهەبییەکانـەوە هەیـە، ریشـەیەکی دیکـەی لـە جوگرافیـاوە سـەردەردێنێ و سـنووری دیاردەکـە تێدەپەڕێنـێ، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو کاریگەریگەریـە جیاوازانـەی کـە هـۆکاری ناوچەکـەن» [٣٠].

ئـەم بەنـاو سیسـتمە سیاسـییەی کـە هەمیشـە لەهێـزی کۆمەڵایەتیـەوە ئیلهامـی لەئاییـن وەرگرتـووە و لەلایەکـی دیکەشـەوە کـە ریشـە مێژوویەکەشـی لـە ڕووی جوگرافیدا هـاوکارە، هەمیشـە بەشـێک بـووە لـەو هۆکارانـەی کـە ڕێگـری لـە دیموکراسـیەت و جێکردنـەوە لـە هێـزە کۆمەڵایەتیەکانـی دیکـە و قەبوڵـی هـاودژەکان کـردووە،

بۆیــە دکتــۆر (فالــح عەبدولجەبــار) وەکــو بیرمەندێکــی عێراقــی، هــەردوو دەوڵەتــی عێــراق و ئێرانیــش بــە نموونــە وەردەگرێــت و لــە مەنزوومــەی عەرەبیدا کۆیــان دەکاتــەوە و وەکــو پێــوەر باســی دەکات، چونکــە بــە هــەردوو وڵات هێندەی هەمــوو وڵاتانی عەرەبی کە خاوەنی هەمان ئایینی هــەردوو دەوڵەتەکــەن کــە ئیســلامە، شــەڕی بەوەکالەتیــان کــردووە و لــە شــەڕی مەزهەبیشــدا کۆیــان کردۆتــەوە کــە زەمینــەی لەبــارەی هەبــووە، ئەمــە لەســەردەمی جەنگــی عێــراق و ئێرانیــش هەمــان مانــای هەبــوو، بۆیــە هــەردوو دەوڵەتەکــە لەکــۆن و نوێشــدا هەرگیــز نەیانتوانیــوە زەمینــە بــۆ لانیکەمــی سیســتمێکی مۆدێــرن خــۆش بکــەن، یــان لانیکــەم دەوڵەتێکــی کــراوە بــە هــەردوو مەزهەبەکــە بــن، ئەمــەش یەکێــک لــەو هۆکارانــە بــووە کــە نەیهێشــتووە جگــە لەرێکخــراوی ئایینــی و مەزهەبــی تونــدڕەو بــە پاڵپشــتی هــەردوو دەوڵــەت، هیــچ هێزێکــی دیکــەی جەمــاوەری درووســت ببێــت، تاکــو لانیکــەم رێکخــراوی پێشــکەوتوخواز ببێتــە کارتێکــی فشــار بەســەر حکومەتــەوە کــە هەمیشــە ســەرقاڵی ســەرکوتکردنی خەڵــک بــووە و ترســاوە لەفــەزای گشــتی و دیموکراســییەت، لەحاڵێکدا پێکــەوە لــە پارلەمانێکــی وەهمیــدا گونجاندوویانــن بــە یەکــەوە، بەکوردیشــەوە کــە نازانــێ بۆچــی بەشــداری لــەو دەوڵەتــەدا دەکات کــە عێراقــەو جودایــە لــە ژیانــە سیاســییەکەی ئــەو.

مەســەلەی نەتەوایەتیش لەهــەردوو وڵات کــە دواکەوتنــی

بەشـێکی پەیوەندیـی بــە نەبوونــی سیســتمی کــراوە و دیموکراسـییەتەوە هەیــە، یــان لانیکــەم پەیوەندیــی بــە ناهۆشیاری کۆمەڵگەوە هەیە کە جگە لە بەشداریکردنیان لــە شۆڕشــی دەســتکرد و فرتوفێڵــی سیاســی، شــتێکیان نەبینیــوە و نەزانیــوە بەنــاوی شۆڕشــی فەرهەنگــی، ئەمــەش وایکــردووە هەمــوو دیــاردە سیاسـیەکان لەلایــەن دەسـتەبژێری حیزبییــەوە بەســەر خەڵکــدا فــەرز بکرێــت بەبێ لێپرسینەوە، بەشـەکەی دیکـەی دواکەوتنی کۆمەڵگە پەیوەندیی بە داخـراوی ئایینییـەوە هەیـە، بۆیـە لەوەتـەی ئــەو عەقڵییەتــە حوکمــی یــەک لــەدوای یەکــی عێراقــی کــردووە و کوردیــش لــە پاشــکۆیەتی رزگاری نەبــووە، بەناچـار فەزایەکـی تـر وەردەگرێ و سـیمایەکی جیـاوازی دەبێـت لەوانـی تـر، ئەویـش ترسـە لەخـودی دیموکراسـی، ترسێک کـە لەئەنجامی خراپ کەڵـک وەرگرتـن لـەم چەمکە، دنیایــەک ئیشــکالیاتی سیاســی و ئیــداری و فەرهەنگــی لەنێــوان حکومــەت و هێــزە بەنــاو ئۆپۆزســیۆنەکاندا درووســت کــردووە و بــووە بەنەریتــی فەرهەنگــی و سیاسی، کە ڕەنگە زۆرجار لەسەر تەنها خاڵکیش کۆک نەبـن، وەئەگــەر بێـت و زۆرینــە لەدەســەڵات و زۆرینــەی ئۆپۆزسـیۆن سـابا لەهـەر شـوێنێک بێـت کۆکبن، لەسـەر ئەوخاڵانــە کــۆک بوونــە کــە ئێســتا دیموکراسـیەتی پــێ پێناسـە دەکرێ، لەمبارەیەوە بەهەمـوو جیاوازییەکانیانەوە وەکـو تیپێکـی هـاو رەگەزیـان لێدێـت کـە لەنێـوان بەشـێک

لــە ڕیزەکانــی دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆندا یاریدەکــەن»
نموونــەی هێــزە ئایینــی و نەتەوەییەکانــی عێــراق ئــەو تێبینیانــە بەنــەزەری ئیعتیبــار وەردەگــرن، لەعێراقــدا کــە فرەیــی لــە مەزهــەب و ئاییــن و نەتــەوە و کولتــووری جیاجیا هەیە، ئاسان نییە قەبوڵکردنی دەرئەنجامی هیچ هەڵبژاردنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت و چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابوریەکان، بۆ نموونە دیموکراسییەت بەفۆرم و ماف بەهەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبێک دەدات لەژێر ڕەشماڵی دیموکراسیدا جێگەی ببێتەوە، ڕەنگە هەندێ جار دژی خۆشی بووەستێتەوە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕۆژهەڵاتی و ئایین و کولتووری رابردووی عەرەب تێیدا زاڵە، هەرئەوەی کە بۆ نموونە ڕەوتێکی پێشکەوتوخواز و ڕەوتێکی ئایینی وەکو یەک مافی ئەوەیان هەیە سوود لەم سیستمە ببینن، بەڵام ڕێگە نادرێت ڕەوتێکی ئایینی شیعە مەزهەب دەسەڵات بگرێتە دەست، مەگەر لە وڵاتێکی وەکو عێڕاق کە نزیکە لە ئێرانەوە، لەڕاستیدا ئەو دژ وەستانەوەیە وەکو ئەوە وایە کە بڵێین «گەندەڵی دیموکراسیە و دیموکراسیەتێکی گەندەڵ» وەکو ئەوەی کە لەرۆژئاوا زیاتر هەستی پێدەکرێت، بەڵام خراوەتە ملی دەوڵەتانی رۆژهەڵات و عەرەب نشین و ئەو وڵاتانەی ئایینی ئیسلامی تێدا زاڵە و بۆتە بەشێک لە بازاڕ بۆ ئامریکا و رۆژئاوا، ئەم حاڵەتەش هەرگیز

ناتوانێ لیبرالیزم بەرقەرار بکات بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و تاکەکانیش، چونکە خەڵک مەحکومن بە پابەند بوون بە ئایین و ئەحکام و عورفەکانییەوە.

گریمانەی کارپێکردنی دیموکراسی وەک سیستم، بەبێ هەلاواردنی جۆراوجۆری سیاسی پشتی پەردە، مانای ڕیشەکێش کردنی ئیشکالیاتی سیاسی نییە و تموحی ئینسان بەرجەستە ناکات بۆ باشترکردنی ژیان وەکو ئەوەی پێی دەگوترێت خۆشگوزەرانی، «بەڵام دەرکەوتووە کە دەوڵەتانی جهانی یەکەم واتە ئەورووپا کە سیستمی خۆشگوزەرانییە، ئەویش لەدوای بەجیهانیبوونەوە پاشەکشەی کرد ئەو پاشەکشەیەش کاریگەری خراپی لەسەر باری گوزەرانی خەڵک دانا، جگە لەمەش دەبێ بپرسین کە ئایا تەنها شێوازی کۆن یان کلاسیکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە حاڵی گۆڕان، یان لەناوچووندایە یاخود لەچەرخی بە جهانیبوونی ئابوری و کاردانەوە لەوانیتر دەستپێکرد، پتر لەوانی دیکە کەوتنە ژێر کاریگەری پرۆسەی بەجهانیبوونی ئابووری بەتایبەتی باجی داهات کە لە بەرامبەر باجەکانی دەوڵەت کەمتر بوون لە چاو کەرتی تایبەت، ئەمەش بۆ بیمەی کۆمەلاتی بوو، بەڵام ولاتانی ئەسکەندەنافیا لە چاو ولاتانی ئەورووپا بە گشتی خاوەنی بەرزترین ڕێژەی باجی داهاتن کە سەرچاوەی سەرەکی خەرجییەکانی دابینکردنی خۆشگوزەرانییە».[٣١]. بۆیە ئەوەی کە

لـەدوای بەهـاری عەرەبییـەوە وەکـو سـیناریۆی سیاسـی و دیمەنـی درووسـتکراو بینـرا و خەڵـک هانـدرا بـە فیتـی کۆمپانیـا زەبەلاحەکانـی دونیـا بـۆ ئـەوەی لـەو وڵاتانـە سـەرمایەگوزاری باشـتر بکـەن و مۆنۆپۆلـی بکـەن، هـەم ئەو گەندەڵییە دیموکراسییە بوو کە لەرێگەیـەوە گەندەڵی ئابـوری و کوشـتنی ئیـرادەی جەمـاوەری بەرهەمهێنـا، هـەم کۆپـی کردنـی ئـەو فەزایـەی کـە لـە ئەوروپـا هەیـە بـۆ رۆژهـەڵات کـە ئەمـە خەونێـک بـوو زیندەبەچـاڵ کـرا لەگـەڵ سـەرکەوتنی بەرەیـەک بەسـەر بەرەیەکـی تـری جەنگەکانـدا، لەگـەڵ ئەوەشـدا فەزاکـە تـا ئـەو رادەیـەی کـە کارێکتـەری رۆژهەڵاتـی کـە خۆیـان کەسـایەتییان نەمـاو، بـۆ هەتـا هەتایـە بێئومێدیـان کـردن، ئەمـە وای کـرد کـە جارێکـی تـر لەژێـر سـایەی هـەر سـیناریۆیەک بێـت، بێنـە سەرشـەقام و بڵێـن بڕوخـێ دەسـەڵات، چونکـە تێگەیشـتن لـە روخاندنـی دەسـەڵاتی حوکمـڕان و گۆڕینـی سیسـتمی سیاسـی لـە توانـای خەڵکـی نـاڕازی نییـە، بەقـەد ئـەوەی دەرکەوتـووە هەمـوو ئاڵوگـۆڕەکان لـە توانـاو دەسـەڵاتی هێـزە دەرەکییەکانـی وەکـو ئامریـکا و بەریتانیـا و فەرانسـا و روسـیادایە، چونکـە ئەوانـن کـە هاوکێشـەی سیاسـی نـوێ درووسـتدەکەن و هـەر ئەوانیـش باڵانسـە سیاسـییەکان رادەگـرن لەپێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی کۆمپانیـا زەبەلاحەکانیـان.

کولتـووری کۆمەڵایەتـی کـە کاریگـەری دەخاتـە سـەر

سیستمی سیاسی وڵات، سێ جۆر لە کولتووری سیاسی دیاری کراون، بەشداریکردن لە سیاسەت ستایلێکە لە کولتوور، بەڵام کولتووری بیرتەسکی کە هۆکاری سەرەکی لایەنی ناسراوی گوتاری زاڵی زۆرینەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپ بەکارهێنانی بیرورا و هەڵوێست و نۆرم لە پشتگیری بەشداربووەکانی سیستمی سیاسی و حکومی دەکات. چونکە کولتوور چەمکێکی نادیارە، ئەویش لە روونکردنەوەی بونیادی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەرەوەی سیستمی دەوڵەت دەردەکەوێ.

بۆ مارکسیزم و نیو مارکسیستەکان چ لە رۆژهەڵات و چ لە رۆژئاوا دەرکەوتووە بە ئەزموون کە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ دەستگایەکی ناشەرعی کە شەرعییەتە بە سەرکەوتکردنی چینی چەوساوە بۆ هەمیشە و مانەوەی جیاوازی چینایەتی یەو هیچی تر.

«بارینگۆن مۆر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن هەبوونی چینێکی مامناوەندی گەورە و گونجاوە بۆ بە دیموکراسیکردن، موور ئاماژە بۆ رۆڵی گرینگی چینی سەروەری خاوەن زەویویزاری زۆر و چینی جوتیاران دەکات لەدیاریکردنی جۆری ئەو سیستمە سیاسیەی کە درووست دەبێت، کاتێک وڵات لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی، دەرفەتی سەرهەڵدانی لەو وڵاتانە زیاتر دەبێت کە گروپی زۆری

خاوەن ئابووری سەربەخۆ لە کۆمەڵگەکەیدا هەبن، واتا چینی مامناوەندی هەبێت، هەروەک موور دەڵێ ئەگەر بۆرژوازی نەبێت دیموکراسیش نابێت». [٣٢]. هەروەها نەبوونی ئەم چینە مامناوەندە بەشێک لە یەکسانی کۆمەڵایەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەڵام دەشێت نەبوونی ئەم چینە ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی زەمینەیەک بۆ دیموکراسی. «بەپێی تێگەیشتنی ماتریالیستیانە بۆ مێژوو، توخمی یەکلاییکەرەوە لەدوایین راستیدا بریتییە لە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی راستەقینە، بێجگە لەمە مارکس شتێکی دیکەی نەگوتووە و منیش بەدور لەئەمە بڕوام بە شتێکی تر نییە، هەرکەسێکیش ئاراستەی ئەو شتانە بگۆڕێت بۆ ئەوەی بڵێت، گوایە توخمی ئابوری تاکە توخمی گەوهەرییە لەپەرەسەندنی مێژوودا، ئەوا ئەو دەربڕینە مێژوو دەگۆڕێت، بەدەستەواژەیەکی رووتوقوتی بێ توانا، هەرچەندە دۆخی ئابوری توخمێکی بنچینەییە لەمێژوودا، بەڵام توخمە جیاوازەکانی سەرخان شێوازە سیاسییەکانی ململانێی چینایەتیە و ئەنجامەکانی رۆڵی خۆیان هەیە، هەر بۆ ئەزموونیش ئەو دەستوورانەی کە چینی سەرکەوتوو دوای هەر جەنگێک دەینووسنەوە، رێکارە یاساییەکانی تەنانەت رەنگدانەوەی هەموو ئەم خەباتە راستینانەیە لەهزری بەشداربوانیدا بیردۆزە سیاسی و یاسایی و فەلسەفییەکانی، بۆچوونە ئایینیەکان و پەرەسەندنیشیان

بۆ سیستمی بیروباوەڕەکانیش کاریگەری خۆیان بەسەر ڕێڕەوە مێژووییەکانەوە هەیە، لەزۆر لە بارەکانیشدا زاڵ دەبن لەدیاریکردنی شێوەکانیشدا، بۆیە هەڵبژاردن هیچ جیاوازییەک بە ژیانی چینی کرێکار و هەژارەکان درووست ناکات».[٣٣].

ئەلێرەوەیە کە تێدەگەین دیموکراسییەت نەک تەنها لەسندوقەکانی دەنگداندان نییە بۆ بەدەست هێنانی کۆدەنگی بۆ بزووتنەوەیەک یان حیزبێک، بەڵکو لە سەرشەقامیش نییە وەکو ئەوەی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییەکان و بیرمەندانی سیاسی بانگەوازی بۆ دەکەن، بەقەد ئەوەی لەسیما و ناوەڕۆکی حوکمڕانی دەسەڵات و دەوڵەتدایە، هەروەها لەڕاگرتن و باڵانسی هاوکێشە سیاسیەکانە لەنێوان هێز و کۆمپانیا زەبەلاحەکان لەجیهاندا کە ئێستا بەشێکی ئەو دەوڵەتانەشی گرتۆتەوە کە بەشێکی گەورەن لە هاوکێشەی سیاسی و ئابوری، ئەگەر گریمانەی ئەوەشمان کرد سندوقی دەنگدان بوو بەسەنگی محەک و گروپێکی سیاسی گۆڕی بۆ گروپێکی دیکە، دیسان هەر جۆرێکە لە سیناریۆی سیاسی، چونکی جێگیربوونی ئەم سیستمە خۆی لەخۆیدا کێشمەکێشی ئەزەلیە لەنیو خۆیدا هەڵگرتووە لەلایەک، کێشمەکێشی خەڵکی ناڕازی و دەسەڵات کە لەمەیدانی پڕاکتیکدا لەلایەکی تر زیاتر ماناکانی ڕۆشن دەبێتەوە، نەک ڕێکەوتنی

هێـز و حیزبـه دەسـەڵاتدار و خـاوەن ئۆتۆریتـەکان، بۆیـە دەسـەڵاتیش بەشـێوەیەک لەشـێوەکان لـە دیموکراسییەتی دروسـتکراو دەترسـن، نـەک ئـەو دیموکراسـیەتەی کـە بەنامـا فەلسـەفییەکەی کاریگـەری هەیـە، ئیـدی ئـەو دیموکراسـییەتە و زۆر لەچەمکەکانـی دەورووپشـتی تەنهـا وەکـو ماکیـاژو ڕازاندنـەوەی سـیمای سیسـتمی دەسـەڵاتدارێتی دەمێنێتـەوە و ژیانـی جیـاوازی چینایەتیش وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە و گۆڕینـی فـەزا سیاسـیەکەش تەنهـا گۆڕینـی فۆرمـی دەوڵـەت و سیسـتمە و هیچـی تـر، کەواتـە بایکۆتـی هەڵبـژاردن و بەتایبەتـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن کـە بەشـێکی زۆر لـە نەتـەوەی ژێردەسـت مـاون لەژێردەسـتی نەتـەوەی سـەردەسـت، تەنهـا لەسـایەی بازدانێکـی فـراوان دەبـێ جهانـی و پرگـوڕی شـۆڕش کـە لەپەرەسـەندندا بێـت. بـەرەو ڕاپەڕینێـک کـە فـەزا سیاسـییەکە لەریشـەوە بگۆڕێـت، نـەک ریفۆرمێـک لـە فۆرمـی دەسـەڵاتدا بکات، ئەمـە تاکتیکـە سیاسـییەکەیە کـە لەسـەر دەسـتەبژێری شۆڕشـگێڕی سیاسـی و ڕۆشـنبیرە ئـەم مۆدێلـە بکاتـە بـاو، بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنن جگـە لەدەسـتوەردانی هێـزە نێودەوڵەتییـەکان، هێزێکـی دیکـەی جەمـاوەری و چینـە زەحمەتکێشـەکە هـەن کـە دەتوانـن فـەزای سیاسـی بگـۆڕن، ئەویـش بایکۆتـی هەڵبژاردنـی نوێنەرایەتیـی ئایدیۆلۆژییـە، نـەک نوێنەرایەتـی راسـتەقینە و گۆڕینـی دەسـەڵات لـە ناعەدالەتییـەوە بـۆ عەدالەتخوازی،

هەروەک ئەوەی خەڵک لە عێراق و میسر و تونس و یەمەن و کوردستانیش بینی کە چۆن وەهمە.

لینین دەربارەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلەمانی ئاڵمان ئەمەی نووسیوە. (ئەوە شتێکی راستە کە هیندرسۆینەکان و کلاینیسەکان و مەکدۆناڵدزەکان و سنۆدەنزەکان، رابەرانی پارتی کرێکارانی ئەوروپا بەگشتی، بەشێوەیەکی لیبراوانە کۆنەپەرست بوون، هەروەها بەهەمان ئەندازە درووستە کە ئەوان دەیانەوێ دەسەڵات بگرنە دەست، لەپێناوی ئەمەشدا دەیانەوێ هاوپەیمانی لەگەڵ بۆرژوازی ببەستن، دەشخوازن لەگەڵ بۆرژوازیەتدا حوکم ببەن بەڕێوە، کاتێکیش دەگەن بەدەسەڵات وەکو شیدمان و لۆسینک، سۆسیال دیموکراتەکانی ئاڵمان کە بکوژانی رۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لیبکشنت، و ناپاکی شۆڕشی ئاڵمان هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام پشتگیری کردنیان بەمانای ناپاکی مردن بە شۆڕش ناگەیێنێ، چونکە ئەوەی لەکاتێکی دیاریکراو بۆ پاڵپشتی بەشێک لەو پارلەمانتارانە، بەرژەوەندییەکەی دەڕژاندە جۆگەلەی شۆڕشی چینی کرێکاران و شۆڕشگێڕانەوە) ئەم تێبینییەی لینین پێناچێت بەبێ ئامانجی سیاسی بووبێت و رابردووی لەبەرچاو نەگرتبێت، بەڵکو ئەلتەرناتیڤێک بووە لەبەرامبەر بژادەری دووەم کە بایکۆتی هەڵبژاردنی پارلەمانییە، چونکە لانیکەم ئەوان پرۆسەکەیان ئەنجام دەدا و نوێنەری

خۆشـیان دەگەیانـدە دەزگاکـە و شـەرعییەتان پێدەدا، خـۆ ئەگـەر دەسـتەبژێرێک هەبوابایـە نزیـک لـەو بیروبـاوەڕە شۆڕشـگێڕەی دەرەوەی بـۆرژوازی بەرژەوەندخـواز، بەلایەنی کەمـەوە دەنگ بـەوان بدرێت، بۆ ئـەوەی دەنگی چینـە هـەژارە و ناڕازییەکـە پـەرت و بـڵاو نەبێتـەوە و پشتگیری خۆیان لەبیر بچێتەوە لە دۆزی خۆیان. بەلایەنی کەمـەوە دەتوانـرا بـەو تەکنیکـە ئـەو دەسـەتەبژێرە ناچـار بکرێـت لـە پارلەمـان قسـە لەسـەر ئـەو جیـاوازە بەربـڵاو و نەگونجـاوەی ژیـان بکرابایـە کـە لەهەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا رەنگیدابـۆوە وەکـو ناهەقییـەک بـە ژیـان بەشـێکی زۆر لـە خەڵکی بێ پشـت و پەنـا، لەکاتێکدا ئـەو سیسـتمە لەوکاتـەدا تـازە لـە قۆناغـی دووەمـی دوای یۆنـان بـوو کـە تایقیکرابـۆوە و جێکەوتـە نەبووبـوو.

دیموکراسیەتی باو لەزۆربەی وڵاتانی دونیا بەشێوەیەک لـە شـێوەکان بەپێـوەری ئـەو فەزا سیاسـی و کۆمەڵایەتییەی رۆژهـەڵات بوونـی هەیـە، یەعنـی ئەگـەر بـەراوردی بکـەن لەگـەڵ وڵاتانـی عەرەبـی و تورکـی و فارسـی، بەڵـی دیموکراسـییەت هەیـە بـەو مانایـە، بـەڵام لـە هاوکێشـە سیاسـیەکاندا و لـە وردەکاری کارپێکردنیـدا و لەئاسـت بـازاڕی نێودەوڵەتیـدا پوچـەڵ دەبێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی سیسـتمی ئابـووری و بـازاڕو توانـای تەکنۆلۆژیـا سـنوور بۆ سیاسـەت دەکێشـێت، دیموکراسیەتی باویش تەماشـای بەرژەوەنـدی دەوڵـەت دەکات و هـەر بـەو ئاڕاستەیەشـدا

گوزەر دەکات، بەو واتایەی ئەگەر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئەو کولتوورەش هەبێت بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە بەپێی پرۆژە و بەرنامەی حیزبی بۆ ماوەی ٤ ساڵ، بەڵام سەرەنجام خودی ئەو حیزبەش ناتوانێ ستراتیژی سیاسی دەوڵەت بگۆڕێت و بەئاڕاستەی پێچەوانەوە سیاسەت بکات بۆ ماوەی ٤ ساڵی داهاتوو کە ئەمە لە ئامریکا تەواو پێچەوانەی هەموو دونیایە و تەنها دوو حیزب دەستاودەستی دەسەڵات دەکەن، ئەم بابەتە لە چاپتەرێکی دیکە بە درێژی باسدەکەین.

## دیموکراسی.. چەمکێکی بێ ئارگومێنت

بوونی تێڕوانینی جیاواز لەتێگەیشتن واتە لەتێگەیشتنی چەمکە فەرهەنگیەکان، چەمکی (دیموکراسی) بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاڵۆز و ناڕۆشن کردووە، ئەگەر وردتر و بابەتی تر پێناسەی بکەین وەک هەوڵدانێک بۆ دەرخستنی ئەو تایبەتمەندی و بنەمایانەی کە هێزی دیموکراسی پێکدەهێنن، هاوکاتیش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ئەم چەمکەدا هاتوون، تاگەیشتووە بەو ئارگۆمێنتانەی کە ئێستا ئەم سیستمە پێیگەیشتووە گرێدراوی هاوکێشە سیاسییەکان کراوە، وەبەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەم لایەنانەش ناکرێ پێناسە بکرێ، لێرەشەوە گەڕان بەدوای ئەو هێز و توانایانەی کە ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی بەرجەستە دەکەن و لەبەرامبەر هەردوو چەمکی سیستم و قۆناغدا ڕایدەگرن، بەڵام دواجار ئەگەر لەدەرەوەی چەمکەکە تەماشای بەرلەهاتنی سیستمەکە بکەین و دواجاریش بینەری دۆخەکە بیین، تێدەگەین کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپاڵپشتی مارکسیزمەوە شوناسی خۆیان بەیان کردووە، چونکە ڕۆڵێکی گرینگ و

چالاک و ریالێتی و چینایەتی پێشکەش کردووە، تەنانەت لەئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشدا، هەربۆیە پۆزەتیڤ بوونیشی لەنموونە ساختەکەوە دەبێتە فۆرمێکی ریاڵێتی، چونکە دژ بەبەرهەمە کۆنەکانی خۆی بەرهەمدێنێتەوە، ئەمە کراوە بە پێوە بۆ ئەوانی تری جیاواز لە خۆیان، بۆیە ئەو نەفیکردنەوەیە تەنها لەسیستمی سۆسیالیستیدا جێگەی دەبێتەوە، چونکە بریتییە لە دالی مەدلول، ئەمە وادەکات ببێتە دواهەمین مەرجەعی سیاسی و داواکاری گشت کە نزیکبوونەوەیە لە دونیای سۆسیالیزمی ریاڵێتی.

بۆیەش باسی قۆناغ لەبارەی دیموکراسیەتەوە دێتە پێشی، چونکە هەندێک لە کۆمەڵگەکان و بەتایبەتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی و بەتایبەتیی تریش ئەوانی گوتاری ئیسلامییان تێدا زاڵە و دەستوور و دەسەڵاتیش لەخزمەت ئەو گوتارە و ناوەڕۆکێکی ئایدیای ئیسلامیەکانە، وەکو ئایین و وەکو گروپی سیاسی و وەکو جەماوەری باوەڕی هەیە و پەنا بۆ ڕێخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبرێت، هەڵبەت بەمانا توندڕەوییەکەی، پێویستی بەوە هەیە ئەو قۆناغانەی بەر لە دیموکراسی ببڕێت و خۆیان ئامادە بکەن لەرووی پەروەردەیی و کولتوورییەوە بۆ قبوڵکرنی ئەو دیموکراسی یە.

راستە سیاسەت وەکو میتۆدی بیرکاری بە ئەگەر ئامانج وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر دیموکراسی ویستێکی

گشتی بێت و بمانەوێ لەڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە مامەڵەی لەتەک بکرێ، جگە لەسیستمێکی جێگیر لەپێکهاتەی فەزا کۆمەڵایەتییەکان و دەخاڵەتی خەڵک و گروپە کۆمەڵایەتیەکان لەمەیدانە جۆراو جۆرەکاندا، کە بەمانا (ئەسینابیەکەی) حکومەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لەدامەزراندنی دەسەڵات، نموونەیەکی تری نییە کە لەبونیادی پەیوەندیی یە کۆمەڵایەتیە واقعیەکاندا سەرچاوەی دیکەی هەبێ، بەمانایەکی دیکە ئەگەر جیاوازی یە تیۆریەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە و ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان لەڕووی بابەتییەوە مەشروعێک بێت بۆ سەپاندنی ریاڵێک بەسەر ریاڵێکی تر، ئەم پرۆسەیە سیفەتێکی هاوبەشیانەی فۆرمۆڵە کراوی هەیە، لەهەمان کاتیشدا وابەستە بوونی خەڵکیش دەگەیەنێ بۆ چوارچێوەیەکی دیکە، بەو مانایەی کە بەپێی تێگەیشتنی هیگڵ ئەو ڕێکخراوانە لەڕێگەی رەخنەوە لە سیستمەکە بەشداری بکەن، بەوپێیەی کە دیموکراسی دووا سیستم نییە، تاکو وەک سیستمێکی کامڵ و بێ کەموکوڕی تەماشا بکرێ کە لەپەیوەندییە ئابوریەکاندا شکڵ و شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە، بەتایبەتی لەسیستمی ئێستای سەرمایەداری هاوچەرخدا وەک جیاوازیەک لەبەرامبەر دیموکراسی بەر لەسەرمایەداری، واتە (دەسەڵاتی خەڵک) کە پێشتر بەر لەسەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر حکومەتە دیکتاتۆرو ئەرستۆکراتە

ئایینیەکان، تاکەکان هیچ دەورو نەخشێکیان نەبوو لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، وەک چۆن تاکەکان هیچ دەورێکیان نییە لە نووسینەوەی مێژوو و تەنها لەبەرژەوەندییە پاڵەوان دەنووسرێتەوە، ئەو پاڵەوانانەش تەنها میر و سەرکردە و سەرۆکەکەکانن، ئێستاش ئەم نواندنە لەئاستی تاکدا کە هەم خۆی خاوەنی خۆیەتی و هەم خاوەنی تەواوی کۆمەڵگەشە، لەحەوشەی تەکنۆلۆژیشدا بوارێکی گونجاوی هەیە بۆ مومارەسەکردنی ژیان.

جیاوازییەکە لەژێر سێبەری ئەو سیستمە هێندە زۆرن، هەروەک وەک چۆن ئەوەی هاوڵاتییەکی سپی پێست مافیکی ڕەهای هەبوو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، بەپێچەوانەوە ڕەش پێستێک مافی بەشداریکردنی نەبوو کە دواتر ئەم مافە لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی چەپدا بەئاڵوگۆڕیکی چەندایەتی و چۆنایەتی هاتە گۆڕێ، ئیدی بەدرێژایی مێژووی بەشەری (دیموکراسی) بوو بەسیستمێکی حکومڕانی و فۆڕمۆلەکردنی دەسەڵاتە سیاسییەکان لەباڵاترین ئاستدا، بۆیە شکڵێکی دیکەی وەرگرت، «ئەمڕۆ مەبەست لە دیموکراسی شێوازێکە لە ژیان کە تێیدا دەسەڵات جیا بکرێتەوە و وەڵام بەهەموو کەسێک و هەموو ئایدیایەک بداتەوە، لەم سیستمەدا جیاوازییەکان بەهەند و لەپێگە و جێگەی جەماوەر ڕێز دەگیرێ و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان دەڕەخسێ، دیموکراسی سەدەی

بیستەم بەرهەمی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەمە، هەڵبەت لیبرالیزمی ئەم سەدەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەکانی (دیڤید هیۆم و جۆن ستیوارت میل و ژان ژاک رۆسۆ)، هەندێ کەس دیموکراسی بە ئیدیۆلۆژیای سیاسی چینی مامناوەندی لەقەڵەم دەدەن، جیاوازی سەرەکی سەدەی نۆزدە و بیست لەوەدایە کە ئیمڕۆ بنەماکان و ئیدیۆلۆژیای جیاوازی سیاسی چینە مامناوەندیەکان بەناو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا بڵاو بۆتەوە».(٣٤). لەپێناسەیەکی دیکەدا دیموکراسی شێوازی حوکمڕانیکردنی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک یان گروپێکی زاڵی دەسەڵات بە ئایین، یان ئەندێشەی جیاواز یان کولتووری جیاوازەوە بەسەر نەتەوە و ئەوانی دیکە مانای دیکتاتۆریەت دەگەێنێ. بۆیە دیموکراسی پارلەمانی وەکو باشترین نموونە وەرگیراوە بۆ کۆمەڵگە فرەییەکان کە کێشە و ململانێیان هەیە، لەدواجاریشدا گروپێک یان کولتوورێک زاڵ دەبێت بەسەر هەمواندا و ئۆپۆزسیۆن سەرهەڵدەدات و سنووری ماناکانی خۆی دەبەزێنێ.

بۆ نموونە دیموکراسی لەسەردەمی گریک و تاسەدەکانی ناوەڕاستیش داواکاری یە سیاسییەکانی خەڵک بوو بۆ ئاڵوگۆڕی سیستم، بەڵام دیموکراسی لیبڕاڵی بەپێی لێکدانەوەی تیۆریستەکان لەواقیعی حکومەتە مەدەنی و پارلەمانیەکانی ڕۆژئاوا ئامریکای لاتین و بەشێک لەئاسیا و ڕۆژهەڵاتدا،

نـەک هـەر دیموکراسـی نیین بەمانـا جەوهەریەکـەی، بەڵکـو سـیناریۆی دراماییـن، چونکـە دەسـەڵات لـەم وڵاتانـەدا لـە واقعێکـی سـەپاوی سیاسـیانە بـەولاوە پاشـگر و پێشـگریکی تـری نییـە، ئیـدی ئـەم شـکڵە لەدیموکراسـی بۆتـە تەعبیرێکـی تایبـەت بەڕێکخـراوەکان وتەنهـا فۆڕمەکـەی نمایـش کـراوە، وەک شـێوەیەک لەمومارەسـەی ئـەم سیسـتمە لەمەسـەلەی بەشـداری کردنـی خەڵـک لـەدەزگا جەماوەریـەکان و سـەندیکا پیشـەییەکان کـە مەشـروعیەتێکی هەیـە لەیاسـا نێـو دەوڵەتیەکانـدا، لەکاتێکـدا ئـەم کۆمەڵگانـە لـەرووی فەرهەنگییـەوە هۆشـیاری ئەوەیـان هەیـە بەشـداری سیاسـی بکـەن لەڕێـی ڕێکخـراوە چاکسـازییەکانەوە.

«دەرککـردن بـەوەی کـە دیموکراسـی تەنهـا یـەک سیستمی کارکردنی دامەزراوەیی نییە، بەڵکو لە چەندان شـێوەی ئـەوە پێکدێـت و کـرداری جۆراوجۆریشـی هەیـە، ئەمـە مانـای وایـە ئـەو ڕەگـەزە سـەرەکیانەی کـە دیموکراسـیەت پێناسـە دەکـەن و بریتیـن لـە کۆمەڵـە ڕێسـایەکی تۆمارکـراوی دامەزراوەیـی (دەسـتوور)، بـۆ پڕکردنـەوەی پۆسـتەکانی حکومـەت و ملکەچکردنـی فەرمانڕەوایـان بـۆ لێپرسـینەوە و داننـان بـە دەسـەڵاتەکاندا، لـەو کاتـەدا کـە پێویسـتە ڕەسـمییەکان بەدەسـتەوە دەگـرن، بۆیـە دیموکراسـی بـەوەدا جـودا دەکرێتـەوە کـە گۆڕەپانێکـی گشـتی هەیـە، بڕیـار لەپێـوەرە گشـتیەکان و ئـەو هەڵبژاردنـە دەدات کـە بـۆ

هەموو کۆمەڵگە فەرزن و بەهێزی دەوڵەت پشتگیریان لێدەکرێت».[٣٥] کەوابوو مادام چەمکی دیموکراسی رادەستکردنی دەسەڵات نییە بەخەڵک، بەپێچەوانەوە بۆ گروپ و دەستەبژێرە سیاسیەکانە کە لەکێبەرکێدان بۆ پەیداکردنی بەرژەوەندی جیاواز یەکتر قبوڵ دەکەن، باشتر بڵێم کۆمپانیا و وەبەرهێنانەکانیان لەناوچەو و جوگرافیایەکی تر قبوڵ دەکەن، هەروەک ئەوەی لە کوردستان هەیە، کەواتە قۆناغ نییە بۆ رۆژئاواییەکانیش، تەنها ئەوە نەبێت کە ستایڵەکەی لەوێدا کە بەشداری خەڵک و چالاکوانەکانە لەسیسامی سیاسی، بەوپێیەی هەموو شوێنێک لاساییکەرەوەی رۆژئاوایە « ئەو بیرۆکەیەی لە بنەمای دیموکراسی ئاییندا هەبووە، ئەگەرچی بەمجۆرە نەگوتراوە، بەڵام دەکرا لەهەبوونی هەڵبهێنجرێت، بیرۆکەی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە یان دەبێ وابێت، نامانهەوێ هیچ تاقمێک کە خۆی بە پۆپۆلیستی دەزانێ وەکو ئەوەی چەکداران و مووچەخۆرانی دەوڵەت و رۆژنامەنووسان و میدیاکاران و نووسەران و تیۆریستان و لاوان کە لەحکومەتدا بن، یان نا، نامانەوێ لێیان بترسین، یان ناچاربین لەترس و دڵەڕاوکێ دابین هەمیشە، یان لەبارودۆخێکی بەمجۆرەدا ئەو یاسایەمان دەوێ کە لەکاتی پێویستدا بتوانین لەهەمبەر کەڵەگایی ئەواندا پارێزگاری لە خۆمان بکەین، ئەوە لە شکڵە حکومەتییەکانی رۆژئاواییدایە کە مەبەستی ئێمەیە،

بەهۆی ناڕوونبوونی لایەنی بیژەیی، یان بەگوێرەی باو ئەوەی بە دیموکراسی نێوی دەرکردووە، ئەوان بۆ بەرگری لە ئازادی تاکەکان لەهەر شکڵێکی حکومەتیدا وەدیهاتوون، بەڵام بەیەک ریزپەڕ دەسەڵاتی نەتەوەیی و حکومەتی یاسا».[٣٦]. ئەم پۆپۆلیزمە ئەگەر لەهیچ شوێنێک بە زەقی و بەئاشکرا دەرنەکەوتبێ، لە ئینگڵستان بەئاشکرا لەنێو دوو حیزبی کرێکارتان و پارێزەران دەرکەوتووە کە جگە لەخۆیان و پاراستنی ماڵی پاشا، هەفی یەکەمی دیکەی نییە. بۆیە ئاڵوگۆڕ بەسیاسەتەوە تەنها لەدەستی ئەو دوو حیزبەدایە. هەروەک چۆن لەئامریکاش لەنێوان کۆماری دیموکراسیخوازەکاندایە.

(کارل پۆپەڕ) لە کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی، تێڕوانینێکی هەیە، گوایە کێشەی بەشداری گشتی لەو گومانەیە کە بەو سیستمە و هەڵبژاردنەی کە دەکرێت وەکو سیناریۆیەک بو گۆڕینی سیستم و دەسەڵاتدارەکان، بەدەرنیین لەو توێژانەی کە هەمان دەسەڵاتن، بەڵام ستایلیان گۆڕاوە. کەواتە ئێمە لەبەردەم دووڕیانێکین، یان دەبێ قبوڵمان بێت هەمیشە لەترس و دڵەڕاوکێدا بژین کە ئەم سیستمەش دەبێ بگۆڕین و گۆڕینیشی بەدەست و دەسەڵاتی ئێمە واتە خەڵکی عەوام نییە، یان دەبێ قبوڵمان بێت هەر کەسێک و هەر شکڵێک بێت پێکەوە بژین و هەوڵی بەرهەڵستکاری نەدەین و کێشە درووست نەبێت، بۆ

ئـەوەی بەماناکـەی ئێسـتا، دیموکراسـیانە چارەسـەری کێشـە بنەڕەتییـەکان بکـەن وەکـو سـیناریۆیەک و هیچـی تـر.

هۆکاری گرێدانـی چەمکـی دیموکراسـی بـە فەلسـەفەوە، ئەوەیـە کـە تێڕوانینـی سیاسـی بەشـێکی زۆری لەهەنـاوی فەلسـەفەوە لەدایکبـووە و باشـترین سـەلمێنەریش گریکـە کـە دایکـی فەلسـەفە بـووە، ئـەو مانـا بـاوەی بـۆ دیموکراسـی کـراوە، بەبـڕوای ئـالان بادیـۆ بەهیـچ شـێوەیەک پەیوەندیـی بـە وشـەکەوە نییـە هـەروەک لـە پێشتریشـدا باسـمان کـردووە، چونکـە دەبـێ ناوەڕۆکـی چەمکەکـە دان بەفەزیلەتـدا بنێـت، ئـەو فەزیلەتانـەی هەمـووان پێکـەوە ڕێـزی لێدەگریـن، دیموکراسـی لەسـەرەتاییدا زەروورەتـی فەلسـەفە بـووە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا ئاسـتەنگی بـۆ فەلسـەفە درووسـت کـردووە، چونکـە کێشـەی بـۆ تـەواوی کایەکانـی ژیـان خوڵقانـدووە، نـەک ئـەوەی فەلسـەفە بـۆ ژیـان خوڵقابێـت، هـەورەک ئـەوەی ژیـان بـۆ پاڵەوانێتـی ئینسـان خوڵقابێـت، نـەک ئـەوەی ئەوەیـە ئینسـان بـۆ پاڵەوانێتـی ژیـان خوڵقابێـت کـە تەنهـا سیسـتەمە سیاسـییەکان کەڵکـی لێوەردەگـرن، لێـرە فەلسـەفە ئـەو بەرهەمـەی هەیـە کـە بەشـداری خەڵـک وەکـو فەرهەنـگ، لەوەهمـەوە دەکات بـە واقیـع.

ڕۆڵـی هـەرە گرینگـی ئـەم چەمکـە ئەوەیـە کـە جیاوازی ناکات لەنێوان حیزب و زانکۆ و دامـودەزگا فێرکاری و پەروەردەییـەکان و مەبدەئیەکانـی، چەمکـی دیموکراسـی

لەپەیوەند بەتیۆر و پڕاکتیکدا، بەندە بەبنەما واقعیەکان و ئامرازەکانی گەشەسەندنی ژیان لەرووی فۆرمەوە نەک زانستی، بەرەو ئاقارێکی دیکە بەپێی کات و شوێنی جیاواز و بارودۆخی جیاواز دەڕوات، دواتر گواستنەوەی دونیای کۆنترۆڵکراو لەدامەزراوەی نهێنی و چەکدارکراوە ئەپستراکتەکان، بۆ شێواز و فۆڕمێکی جیاواز کە لەمانای فراون کردنی سنوورە بەرتەسکەکان و دەرەوەی مافە مەدەنییەکاندا فەرمانڕەوایی دەکات، ئەمە ئەگەر لەکاتێکدا چەمکی دیموکراسی بەو مانایە وەربگرین کە ئەگەر ئەو ڕژێمانەی هەڵگری جەوهەری ئەو چەمکەن، جێگای حکومەتی سەربازیان گرتۆتەوە کە ئێستا بانگەشەکەرانی لەدونیادا زیاتر بۆتە باو، لەدنیادا کە بەر لەئێستا و لەڕۆژئاوا بوونی هەبوو، بەڵام دوای ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا خاوەنداریێتی سەرمایەداری دیموکراسی چ وەک چەمک و چ وەک مۆدێلێکی سیاسی، کرد بە بەشێک لە ئیدیۆلۆژیا و ماهیەتی دەسەڵاتی چینایەتی و سەرخانی سیاسی کۆمەڵگە کە لەسایەیدا دەسەڵات و دەزگاکانی پێ ڕێک دەخات و ڕیشەی چینایەتی خۆی قایم کرد، چونکی دیموکراسی لەبنەڕەتدا بونیادەکەی دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە چالاکی سیاسی لەدەرەوەی سیاسەت، بەمانای چالاکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ئەمە دەبێتە ئیدیۆلۆژیایەکی پراکتیکی، نەک دەستورێک بۆ خودی پڕۆسەکە، بەدەلیلی ئەوەی یەکێک لەمیکانیزمەکانی

سیستمی دیموکراسی مافی دەنگدانە، مافی دەنگدانیش واتە مافی بەشداریکردنی خەڵک وەک سیناریۆیەک لەهەڵبژاردنی نوێنەران کە دواتر سەرجەم سوننەت و یاساکانی دەوڵەت لەڕێگای ئەم پارلەمانەوە شەرعییەت وەردەگرێ، بەڵام لەدەرەوەی پارلەمان، دەزگایەکی دیکە هەیە کە شەرعیەتی زیاترە، ئەویش ناوەندە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگایە.

مەیلێکی دیکە کە چەمکی دیموکراسی وەک قۆناغێک لەقۆناغەکان تەماشا دەکا و دەیخوێنێتەوە، پێی وایە گەشەسەندوویی ئەم چەمکە شێوەیەکە لەبەر فراوانبوونی ئازادی و شکستی ڕژێمی فیودالیزم و هاتنی سیستمی سەرمایەداری و رزگارکردنی ئینسان لەچەوساندنەوە لەسەر زەوی و مافی ژیانی سادەیی بەرهەمهاتووە، ئەمە لەکاتێکدا دیموکراسی بەرهەمی ناتەباییە لەنێوان ئامانجەکانی خەڵک و هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی کە لەڕووی مێژووییەوە، ئیعتیبارەکانی ئەم ڕژێمەی تیا جێکەوتەیە بۆ ڕازیکردنی خەڵک و ئینتیما بوون بۆی و دورکەوتنەوە لەناڕەزایەتیەکان، لەپشت هەموو ئەمانەشەوە پێناسەیەکە بۆ گەشەسەندنی دەوڵەت و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانی کە دواتر لەپراکتیزەکانیدا دەچێتە نێو پرۆسەی ڕەخنەوە، چونکە کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و فرە جیاوازی و فرە بۆچوون ئامادە دەکات.

نموونەیەکی دیکەی چەمکی دیموکراسی کە

دەیسـەلمێنێت قۆنـاغ و سیسـتمێکی جیـاواز نییـە بـۆ سـەرمایەداری هەمـان ئـەو سـتایڵەیە کـە لەپێشـتر دیمەنێکـی دیکـە هەبـوو، بۆیـە لێـرەدا وەکـو چەمکێـک دەبێـت پراکتیـک ناکـرێ، بەڵکـو وەکـو لەفـەزای خۆیـدا خۆی بەرهەمدێنێتـەوە، بەومانایـەی کـە لەبـری دژەکـەی خۆی، لەجیاوازی و قوڵبوونـەوەی جیاوازییە فکرییـەکان و جیاوازییـە حکومرانیەکانـدا وێنەیەکـی دیکـە پێشـکەش دەکات، ئەمـەش پرۆسـەیەکی گەشەسـەندووە کـە لەسایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و سـەرمایەوە هاتووە، واتـە زەمینـەی لەبـاری تیایە بـۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتـی و سیاسـی ئەگـەر ویستەکە گشـتی بێـت، بۆیـە ناوەنـدی سـەرمایەی وڵاتانـی جیهانـی بەشـێوەیەک سـەرقاڵ کـردووە کـە بەبـێ ئـاگا وڵاتـە تـازە پێگەیشتوەکانیشـی بەخۆیـەوە لکانـدووە، ڕێـژەی بێـکاری نموونەیەکـی دیـار و بەرچـاوی ئـەم گەشـەکردن و کەڵەکـە کردنـەی سـەرمایەیە کـە دواجـار سـەرجەم نەخشـەو پلانـەکان بەنـاوی دیموکراسـییەوە بـۆ چارەسـەرکردنی قەیرانـە سیاسـی و ئابوریەکانـە بەنـاوی دیالۆگـی باکـوور و باشـوورەوە هەڵپەرسـاردووە بـۆ داهاتوویەکـی نادیـار، ئەمـەش جگـە لەپارێـزگاری کردنـی مەوقیعییەتـە ئابووریەکانی خۆیـان و سـەرکوتکردنی چینی کرێکار و گەلانـی دواکوتـوو هیـچ هەوڵێکـی جیـدی مرۆڤدۆسـتانە نییە کە بەناوی دیموکراسیەوە شـەرعیەتی وەرگرتووە، نموونـەش دوای چەندیـن هەوڵـی جـددی لـەرووی

سیاسی و ئابوورییەوە، وەرنەگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا بەناوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە کە لەقەیرانە سیاسییەکاندا دووچاری هاتووە، بەشەکەی تری ڕاستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بەکێشەی کورد و بەشە تورکیەکەی قوبرس لەتورکیا لەبەهانەیەکی سیاسی بەولاوە هیچی تر نییە بۆ فەرزکردنی گوتاری خۆسەپێنی ئەورووپا بەرامبەر بەو وڵاتانەی لەڕووی تەکنۆلۆژیەوە دواکەوتوون، یان لانیکەم بوونیان لەو فەزایەی کە پێی دەگوترێت ئەورووپای یەکگرتوو، لەبری قازانج زیانی هەیە، هەروەک ئەو بیانووەی کە بە گەشەی تەکنۆلۆژیای ئێرانەوە گرێدراوە، ئەگەرنا ئەو چەردەیەی کە زۆرترین ڕووبەڕووی بازارەکانی کۆنترۆڵ کردووە و بەگرانبەهاترین شێوە بە کەلوپەلی ماڵ و خواردن و دەرمانسازی و چەک و تەقەمەنی چەکداری و تەدارەکەی جەنگەوە کە هیچ پەیوەندی بە ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵکەوە نییە، چەند لەگەڵ فریادڕەسی سیستمی دیموکراسی لیبڕاڵیدا دێتەوە کە بەجوانترین جۆری سیستمی سەرمایەداری ناوزەد دەکرێ و تورکیا باشترین بازاڕی سیاسی و ئابوری ئەورووپایە.

لەکاتێکدا مادام دیموکراسییەت جێگەی شانازی ڕۆژئاوایە وەکو باشترین نموونەی سیستمی حوکمڕانی، ئەوانی دیکە هەمیشە چاویان لەهەناردەکردنێتی بۆ دەرەوەی خۆیان، نەک ئەوەی خۆیان هێشتا

نەگەیشتبن بەو کولتووره پێشکەتووەی بەر لە ٢٠٠٠ ساڵ باس کراوه، باشترین ئارگومێنتیش ئەوەیە کە هەمیشە لە تمووحی ئەوەدان وڵاتانی هەژار کۆنترۆڵ بکەن و خوێنی بمژن.

سرووشتی ئەم چەمکە ئەگەر وەکو سیستم پێناسەی بکەین، جەوهەرێکی پاڕادۆکسی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووه کە شێوازی چەوسانەوەی مرۆڤ لەژێر سایەی ڕژێمی دیکتاتۆری دەگۆڕێ بۆ سیستمێکی دیکە کە دیسان چەوسانەوەیە و بەپێی پرنسپیەکانی خۆی دادگایی ناکرێت، بەڵام لەڕووی ئابووریەکی نەبینراوەوە کە هەم زەمەنی سنووردار کردووه هەم داهاتی تاکەکانیشی سنووردارکردووه، گوایە حیزبێک لە دژی ئەوی تر عادیلانەتر مامەڵە لەگەڵ ژیانی سیاسی و ژیانی ئاسایی خەڵک دەکات و داوای هاتنە پێشەوه و وەرگرتنی دەسەڵات دەکات لە خەڵک، بەڵام دوای پراکتیک بوونی ئەم قۆناغە، ئەم فەزایە دەبێتە هەڕەشەیەکی دیکەو ناعەدالەتییەکی دیکەیە بەرامبەر مرۆڤایەتی و جۆرێکە لەداگیرکردنی ئازادیەکان و دیکتاتۆریەتێکی بەئاشکرایە، بۆ نموونە کێشەی ناسنامە نەتەوەیی و کوولتوری و فەرهەنگی و مێژووییەکانی گەلانی ژێر دەستە، لەبەرامبەریشدا درووستکردنی ناسنامەو شوناسی ساختە بۆ نەتەوە جیاجیا و نوێیەکان، تاکو کۆمپانیاکانی پێ قۆرخ بکەن بەناوی کۆمپانیای فره نەتەوەییەکانەوه لە

وڵاتانی کەندا و ئەوروپا و هەرزان کردنی دەستی کار کە وڵاتانی ئاسیای دەسەنەخوار بەهۆی بێکارییەوە قبوڵیان کردووە، گەمەیەکی ناشایستەیە بەناوی کێبەرکێی بازاڕی ئازاد و مافی مرۆڤەوە دەکرێت، لەولاشەوە بێکارکردنی دەیان ملیۆن کرێکار لەشوێنی کاریان بەبێ هیچ زەمانەتێکی ژیان کە پێشتر بەدرێژی قسەمان لێوە کرد، هەمان ئەو وەهمەیە کە بەناوی سەرکەوتنی سیستمی دیموکراسییەوە بۆتە واقیع بۆ تاکەکان.

کۆچ کردنی بەلێشاوی خەڵکی وڵاتە دواکەوتووەکان بۆ وڵاتانی گەشەسەندوو لەڕووی ئابووری و لەڕووی شارستانیەوە وەکو ماتریاڵێکی بەشەری سوودیان لێبینرا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە لەکارگە و کۆمپانیاکان هەیانبوو، ئەم کۆچبەرانە کە زۆربەیان ناگەنە بەناو بەهەشتەکە و لەرێگەی قاچاخ چییەکانەوە کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرێت، بەشی زۆریشیان کە دەگەنە رۆژئاوا، مافی پەناهەندەیان پێ ڕەوا نابینن و سوکایەتییان پێدەکەن و بەهۆی هەڵەی کۆچبەر و بەهۆی ناجێگیربوونیان لەرووی خزمەتگوزارییەوە، بەهۆی ئەوەی خۆیان بەغەریب دێتە پێش چاو، یان بەو بڕوایەوە کۆچیان کردووە کە دژی کۆلۆنیالیزمی جهانی بووەستنەوە، دەبن بە شۆڕشگێڕی سپی و خەباتی شارستانی دەکەن، ئەمەش فۆڕمێکی سیاسی نامۆ بە هاونیشتیمانی ئەوروپی دەبەخشێت کە

لەوڵاتی خۆیەتی و كێشەی نییە، جگە لەوەی قەبوڵیەتی بە كولتوور قەبوڵی ئەوانی تر بكرێت لەپێناو خزمەت كردنی وڵاتەكەی، بەڵام دەبینین لەزۆربەی وڵاتانی ئەسكەندەنافیا یان ئەوروپا بە گشتی، ئەم دەرهاویشتەیە راسیزمی بەرهەمهێناوە و جەماوەری وڵاتانیان تورە كردووە، چونكە ئەنارشیزمیكیان بەرهەمهێناوە بۆ ئەوان بەمانای وشەكە ئەنارشیزمە، كەچی چاویان لە منداڵەكانیانە بۆ پاشەڕۆژی وڵاتەكە و خزمەتكردنی رۆژئاواییەكان و هیچی تر، بەڵام نەوە گەورەكە ئەوەی پێڕەوا دەبینرێت، بكرێن بەكرێكاری یەخەڕەش و بەو ناوە لەقەڵەم بدرێت و كاری تاقەت پڕوكێنیان پێبكەن كە هاوڵاتی ئەوروپایی و ئەسكەندەنافی نایكات، لەبەرامبەریشدا كە بەرهەمی ئەو قبوڵكردنە ئەوەیە، كرێكارەكانی خۆشیان بخزێنە شوێنە پێشكەوتووەكانەوە و جارێكی تر ببن بەكۆیلەی كۆمپیوتەرو تەكنۆلۆژیا كە بەكرێكاری یەخە سپی لەقەڵەم بدرێن.

ئەم فەزایە لە نەبوونی كار و قەیرانی كاری گونجاو بۆ كرێكار و قەیرانی ئابوری هاتە كایەوە، دیاردەیەكی تری لەگەڵ خۆیدا بارهێنا، ئەویش زیادبوونی باندی مافیا و شوێنی ناشەرعی بۆ بەسووك تەمەشاكردنی ئینسان و بێ بەهاكردنی بەناوی ئازادی تاكەوە، ئەمە كە وەك مێردەزمەیەك دەسەڵاتە سیاسییەكان بەناوی دیموكراسیەوە هەژمونیان بەسەر كۆمەڵگەی

بەشـەریەتەوە کـردووە، وەک هەقیقەتێکـی ڕەهـا گەورەتریـن ترسـی بـۆ چینـی ژێردەسـت هـەم وەکـو نەتـەوەی بێ خـاک و هـەم وەکو چینی کرێکار نمایـش کـردووە.

حەتمیەتێـک بـۆ ڕژێمـەکان کـە شـێوە ڕیفۆرمیکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیی وەرگرتـووە، بـەو مانایـەی زەمینـە بۆ خزمەتگوزاریەکانی خەڵک خۆش دەکات کە لەڕیفۆرمێکـی ئابـوری و ڕێکخسـتنی سیسـتمی ئابـوری دەوڵـەت بـەولاوە هیچـی دیکـە نییـە، چونکـی تەنهـا خـاوەن سـەرمایەکان و لـۆرد و نەجیبـزادە ڕەسـەنەکان لێـی بەهرەمەنـدن، لـە کاتێکـدا (دیموکراسـی) دەبـوو سیسـتمێکی جێگـری عەدالەتخوازبێـت کـە لەجەوهـەردا جێگـەی بـۆ ئاشـتی و پێکـەوە ژیـان و لێبـوردن سازکردوە، لە پرۆسـەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیشدا بەبـێ جیاکردنـەوەی ئەرکـە سیاسـییەکانی دەوڵـەت، بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی چینـەکان کـە حاڵـی حـازر ئـەم سیسـتمەی سـەرمایەداری خـۆی پـێ ئارایـش دەکا و کردوویەتـی بـە بەهەشـتێکی وەهمـی، لەکاتێکـدا ئـەو بەهەشـتە وەهمییـە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کـە خـۆی دەخاتـە باوەشـی ڕۆژئـاواوە، تەنهـا بـۆ ئەوەیـە ببێتـە کارێکتەرێـک بەرهەمهێـن لـەڕووی بەشـەرییەوە، واتـە دەزگای خێـزان دووبـارە دامەزرێنێتـەوە و پەیوەسـت پێیـەوە و منداڵ بەرهەمبهێنێت، ئەمـەش بۆ ئەوەیە کە دەوڵـەت لـەڕووی بەشـەرییەوە گەشـەی زیاتـر بـکات،

نـەک دووچـاری قەیرانـی جۆراوجـۆر بێتـەوە، لەکاتێکدا هەمـوو ئەمـان گرێـدراوی چەمکـی دیموکراسـی نیین تاکـو کێشـە درووسـت بکـەن، بەڵکـو دیموکراسـییەتی لۆکاڵییـە لـەرووی ئابـووری و سیاسـییەوەیە.

«چەمکـی دیموکراسـی کـە لەڕژێمـی سـەرمایەداری هاوچەرخـدا بـە (دیموکراسـی لیبڕاڵـی) پێناسـە دەکـرێ، ئەمـە بەپێـی کۆمەڵێـک پرنسـیپی نێـو دەوڵەتـی، چونکـە ئازادی بەهەمـوو ماناکانییەوە لەپەنا دیموکراسی ئاکتیڤە و هەمـوو تاکێـک بەهرەمەنـدە لـەو فەزایـەی سیاسـەت خولْقاندوویەتـی، بورهانـی ئەمـە لـەو سیسـتمەدا، خوێندنـەوەی هەمەلایەنـی سرووشـتی سیسـتمەکە و پێکهاتـەی سیسـتمەکەیە لەپەیوەنـد بـەو هێزانـەی کـە سـەرکەوتنی کۆمەڵگـەی سـەرمایەدارییان مسـۆگەر کردووە، هـەروەک لەپرۆژە گەشەسەندووە ئابوریەکانی ئـەم سیسـتمەدا دیـارە کـە توانایەکـی کۆنترۆڵکـەری هەیە لەدابڕانە بناغەییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و مەرجـە بنەڕەتیەکانـی، بۆیـە هاوڵاتیانیـش وەکـو بەشداربوویەکی ئـەم سیسـتمە، قەناعـەت و سیقەیان بۆ درووسـت دەبێـت کـە ئـەوان هـەم قۆناغـی کۆمۆنیـزم و هـەم قۆناغـی سـەرمایەدارییان تێپەڕانـدووە، ئێسـتا لـە قۆناغـی بەهەشـتی واقیعیـدان نـەک خەیاڵـی واتـە خۆشـگوزەرانی. بـەو مانایـەی کـە گەیشـتوون بە(دیموکراسـی لیبڕاڵـی)، ئەمـە کاریگـەری کردۆتـە سـەر کوولتورو فەرهەنگەکانیشیان وەک توخمێکی نوێکـەرەوە

لەجیهانی داهێنان و زانستە مرۆڤایەتیەکانیش ڕەنگی داوەتەوە». [٣٧] لێرە لیبرالییەت تەنها بە مانای فەراهەم کردنی ئازادی تاک نییە، بەڵکو سازدانی فەزایەکی فراوانترە بۆ حیزب و گرووپە سیاسیەکان، ئەو فەزایەی کە بەناوی ژیانی مۆدێرن فەراهەم کراوە، لەڕێگەی سیستمی دیموکراسییەوە کە بۆ گشتە، هەرچی مافی تاکە تێکەڵ بەناوی ئەو ژیانە وەهمییە کراوە کە تاک بریتییە لە پارچە بچووکەکانی گشت کە کۆمەڵگەیە، بەڵام لە ئێستادا شێوە ستەمکارییەک دامەزراوە، ئینسانی نیمچە ئامێرییەکان کە لەلایەت کەسانی بێباک بەرامبەر ژیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەڕێوە دەبرێن، ئەم ڕەوتە تاکگەرایی و ئازادی فکری دەکوژن، یان فشار دەخەنە سەر مرۆڤ بۆ سازان و شکڵ گرتن لە بۆتەیەکدا دەخزێنن بە شێوازێک کە دەرفەتی گۆڕان نەمێنێت تەنانەت بۆ کەسێک کە بەراستی ژیانی تاکێتی هەڵبژاردووە، «لە حاڵێکدا دیموکراسی لە باشترین ئەو ڕێگایانەیە کە بۆ کەمکردنەوەی دەستێوەردانی حکومەت لە ئازادی هێنراوەتە کایەوە، ئەگەر نەتەوەیەک دابەش بوو بێت بەسەر دوو گروپدا دوو ڕێگای جیاوازیان گرتەبەر، ئەوا دیموکراسی لانیکەم ڕێگایەک دەدۆزێتەوە، بەڵام دیموکراسی بەتەنها بەس نییە، ئەگەر گواستنەوەی دەسەڵاتی لەگەڵدا نەبێت» [٣٨]. بەمەرجێک ئەو دەسەڵاتەی لەدوای دەسەڵاتی پێشوو دێت، لانیکەم

دابڕانێـک لـە ژیانـی گشـت بـکات و جیـاوازی هەبێـت، نــەک تەنهــا وەکــو ئــەوەی هەیــە فۆڕمــی دەســەڵات دەگۆڕێـت و هیچـی تـر کـە ئەمـە لـە ڕۆژهـەڵات زیاتـر خــۆی بەرهەمدێنێتــەوە.

بۆیـە بەشـێک لـە هۆشیاری یـە کۆمەڵایەتییـەکان تیـژە فکریـەکان کـە دواتـر گوتارێکـی داخراوی بەرهەمهێناوەو هەژموونـی کردۆتـە سـەر کولتوورەکانـی دەرەوەی خۆی، بەتایبەتـی کوولتووری ڕۆژهەڵاتـی و گوتـاری ئیسـلامی، زیندووتریــن نموونــەش ڕەتکردنــەوەی کوولتــووری ڕۆژهەڵاتییەکانە لەلایـەن ڕۆژئـاواوە، هـەروەک چـۆن لـە سنووربەندکردن و پارێزگارییە ناشـەرعیەکانی پۆلیسـی ئــەو وڵاتانــە لەشاشــەی تەلەفزیۆنــە فەزاییەکانــەوە دەبینیـن کـە چـۆن و بـەچ شـێوەیەک مامەڵـەی ناشـیرین دەرهــەق بەپەنابــەر و کۆچبەرانــی ڕۆژهــەڵات دەکــەن، لەخاڵەکانــی ســەرســنوور ســەگیان تێبــەردەدەن و ســوکایەتیان پێدەکــەن کــە ئەمــە لەگــەڵ مافەکانــی مرۆڤدا تـەواو پێچەوانەیـە و هیـچ لێپێچینـەوەش ناکرێـت لەبەرامبــەر ئــەو کردەوانــە، بەمــەش ئــەم ڕژێمانــە لەپیادەکردنـی ئـەو ڕەفتارانەیـان لەدەسـەڵاتداریدا، نـەک (دیموکراســی) نییــن بەڵکــو (دیموکراسـیان) شــاربەدەر کــردووە کــە دەبــوو ڕۆژئــاوا هــەم بەپێــی تاڵتریــن ئەزموونێکـی مێژوویـی کـە بەخۆیـەوە بینیویەتـی، هـەم ئـەو ئاڵوگـۆڕە خێرایـەی لەدنیـای ئـەو سیسـتمەدا هەیـە، مرۆڤدۆسـتانە مامەڵـەی بکردایـە کـە خۆیـان ئیدیعـای

بۆ دەکەن، بەڵام مامەڵەیان لەتەک بیانی و پەناهەندە هێندە ناشیرینە، تائەو جێگەیەی کە رەفتاری پۆلیسی سەر سنوورەکانیان لەرەفتاری سەردەمی جەنگی جهانی دووەم دەچێت کە هیچ لێپرسینەوەی تیانەبوو لەرووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، لەحاڵێکدا هەموو وڵاتانی رۆژئاوا پابەندن بە رێکەوتن و یاسای دبلن کە کەسێک پەنای بۆ وڵاتێک هێنا، دەبێ وەربگیرێت و بحەوێتەوە لەسایەی ئەو یاسایەی لەدەوڵەتەکەدا هەیە.

سەرئەنجام پرسیارە سەرەکیەکەی ئێمە لەچەمکی دیموکراسی ئەوەیە، ئایا دیموکراسی سیستمە یان قۆناغێکە لەقۆناغەکانی مێژووی بەشەری..؟ ئەگەر قۆناغێکە، کەواتە کۆمەڵگای بەشەری بۆ ڕیشەکێش کردنی چەوساندنەوەی ناعەدالەتی لەدوای جێگیربوونی ئەم سیستمە، پێویستی بەشۆڕشە لەدژی خۆی بە مانای شۆڕشی پێچەوانە، بەتایبەتی کورد کە هێشتا مومارەسەی نەکردووە، چۆن مامەڵە لەتەک ئەم سیستمە بکات و چۆن شۆڕش لەدژی بەرپا بکات، پرنسیپەکانی چۆن لەبەرچاو بگرێت و کاریان پێبکات؟ لەحاڵێکدا کورد چونکە بە درێژایی مێژوو خاوەنی حوکمڕانی نەبووە جگە لەدوای راپەڕین کە ئەویش حوکمڕانییەکی موزەیەف بووە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتانی سەرمایەداری پایە بەرز، بۆیە هەرگیز کاری بە پرنسیپە سیاسییەکان نەکردووە و

ناشـتوانێ دژی بوەسـتێتەوە، تەنهـا شـتێک کـە کـراوە ئەویش درووست بوونی حیزبی بەناو نیشان تەواو و بێ ناوەڕۆک بووە و تەنها شـەرعییەتی بەو دەسـەڵاتە دابەشـکراوە داوە کـە زۆنـی سـەوز و زەردی پێکهێنـاوە لـە هەرێمـی کوردسـتان کـە هەرگیـز ناونیشـانێکی فەرمی جهانی بەخۆیەوە نابینێ، چونکە شـەمەندەفەری کـوردان تێپـەڕی لەسـەدەی رابـردوو.

لەکاتێدا کورد هێشتا تێگەیشتن لە دیموکراسی بەمانا کلاسـیکیەکەی ناناسـێت و نەبۆتـە نەریتـی دەسـەڵاتی سیاسـی لەکایـە جیاجیاکانـی فەرهەنـگ و کولتـووردا رەنگینەداوەتـەوە، چونکـی دیموکراسـی تەنهـا بەمانـای فـرە حیزبـی و فـرە ڕێکخراوەیـی نییـە کـە لەدونیـای رۆژهەڵاتـی و عەرەبیـدا کـە کاریگەرییـان لەسـەر کـورد هەیـە، بۆیـە سـەرجەم دەزگاکان و دامـەزراوەکان هێشـتا وەک بەشـێک لەئۆرگانـی حزبـی و دەسـەڵاتی سیاسـی لەبەرچـاو دەگیرێـن، بەبێ ئەوەی دەوری تاکی سـەربەخۆ ڕەچـاو بکـرێ لەپرنسـیپ و دەسـتوورکاری دەزگاکانـدا، ئەمـە ئەگـەر تـاک گـەرێتی لـە ئاسـتی فکریشـدا هەبێت کە نییـە، بۆیـە حـزب لـەدوای کۆمەڵگـەی کوردیدا بەگشـتی، نادیموکراسیترین سیستمە لـە دونیادا کە جارێکی دیکە لـە قۆرخ کردنی دەزگا حکومییەکاندا دەستی پێکردووە، تادەگاتـە پەروەردەیـی کۆمەڵایەتـی و رۆشـنبیری و هتـد، مەرامـی سـەرەکی حیزبـە کانیـش، ئەوەیـە تەنانـەت بڕیـار لەسـەر چارەنووسـە سیاسـی و فەرهەنگیەکانیـش

بدەن، بەدەلیلی ئەوەی ئەزموونی ئێمە بەسێنترالیزمی دیموکراسی و جۆرێک لە دیسپلینی حیزبی و حیزبی بووندا تێدەپەڕێ، کە لەڕاستیدا ئەم مامەڵەکردنە لەتەک چەمکی دیموکراسی و چۆنێتی پڕاکتیزەکردنەوەی، جگە لە قۆرخکردن و پاوانکردن و داگیرکردنی تواناکانی بەشەرو ناعەقلانیەت بەولاوە هیچی تر نییە، بۆیە دیسان دەیڵێمەوە سیستمی دیموکراسی لەبەرزترین ئاستیدا ئەو بەهەشتە وەهمیە نییە، بەڵکو لە واقعیدا ئەو دۆزەخەیە کە لەبەر چاوی خۆمان دەگوزەرێ، تادەگاتە ئەوپەڕی دیموکراسی لیبڕالی کە لەدونیای سەرمایەداری مۆدێرن و پێشکەوتوی ڕۆژئاوادا بوونی هەیە، خۆشخەیاڵیش لەدەرهاویشتە و ژیانێک لەسایەی ئەم سیستمەدا شێوازێکی دیکەی سپاردنی قەدەری ئینسان خۆیەتی بەدەسەڵاتی سیاسیەوە، سابا لەژێر هەرجۆرە عینوان و سیستمێکدا بێت.

لەگەڵ شکستی بلۆکی سۆڤیەت، دیموکراسی وەکو یەکێک لەهۆکارەکانی درووستکردنی فەوزا (ئەنارشیزمێکی) نوێ بۆ سیستمی دەوڵەتان بەرهەمهات و تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتنی بۆ سەرمایەداری جهان و بەتایبەتی بۆ ئامریکا وەکو دەستکەوت بەرهەمهات، ئەم فەزا خەلاقە کە جگە لەدیموکراسیەت بەناوی گۆڕینی سیستمە سیاسییەکان، شتێکی دیکەی بەرهەمهێنا، ئەویش نەهێشتنی ئەو بەهایە بوو کە ماناکەی دەسەڵاتی خەڵکە، یان ئەو خەونەی کە گشت

دەیانویست لەسایەی ئەم چەمکەوە خۆشگوزەرانی بدۆزنەوە، بەڵام خەونەکە نەک هەر ناکام دەرچوو، بگرە وەهمێکی سیاسی خولْقاندبووی پوچەڵ بووەوە.
ئەو فەزایەش کە وەکو سیستم ناسراو لەسەرەتاوە بەناوی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا پێناسە کرا، فەزایەکی هەم ناتەواو و هەم هەڵە تێگەیشتن بوو لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کە سەرەتا بنەمای فکری مارکس بوو، بەو پێیەی کە ئایدیالی دیموکراسی هەمان ئەو مانایەی هەیە کە خەڵک ناچار دەکات هەم بەوەهەم یەکتر قەبوڵ بکەن، هەم شێوەی خەباتی سیاسی و حزبایەتی بگۆڕن و هەم خەڵک ناچار بکەن بۆ رزگاربوونێکی وەهمی، تاکو لەرێگەی ئەم وەهمەوە بچنە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان و جارێکی تر شەڕی سیاسی لەسەر شانی ئەوان تەواو بێت و دەستەبژێرێکی تری مشەخۆر خۆیان لەسەر حیسابی عەقلیەتی مردووی ئەوان دەوڵەمەند بکەن.
ئەوە زیاتر لە ٣٠ ساڵە کۆمەڵگای عێراقی و بەناو شۆڕشەکانی، هەڵگرو خوازیاری وەدیهێنانی دیموکراسین بۆ عێراق، کەچی لەنێو خودی حزب و دەسەڵاتەکانیشیاندا ناتوانن چ وەک کۆمەڵ و چ وەک تاک دیموکراسی بن، وەکو ئەوەی شتێکی سەیربێت و جێگای لەنێو فەرهەنگی ئێمەدا نەبێتەوە، بەڵام ئایا دیموکراسییەت لە ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیا سەیرترە؟ لەگەڵ هاتنی دوا پێشهاتەکان و پێشکەوتنە

تەکنەلۆژییەکان سەرمایەداری هاوچەرخ کە لەدوای جهانگەراییەوە فۆرمی خۆی گۆڕیوە و تەوای پەیوەندیەکانیشی گۆڕاون، بۆ نموونە نەخوێنەواری کوێرە گوندێک زۆر بەئاسانی مامەڵە لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا دەکات، کەچی ناتوانێت دیموکراسی بێت، کە دیموکراسییەتی باو جگە لە وەهمێک هیچی تر نییە، ئەوەی لە سایەی سیاسەتی دوای روخانی رژێمی بەعس و عێراقێکی نوێ بینرا، ئەوەبوو دیموکراسیەت لەسایەی شەڕی تایەفی و مەزهەبی و ئایینی ئیسلام، نەک هەر شیرازەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێکدا، بگرە بوارێکی بۆ ئایینەکان و کولتوورەکانی دیکە نەهێشتەوە بە ئازادی بژین، بەپێچەوانەوە ترسێکی بەرهەمهێنا کە لەسایەی ئەم دیموکراسیەتە حوکمڕانیە مەزهەبییە، خەڵک بەشێکیان دەوڵەتی خۆیان جێهێشت و بەشێکیان کوژران بەناهەق و بەشێک ئاوارەی شارەکان و دەربەدەر بوون و بەشێکی دیکەیان بوون بە بازرگانی شەڕ، ئەمە جگە لەوەی ئەو کارێکتەرە سیاسییانەی کە بەناو دیموکراسییەوە سیاسەتیان کرد، نەک یەکتریان قەبوڵ نەکرد، بەڵکو بەبارتەقای ٣٠ساڵی حوکمڕانی بەعسیەکان بەناوی مەزهەبگەراییەوە خەڵکیان کوشت و گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی ئابوورییان کرد، تائەو رادەیەی کە ناوی دەوڵەتی عێراقیان خستە نێو کتێبی گینسەوە بۆ گەندەڵی و دژی ئینسان.

هەروەهــا لەپەنــای سیاســییەکان کــە کوولتووریێکــی ناحەزیــان دروووســتکرد، ڕۆشــنبیرانیش کــە گوایــە هۆشــیارترین توێــژی ئــەم کۆمەڵگایــەن، ئەوانیــش نەیانتوانی دیموکراسییانە و ئازادانە بەشداری سیاسـەت بکــەن، یــان بەشــداری لــە درووســتکردنی سیســتمی رەخنــە بکــەن، بــەڵام دەبینیــن لەهەمــوو حاڵەتێکــدا ڕۆشــنبیران دەتوانــن مامەڵــە لەتــەک کۆمپیوتــەر و ئینتەرنێتــدا بکــەن، کەچــی ناتوانــن دیموکراســی بــن، تەنانـەت خودی دەسـەڵات و حیزبەکانیش ئەمە قسـەیانە (هێشــتا زۆرمــان مــاوە بگەینــە قۆناغــی دیموکراســیەت) لـەم قسـەیەیاندا دیموکراسیەت دەبێتە قۆناغ، کەچی بۆ ڕای گشتی بەردەوام دیموکراسیەتی خۆیان و تەنانەت سۆســیالیزمی زانســتی دوپــات دەکەنــەوە، ئاخــر کــەی بــووە دەســەڵاتێک بەخــۆی بڵــێ دیموکراســی و قەبوڵــی دەنگــی جیاوازییــەک نــەکات و بەئاگــرو ئاســن وەڵامــی حزب، یان ڕێکخراو یان بیروباوەڕێکی جیاواز لەخۆی بداتــەوە، یــان ئــەوەی بەهەمــوو لایەکیــان جیــاوازی راستەقینە و ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە بکوژن و دەنگیان کـپ بکەنـەوە، هـەر ئـەم پاڕادۆکسییە لەنێو دامودەزگا و ئۆرگانــە جیاوازەکانیشــدا زۆر بەئاشــکرا دیــارە کــە بەشێک لەڕۆشنبیران کوێرانە و بۆبەرژەوەندی خۆیان پاڵپشــتی دەکــەن، هــەر لــەوەی دەســەڵاتدارن لەکۆمەڵگای کوردیــدا تەنهــا لەدەســت حکومەتــدا نییــە، بەڵکــو ئــەوە حیــزب و گروپــە دەســەڵاتی بەســەر حکومەتــدا دەشــکێ،

بـۆ نموونــە پۆلیســێک ئەوەنــدەی پابەنــد و گوێڕایەڵــی مــەلای مزگەوتەکانــە، نیــو ئەوەنــدە بــەلای دەقــی یاسـاییدا ناچێت، کاتێـک جـەدەل لـە نێوان عیلمانییـەک و ســەلەفیەکاندا درووســت دەبێــت هــەر خــودی ئــەو پۆلیســەیە لایەنگــری ســەلەفیەک دەکات و بەشــێوەیک لەشێوەکان بەرگری لێدەکات، ئەوەی لەبیر چۆتـەوە کە خـۆی پاسـەوانی حکومەتێکـی بەنـاو عیلمانیـە و پیـاوی یاسـا پارێـزە، بۆیـە ئیشـکالیەتی دەسـەڵات لەبەرامبـەر دیموکراسـی تەنهـا ئیشـکالیەتی خـۆی نییـە، بەڵکـو ئـەم ئیشـکالیەتە خودی تاکەکانیشـی گرتۆتـەوە بۆتـە کێشـەی سۆسـیۆلۆژی عێراقـی و کـوردی، کـە لـە هەنـاوی حکومەتـدا کار دەکـەن و هەڵدەسـوڕێن لـە دەوری، پاشــان بەبــێ ئــەوەی لێپێچینــەوەی لەســەر بکرێــت، یـان بەبێ ئـەوەی ئـەم ئیشـکالیاتە ڕیشـەکێش بکرێـت، دەبێتـە نەریت، لێرەوەیـە کـە ترسـی ئـەو فەزایەیـە باڵـی بەســەر زەیــن و بیــر و بۆچونــی تاکەکانیشــدا کێشــاوە کــە بیرکردنــەوە و جیــاوازی بــە (شــرک) و (گونــاح) دەخوێنێتــەوە و ســنووری بــۆ دەکێشــێ، خاوەنــی ئــەم گوتــارە فکرێکــی ســەربەخۆ نییــە، بەقــەد ئــەوەی بەشـێکن لـە هـاوکاری ئـەو کەرەستانەی کـە حوکمڕانـی و دەســەڵات رادەگــرن، ئەویــش وەکــو بەکرێگیــراوی دەســەڵات ماکینەکــە وەگەڕدەخــەن.

ئەگـەر لێکۆلەرەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی خوێندنەوەیـەک بـۆ توێژەکانـی ئـەم کۆمەڵگایـە بـکات، هیـچ شـتێک

ئازاری نەدات، ئەوە ئازاری دەدات کە تاکەکان (تموحێکی) گەورەیان هەیە، بەڵام چەپێنراون لەمومارەسەکردنی ژیان لە هەموو بوارێکەوە، ئەمە جگە لەمومارەسەکردنی ئازادی فەردی و ناسینی ئەرک و ماف کە دەسەڵات خۆی بەلێپرسراو نازانێ بەرامبەر ژیانی تاکەکەس، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر تاکێک لێپرسراوە بەرامبەر هەر کارێک کە دەیکات، چونکی ئەمە لەترسی ئەمنیەت ڕاگرتنی خۆیەتی، بۆیە ئەم تاکانە هەمیشە هەست بەنامۆبوون و زەلیلی دەکەن، هەندێکجار ئەم خەڵکانە دەیانەوێ بەشێوەیەک لەشێوەکان لەنێو مۆدێرنەدا بژین کە دواکەوتوون، بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکیان لەبارەیەوە هەبێ و ئەزموونیان کردبێت، بەڵام کە مومارەسەی ناکەن لێیان دەبێتە گرێ، دواتریش هەر خودی ئەم بابەتەش دەبێتە تارماییەک و لێی دەترسن، ترسێک کە بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەویەکانی لەبەردەم هەڕەشەدا ڕاگرتووە، هەر ئەم شەڕەیە دەبێتە بەرگرتن لەدرووست بوونی فەزایەک بۆ دیموکراسی، وەک (تدین) لە ئایین و نەتەوە پەرستنی، دەسەڵاتی حیزبی کە جیاوازیان هەیە لەگەڵ ناسیۆنالیزم و حیزبییەت وەک دیاردەیەکی سەرمایەداری مۆدێرنە کە لەکۆمەڵگای کوردیدا لەلایەک پیرۆز و لەلایەکی دیکەوە حەرامە، نابێ قسەی لێبکرێ، ئەمە سەرەتای تێگەیشتنە لە پارادۆکسی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی.

رەنگــە زۆر جــاران ئــەوە بزانــن کــە قســەکردن لەعیلمانییــەت و دیموکراســی، قســەکردن نییــە لەشــتە حەرامکراوەکان، یان بەمانایەکی دیکە وەها پێناسـەکراوە کـە قسـەکردن لەعیلمانیـەت ئەوەنـدەی هێرشـە بـۆ سـەر بەرژەوەندیەکانـی حکومـەت و بـۆ سـەر ئاییـن، چونکـی ئاشـکرایە (ئاییـن) (ئیجتیهـادی زاتییـە) واتـە خوێندنـەوە تێڕامانـی کەسـییە، بـەڵام حکومـەت پەیوەندیـی دەسـەڵاتە بــە سیاســەت و ئابوریــەوە، بەبەرژەوەندیەکانیــەوە کــە نابــێ کــەس لەنهێنیەکانــی بزانێــت و شــارەزایی لەدەســتوورو نەخشــەکانی ببێــت و ڕەخنــەی لێبگرێــت، بڵــێ بــا دیموکراســیانە کاری هاوبــەش ئەنجــام بــدەن وەک پەیمانێکــی عیلمانــی لەنێــوان فــەرد و دەوڵــەت، حکومــەت کــە تائێســتا نزیــک بــە ١٠ کابینــەی گۆڕیــوە، ئـەم پرنسـیبانەی نەکردۆتـە جێگای گرنگـی پێدانـی عەقڵ و لۆژیکـی دەسـەڵات لـەدژی گەندەڵـی ئیداری یـان دژی توندوتیــژی گومرگــەکان و نزمــی کــرێ و بێــکاری و هتـد، نەکـراوە و نەبۆتـە نەریـت داوا بکرێـت کـە ئەمانـە مافـی سـەرەتایی و داواکاری قـورس نییـن لەدەسـەڵات، بەپێچەوانــەوە ئەمــە نەریتێکــی دیموکراســییە، بــەڵام رەنگـە دیسـان ئەمـە ترسـێک بێـت لەدیموکراسـی یەتـی وەهمــی بەمانــا هاوچەرخەکــەی، لەکاتێکــدا بابەتــی پیرۆزکــردن وەکــو ئاییــن و نەتــەوە و ئــاڵاو کولتــوور و عەشـیرەت و بنەماڵـە و تەنانـەت کەسـایەتیش، وەکـو کارتێکـی بەهێزتـر لـە مـاف و پێداویسـتی ئینسـان کاری

پێدەکرێت کە خەڵک خۆشیان بە گرینگتری دەزانن.
لەهەموو دونیا ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە کە بودجەی ساڵانەی حکومەت و دەوڵەت و خەرجیەکانی بپێچێتەوە، یاخود کەیسە جیاجیاکانی دادگا هەڵبداتەوە و کاری تێدا بکات، ئەمە لەکوردستان و عێراق نەک هەر قەدەغەیە، بەڵکو هەر ڕۆژنامەنووسێک بەم کارە هەڵبستێ دەستگیردەکرێ و بەدەستی دەرەکی و عینوانی سیخوڕی تر ناوزەد دەکرێت، کەچی بەدەیان رۆژنامەنووس و دەزگای رۆژنامەنووسی راگەیاندنی ساختە درووست دەکرێن و دیکرێن بە خاوەنی بۆچوونی تایبەتی سیاسی، تەنها لەبەرامبەر ئەوەی کارەکانی حکومەت و مەرامە سیاسییەکانی خۆیانی پێ مەیسەر بکەن. ئەمە دیموکراسیەتی حزب و دەسەڵاتی حکومەتە حیزبیەکانی عێراق و کوردستانە، یان دیموکراسیەتی گروپە بەناو ناڕازی و گۆڕانخوازەکانی کوردە کە لاسایی کەرەوەی وڵاتانی رۆژهەڵاتە.

## ئیدیۆلۆژیای ئیدیاڵە جیاوازەکان

پرسی سەرەکی کۆمەڵگەکان بە هەموو شێوەکانیانەوە لە رۆژئاواو لە رۆژهەڵات بە ئاسیا و ئەفەریقاوە، پرسی پاراستنی ژیان و کولتوور و مافی مەدەنی و مافی تاک و مافی سیاسییە کە بە ئیدیۆلۆژیا کراوە، بەتاڵبوونەوەی هەر خەیاڵێک بۆ ئەو بەهەشتە وەهمییە، یان دابەزین بۆ خوارەوە کە دەرەنجام شکستی بەختەوەری ئینسان بێت لە سایەی ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستا، مەسەلەی شکستی گۆڕینی ئەو واقیعەیە کە ئیدیۆلۆژیای زاڵ کردووە بەناوی دیموکراسییەتەوە کە دەرکەوتووە بۆ گشت وەهمە، بەڵام پرسی ئیدیۆلۆژیا وەکو زاراوەیەکی فکری و فرە مانا، ئیدیۆلۆژیا بەپێی تێگەیشتنی (سلاڤۆی ژیژاک) کە بیرمەندێکی نیو مارکسی رۆژئاواییە، ئیدیۆلۆژیا چەمکێکە وەکو ئەوەی هەر فەیلەسوفێک بەرگری لە ئایدیای خۆی پێدەکات و رەوایەتی بە سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدات، بۆیە ناتوانێ خۆی بباتە دەرەوەی مێژوو و سیستمە سیاسییەکان، ئەلێرەوە ئەم چەمکە لەرێگەی سیستمە سیاسیی و

کۆمەڵایەتییــە جیاوازەکانــەوە خــۆی بەرهەمدێنێتــەوە، کەوابــوو پرســیارێکە موناقەشــەی زیاتــر دەوێ لــەوەی هەیــە و لــەوەی تێگەیشــتنی لەبــارەوە کــراوە.

ئیدیۆلۆژیــا لــە پێکهاتەکەیــدا بەواتــای تێڕوانینــی بــۆ مەعریفــە دێــت و ئەوانــەش کــە نزیکــن لــەو مەعریفەیــەی کــە رەخنــەی تایبەتــی هەیــە بەرامبــەر بەکێشــەی فەلســەفی هەیەتــی، چونکــە فەلســەفە بــۆ خــۆی پرســیاری هەیــە و بەرامبــەر پرســیاریش وەڵام هەیــە، بــەڵام رەنگــە وەڵامەکــە جێگــەی قبــوڵ نەبێــت، بۆیــە ئیــدەی جیــاواز بەهــا بــە تێگەیشــتنی جیــاواز دەدات و ململانــێ درووســت دەکات و لەنێــو خوێنــەر و خەڵــک بەگشــتی جێکەوتــە دەبێــت، ئەمــەش وادەکات کــە دواجــار ببێتــە ئیدیۆلۆژیــا. «لــە راســتیدا ئیدیۆلۆژیــا لــە ژیانــی رۆژانەمانــدا زیاتــر بەکاردێــت کــە هەندێکجــار وەکــو ســەرهەڵدانێک لەســەر ئاســتی ئەخلاقــی و تائــەو جێگەیــەی دەبێتــە شــت کاری پێدەکرێــت، هەروەهــا لــە مەیدانــی سیاســیشــدا کاری پێدەکرێــت، وەختێــک پیاوانــی سیاســی لــەڕووی جیــاوازی حیزبییــەوە یەکتــر تۆمەتبــار دەکــەن بــە ئیدیۆلۆژیســت و فکــری ئیدیۆلــۆژی بەیەکتــرەوە گرێــدەدەن، بــەو مانایــەی کــە وەهــای نــاو دەنێــن، گوایــە کەســی بەرامبــەر بــێ مەعریفــەت و بــێ رۆشــنبیرییە، وەکــو خــۆ بەکەمزانێــک، بەرامبــەر بــە شــتێکی دیاریکــراو خۆیــان تەماشــا دەکــەن، بــۆ نموونــە ئەوانــەی کــە خۆیــان و توانایــان دەخەنــە جێگــەی گومــان و خــراپ چــاو لــە پەیوەندییەکانیــان دەکــەن». (٣٩)

ئیدیۆلۆژیا لەپێناسەیەکی کورتدا کە پێناسەیەکی سوننەتی یە، بەو مانایەی چەمکێکی سیاسییە « راستییەکەی بریتییە (لەبیر. یان ئایدیایەکی سیاسی فکری)، بەمانا زانستیەکەشی بریتییە لە زانستی بیر بۆ پێناسەکردنی بڕوایەک، یان فکرێکی دیاریکراو، لەزمانی فەرانسیدا بەمانای وێنا دێت واتە (تصور) و (ئەندێشە)، یان بەمانای ناسینی زاراوەی سیاسی دێت کە بریتییە لە فەلسەفەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی کە تێیدا کردە و بیر بە یەک ئەندێشە گرنگایەتیان هەیە.

ئەم زاراوەیە یەکەمجار لەسەردەمی شۆڕشی فەرانسی لەلایەن دێستۆس دۆتراسی (١٧٣٦_١٧٥٤) بەکارهاتووە، جاری واهەیە ئەم زاراوەیە مانایەکی پوخت لە خۆ دەگرێ، جاری واش هەیە مانای ناپوختی هەیە، مارکس لە کتێبی ئیدیۆلۆژی ئاڵمانیدا ئیدیۆلۆژی بەواتایەکی دزێو و جنێو ئامێز بەکار دەبات، بەمانای زڕە هۆشیاری و هۆشیاری درۆ لێک دەداتەوە».[٤٠]. (لوی ئالتۆسێر) لەکتێبی (ان تکون مارکسیا فی الفلسفە) دەڵێ (ئیدیۆلۆژیا وەک کردارێکی ماددی بەواتای بابەتەوە گرێدراوە، لەئەنجامدا ئەم دوو تێزەی لێبەرهەمدێت، یەکەمیان هیچ کردارێک بوونی نامێنێت، دووهەمیان ئەگەر لە ڕێگەی ئیدیۆلۆژیا خۆی لەناو ئەودا نەبێت، بەم مانایەش هیچ ئیدیۆلۆژیایەک بوونی نییە ئەگەر لەلایەن بابەتەوە بۆ بابەت نەبێت، بەمەرجێک ئەو باوەڕانە کار بکەن بۆ ئەو کەسانەی

باوەڕدارن خۆیان بەند کردووە بە ئیدیۆاژییایەکی دیاریکراوەوە). لەلایەکی ترەوە بڕوای (لیوی ئالتۆسێر) ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەو بابەتانە دەگوڕێت کە ناتوانین پێگەی کرداری خۆیان لەناو فۆرمۆلەبەندی ئیدیۆلۆژیای دیاریکراودا دیاری بکەین، چوونکە ئێمە باوەڕمان وایە بیروڕاکانی ئێمە راستەقینەن، نموونەی ریکلامەکانی سەر شەقامەکان کە نموونەی ئیدیۆلۆژیای کرداری سیستمی سەرمایەداری هاوچەرخن.

هەرچەندە ئەم ئیدیۆلۆژیایە نابینرێت و دەمارگرژیشی تێدا نییە، جگە لەوەی لەرێگەی ئەو کردارانەوە ئینسان دەکات بەکاڵای بازاڕ، ئەمەش ئەوکاتە هەستی پێدەکرێت کە سەرمایەدار دەیهەوێ ئەوە بخاتە بیری چینی هەژار کە مل بەجێگا و شوێنی خۆی بدات، وەکو چۆن جوتیار بە بۆنەی مولکەکەیەوە بڕوای بە بەوە هەیە کە پەنجەکانی دەست وەکو یەک نیین، ئاوهاش مولکی هەموو کەس وەکو یەک نابێت و بەروو بوومی هەموو کەسیش وەکو یەک نابێت، بەڵام لەفەزایەکدا رەگەزگەلێکی پێکەوە نەبەستراو لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە، ئەویش ململانێ کۆنەکان و ململانێیانەی کە رەگوڕیشەیان هەیە، فکر و ئیشکالیاتە سیاسیەکان و ئەو پرۆژانەی کە ئابوریین و لەجەوهەریشدا هەڵگری ریتواڵی تایبەت بە خۆیانن، تەنانەت هەر تیۆرەیەک لەو تیۆرانەی لەکایەکانی سیاسەت و ئەدەب و کۆمەڵناسیش کاریان پێدەکرێت،

لـە گۆشـەیەکی فەرهەنگیدا دەبن بە ئیدیۆلۆژیا، چونکە کۆمەکـی فکـری و ماترریاڵـی بـۆ کۆدەکریتـەوە، سـەرەتای ئایین و دەسـەتگەرایی و دەوڵـەت و سیسـتم و دیدگای سرووشتناسـی و هتد بەم شـیوەیە چەکەرەیان کـرد .

ئیدیۆلۆژیا پێشـتر چوارچێوەیەکـی دیاریکراوی فکری هەبـوو، بـەڵام لەسـەردەمی رۆشـنگەریدا دوای ئـەوەی لەدونیـای سیاسـەت و ئاییـندا کاری پێکـراو شـەڕی جۆرجـۆری پێکـرا، بۆیـە لـەدوای رۆشـنگەری باشـتر پێناسـەی وەرگرت، بۆ نموونـە قۆناغەکانی رۆشـنگەری یەکەمیـن قۆناغـی ئەوەبـوو پێـش درووسـتبوونی عەقـڵ وەکـو ئـەوەی لـەدوای سـەرکەوتنی تەکنۆلۆژیـا و پیشەسـازی سـەرمایەداری بەرهەمهـات، دواتـر قۆناغی شـیکردنەوەی تێکسـتە ئایینیـەکان بـوو، قۆناغـی تاکرەهەنـدی لـە مێژوویـی مرۆڤایەتـی بـوو، ئاشـنا بـوون بـە نهێنیەکانـی ژیـان کـە دەوڵـەت و بیرۆکـەی دەوڵەتـی ئایینـی و دەسـەڵاتی ئایینـی یەکێـک لـە بەرهەمەکانـی پێـش رۆشـنگەری بـوو، هەروەکـو (کارل مایـن) دەڵـێ (ئیدیۆلۆژیـا لەمانـا گشـتیەکەیدا بریتـی یـە لـە چوارچێوەیـەک بـۆ سیاسـەت و ئاییـن کـە گرێدراوی کۆمەڵایەتـی و ئابـوری و سیاسـییە)، لەهەندێک شـوێندا پێکهاتەیەکـە لـە بڕواهێنـان بـە دژکاری زانسـت و دابەشـکردنی کۆمەڵگـە بەسـەر بیرکردنـەوەی تیـۆری جیـاواز کـە دواتـر دەبێتـە هـۆکار بـۆ بەرهەمهێنانـەوەی

بـەرەی جیـاواز کـە سـەرەتا لـە دەسـتەبژێرەوە دەسـتپێدەکات، پاشـان لەژیانـی ئاسـایی و نائاسـایی ڕۆژانـەی جەمـاوەردا ڕەنگدەداتـەوە و هەندێک جاریـش دەبێتـە کوولتـوور، ئەمـە ئەوکاتـە هەسـتی پێدەکـرێ کـە دەبێتـە ڕوحیەتێـک و کاری پێدەکـرێ یـان دەبێتـە بیرۆکەیـەک و واقیعیـەت وەردەگـرێ. بـەڵام ڕەهەنـدی جیـاواز لـەم چەمکـە فکرییـەدا ئەوەیـە کـە وێنـەی واقیـع دەگـرێ و لەنەخشـەیەکی دیاریکـراودا دەبێتـە ئەخلاقـی کۆمـەڵ.

لەشـوێنێکی دیکـەدا ئیدیۆلۆژیـا دەبێتـە پێـوەر بـۆ خوێندنـەوە و دیاریکردنـی سکێچی سیاسـی، یان بنکـەی کۆمەڵایەتـی لەنێـو فـەزای سیاسـیدا. ئـەم حاڵەتەیـان هەمیشـەییە و بەبـێ خـۆ نمایشـکردن لەزەینـی هەمـوو تاکێکدایـە، یـان باشـتر بڵێـم لەجەوهـەری سیاسـی هەمـوو قەوارەیەکدایـە و سـەرەتا بەسـەر کۆمەڵگـەدا ڕەنگدەداتـەوە و دواتـر بەسـەر تاکـدا کـە دەبێتـە هۆکارێـک بـۆ سـتایلی بیرکردنـەوە، ئەگـەر بیرۆکەکـە سـەر بـە قوتابخانـەی لیبڕالیـش بێـت.

«وشـەی ئیدیۆلۆژیا وشـەیەکە لەپێکهاتـەی دوو وشـەی یۆنانـی کـە بەمانـای زانسـتی ئەندێشـە دێت، بـەڵام بـۆ یەکەمجـار لەنێـوان سـاڵانی ١٧٩٦ بـۆ ١٧٩٨ (ئانتـوان دووتراسـی) لـەڕووی ئاکادیمییـەوە بەکاریهێنـاوە، کاتێـک هەواڵـی لەژێـر ناونیشـانی نامەیـەک دەربـارەی هێـزی بیرکردنـەوە لـە ئینسـتیتۆی نەتەوەیـی پاریـس هێنایـە

ئاراوە، پاشان لەشێوەی کتێب و بەناوی (ئیدیۆلۆژی) ساڵی ١٨٠٠_١٨١٥ چاپکرا، هەموو ئەوانەی کە گرینگیان بە کتێبەکەی دووتراسی دەدا، لەسەر ئەو باوەڕە بوونەی کە ئەم زانستە دەتوانێ کاریگەری گەورە درووستبکات. بەتایبەت لەسەر فێرکردن و بارهێنان، هەروەها دەڵێ مارکس بە مەبەستەوە ئەم وشەیەی بەکارهێناوە و بەدوو شێوە بەکارهێناوە، یەکەم بۆ چاودێریکردنی ساکاری مێژوویی، دووهەم بۆ بوونی تاقمێک لەبیرمەندان، واتە ئیدیۆلۆژیکەکان کە پلەی سەرەکی ئەم تاقمەن، کە بەرچەسپی ئابوری زانانی سیاسی و بۆرژوا لیبرال و سوک و چروک و بێ بایەخەکان ناو دەبا». [٤١].

لێرەدا ئەم چەمکە وەکو کەرەستەیەک بۆ کارپێکردن و سیاسەتی دەوڵەت پێناسە دەکەینەوە، دەوڵەتی ئیدیۆلۆژی ئەو دەوڵەتەیە کە دەزگاکانی وەکو پارلەمان و حکومەت و جومگەکانی حکومەت و یاسادانان و فەرهەنگەکەی کە تەواوی کۆمەڵگە کاری پێدەکەن، لەرێگەی دەستوورێکەوە دادەنرێت کە پێشتر بیریار و شارەزاکانی بواری یاسا و کولتوور و ئایین لەگەڵ گۆڕینی سیاسەت و ژیانی رۆژانەدا تەریبیان کردووە، بۆیە دەستووری هەر دەوڵەتێک وەردەگرین بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و کوولتوور و مێژوو و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، هیچ بڕگەیەکی یاسایی و دەستووری دانەڕێژراوە و تاکیش بەو دەستوورە

لەخۆڕانیە کە ملکەچ دەبێ و ئەرک و مافی خۆی دەزانێ، لەبارێکی دیکەشدا دەوڵەت لەخۆڕا نییە بەپێی بنەماکانی ئەو دەستوورە سیاسەت دەکات چ لەناوە و چ لەدەرەوەی وڵات.

«ڕەوابوونی مۆدێرن شێوە و ڕوخسارێکی زیاتر نییە، کە ئەویش ڕەوابوونی دیموکراسیە کە چەمکە پەیوەستەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، یاسامەندی، خوازەی گشتی، فەرمانڕەوایی و هتد لەناوەخنیدایە. ئیدیۆلۆژیا لە بۆچوونی مارکسیستیدا ئەو بۆچونانەن کە لەهەر سەردەمێکدا باڵادەستن، ئەو بۆچوونە باڵادەستانەی هەر سەردەمێکیش ئەندێشەی چینی دەسەڵاتدارە، ئیدیۆلۆژیا هەرچەندە لەناواخندا گونجاو دیارە، بەڵام هەر لەبنچینەوە ڕوشاوی و درزی تێدایە، واتە ئەو واقیعبوونەی کە لەڕێی زمانەوە دەکرێت ڕوونبکرێنەوە، ڕوون ناکرێنەوە و دەریناخات، ئیدیۆلۆژیا بەڕای مارکس واقیع بەشێوەیەکی درۆینانە نمایش دەکات، لەکۆتایشدا ئیدیۆلۆژیا تەنها بەپاساودەری بەرژەوەندی و دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار دەژمێردرێت. (ویلفردۆ پارتۆ) وشەی بژاردەکان و نمایشەکان لەبری ئیدیۆلۆژیا لە بۆ باسکردنی ڕوخساری ڕواڵەتی غەریزەکان و خوازە ژێرخانەکانی تاکەکان بەکاردەهێنا، (گای تانۆ مۆسکای) نووسەری ئیتاڵیش فۆرمۆلی سیاسی لەبری وشەی ئیدیۆلۆژیا بەکاردەبرد، (کارل مانهایم) نووسەری ئاڵمانی کارنامە

ئیدیۆلۆژیەکانی بە ئامرازێکی چینی دەسەڵاتدار لەبۆ پاراستنی خۆی پێناسە دەکرد، کە مەحاڵە ئەندێشە و هزرەکان بریندار نەکات، بەهەرحاڵ ئیدیۆلۆژیەکان ئەو دەزگایانەن کە دەوڵەتەکان لەرێگەیانەوە رەوای بەخۆیان دەبەخشن» [٤٢].

بەڵام راستیەکەی ئەمە مانا گشتییەکەی نییە بۆ چەمکی ئایدیۆلۆژیا، بۆ نموونە کەسێک هەڵگری ئیدیایەک بێت و خۆی بەکەم بزانێ بەرامبەر کەسێک کە رۆشنبیرییەکی شمولی هەبێت و بەرامبەرەکەی بە بێ مەعریفەت ناوزەدی بکات و راست بێت، یان ئیدیاکەی نموونەی بالأی ئەو بێت و لەو نموونە باڵایەش لانەدات، یان لەو رۆشنبیرییە لانەدات کە بڕوای پێیەتی، بە پێچەوانەوە ئەمە ئیدیا گۆڕینەوەیە و ئیدیۆلۆژیاش بەم شێوە بەیان دەکرێت.

لە مانایەکی تردا چەمکی ئیدیۆلۆژیا بڕوایە ئەگەر خۆی وەکو زاراوە و مانا خۆی بزر نەکردبێت، هەمان مانای خۆی بەهەر نرخێک بێت خۆی بەرهەمدێنێتەوە ئەگەر بزر نەکرێت. «ئیدیۆلۆژیا لە مانا بنچینەییە سنووردارەکەیدا خۆی بزر کرد، بەڵام پەیوەندیی هەر لەگەڵ سیاسەت و بڕوا فەرمییەکاندا مایەوە، بەهەر حاڵ مانا زاراوەییەکەی لەگەڵ سەرهەڵدانی پاکێجی ناپلیۆندا بەریەک کەوت کە مانای بڕوا هێنان بوو بە کۆماری یان شۆڕشگێڕی، بەو مانایەی هەر بڕوایە کبە

سمکۆ محەمەد

بارتەقای پۆستی ناپلیۆن و دوژمنەکانی بوو، بەڵاو ئەم زاراوەیە هیچ مانایەکی نەرێنی وەرنەگرت و بەپێچەوانەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەکارهات». [٤٣].
بۆیە ئێمە ئێستا لەم چەرخەدا کە زاراوەکە وەکو زاراوەیەکی قیزەون ناو دەنێین. چونکە شێوەیەکی نەرێنی فکری سیاسی بەرهەمهێناوە، بەوپێیەی کە پەیوەندییەکی دیکۆمێنتاری واقیعی نییە لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتی بە سیستمی سیاسییەوە.

رەخنەی مارکسی لە ئیدیۆلۆژیا و خۆ دەرکردن لەو بازنەیە کە بەمانای ئەوەی مارکیسزم ئیدیۆلۆژیا نییە، ئەوەیە کە ئەو پێدراوەی پێشکەشی کردووە کە لەدەرەوەی موناقەشەی زانستییە دەربارەی خودی چەمکەکە، ئەمە لەسەرەتای رەخنەگرتن لە ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی دەستی پێکرد کە رەخنەبوو لە فکری هیگڵ و فیورباخ، کەوابوو لێرەوە کێشەی زاراوەکە سەرهەڵدەدات و تیۆری بەهای فکری دەبێتە ئەلتەرناتیڤی فکری سیاسی و مارکسیزمی رەخنەیی سەرهەڵدەدات.

ئەو رەهەندانەی کە زاراوە یان چەمکی ئیدیۆلۆژیا بەرهەمیهێناوە و بووەتەوە بوونێکی واقیعی و پێدراوی فکری و شیکردنەوەی بۆ کراوە، یەکەم ئەوەیە کە ئیدیالیزم بەهەموو کەموکورتییەکەوە جۆرە فکرێکی هەبووە کە لە دوو حاڵەت دەرنەچووە، یەکەم مەسەلەی روحانییەت بووە، حاڵەتی دووهەم بوونێکی واقیعی و

عەقلانـــی لەســـەر بنچینـــەی گرێدانـــی روح بـــە عەقڵـــەوە، مەبەســـت لـــەو پنتەیـــە کـــە هەردوکیـــان پێگـــەوە گرێبـــدات و وەریـــان بگرێـــت، چونکـــە ئـــەو دووانـــە بازنەیـــەک بـــۆ موناقەشـــە دەخوڵقێنـــن کـــە دواجـــار عەقڵـــی هەقیقـــی بـــۆ ئینســـان بـــەر هەمدێنـــن، ئـــەم رســـتە رەق و فـــرە مانایـــە لـــە مانـــای ململانێـــی هێـــز و بەدەســـتهێنانی هونـــەر و تەکنیکـــدا خـــۆی دەســـەلمێنێ، لێـــرەوە ئیدیۆلۆژیـــا مانـــای ئیـــدراک و دیاردەی فەلســەفیدا تێکـەڵ بەیەکتـر دەکات و دەیانـکات بـە یەک پلـە، ئەویش ئاسـان کـردن و کورتکردنـەوەی پێـوەرە فکرییەکانـە کـە بـە ئیدیۆلۆژیـا ناوبـراوە. لـە کاتێکـدا ئـەم چەمکـە لـە دەرەنجامـی ئـەوەوە هاتـووە بەبـێ ململانـێ هیـچ شـتێک گەشـە نـاکات، ئەگـەر ئیدیۆلۆژیـاش گەشـە نـەکات ئـازادی رەخنـە گرتـن هیـچ مانایەکـی نامێنێـت.

«ئیدیۆلۆژیـاکان دەتوانـن لـە رێگـەی دەسـتکارییەکی بچووکـی ئـەو وشـە و دەسـتەواژانەی بەکاریدەهێنـن، فرەیی مانـا هەڵبگرن، سـەرەڕای ئەمـەش بـە هەماهەنگی لەگـەڵ تێڕامانـە سـایکۆلۆژییەکان، کاریگـەری لایەنـی نائاگایـی پەیتـا پەیتـا هەسـتی پـێ دەکـرێ، دواجـار رێزمـان بـوو بـە بەکارهێنانی زمانێکی رەسـەن، زمانێک لـە ئاسـتێکی نـا ئاگاهیـدا درووسـت بـووە، بـە هەمـان شـێوە دەشـێ گریمانـەی ئیدیۆلۆژییـەکان پەیوەسـت بـە واتاکانی ئەو وشـە و ئایدیایانـەی کە هانایان بۆ دەبەین، بەشـێوەیەکی نەزانـراو هەڵبگیردرێـن».(٤٤) ئـەم تێڕوانینـە کاریگەرییەکـی تـەواوی لەسـەر بیری سیاسـی ئامانجدار

دانـا، بەتايبەتـی ئەوانـەی بـە ئەنگلـۆ زمـان قسـە دەکـەن و ئەزموونيـان لەسـەر ئـەو ئايديـا زمانـە وەرگرتـووە، چونکە زمانی عەقلانی سیاسیان بۆ کۆنترۆڵ نەدەکرا، بەتايبەتيـش بـۆ بەريتانيـا کـە بـە درێژايـی زياتـر لـە نيـو سـەدە حاکمييەتـی رۆژهەڵاتييـان کـرد، کەچـی واتايەکـی تـەواو پێچەوانـەی ئايديـای سياسـی خۆيـان دانەهێنا، وەکو چۆن فەرانسييەکان لە وڵاتانی میسر و جەزائير و لوبنان و مەغرب و تونس لەرووی زمان و کوولتووريشـەوە دايانهێنا و تا ئێستاش بەو کوولتووره مامەڵـە دەکـەن، بـەڵام بەزمانـی خۆيـان قسـە دەکـەن و ماناکانيـش هەمـان ئـەو مانايانـەن کـە فەرانسـايەکان دايـان هێنـاوە و بـووە بـە تێکەڵەيـەک لـە زمانی عەرەبی، ئەمـەش وەکـو ديموکراسـييەتی کۆلۆنيالـی قبـوڵ کـرا لـەرووی زمانەوانييـەوە، چونکـە کاريگـەری پۆزەتيفـی کـردە سـەر پەيمانـگا و زانکۆکانيـان.

«ديموکراسـی جهانـی بـە پێـی مافـە يونيڤێرسـاڵ يـان هەمەگيـرەکان، بەشـداری خەڵکـی، نەهێشـتنی هـەژاری و سـڕينەوەی کۆمەڵايەتـی و هتـد، وەک بەشـێک لـە مۆدێرنيزاسـيۆنی تێڕامانـی راسـتەقينەيە، کەچـی ئـەوەی هەيـە بانگێکـی ئاسـاييە بـۆ دامەزراندنـی دەسـتووری نوێـی جهانـی وەک ئايدياليکـی ديارينەکـراو کـە خـۆی رێـک لەمپەرێکـە لەبـەردەم هـەر هەوڵێکدا بۆ بەديهاتنی راسـتەقينەی ئـەم دەسـتووره دەبينيـن ئـەم گوتانـەدا هەمـان پاشـکۆ يـان تەواوکـەری ئايديۆلۆژيکێکـن کـە

هەمیشـە لـە کاردایـە».[٤٥]
پێشـتر ئاڵتۆسـێر لـە کتێبـی (خوێندنەوەیـەک بـۆ سـەرمایەداری) واتـە (قـراءە لراسـمال)، باسـی دەوڵەتـی دامەزراوەیـی کـرد وەکـو رەخنەیـەک لـەو تێـزەی مارکـس پێشکەشـی کـرد بـۆ دەوڵەتانـی سـتەملێکراوی وەکـو مەجەڕسـتان و ئێرلەنـدا و هتـد، کۆمەڵگـەی ئیدیۆلـۆژی ئـەو کۆمەڵگەیەیـە کـە لەقالـب دەدرێـن وەکـو یـەک بیردەکەنـەوە و وەکـو یـەک تەماشـای ژیانـی سیاسـی دەکـەن، سـەرباری ئـەوەش ئیدیۆلۆژیـا ئایدیـای سیاسـی نییـە، بەقـەد ئـەوەی پرۆسـەیەکی بەرهەمهێنانـەوەی خۆیەتـی لەنێـو دەزگاکانـی دەوڵـەت، «ئاڵتۆسـێر لەوتارێکیـدا لەژێـر نـاوی ئیدیۆلۆژیـا و دەزگای ئیدیۆلۆژیکـی دەوڵەتـدا بەتێروتەسـەلی باسـی لـە ئیدیۆلۆژیـا و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ زانسـتدا کردۆتـەوە، بە باوەڕی ئەو واقیعێکی ماتریالی لەدەزگا و شـێواز و رۆڵـە بابەتییەکانـدا دەردەکـەوێ، لـە خەباتـی سیاسـی و ئیدیۆلـۆژی و فەلسـەفیدا، وشـەکان وەکـو چـەک و مـاددەی سـڕکەر ژەهراویـن، لەشـوێنێکی تـردا دەڵـێ (بەگشـتی دەزگا دەوڵەتییـەکان بـە دوو بەشـی ئیدیۆلـۆژی سـەرکوتکەر لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، سیسـتمی قوتابخانـە وەک یەکێک لـە لەگرینگترین پێکهاتەکانی دەزگای ئیدیۆلۆژی دەوڵەتـە، چونکـە سیسـتمی دابەشـکردنی کۆمەڵـگا بەرهەمدێنێتـەوە و رۆڵی نەرێنی دەبینن».[٤٦]. هـەروەک

چۆن ئێستا سیستمی خوێندن بووه به كه‌رتی تایبه‌ت، له‌وێوه ئیدیاكه ده‌رده‌كه‌وێت و چۆن دابه‌شكار له‌نێو گروپێك بۆ گروپێكی تر، هه‌روه‌ها خوێندكاری چینێك بۆ چینێكی تر ده‌رده‌كه‌وێت، ئه‌مه‌یان پێی ده‌گوترێت ئیدیۆلۆژیای پراكتیكی سه‌رمایه‌داری.

چه‌ند ده‌زگایه‌كی یه‌كسان له‌نێو ده‌وڵه‌تی تۆتالیتاریادا هه‌یه‌، وه‌كو ئه‌وه‌ی (هانا ئارێنت) باسی ده‌كات، یه‌كێك له‌ ده‌زگا ئیدیۆلۆژییه‌كانی ده‌وڵه‌ت، زانكۆكانه‌ كه‌ به‌ناو سه‌ربه‌خۆ و ئاكادیمیست و زانستخوازییه‌، چونكه‌ ئه‌و پویه‌ندییه‌ هۆشیاریه‌ی كه‌ له‌نێو ئه‌م ده‌زگایه‌وه‌ به‌رهه‌مدێته‌وه‌ و جارێكی تر به‌رانگاری هێزه‌ دژه‌كان ده‌بێته‌وه‌، ئه‌م ده‌زگا بێناونیشان و نه‌ریتخوازه‌ ئیدیالیستیه‌ كه‌ به‌ناوی ماتریاله‌وه‌ به‌رگری ده‌كات، مه‌سه‌له‌ی جیاوازی چینایه‌تی له‌نێو خودی خوێندكاراندا و به‌ فۆڕمی جل و به‌رگیاندا ده‌توانین بیانناسینه‌وه‌، باشترین سه‌لمێنه‌ری ئه‌و راستیه‌ن كه‌ ئه‌م ده‌زگایه‌ هه‌موو قورسایی خۆی له‌بری داهێنان و خۆبه‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی زانست و مه‌عریفه‌ و گوزاره‌ی ئه‌و ده‌نگه‌ی كه‌ ناڕازییه‌ به‌هۆی ژیانی رۆژانه‌یانه‌وه‌، كه‌چی به‌ دابینكردنی كه‌ره‌سته‌ و پێداویستیه‌كانی ژیانی رۆژانه‌ و بێده‌نگبوونیان، ئه‌وه‌ ده‌سه‌لمێنێ كه‌ وه‌كو ماركس باسی كردووه‌ توێژێكی هه‌لپه‌رستن و به‌ئاگا و به‌بێ ئاگا به‌رگری له‌ ئدیۆلۆژیای ده‌سه‌ڵات ده‌كه‌ن له‌هه‌ر كایه‌كی سیاسی و زانستی و مێژوویی و ئایینی

و هتد، دەزگای دووهەم سەربازیی و بەهۆی پلەبەندی نێو سوپا ڕێزگرتنی پلەی نزمتر لەبەرزتر، شێوەیەکی یەکسانی هەیە و بەپێی زانست و ماف (ئیستحقاقی زانستی) ئەم دەزگایە مەرامەکانی دەوڵەت ڕێکدەخات و هیچ بنەمایەکی تۆتالیتاریشی پێوەدیار نییە.

دوابەدوای ئەوەی کە تێدەگەین توێژی خوێندکار چەند ئیدیۆلۆژین، ئەوان دەبن بە گروهێکی گەورەی مەعریفی کە دواجار خۆیان لێدەگۆڕێت و دەبن بە کارێکتەری وەهمی و پاڵەوانی وەهمی شۆڕشگێڕی و دژە دەسەڵات، کەچی غرورێکی وەهمی لەنێو ئیستاتیکای زانستیدا و لەنێو وەهمی هەڵوێستگەراییدا نوقم بوون لەنێو هاوکێشەکاندا.»داوای بنچینەیی بۆ ئەم تایپەی کە ڕەخنەی زانستی بە بارتەقای جیاوازی لە بەرهەمهێنانی شێوازی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و ئیدیۆلۆژیای گشتی و ئیدیۆلۆژیای ئیستاتیکی و ئیدیۆلۆژیای دانەر ناکات، ئەمەش بە درێژایی کات بەلای تێکەڵبوونی لێدانێکی زۆر دێت لە گرێی گۆڕین، هەروەک ئەوەی بەشێک لە دانەرەکان خاوەنی ئەو تیۆرەن، دەکرێ مێژوو بەو هاوکێشەیە بشوبهێنین کە هەموو شتەکانی بە پێناسەوە تێکەڵ کردووە و ناوی ناون».[٤٧]. ئەمەی سەرەوە هەمان ئەو تێڕوانینە هەڵەیە بوو کە هەموو مانا و پێناسە جیاوازیەکانی تێکەڵ کردووە و کردوونی بە خۆراکێک و خەڵک بەبێ ڕۆشنبیرییەکی ئارکۆلۆژی و هەڵوەشاندنەوەگەرایی

بەکاریدەهێنن و دوورنییە کاریشی پێنەکەن لە ناوەندە ئەکادیمییەکان، ئەوەی کە هەمیشە بەو هەڵە زەقە لەسەر زاری خەڵک و خوێندکارەکانی بەشی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ئادابە، باشترین سەلمێنەرە کە بەو شێوەیە ئیدیۆلۆژیا ناسراوە کە هەڵەیەکی کوشندەی فکرییە.

«ئیدیۆلۆژیا بە پێچەوانەی چەمکەکە مومارەسە دەکرێت تا ئەو جێگەیەش کە لە ئاستی فکری و جەماوەری بوونەکەی کار دەکات، بەڵام دەرکەوتووە لەم چەرخەدا کە ناتوانێ بە پلەیەکی بە هێز و دوور کەوتنە لە دەسەڵات و نێوەندەکانی و باوەرپێکردن پێیان دوور بکەوێتەوە، بەڵام دەرەنجام هەموویان لە خزمەت یەکترن و تەوافوقیان پێکەوە هەیە و دەرەنجامی زانستیان لەیەکتر گەرەکە».(٤٨). ئەگەرچی»هەموو ئیدیۆلۆژییەکان دژێکی دیکەی خۆیان بەرهەمدەهێننەوە، چونکە بەرامبەرکێی فێربوونێکی دیکەی هەقانییەت و سیستمێکی راستەقینەیە، هەروەها هەڵوێستێکی ئۆپۆزسیۆنی هەردوکیانە، بەڵام خراپترین دوژمنەکانیان لە نێوان هەردوو لێکترازانەکە کە ملکەچی یەکترن، هەمان بەرگ لەبەر دەکەن، بەڵام دەبن بە جیاواز و جیابوەوەیەکی هەرەزەکاری یەکتر، ئەمە دەبێتە رق و کینە و تەواوی دەزگاکانی دەوڵەت ئەم راستییە دەسەلمێنن».(٤٩).

ئەگەر لەوڵاتانی رۆژئاوا وڵاتانی سەرمایەداری

پەرەگرتـوو لەبـاری تەکنۆلۆژیـەوە ئـەم سیسـتمە واتـە (دیموکراسـی) بەتـەواوی لەژێـر کاریگـەری ئابـوری و بـازاڕی ئـازاد هاوکێشـە سیاسـییەکان و گەمـە سیاسـییەکان بەڕێوەبـەرێ کـە لەسـەر سـندوقەکانی دەنگدانـدا خەڵکـی بـۆ ئامـادە دەکـرێ و پارەیەکـی زۆر لەڕێـگای کۆمپانیـاکان دەخرێتـە خزمەتـی ئـەو پرۆسـەیەوە، ئـەم کردەیـە واتـە خۆهەڵبـژاردن جگـە لەهەڵبژاردنـی چەنـد کەسـایەتیەکی سـەرمایەدار یـان کرێـکاری حیـزی و ئیدیالیسـتی ئیدیۆلـۆژی بـەولاوە، هیچـی تـر نییـە کـە بەنـاوی دیموکراسـی یـەوە ئەنجام دەدرێـت، ئەگـەر ڕۆشـنتر قسـەبکەین تێدەگەیـن کـە ئـەوە پیاوێکـی سـەرمایەدار نییـە خـۆی کاندید دەکات و هەڵیدەبژێـرن، بەڵکـو ئـەوە لیسـتی حیزبێکـی خـاوەن بەرژەوەندییـە و هیچـی تـر یـان خـاوەن کۆمپانیایەکـە بـۆ مانـەوەی لـە نێـو سیسـتمی ئابـوری دەوڵـەت، نـەک هەڵبژاردنی سیسـتم و پەیڕەوو پرۆگرامی حیزبێک یان خزمەتگوزاری یاخود لێهاتویی کەسایەتییەکی سیاسـی، یاخـود ئـەو کەسـەی کـە بەنـاو خـۆی کاندیـد کـردووە، جیاوازییەکـی زۆری هەیـە کـە لەوڵاتانـی پەرەگرتـوو پیـادە دەکـرێ، وە دەتوانـم بڵێـم هەڵـە حاڵـی بوونـە لـەم سیسـتمە، چونکـی ئـەوان گـرەو لەسـەر تواناکانـی سـەرمایە و تەکنۆلۆژیا دەکـەن و ئـەو قۆناغـەی ئێمەیان تێپەڕانـدووە کـە بەنیسـبەت ئێمـە دیموکراسـی زۆر تازەیـە، کۆمەڵـگای کـوردی لەژێـر کاریگـەری عەقڵـی

خیڵایەتـی و پاشـماوەی دەرەبەگایەتـی دایـە، هەروەهـا لەگـەڵ هاتنـی حیزبـی سیاسـیش بـۆ فـەزای کـراوە، هەمـان سـتایلی ژیانـی بینـی، بـەڵام بـە ئەدەبیاتێکـی دیکـە، بۆیـە کۆنترۆڵکردنـی گروپـە کۆمەڵایەتییـەکان و کردنـی بەکۆمەڵگەیەکـی زۆرەملـێ کـە لـەدەرەوەی ویسـت و ئـارەزووەکان و چارەنووسـی سیاسـی خەڵـک دوورە لەپرەنسـیپەکانی دیموکراسـی، بەمـەش حیزبیـان کـوردی دووچـاری بۆشـاییەکی سیاسـی بـووە، ئەوەتـا حیزبـە دەسـەڵاتدارەکانی رۆژهـەڵات، بەوانەشـەوە کـە خۆیـان بەئۆپۆزسیۆن دەزانـن ئـەو بۆشـاییە سیاسـیەیان بـە کولتـوور و ئەخلاقیاتـی سیاسـی پڕکردۆتـەوە کـە شـەرعیەت بـە دەسـەڵاتی خۆیـان بـدەن وەکـو حیزبـی خـاوەن پرۆگـرام، گوایـە میراتییەکـی مێژوویـی سیاسـییان بۆماوەتـەوە، ئـەم رەفتـارە سیاسـییە کـە تەنهـا لەکوردسـتان و پاکسـتان و بەشـێک لـە سـودان و وڵاتانـی ئەمدواییـەی دوای بەهـاری عەرەبـی مەوجـودە و کاری پێدەکـرێ، لەهیـچ شـوێنێکی دونیـا نییـە، بۆیـە هیـچ بەهایـەک بـۆ ئـەو دیموکراسییەتە ناهێڵێتـەوە کـە هەڵاوزەنـای بۆدەکـرێ، هەڵبـەت هـەر ئـەم لایەنەشـە کـە حیزبـی دەسـەڵاتداری لـە وڵاتـە پاشـکەوتووەکان، ترسـی هـەرە گەورەیـان لێنیشـتووە و لەئەلتەرناتیڤەکـەی دەترسـن کـە دواجـار لـەو بۆشـاییە سیاسـییەوە سـەرچاوە دەگـرێ کـە ئێسـتا لـە قەوارەکەیانـدا هەسـتپێدەکرێت، بۆیـە هەرچـی هەوڵیـان هەیـە تەنهـا بـۆ

ئـەوە دەیخەنەگـەڕ کـە هەرچـی زیاتـر کۆمەڵگـە بکەنـە کۆمەڵگەیەکـی ناتەندرووسـت و زۆرەملـێ لـەرووی ئیدیۆلۆژیـەوە، سـابا هـەر ئیدیۆلۆژییـەک بێـت، راسـت یان چەپ.

هەڵبژاردنی ئیدیۆلۆژیا تەنها لە پرۆسـەی هەڵبژاردنی پارلەمانیدا نییە، بەڵکو کەرەسـتەیەکی دیکـەی پراکتیکی سیاسـەتەی هاوچەرخـە، بزووتنـەوە فەندەمیتالیزمییەکانی پاکسـتان و ئەفغـان و سـربیا و ئەوانـەی دوای بەنـاو بەهـاری عەرەبـی هاتنـە سـەر شـانۆی سیاسـی، هـەر ئـەو بیانـووە بـوو کـە ئیدیۆلۆژیـا جارێکـی تـر خـۆی بەرهەمدێنێـەوە، کـە لەراسـتیدا مەترسـییەکانی دوژمنـە سـەرەکیەکەی سـەرمایەداری بـوو کـە رێگـەی لـە لـەو دیالیکتیکـە گـرت کـە خەریـک بـوو جێپێـی بـە پایەکانـی سیاسـەت لـەق دەکـرد، ئەویـش بزووتنـەوە چـەپ و رادیکاڵ و نیو لیبرالیەکانی ئامریکا و ئەوروپا و وڵاتانی سـۆڤیەتی کـۆن بـوون و لـە دونیـای رۆژهەڵاتیشـدا رەنگیدابـۆوە، بـۆ نموونـە « پارێزەرێکـی پاکسـتانی ئەمریکیـە و هاوپیشـەی پێشـووی سـەرۆکی ئامریـکا بـوو، گوتبـووی گەلـی پاکسـتان لـەرووی دەروونییـەوە ئامادەیـە بـۆ شـۆڕش، شـەڕی سـووننە سـوود لـەو دابەشـبوونە چینایەتییـە قووڵـە دەبینێـت کـە ماوەیەکـی دوورو درێـژە لـە پاکسـتان بوونـی هەیـە، شـەرڤانەکان زۆر لـەوە زیاتـر ئامـادەن مۆزیـک و خوێنـدن حـەرام بکـەن، هەروەهـا چاوەڕوانـی ئەوەیـان لێدەکرێـت کـە

دادپـەروەری ئیسـلامی پەرپا بکرێـت ئابـوری دووبـارە دابەشـبکەنەوە».(٥٠). لـە شـوێنێکی دیکـەدا دەیسـەلمێنێت کـە ئـەوان بوونـە لـە دژی بزووتنـەوەی سیاسـی شۆڕشـگێر کـە بەنیـاز بـوون لەڕێگـەی بەرگریکـردن لـە جوتیـارە هـەژارەکان و بێکارەکانـی دیکـەی وڵاتەکـە، ببن بـە ئیدیۆلۆژیایـەک لـەدژی کۆنەپەرستی و ئەوانـەش کـە پاڵپشـتیان دەکـەن، بـەڵام چونکـە خـودی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی و چەپـە رادیکاڵەکانیـش وەکـو ئەوانـەی ئەوروپـا بیریـان دەکردەوە، بۆیـە نەیانتوانـی کەڵـک لـەو فەزایـە وەربگـرن کـە بەنـاو دیموکراسـی لیبرالـی بەرهەمـی هێنـاوە و هێزێکـی دیکـەی کـردووە بـە ئەلتەرناتیڤێکـی ئیمێرجنسـی کاتـی کـە لەسـەروەختی خـۆی کـە مەترسـی پەیـدا دەکات، ئەمـە بـۆ ئەفغانسـتانیش هەروەهایـە کـە لەترسـی ئـەوەی جارێکـی تـر ئـەو وڵات و کیانـە کۆمۆنیسـتییە درووسـت نەبێتـەوە کـە لەسـەردەمی نەجیبولـڵا هەبـوو، وڵاتێـک کـە ئابـوری و سیاسـییەتی سـەربەخۆیی خـۆی هەبـوو، بۆیـە بەجێـی ئـەوەی فاشـیزمی چـەپ جێکەوتـە بێـت و ببێتـە ئەلتەرناتیڤـی سیسـتمی سیاسـی، ئـەوا فەندەمینتالیزمـی ئیسـلامی کـرا بـە بیانـوو بـۆ ناوچەکـە، بەمـەش ئیدیۆلۆژیـای نـوێ بەرهەمهـات و کەوتـە خزمـەت ئـەو ئیدیۆلۆژیایـەی کـە خـۆی پراکتیـک دەکاتـەوە.

بـە ئیدیۆلـۆژی کردنـی سـەرجەم دامودەزگاکانـی دەوڵـەت و تەنانـەت فەرهەنگیەکانیـش بەسـێکتەری

پـەروەردە و تەندروستیشـەوە لـەو وڵاتانـەی کـە توشـی بۆشـایی سیاسـی بوونـە و هەمـوو سـێکتەرەکان کەوتنـە نێـو پەیرانێکـی سـەختەوە، بـە بیانـووی ئـەوەی گروپـە کۆمەڵایەتییـەکان ناتوانـن بەبـێ پشـتگیری دەوڵـەت ناتوانـن بـەردەوام بـن، پاسـاوێکی نـا لۆژیکییـە، لـەوەش نالۆژیکـی تـر ئەوەیـە کـە دەسـتەبژێرێکی رۆشـنبیری هـەن ئـەم دامودەزگایانـە بەڕێوەدەبـەن و واقیعیەتـی بابەتەکـە دەشـارنەوە و خەتاکـە دەخەنـە پـاڵ فـەزا گشـتییەکە.

بەپێـی قسـەی هیـگڵ بێـت دەزگا و کۆمەڵـە رێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی دەتوانـن دەوری دەسـەڵات و حکومـەت بگێـڕن و بەشـێک بـن لـە هاریکاری حکومـەت بەهـەر بیانوویـەک بێـت» هیـگڵ لەجیـاوازی نێوان کۆمەڵـی مەدەنی و کۆمەڵگای بـۆرژوازی، چونکە ئەوکاتـە لەئەوروپا بەشـێک بووە لـە پێکهاتـەی شـارەکان و دابەشـکردنی کار و سـەرەتای سـەردەمی سـەرهەڵدانی خولیـای نەتەوەیـی بـووە، لەگـەڵ بۆچوونـی ئـەوەی کاڵای زێـدە بنێردرێتـە بازاڕەکانـی دەرەوە کـە بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی کۆلۆنیالیـزم، ئـەو زاراوەیـە مەبەسـت لـە کۆمەڵگـەی بـۆرژوازی بـە شـێوە ئەڵمانیەکـەی بـەکار دەهێنرێـت، کۆمەڵـی مەدەنـی یـان بـۆرژوازی، بۆیـە لەتاکـەوە دەسـتپێدەکرێت، تایبەتمەنـدی مافیـش ئەوەیـە بەهەمـوو رووگـە و ئاراسـتەیەکدا بـڵاو ببێتـەوە، بـەڵام هەمەکێتـی مافـی ئـەوەی هەیـە وەکـو بنەمایەکـی

خسوسیەت و وێنە زەروورییەتەکەی بەرجەستە بێت، گەشەکردنی ئایندەی تایبەتمەدیش ئەو چرکەیەیە کە تێیدا دەوڵەتە کۆنەکان بەرجەستە دەبن کە مانای دەوڵەتی بەر لە رێنیسانسە».[٥١]. ئەم قسەیەی هیگڵ مەرامێکی فەرهەنگی و سیاسی هەیە، تەنها بۆ سەروەختی خۆی، ئەویش بەشداریکردنی خەڵک و بەشێک لە رۆشنبیران و نووسەران و خاوەن توانای جۆراوجۆرن لەکایە جیاوازەکان، مەبەستیش ئەوەیە فشار بخەنە سەر دەسەڵات و دەزگاکانی بۆ بە سیستماتیک کردنی دەوڵەت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەم رێکخراوانە لەدوای جهانگیری و سەرمایەداری هاوچەرخەوە کە هیچ بەهایەکی بۆ هیچ کایەیەک و ئەخلاق و پرنسیپێک نەهێشتۆتەوە، چۆن دەبنە ئەو هێزی فشارەی کە هیگڵ پێشبینی کردبوو، شەرعیەتی دەزگای پارلەمان وەکو تاکە دەزگایەکی شەرعی لەرووی یاساییەوە، لەهەموو رێکخراوەکان گرینگترە، کەچی ئەوەش لە سیستمی نوێدا بوو بەژێر کۆنترۆڵی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە کە دەچنە بەردەم کێبەرکێی دەنگی خەڵک و گەمەی سیاسی، هەمان ویستی سەرمایەداری بەسەردا زاڵ کرد، لەحاڵێکدا ئەمە لە رۆژهەڵات و بەتایبەتی لە عێراق و کوردستان، بەشێوەیەک تەرجومەی واقیع کرا، گوایە دەتوانرێ رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبری خەڵک هەم ببێتە چاودێر و هەم ببێتە هێزێکی فشار، کەچی

ئەمـەش بـاری نەهێنـا و وەکـو مەسـەلەی میدیـا بـوون بـە بەشـێک لەپاڵپشـتیەکانی سیسـتمی دەسـەڵاتداریێتی و بازاڕکردن بەچارەنووس و قووتـی کۆچبـەران و ئاوارە و لێقەومـاوان و کایەکانـی دیکـە کـە قەیرانـی سیاسـی دروسـتی کـردوون، بـەڵام پاڕادۆکسـەکە لـەرووی فکرییـەوە و لـەرووی مێژوویـیـەوە ئەوەیە کـە سـەردەمی هیگڵ لەگـەڵ ئـەم سـەردەمەدا کـە هەمـوو دونیا کۆنترۆڵ کـراوە، جیاوازیەکـی یەکجـار زۆری هەیـە، بەوپێیـەی کـە چەمکەکانیش مانـای خۆیـان لەدەسـتداوە و هەمـان مانـای سـەردەمی هیگڵیـان نەمـاوە، بـۆ نموونـە دەسـتێوەردانی دەوڵەتێـک بـۆ دەوڵەتێکـی تـر لەکاروبـاری سیاسـی و ئابـوری دەوڵەتانـی بێ دەسـەڵات، وەکـو ئـەوەی ئێسـتا هەیـە، نـەک هـەر نەبـوو، بگـرە ستایلەکەشـی جیـاوازی هەبـوو، بۆیـە ئـەو تیـۆرەی بـۆ فشـار وەکـو فکـری سیاسـی رابـردوو کاری پێکـراوە، ئێسـتا نـەک هـەر کەڵکـی نییـە، بگـرە ناتوانرێـت مەترەحیـش بکـرێ.

ئەگەرچـی مەودایـەک لەنێـوان چەمکـی دیموکراسـی و کۆمەڵگـەی مەدەنیـدا هەیـە، بـەڵام دیموکراسـیەت ئەگـەر وەهمـی سیاسـیش بێـت، بەبـێ کۆمەڵگەیەکـی شارسـتانی کەلێنێکـی گـەورەی تێدەکەوێـت و هیـچ کام لـەو چەمکانـەش بەبـێ ئەویتریـان ناکـرێ، ئەگەرچـی دەرکەوتـووە کـە کۆمەڵگـەی مەدەنـی نێوەندگیرییـەک لەنێـو ململانێـی چینایەتـی دەکات و دەبێتـە پایەیەکـی بنچینەیـی بـۆ راگرتنـی سـەقفی دەوڵـەت، بـەڵام هیـگڵ

دامەزرێنـەرو داهێنـەری چەمکەکانـی وەکـو کۆمەڵگـەی مەدەنـی و ئیدیالیزمـی مۆدێرنـە و مافـە. ئـەو پێـی وایـە سیسـتمی عەقڵـی نەبێـت کـە وەکـو یەدەکـی هـزری دەوڵـەت، ناکرێ بـاس لـە چالاکی ئۆرگانەکانی دەوڵـەت بکەین کە بووەتە چەمکگەلێکی ئیدیۆلۆژی، « بەرزترین دەربڕینـی ئـازادی مـرۆڤ سـێ سـاتە کـە وجـوودی کۆمەڵایەتـی بـاس دەکات، ئەویـش خێـزان و کۆمەڵگـەی مەدەنـی و دەوڵـەت ە، لەنێـو خێزانـدا خۆنەویسـتی کار هەیـە کـە هانـی خەڵـک دەدات بەرژەوەنـدی خۆیـان وەلاوە بنێـن بـۆ بەرژەوەنـدی خزمەکانیـان، ئـەو وەکـو بازنەیەکی خودپەرستی گەردوونی، بەرژەوەندی خۆی لـە پێـش هەمـوو بەرژەوەندییەکانـی تـرەوە دادەنـێ، هەروەهـا دەوڵـەت کۆمەڵگەیەکـی ئەخلاقییـە لەلایـەن سـۆزی هاوبەشـەوە بـەکار دەهێنرێـت، بۆیـە ناسـراوە بـە خۆپەرسـتی گەردوونـی». (٥٢).

ئەمـەی هیـگڵ باسـی دەکات، درووسـت ئـەو لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەندییەیـە کـە لەبـری بـۆ گشـت بێت بۆ خودە، بەڵام لەئاست مەدەنی بوونی کۆمەڵگە، ئـەو گشـتی لـەلا پەسـەندترە، دەوڵەتیـش لەتێگەیشـتنی هیگڵدا کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقیـە بۆ خۆ پەرستی ئەوانی تـر بەکاردەهێنرێـت، پاداشـتی خێزانـی و پێڕاگەیشـتن بـە کەڵک وەرگرتـن لـە بەرزبوونـەوەی نرخ لـە ئاستی بـازاڕ و کاڵاکان، رەخنـەی رەخنەگرانـی سیاسـی لێکەوتـەوە کـە بەرزکردنـەوەی حـەزی ئەوانـی تـر بـوو لەپێنـاو

گروپێک کە دژی مەدەنییەتی کۆمەڵگە بوون، لەدژی بەرژەوەندی گشت، لە حاڵێکدا کە باس دێتە سەر شار، یان قەوارەیەک یان نەتەوەیەک یان هەرێمێک، لە هزری سیاسی کۆمەڵایەتیدا ئامانجێکی قوڵتری هەیە کە پەیوەندی بە ناسنامەی کۆمەڵگەیەکی فرە رەنگی هەیە، کە ئەمەیە کۆمەڵگەی مەدەنی.

کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێکە لەڕێوڕەسمی پیادەکردنی سیستمی دیموکراسی و بەدەزگایی کردن و یاسا لەکوردستان، دەسەڵات بانگەوازی ئەوە دەکات کە دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی گەشەپێدەدات تاکو تەواوی ئۆرگانەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان لەدەرەوەی حیزب و حکومەت، مومارەسەی کایەکانی خۆیان بکەن و هاوکاری حکومەت بکەن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، کەچی بەپێچەوانەی پرنسیپەکانی دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی، تەواوی دەزگاکان کۆنترۆڵدەکرێن و قەڵەمڕەوی خۆیانی تێدا دەکەن بەناوی سیستمی سەربەخۆیی (دەزگا و سەندیکا و یەکێتیەکان) ە وە ئەوانیش وەکو خۆیان دەڵێن» تەنها دەوری تەماشاکەر دەبینین تێیدا». چونکە جەنگ کردن لەسەر چەند کورسییەک بۆ پارلەمان، درووست هەر ئەو مانایەی هەیە. لەراستیدا ئەم دامەزراوانەش کە هەموو لایەک بەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیشەوە، لەئۆرگانی حیزبی بەولاوە هیچی تر نیین و هیچ سەربەخۆییەکیان نییە لەکارکردندا و ناشبێت لەئایندەدا، تەنانەت لەگرتنی

کۆنفرانسەکانیشـدا حیـزب دەسـتەی کارگێـری و سـەرۆکایەتی سـەندیکا، یـان هـەر دەزگایەکـی تـر بەبێ هەڵبژاردنێکـی شـەرعی دەستنیشـان دەکات.

شـەڕی چەسـپاندنی مەدەنییـەت، شـەڕی دژ بەکۆنەپەرسـتی و دواکەوتنـی مۆدێـل نوێـی سـەرمایەدارییە کـە لەڕێگـەی تاقمـی سیاسـیەوە نمایـش دەکرێـت، کوشـتنی ئیـرادەی تـاک و پیسـکردنی ژینگـە و بـێ بەهاکردنـی هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە پێشـتر کۆمەڵگـە شـانازی پێوەدەکـرد، ئێسـتا لەژێـر عینوانـی نوێگەریـی لەبەیـن چـوو، «ئـەوەی کـە میشـیل فۆکـۆ لـە کتێبـی چاودێریکـردن و سـزا باسـی دەکات، چۆنییەتـی گواسـتنەوەی خـودە لەبـاری ئەخلاقییـەوە کـە لەژێـر هەژموونـی فەرمـان و بنچینـەی وەعـز دانەرەکانـی دەرەوەیـە کـە بـە بارتەقـای لێکۆڵینـەوە لـە پێدانـی بـوون و ڕەهەنـدە ئیسـتاییەکانییەتی، فۆکـۆ لەسـەر ئاسـتی تـاک جەخـت لـە تایپـی تـاک و خودێتـی هەقیقـەت دەکاتـەوە لەکۆمەڵگـە، چونکـە ئەخـلاق وادەکات لـە چوارچێـوەی مێـژووی هەقیقەتـدا گرینگـی پێبدرێـت، ئەویـش پەیوەندیـی تاکـە بـە خـودەوە، کـە ئەمـە لـە کۆمەڵگـەی زۆرەملـێ دا سـزای لەسـەرە» [٥٣]. لـەوەش گرینگتـر لـەلای فۆکـۆ ئـەو لێکۆڵینەوەیەیـە کـە پەیوەندیـی بنچینەیـی تـاک بـە هەقیقەتـەوە ئاشـکرا دەکات، ئەمـە مامەڵەکـردن و تێگەیشـتنی دەسـەڵاتە بـۆ هۆشـیاری تـاک، هەروەهـا مامەڵـە کردنیەتـی لەگـەڵ سـتراتیژییەتی

بەرهەمهێنانی هەقیقەتێک کە بەرهەمی مەعریفەیە، ئەو مەعریفەیەی کە ئیشکالیاتی شتە شاز و ئاساییەکان جودا دەکاتەوە، بەڵام هەرگیز دووری ناخاتەوە لە ئیدیۆلۆژیایەکی نادیار.

مەترسی زاڵبوونی تاک گوتاری نەتەوەیەک و ئایینێکی دیاریکراو بەسەر ئەوانی دیکەی بێناسنامە و بێ پشتوپەنای دیکەدا، مەترسی چاندنی ترسێکی ئیدیۆلۆژییە لە زەینی هەمووان کە بەهۆکاری جودا و لەرێگەی گروپە سەلەفییەکانەوە کە خراپ کەڵکیان لە ئایین وەرگرتووە و دەسەڵاتیش زەمینەی بۆ خۆش کردوون، رێگەگرتن لە ئازادی رەسەن و پێشکەش کردنی جۆرە ئازادییەکی دروستکراوی نمونەیپی، هەروەها زەمینە خۆشکردن بۆ ژینگەیەکی سیاسی کە فەرهەنگ و رۆشنبیری بکاتە کالایەک دژ بەخۆی، هەموو ئەمانە بەشێکن لەو جەنگە جیاوازانەی کە لەبری ئەوەی کۆمەڵگە بەمەدەنی بێت، بەپێچەوانەوە دوادەکەوێت و قەناعەتیش دەکات کە ژیانێکی راستەقینەیە.

## ئۆلیگارشیزمی سیاسی

بنەچـەی ئـەم زاراوە سیاسـییە واتـە دیموکراسـی، لـە سـەردەمی ئەسـیناوە سـەرچاوەی گرتـووە، وەختێـک گروپێکـی دەسـتەبژێری سیاسـی دەسـەڵاتی دەوڵەتشـاریان گرتەدەسـت کـە گروپێکـی بنەماڵەیـی بـوون، ئەفلاتـۆن لـە کتێـی کۆمـاردا نووسـیویەتی و ئاماژەی بۆ ئـەم زاراوە سیاسـییە کردووە، دوابـەدوای ئەو ئەرستۆ بە شێوەیەکی تر ئەم زاراوەیەی لە کتێبی سیاسـەت دا شـیکردۆتەوە، بەومانایـەی کـە ئۆلیگارشـی تەنهـا مانـای دەسـەڵاتی بنەماڵەیـی و دەستبەسـەرا گرتنـی ماڵیاتـی دەوڵـەت نییـە بەراسـتەوخۆ، بەڵکـو دەکەوێتە سـەر موڵکیـەت و سـامانی دەوڵەتەکە و دواتر دەچێتـە خزمەتـی چینێـک، ئـەم زاراوەیـەش لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی ئەو کەمینەیە بەکارهاتووە کە لەدوای خۆی گروپـە زاڵـەکان بەرهەمدێنـێ کـە بریتییـن لـە پیاوانـی خـاوەن موڵـک و پیشەسـازی و بـازاڕ، هەمـوو ئـەم مانا جیاوازانـەش لـە هەنـاوی دیموکراسیەتدا بەرهەمهاتـووە.

ئەفلاتـون کاتێـک رەخنـە لـە دیموکراسـی دەگرێـت،

تەنها وەکو سیستم چاو لە کەموکوڕییەکانی ناکات، بەڵکو بەشێکی دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریکتەری برسی و چاوچنۆک بۆ دەسەڵات، بۆیە دەڵێ» مرۆڤی دیموکراتی هەرگیز بایەخ بەریزبەندی و پلەبەندی نادات، جۆرێک لەیەکسانی نێوان خۆشی و چێژەکانی دروست دەکات و سەرکردایەتی ژیانی خۆی دەداتە ئەو کەسەی کە زوو دێت، وەکو ئەوەی بەشانس بڕیار بدات تاوەکو لەم کەسە تێردەبێت، ئینجا دەیداتە کەسێکی تر، لەشوێنێکی تردا دەڵێ دیموکراتییەت بریتییە لە بەڕەڵڵایی و گەندەڵی و بازاڕێکی گەورەیە و بازاڕی ئەسپییە، مەزادخانەیەکی دەستوورییە، بۆیە مرۆڤ دەتوانێ ئەو نموونەیە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ خۆیدا دەگونجێت و دەیەوێت دووبارە بەرهەمی بهێنێتەوە»[٥٤]. ئەم قسەیەی ئەفلاتون بۆ هەموو سەردەمێک دەشێت، بۆ نموونە بۆ ئێستای جهان دەشێت پراکتیک بکرێ، چونکە هەموو کاریکتەرە سیاسییە ناسراوەکان وەکو غەریزە و حەز تەماشای دەسەڵات دەکەن، بۆیە یان بەهۆی دەزگای دیکەوە ڕێگەی رادەستکردنیان نییە، یان ئەوەتا حەزناکەن رادەستی کەسێکی تری بکەن و ئەم دیمەنانەشی لێبەرهەمدێت کە گەورەترین دەزگای شەرعی لەرێگەی هێزێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت وەکو ئارەزوو و وەکو شانسیش رادەستی گروپێک و چەند کەسێکی تری

دەکات، کێشـــەی نێـوان ناوچـــەی یـۆرۆ و مەســـەلەی سـکۆتلەندا و پارلەمانـی ئێرلەنـدا و سـکۆتلەندا بـۆ بڕیـاردان لەسـەر سـەربەخۆیی و مەسـەلەی پارلەمانـی تورکیا کـە لەلایەن ئاکەپـەوە کۆنترۆڵ کراوە و ئەوانـی تریـش پەراوێزخـراون، هەمـوو دیمەنـەکان لەیەکتـر دەچـن، ئەمـە لـە ئەنجامـی ئـەو بۆشـاییە سیاسـیەیە کـە چەپـی مۆدێـرن و لیبـرال دیموکراسـەکان لـە دونیـادا ناتوانن ببنە ئەلتەرناتیڤ و ناشتوانن لەگەڵ هاوکێشـەی نێودەوڵەتیـدا خۆیـان بگونجێنـن.

هیـچ یەکێـک لـەو سیسـتمانە لەسەراسـەری دونیـادا و لـە ترسـی سیاسـەت و لەترسـی لەدەسـتدانی دەسـەڵات لەلایـەن ماڵـی مەلیکـەوە، نـەک هـەر هـەوڵ بۆ رووخاندن و لابردنیان لەدەسـەڵات بوونی نییە، بەڵکو موناقەشـەی لەبـارەوە ناکرێـت، بۆیـە دەڵێیـن دیموکراسـیەت بـەو فۆڕمـەی کـە بـاوە و هەیـە، سیسـتمێکی سـتەمکاری نادیـارە، چونکـە ئابـوری حوکمـی چینـەکان دەکات و جێگە و رێگە بۆ هـەژار و دەوڵەمەند دیاریدەکات، نـەک نەهێشـتنی جیاوازی لەهەمـوو بوارەکاندا «فەرمانڕەوایی کردنـی زۆرینـەی تونـدڕەو کـە دیموکراسـیەتی نادەسـتووریە، مەترسـی کەمتـرە لـە ئۆلیگارشـیەت و سـتەمکار، دیموکراسـی بـەڵای ئەفلاتونـەوە حومڕانییەکـە تێیدا خەباتـی ئابـوری سنووری تێپەڕانـدووە و یەکێتـی دەوڵـەت کەوتۆتـە بـەر هەڕەشـەی ناکۆکـی نێـوان

زەنگین و هەژار، بۆیە ئەفلاتون پێیوایە ئەگەر جیاوازی گەورە لەنێوان باری ئابوری خەڵکدا هەبێت، ئەوا دەوڵەت ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک کاروبارەکانی بەشێوەیەک بەرێکوپێکی بەڕێوەببات».[٥٥]. بەشێک لە لێکۆلەرانی سیستمی سیاسی، پێیانوایە کە ئەم سیستمە ناجێگیر و ناتەواوە، واتە ئۆلیگارشیزم وەک سیستمێکی ماڵیی ئابوری، لە نموونەی ئامریکا و وڵاتانی دیکەی خوێنمژی بەشەرییەتن، (سایمۆن جۆنسۆن و جفری وینتەر) دوو نووسەری ئامریکی ئابورین، باس لەوە دەکەن کە دەکرێت دوو حیزب وەکو ئۆلیگارشیزمی دیموکراسی لە نێو یەک سیستمدا بمێننەوە لە دەسەڵاتداریتی وەکو کۆماری و دیموکراتییەکان، چونکە ئەوان ڕێکەوتوون لەسەر ئەخلاقی ئۆلیگارشیزم کە بنەماڵە تێیدا وەکو سەروەر بمێنێتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی لە سۆڤییەتی کۆن بوو، ئۆلیگارشیزم تەنها بۆ یەک حیزب بوو ئەویش گروپی بەناو کۆمۆنیستەکان بوون، لەراستیدا ئەمەی کە ئێستا بەناوی دیموکراسیەتەوە لەوڵاتانی مەلیکی رۆژئاوا هەیە، جۆرێکە لە قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەرێگەی بنەماڵەوە و لەرێگەی موڵک و بە موڵکایەتی کردنی جوگرافیا و سامانی وڵاتەکە، ئەویش شەرعییەتێکە کە خەڵک بەناچار و بەئاگا و بێ ئاگایانە ئەم ئۆلیگارشییەی قبوڵ کردووە، بۆیە

رادەستکردنی دەسەڵات لەنێوان ئەم ئۆلیگارشییزمە نوێیە شێوەیەکی دیکەی دیموکراسیەتی رۆژئاوایە کە دەستوور و دەنگدان دەرەنجامەکە دەدەنە دەستەوە، بەڵام ئەمەش هەموو رۆژئاوای نەگرتۆتەوە، بگرە نیوەی زیاتری رۆژئاوا سیستمی پادشا نشینییە وەکو ئەسکەندەنافیا و هۆڵەندا و بەلجیکا و بەریتانیا و هتد، بەڵام لەرێگەی هەڵبژاردنێکی رووکەشانەوە حیزبێک سەردەکەوێ و سەرەنجامیش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئۆلیگارشیە کە بنەماڵە ی مەلیکە.

رادەستکردنی دەسەڵات لە هێزێکەوە بۆ هێزێکی دیکە، لەو عەقلیەتەوە سەرچاوە ناگرێت کە هەمیشە خەون بەمانەوەوە دەبینێ، ئەوەی لە رۆژهەڵات هەستی پێدەکرێت، بەشیکی بیرۆکەی ئەو تاکەیە کە بەرهەمهاتووی بنەچەی رابردووەوە کە لەدەسەڵاتدارێتی شێخ و پیاوانی ئایین بەرهەمهاتووە، بۆیە ئامادە نیین دەسەڵات لەرێگەی سیستمێک کە نەیانبینیوە رادەستی بکەن بۆ کەسێکی دیکەی نەناس، چونکە ئەم سیستمە موڵکی رێنیسانسە و بۆتە کولتوور، بۆیە ناکرێت داوا لە رۆژهەڵاتی بکەین ئەوە پراکتیک بکەن.

«گۆڕینی دەسەڵاتی پەیوەندییە شەخسییەکان بە دەسەڵاتە ماتریالییەکان کە بەهۆی دابەشبوونی کارەوە بەدیهاتوون، ناتوانێ بەدەرکردنی ئەو فکرە گشتیانە

لـه مێشـکی ئینسـاندا بکرێـت، بەڵکـو لەناوبردنـی ئـەوە تەنها لەلایـەن ئەوکەسانەی کە دووبـارە ئـەم دەسـەڵاتە مادییەیـان کردۆتـە ملکەچـی خۆیـان و دابەشـبوونی کار هەڵدەوەشـێننەوە مومکینـە، ئەمـە بەبـێ کۆمەڵبـوون ناکرێت، تەنها لـە نێو خـۆی کۆمەڵدایە کـە هـەر کەسـە هـۆکاری پێگەیاندنـی ماددییەکانـی خـۆی لـە هەمـوو لایەکـەوە هەیـە، کەواتـە ئـازادی تاکـە کـەس تەنهـا لەناوخـۆی کۆمەڵـدا مومکیـن دەبێـت». (٥٦)

قەیرانـی دیموکراسـی بۆخـۆی هـەم درووسـتکەری قەیرانـە و هـەم چاکسـازی کـە سـەرەتا ئۆپۆزسـیۆن بەرهەمدێنێ و هەندێکجاریش ئـەو هێزە ئۆلیگارشیانەی کـە لەرێگـەی جیهانگیرییـەوە جارێکـی تـر هێـزی کاری ئینسـانی ئاسـیاوی بـە بـێ ئەرزشـترین نـرخ تەماشـا دەکـەن و ئیسـغلالی دۆخـی ئابـوری و کۆمەڵایەتـی وڵاتەکانیان دەکەن، «بەڵام ئەو شتەی کە بارودۆخی رەوشـی گـوزەر بـەرەو دیموکراسـی ئاراسـتە دەکات، بەرجەسـتبوونی ئۆپۆزسـیۆنی دیموکراتییـە لـە چـاو گروپە نەیارەکانی تـردا، تەنانـەت لـە حاڵەتی روودانی گـوزەری سـەرەتایی بـەرەو دیموکراسـی لەسـەرەوە و لـە نەبوونـی ئۆپۆزسـیۆنی دیموکراسـی بەهێـز، دیموکراسـی بەرهـەم هاتـوو لاواز و لـەرزۆک دەبـێ و کەوابوو بۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی دەوڵـەت دەستاودەستی پێبکرێ دەبێ ئۆپۆزسیۆن هەبێت و دژی ئۆلیگارشیزم

بێـت، نـەک دووبـارە کردنـەوەی ئـەو سیسـتمە». [٥٧]
مەبەسـت لـە بوونـی ئۆپۆزسـیۆن بونیادنانـی ئـەو عەقڵەیـە کـە سیسـتمی رەخنەیـی وەکـو نەریـت قبـوڵ بکات و خەڵک بچێتەوە جغزی خۆی و لەبری رەخنە لـە حیزبـی یەکتـر بگـرن، رەخنـە لـە دەسـەڵات بگـرن و ئۆپۆزسـیۆنیش نەبێتـە سـتایلێکی دیکـەی حیزبـی دەسـەڵات و ئۆلیگارشـیزمێکی مۆدێـرن. بـەڵام ئەمـە لەدونیایەکـدا بەرهەمدێـت کـە حیـزب وەکـو کەرەسـتە بێـت و هـەوڵ بێـت بۆ ئەزموونکردنـی سیاسـەت بکات، نـەک هەمیشـەیی بێـت و وەکـو موقەدەسـێک تەماشـا بکرێـت بـە کارە پۆزەتیـڤ و نیگەتیڤەکانییـەوە بەرگـری لێبکرێـت، وەکـو ئـەوەی لـە رۆژهـەڵات و بەتایبەتـی لـە عێـراق و کوردسـتان دەبینرێـت، بـۆ نموونـە حیزبـی ئۆپۆزسـیۆنیش بەهەمـان شـێوەی حیزبـی دەسـەڵات کەڵکـی لـە جەماوەرەکـەی وەرگرتـووە و بـووە بـە هێزێکـی سیاسـی پۆپۆلیسـتی کـە ئـەوان لـە جیاتـی ئابـوری، خـراپ کەڵکیـان لـە وەبەرهێنانـی بەشـەری وەرگرتـووە کـە هیـچ جیاوازییەکیـان لەگـەڵ ئۆلیگارشـیزم نییـە.

ئـەو جهانگەراییـەی کـە یەکێـک لـە دروشـمەکانی کـە پشـگیری لێدەکات، دیموکراسـییە و بـە پێچەوانەشـەوە پشـگیریکردن لـە دیموکراسـی جهانگەراییـە، خـۆ ئەگـەر بـە دوو وشـە بـاس لـە جهانگەرایـی بکەیـن

«ئـەوا درووسـت گواسـتنەوەی داتـا و زانیارییـە و پەلەکردنێتـی لـە پلەیەکـدا، کەواتـە شـعور دەکەیـن لەیـەک جهانـی یەکگرتـوودا دەژیـن، یـان ئـەوە کـە هەموومـان لـە گوندێکی کەونیدایـن و پێکـەوە بوویـن بـە نزیـک و خزمـی یەکتـر و پەیوەندییەکانمـان لـە شـوێن و کاتێکـی دیاردایـە».[٥٨]. لەکاتێکـدا ئـەم جهانگەراییـە هەمـوو هەوڵێکـی بـۆ نەهێشـتنی شوناسـی نەتەوەییـە تاکـو یەکسـانییەکی سـەرمایەداری هاوچـەرخ بنوێنـێ، کەچـی پاڕادۆکسـانە نموونەیەکـی دیکـەی سیاسـەتمان لـە پەراوێـزی سیاسـەتی هاوچەرخـدا پێشـکەش دەکات، ئەویـش زینـدوو کردنـەوەی بیـری نەتەوەیـی و راسـیزم و تونـدڕەوی و تونديـژی گەلانـە لەبەرامبـەر یەکتـردا، هەروەکـو ئـەوەی کـە لـە ئەوروپـا دەبینرێـت چ لـە ئاسـتی دەوڵـەت و چ لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتـی کـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ خەڵکـی بیانیـدا دەکرێـت و دەبـن بـە قوربانـی گەمـەی مافیـاکان و سیاسـەت و هتـد. لـە شـوێنێکی تریشـدا داواکاری لـە لایەنـە سیاسـی و شوناسـە سیاسـییە درووسـتکراوەکان دەکات، بڕوایـان بـە بوونـی یەکتـر و بـە ئەزموونـی یەکتـر هەبێـت، ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە ئـەم سیاسـەتەی جهانگەرایـی پێشـکەش کـردووە، هەوڵـی دیکـەی ستراتیژی ئەوەیـە کـە هەرچـی گـەلان و خەڵکـی سـەر ئـەم زەمینـەی کـە نـاوی نـاوە گوندێکـی بچـووک، بـە قەیـران ئابـوری و سیاسـی و بـە

باج و بێکارییەوە سەرقاڵ کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی هەژمونێکی دیکەی سیحراوی دەوڵەتی ژێر کۆنترۆڵی دەستەبژێرێک کە تەنها خۆیان بڕوایان بەو دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەیە.

لەوەتەی بیری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی هەیە و موناقەشە دەکرێت، قسە لەسەر ئەوەیە دەسەڵات ئایا بەدەست گروپێکی دەستەبژێرەوە بێت، یان بەدەست خەڵکەوە بێت خۆیان خۆیان بەڕێوەببەن و ناعەدالەتی نەبێت، ئەم موناقەشەیە نەگەیشتە ئامانجێک، چونکە بەهەردوو رووەکەیەوە سەقامگیر نابێت، یەکەم ئەو سیستمە ئابوری و تەکنۆلۆژیەی ئێستا حاکمە لەهەموو دونیا، خەڵک بەبێ سیستمی حوکمڕانی ئابوری دەرهەقی نایەن، دووهەم ئەم سیستمە لەئەنجامی ململانێی نێوان چینەکان هاتۆتە بەرهەم، کەوابوو رێگەی تێناچێت ریشەکێش بکرێ بەو ئیدیۆلۆژیا کۆنەی کە دژیەتی، بۆیە لە باشترینەوە تا خراپترین وەرگرتنی نموونەی بیری سیاسی و وەدەستهێنانی دەسەڵاتدارێتیە لەسەر زەمینی واقیعی ئەم کێشەیەی چارەسەری ناکات.

مارکس و لینین وەکو دوو باشترین تیۆریسین و پراکتیکێکی مەزنی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی ئوکتوبەرن، هەروەها مۆسۆلینی و هیتلەر وەکو دوو نموونەی خراپی سیستمی سیاسی و

سەرکوتکەر و پاڵەوانی جەنگی مەترسیدار بوون، هەروەها لەنێوانیشیاندا زۆربەی سیاسەتمەدارانی دیموکراتیک لەمەڕ ئەو کێشەیە بێ ئەوەی خۆیان بزانن بەشێوازێکی ماندوو نەناسانە بیریان لەوە کردۆتەوە «هەرکات ڕێسایەکی گشتییان تۆمار کرد، پتر لەوەڵامی ئەو پرسیارە دابوون کە ئەگەر حوکم گۆڕا بدرێتە دەست کێ و کێ دەبێ حوکم بکات. وەڵامی ئەفلاتون ئەوە بووە دەبێ باشترینەکان حوکم بکەن، ئەوەش بەڕاشکاوی وەڵامێکی ئەخلاقی بووە، مارکس و ئەنگڵس وەڵامیان داوەتەوە دەبێ زەحمەتکێش حوکمی خۆیان بکەن، نەک ساماندارن و گروپی مافیای کۆمپانیا زەبەلاحەکان وەکو ئەمڕۆ، دەبێ زەحمەتکێشان سیستمی دەوڵەت بەڕێوەببەن و عەدالەت بەرقەرار بکەن، ئەوان دەبێ هێزی دیکتاتۆریان هەبێت بەسەر ناعەدالەتیدا، لێرەدا ئەم هۆکارە ئەخلاقییە تۆزێک شاراوەیە، بەڵام هەڵبەت ئەو زەحمەتکێشە باشانەن نەک ساماندارە خراپەکان». (٥٩)

ئەم قسەیەی پۆپەر بۆ سەردەمی بەر لەهاتنی دیموکراسییەتی مۆدێل نوێی سەرمایەداری هاوچەرخ بەکەڵک دهات، چونکە ئەم سەرمایەدارەی ئێستا دەقاودەق ئەو جەوهەرەی پێویست نییە کە لەناوەڕۆکی چەمکەکاندا مانایان هەیە بۆ سیاسەت، بەڵکو ئەو سیستمەی دەوێت کە درێژە بەتەمەنی

دەسـەڵاتەکەی و دەوڵەمەندکردنـی ئـەو کۆمپانیایانـەی کە دونیا بەڕێوە دەبەن، هەروەک ئەوەی کە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەکو ( ئیکسۆن مۆبیل و شیشرۆن و تۆتاڵ و روس نەفت و هتد) هەن کە دەیان هەزار کۆمپانیای جۆراوجۆری دیکە لە پەراوێزی ئەوانەوە بازاڕ دەکەن و چەندین حیزب ی ئۆلیگارشی لە چەندین وڵاتدا بەرژەوەندی ئەوان دەپارێزن. بەمەش سەرمایەداری بۆی دەرکەوتووە کە زەحمەتکێشان چیتر ناتوانن ئەو دنیا بەڕێوەببەن کە لە باشترین حاڵەتدا سۆڤیەتی لەبەرچاوە وەکو ئەزموون، گوایە بەڕێوەبردرنی سۆڤیەت لەژێر چنگی زەحمەتکێش بووە، بەڵام بۆ رەواج پێدانی رەونەقی سیستمەکەی، بەناچار ئازادی بەخشییەوە تا ئەو جێگەیەی کە دەبێتە مەترسی بەسەر سیستمەکەیەوە کە قازانجە لەجەنگدا، هەروەک ئەوەی کە ئێستا لەسەرانسەری دونیادا جۆرەها جەنگی بەرچاو کردووە، جەنگی نێوان مەزهەبەکان و جەنگی نێوان دەوڵەتان لەسەر سنوور وەکو ئۆکرانیا و قرم کە پێشتر باسمان کرد، جەنگی دەروونی نێوان خەڵک و دەسەڵاتەکان، جەنگی ئابوری و جەنگی نێوان بەرهەمی کۆمپانیاکان و جەنگی تایبەت کە هەموو خەڵک لەرێگەی بەرهەمە تەکنۆلۆژیەکانەوە بەشداری دەکەن بەبێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت و نموونەش بەکارهێنانی

بەرهەمـــی تەکنۆلۆژیـــای پێشـــکەوتووی ســـەرمایەداری هاوچـــەرخ و بەکارهێنانـــی دەرمـــان کـــە لەرێگـــەی درووســـتکردنی نەخۆشـــی ڕەوانەکراوەوە بەرکاردێت و تـــا دەگاتـــە کەرەســـتەی مـــاڵ و خـــۆراک و هتـــد.

کەچی دەبینین هـەر لەرۆژئـاوا و تەنانـەت لە ئامریکاش، دیموکراســـیەت دەقـــاودەق سیســـتمی گۆڕینـــەوەی دەســـەڵاتە بـەڵام بەخزمـەت خودی ستراتیژی دەسـەڵاتی رابـــردوو، هاتنـــی ترامـــپ کـــە خـــاوەن کۆمپانیایـــە و لەرێگـــەی بازرگانـــی و ئابوورییـــەوە گەرەکیەتـــی دونیـــا داگیر بکاتـەوە و فۆڕمێکی دیکـەی جیاواز لـە فۆڕمەکانی جـــۆرج بۆشـــی بـــاوک و کـــوڕ و کلینتـــۆن و ئۆبامـــا پێشکەشـیان کـرد، ئـەو فۆڕمـە پێشـکەش بـکات کـە بـۆ بـــاڵای ئامریـــکا دەشـــێت کـــە هەمـــوو شـــتێک بازرگانـــی و بەرژەوەندیـــی هاوبەشـــە، ئەمـــە شـــێوازێکی دیکـــەی ئۆلیگاریشـــزمی سیاســـی نێودەوڵەتییـــە و گەرەکیانـــە بیکەنـە بـاو، چونکـە هـەم لـە رۆژئـاوا ئـەو حیزبـەی کـە دەنـگ دەهێنێـت هێڵێکـی سـووری وەکـو سنوورێک بـۆ دانراوە کە دەستکاری پرنسیپە کۆنکرێتیەکانی دەوڵەت نەکەوێت و گەمـە بـە ئەجێندای کۆمپانیاکان بکات، هـەم بیـــر لـــە گۆڕینـــی دەســـتوور نەکەنـــەوە کـــە بەخزمەتـــی ســـەرمایەداری و ماڵـــی پاشـــایە، هـــەروەک ئـــەوەی لـــە ئەســـکەندەنافیا و لـــە بەشـــێک لـــە رۆژئـــاوا دەبنیرێـــت، ئەمـە لەئامریـکا و بەریتانیـا بەشـیوەیەکی تـرە، چونکـە

لــەوێ دوو حیــزب بەشــداری دەکــەن لــە هەڵبــژاردن، هــەردوو حیــزب لەســەر ئــەوە کۆکــن کــە دیموکراســی بــەو ئاقــارە بــەرن کــە بەرژەوەنــدی ســتراتیژی سیاســی و ئەجێنــدا دوور خایانەکەیــان پێشــبخەن و ســەرکەوێ، بۆیــە هــەر چــوار ســاڵ جارێــک حیزبێــک دەســەڵاتی سیاســی رادەســتی ئــەوی تــر دەکات، ئەگــەر کەمێــک دوور بکەوێتــەوە سیاســەتەکە، ئــەوا لــە هەڵبژاردنــی دووهەمــدا جارێکــی تــر حیزبێــک زۆرینــەی دەنگــی خەڵــک بەدەســتدەهێنێت و بــۆ جــاری ســێهەم رادەســتی حیزبــی دیکــەی دەکات کــە تەنهــا دوو حیزبــن و هیچــی تــر، لەحاڵێکــدا دیموکراســییەت بەواتــای فــراوان بوونــی سیاســەت و فرەیــی لــە بۆچــوون و سیاســەت و رەنــگ و دەنگــی دیکــەی دەرەوەی دەســەڵات، کەوابــوو ئەمــە ســەلمێنەری نەبوونــی دیموکراســیەت و بوونــی جۆرێــک لــە دیکتاتۆریەتــە بــەڵام بەفۆڕمێکــی نادیــار.

دەســەڵات ئــەو هێزەیــە کــە هەمەلایەنــە دەتوانــێ تواناکانــی خــۆی دەرهــەق بــە ئیــدارە و سیاســەت و ئابــوری و ســەربازی و تەنانــەت فەرهەنگیــش نمایــش بــکات، راســتییەکەی دەســەڵات لەجەوهــەردا تەنهــا ئەوەنییــە، بەڵکــو ململانێــی ئــەوی دیکــە دەکات کــە نەیارێتــی، لەرۆژهــەڵات ئــەم جــۆرە نەیــارە نییــە کــە تەنهــا سیاســەتە، بەڵکــو تاکــە نەیارێــک هەیــە ئەویــش دژ بــە هەمــوو ئــەو چەمکانــەی مایــەی بەختــەوەری و

خۆشگوزەرانی ئینسانە، بەڵام گەرەکیەتی ئۆلیگارشیانە بەردەوامی بە سیاسەتی خۆی بدات، ئەویش ئایدیای ئیسلامی سیاسییە و ئیلهام لە کۆمپانیاکانی بەریتانی و ئامریکی وەردەگرێت تا رادەی هاوکاری لۆجستیش، بۆیە بەجددی هاوکاری ئەو ئۆلیگارشییە مادییە دەکات بەڵام بە دیسکۆڕس و مانایەکی تر کە خەڵک بکەونە ژێر کاریگەری.

یەکێکی تر لەپرنسیپەکانی دیموکراسیەت و لیبرالیزمی داهێنانی سەرمایەداری مۆدێرن، ئەوەیە کە دەسەڵات و هێزە جیاوازەکان بڕوای تەواویان بەوە هەبێت هەموو چوار ساڵ جارێک، بچنە بەردەم سندووقی دەنگدان و خۆیان هەڵبژێرنەوە بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات، بەپێچەوانەوە و بەبێ هیچ بیانوویەکی تر بۆ دواخستنی ئەو پڕۆسەیە، ئەگەر ئیشکالیاتێکی تر نەبوو کە هەڕەشە بێت لەناوچەکە و قەوارە سیاسی و نەتەوەییەکە، ئەوا لادانە لە تەواوی پرنسیپەکان و هەوڵێکی بۆ کۆنترۆڵکردن و قۆرخ کردنی دەسەڵات لەهەموو بوارەکاندا، بەمانایەکی تر بێنرخکردن و گرنگی نەدانە بەدەنگی خەڵک کە لەرابردوودا ئەو دەسەڵاتەیان هەڵبژاردووە، «ئەگەر هاتوو لە دەورانێکدا بینیمان دەسەڵاتێک ماوەی پارلەمانەکەی لەچوار ساڵ تێپەڕی و ڕێگری لەهەڵبژاردن کرد، بەپێی بۆچوونی برۆدۆن پێی دەگوترێت (تعسفیەت

دەستوور) واتە دەستووری بەئارەزوو تاک لایەنە، ئەمەش غیابی دیموکراسیەتە نەک دەسەڵاتی خەڵک، چونکە ئەوکاتە دەسەڵاتی خەڵک دەبینرێ کە بتوانێ پارلەمان لەکۆتایی ماوەکەی خۆیدا هەڵبوشێنێتەوە، نەک ئەوەی بەردەوامی بەدەسەڵات بدات و شەرعیەتی جۆراو و جۆر بەخۆی بدات». بەڵام لەراستیدا دوای تەماشاکردنی ئەو دیمەنە سیاسییانەی کە لەدوای بەناو بەهاری عەرەبییەوە بینران، دەرکەوت کە ئەوەی ناوی دەستاودەستکردن و دیموکراسیەتی سیاسییە وەهمێکە و هیچی تر، چونکە دەرکەوت دەستەبژێری سیاسی کە لەپەراوێزی سیناریۆ سیاسیەکانەوە کارێکتەری چالاکن، ئەوان خاوەنی کایەی سیاسین و هەر ئەوان دەتوان رێکەون لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و خەڵک، نەک وەهمی دیموکراسی.

راهێنانی (مێگەلی ونبوو) کەرەستەمان پێویستە ئەمەش هەمان شۆڕشی نوێیە لەهونەری دیموکراسیدا، بەرهەمهێنانی رازی بوون، میدیاکان و خوێندنگە و کولتووری گشتی پێویستە دابەشبکرێن و چینی سیاسەتمەدار و بڕیاردەر جۆرێک تێگەیشتنی بەرپرسیارێتی لە راستییەکان پێشکەش بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئارامی بیروبۆچوونی گونجاویش پێشکەش بکەن، لەبیرمان بێت پێش سەپاندنێکی نەوتراو لێرەدا هەیە».[٦٠]

مەبەستی نئۆم چۆمسکی لەو پرسیارە ئەوەی کە چینێکی راستەقینە هەن نزیک دەبنەوە لەبڕیار و هەستی پێدەکەن و دەتوانن ئەو مێگەلە بە ئاراستەیەکی تردا ببەن، بەمەرجێک دەوڵەتەکە بەراستی بڕوای بەگشت هەبێت و بڕوانێتە ئەو گروپەی کە لەپڕۆژەکانی دەوڵەتدا هۆکاری بەرەوپێشبردنی کاروباری دەوڵەتن بۆ جێبەجێکردن لەخزمەت بەرژەوەندی گشتی بەڵام راستییەکەی ئەوە نییە، بەڵکو تێوەگلانی بەناو میدیاکار و نووسەرە لە کایە هەواڵگەریی و تەکنیککارەکانی دەسەڵات، بەناوی ئەوەی کە پێوستە داتا هەمەلایەنەکان بگوازرێتەوە بۆ خەڵک.





پرنسیپێکی دیکەی دیموکراسی ئەوەیە کە دەسەڵات و زۆرینە بڕوایان بە ئازادی و مومارەسەی ژیانی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتد هەبێت و دوچاری هیچ هەلاواردنێکی سیاسی و کولتووری نەبنەوە، ئەو ئازادیەی کە شارەزایان لە پەروەردەی خەڵک و نەوەکانی داهاتوو دەتوانن کاریگەرییان هەبێت، وەختێک ئەمە نەبوو، کەواتە دیموکراسی لەقوتوویەکی بەتاڵ بەولاوە، هیچ تر نییە و تەنها بۆ سەرقاڵ کردنی خەڵکە بەناوی چەمکێکی سیاسییەوە کە خۆی بۆ برەودانە بە ئابوورییەک کە خزمەتی زلهێزەکان دەکات و دەوڵەت لە چنگی گشت دەسەنرێتەوە دەچێتە ژێر کۆنترۆڵ و قۆرخکردنی

یەکجارەکی کۆمپانیاکانەوە و ئەوان هەڵسوکەوت بە چارەنووسی خەڵکەوە دەکەن. گەورەترین کێشەی نێوان لیبرالیزمی پاوانخواز و دیموکراسی. ئۆتۆریتەی دەوڵەتە لیبرالیزمی پاوانخواز لەسەر بەرکوتکردنەوەی دەسەڵات دەوەستێت، بەپێچەوانەوە دیموکراسی لە کەڵەکە بوون و بەکارهێنانی دەسەڵات رادەمێنێ، هەر بۆیە زۆربەی لیبرالەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دیموکراسی هێزێکە دەتوانێ زەبر لە ئازادییەکان بدات، دەوڵەتی دیموکراسی وا دەزانێ خاوەن خودموختاری واتە دەسەڵات ی رەهایە و دەتوانێ سیاسەت سەنترالیزە بکات، ئەم کەڵەکە کردنەی دەسەڵات بە زۆری لە رێگا گەلی سەروو یاساییەوە بەڕێوە دەچێت و ئاکامی تاڵ و دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە، دواجار بەرهەمی ئەم رەوتە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دیکتاتۆریدا نییە، تەنها رەوایی و شەرعیەتی لە دیکتاتۆری زیاترە».(٦١). ئەوە هەقیقەتی ئەو زاراوەیەیە کە سەرمایەداری مۆدێرن زیاتر لە دوو سەدەیە بەناوی دیموکراسییەوە دیکتاتۆرییەت لە ترسی بیری سۆسیالیزمی واقیعی دەسەپێنێت، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە دیکتاتۆرییەتی فکری وەکو تیۆریستینی بۆ ساز کردووە و قەناعەت بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان نە شارەزاکان

دەهێنـێ، لـە پەراوێـزی ئـەم زاراوە سـاختەیە خۆیـان ڕێکخـراو بکـەن و دواتریش بە ئاقارێکی دیکەیدا ببەن کـە ئەزمـوون زۆرە لەمبارەیـەوە سەراسـەری دونیـادا، بـەڵام لەوێـدا دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات دەبێتـە گاڵتەجـاڕی و شـاردنەوەی ئۆلیگارشـیزمە کـە گروپێـک خاوەنـی ئـەو شوناسـەن، وەختێـک سیسـتمی سیاسـی و ململانێـی سیاسـی لەنێـو تەنها دوو حیزبـدا دەبینیـن لـە ئامریـکا و ئەنگڵسـتان تەنهـا گروپێکـی سیاسـی لـە تارماییـدا ئاراسـتەی دەکـەن و دەنگدانیـش تەنهـا سـیناریۆی سیاسـییەکان و هیچـی تـر.

دەسـەڵات لەئەزەلـەوە کەڵکـی زۆری لـە ڕۆشـنبیر و فەلسـەفەزانانی کلاسـیک و شـارەزایان وەرگرتـووە، لەسـەرەتاو بنچینـەی وەرگرتنـی دەسـەڵاتەوە، کەڵکـی لـە (پەیمانـی کۆمەڵایەتـی) ڕۆسـۆ و تۆمـاس هۆبـز وەرگرتـووە، بـەڵام بەشـێوەیەک کـە بەمەنفەعەتـی خـۆی بگەڕێتـەوە، چونکـە فێڵـی تێداکـردووە لـەو دەسـتوورەی کـە لەسـەر بنچینـەی پەیمانەکـە دەنووسـرێتەوە و بەهاوڵاتـی ئیمـزا دەکرێت.»ئـەو شـتەی پێـی دەگوترێـت پەیمانـی کۆمەڵایەتـی فێـڵ و تەڵەکەیەکـە دەوڵەمەنـدەکان بـۆ پاراسـتنی ئیمتیازاتـە تایبەتەکانـی خۆیـان بەسـەر هەژارانـدا دەیسـەپێنن، ڕۆسـۆ بـاس لـە کۆمەڵگەیـەک دەکات لەسـەرەتای پەیدابوونیەوە زنجیر لەپێی لاوازەکان دەبەسـتێت و دەسـەڵات رادەسـتی دەوڵەمەنـدەکان

دەکات، ئـەو دەسـەڵاتانەی بەجۆرێک قەرەبووکردنـەوەی ئازادییـە سرووشـتیەکانیان لەناوبـردووە و خاوەنداریێتـی و نایەکسـانیان بۆ ئەبـەد داهێنـاوە».[٦٢]. لەکاتێکدا لـەلای رۆسـۆ نەتـەوە دەبـێ نماینـدەی راسـتەقینەی خـۆی هەبێـت و هەڵبژێردرابێـت و بڕوایـان پێـی هەبێـت، تاکـو چارەنووسـی ئـەو دیسکۆرسـە قبـوڵ بکـەن کـە بەنـاوی نەتـەوە و گروپـەوە بانگـەوازی بـۆ دەکـەن، کەچـی لەرۆژهـەڵات و لەعێـراق و کوردسـتان، ئـەم پرنسـیپە نابینرێت تاکو کاری پێبکرێت لـەرووی دەستوورییەوە.

لێرەوە هـەژاری نـەک هـەر لـە باری ئابوری و داهاتدا دەبینرێـت، بەڵکـو لـە سـایەی ئـەو سیاسـەتەی ئامریـکا و هاوپەیمانەکانـی، هـەژاری سیاسـیش هەسـتپێدەکرێت کـە خەڵـک هـەم بەگشـتی و هـەم بەدەسـتەبژێر ناتوانـن بەشداری لـە درووستکردنی بڕیاری سیاسی بدەن، بۆیە بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان بـە هـەژاری سیاسـی لەقەڵـەم دەدرێـت، بـەڵام سـەرەنجام هەمـوو چیـن و توێـژەکان بەناچـار دەکەونـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی ئەنارشیسـتەکان.

## تیرۆری ئایدیایی

دیموکراسی بۆ خۆی وەکو ئەوەی بەرقەرار کراوە و هەموو سیستەمە جیاوازەکانی تێوەگلاندووە بەو سیاسەتە مۆدێل نوییە، ئەگەر لێکۆڵینەوەی زانستی و فکری بۆ بکرێت، تیرۆری فکر و تیرۆری شوناسە، چونکە سەرمایەداری هاوچەرخ دوای ئەوەی تێگەیشت خەریکە دونیا بەپێی پرنسیپەکانی خۆی بەرەو ئارامی دەچێت و جەنگ نامێنێ، بیری لەوە کردۆتەوە دژێک بۆ خۆی پەیدا بکات، بۆ ئەوەی هەم تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە و هەم ململانێ لاوەکییەکان بەردەوام بن و فەزاکە بەردەوام بکات و لەخزمەت ئەو سەرمایەدارییە بێت کە بەجێگەی دەوڵەت، کەرتی تایبەت و کۆمپانیا بەڕێوەی دەبات.

بۆچی دیموکراسیەت وەکو باشترین سیستمی سیاسی و حوکمڕانی سەرمایەداری مۆدێرن و پۆست مۆدێرنە بەردەوام دەبێت؟، لەهەر شوێنێکیش دوچاری قەیران دەبێت، یان بەپێچەوانەوە قەیرانێک دەخوڵقێنێت، تاکو داوای ئاشتی بکات کە خۆی بەرهەمی شەڕە و بەبێ

شەڕ مانایەکی نامێنێت، لەکوێی ئەم دونیایەدا شەڕو نائارامی نییە تاکو ئاشتی بەرقەرار بێت؟ چیرۆکی چ مێژوویەک هەیە شەڕو کوشتارو نەهامەتیمان بۆ نەگێڕێتەوە بەناوی دیموکراسییەتەوە؟ کێن ئەوانەی تیرۆریستی فکری و جەستەیین و تیرۆر درووست دەکەن و مەرگدۆستن؟، کێن ئەوانەی ئاشتی خواز و ئینسان دۆستن؟ ئەم پرسیارانە دیموکراسییەتی جەنگ و دیموکراسییەتی ئاشتی جودا دەکاتەوە لەیەکتر، چونکە بەپێی تێڕوانینی (تەزفیتانت تۆدۆرۆف) بۆ ئەم سیستمە نوێیە کە دونیا بەڕێوەدەبات هەرچی زیاتر لەهەوڵی ئەوەدایە ئینسانی نوێ بەرهەمبێنێت لەڕێگەی تێڕوانینی بۆ ژیان بۆ ئەو کەرەستانەی کە رۆژانە بەکاریدەهێنێت و کردوویەتی بە کۆیلە و تێگەیشتنی بۆ جهان و بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەبێ ئەوەی بیر لە ئازادبوونی خۆی بکاتەوە، کارێکتەرێکی ئەو جەنگەیە کە یەخەی گرتووە، جەنگێک کە زەرەرمەندەکانی دیارن و هێزە براوەکە دیارنییە کێیە و بۆچی لەگرەوی بردنەوەدا چێژ وەردەگرێت، ئەم ئیدیۆلۆژیا نوێیە کە ئینسانی بەو ئاراستەیە کە وایە و گۆڕانیش مەحاڵە، لێرەوە تیرۆرە فکرییەکە زیاتر هەست پێدەکرێت کە مەترسیدارترە لە تیرۆری جەستەیی، بۆ نموونە تیرۆری فکری تەنها نەهێشتنی فەزای ئازادی نییە، بەڵکو لێدانە لە فکری

پێشـکەوتووخوازی بـە تەکنیکـی جیـاواز، هەڵدەسـتن بەناشـیرین کـردن و بـە مەهزەلەکـردن و هـەراج کردنـی فەرهەنـگ و کێشـە ریشـەییەکان و بابەتـی پـەروەردە و تەندروسـتی کـە کۆمەڵگـە و خـودی دەسـتەبژێیش هەسـتی پێناکـەن.

ئـەم سیسـتمە دەسـەڵاتدارەی ئیسـتا لەدونیـادا، بەشـێوەیەک دیموکراسـی ناشـیرین کـردووە و نیشـانی خەڵکـی داوە هەرچـی هەیـە بیـر لـە دەسـەڵاتی خـۆی نەکاتـەوە کـە دیموکراسـی ئـەو مانایـەی هەیـە، تەنهـا ئـەوە نەبێ رزگاری بێـت و دوور بێت لـە زیانـی گیانـی و هیچـی تـر.

«کاتێک دیموکراسی لەدایک بوو، شتێکی راستەوخۆ بـوو نـەک بریـکاری، هاوڵاتیانـی شـاری ئاتیـن کـە لـە گۆڕەپانێـک کۆ دەبوونـەوە بـە بەرزکردنـەوەی دەسـتیان، دەنگـی خۆیـان دەردەبـڕی، لەجەنگـی موناقەشـەی پێـش دەنگداندا، سـەبارەت بە بەژەوەندی گشـتی پرسـیاریان لـە خۆیان دەکرد، دیموکراسی کارێکی رۆژانە بوو و تەکبیر واتـە (تدبیر _ بەمانای بیرکردنەوە لەکاروبار) بە کۆمـەڵ دەکـرا، بـەڵام قەبـارە و تێکهـەڵاوی کۆمەڵگەکانـی مۆدێـرن ئـەو دیموکراسـیەتە راسـتەوخۆییە توشـی زەحمـەت دەکـەن، بۆیە لەمـەودوا ئێمـە بریکار نیین».[٦٣]. لەراستیدا دەنگدان و تەکبیرکـردن لەزەینی هەمـوو دەنگدەرێکدا هەیە بـۆ ژیانێـک لـەدوای دەرەنجامـی دەنگـدان دێتـە ئـاراوە،

بەڵام بڕیکاربوون لەدوای دەنگدانەوە مانایەکی نامێنێ، چونکە چیتر دەنگدەر بەپێی جوگرافیا و سیستمی سیاسی، نابێتە خاوەنی پڕۆژەی قەوارەیەکی سیاسی، سا با کاندیدەکەیان دەنگیشی هێنابێت، یان دۆڕابێت لە پرۆسەکە، چونکە هەموو لایەک ئیتر هاوڵاتین و دونیایەکی هاوبەش بۆ ژیان و خزمەتگوزاری بۆ گشت خاڵی هاوبەشی گشتە. بەڵام دیموکراسیەتەکە لە دوای دەنگدانەوە مانای هەیە، نەک بەر لە دەنگدان کە تەنها ریکلامی سیاسییە و هیچی تر، ئێستا دیموکراسییەت خۆی ماکینەیەکە لەبەرهەمهێنانی تیرۆر و دواتریش دژی دەوەستێتەوە.

لەنێوان خێر و شەڕدا رووبەرێک هەیە وەکو پێوەر، دیموکراسییش یان ئەوەتا هەیە، یان ئەوەتا نییە و رووبەرێک نییە ئەم نێوانە پڕ بکاتەوە، دیموکراسییەتی شەڕ تەنها دۆخێکی سیاسی نایخوڵقێنێ، بەڵکو هەندێکجار کارێکتەرێک دەیخوڵقێنێ کە خاوەنی ئەو سایکۆلۆژیا و ئەخلاقیەتەیە. «هەندێکجار دەوترێت ئەوە جەنگە ئایینییەکان بوون کە زەمینەی توڕدانی ئەو ئەفسانە کۆنانەیان رەخساند، چونکە جەنگە ئایینییەکان بوونە هۆکاری هاتنە ئارای دووانەیی نەتەوەیی، بەتایبەتی کەسێکی وەکو بیتۆس رێنانۆس دەڵێ ئێمەی ئاڵمانی رۆمانی نیین، ئێمە جەرمەنین یان دویچ لاند، بەڵام بە هۆی ئەو فۆرمە ئیمبراتۆرییەتەی

کە بەئێمە گەیشتووە، ئەوە ئێمە میراتگری سرووشتی یاسایی رۆمانین، کاتێک ئەوان پەلاماری گالییەکانیان دا، ئەوکات دەستبەرداری رەچەڵەکی جەرمەنی خۆیان بوون».[٦٤]. دیموکراسی ئەو هەقەشی بەخشیوە بەنەتەوە رەسەنەکان ئەوانی تر کۆنترۆڵ بکەن بەناوی موڵکایەتی لەمێژینەوە، لەکاتێکدا ئەم وەهمە لەئەفسانەی کۆنی میللی خۆیانەوە بەجێماوە و کاری پێدەکەن، ئەمە لەکاتێکدا راستە کە دیموکراسی جێگەی هەموو دژەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، بەڵام رێگەی بەوە نەداوە زوڵم و نایەکسانی و نادادپەروەری بنوێنێ.

قەڵەمڕەوی و دەسەڵات و هێز لێرەوە دەردەکەوێت، ئەو ماتریالە بەشەریەی کە بەناوی نەتەوە و گروپی ئیتنیک و مەزهەبی جیاوازەوە بەرهەمهاتووە، بۆ چ کاتێک هەڵیانگرتووە و چ مەبەستێکی لە پشتەوەیە، درووستکردنی فەزایەک بۆ خولقاندنی دوو نەتەوەیی لەنێو یەک قەوارەدا کە ژیان ئاساییە بەر لەو سیناریۆیانە، کارێکی عەفەوی و خۆرسک نییە، بەڵکو مێژووی هەیە و بەبێ باگراوند و ئەزموونی مێژوویی نییە، ئەوەی کە ئێستا لەسەدەی٢١ دووبارە دەبێتەوە لە وڵاتانی عەرەبی، دووبارەکردنەوەی سیناریۆی چیرۆکەکانی نێوان فەرانسە و ئینگلیز و فەرانسە و فەرەنجییەکانی جەرمەنییە کە پادشاکان تۆماریان کردووە، ئێستاش پادشاکان دوبارەی دەکەنەوە.

بەڵام شەڕ ئەو کەرەستەیە یە کە دوێنێ و ئەمڕۆی سیستەمە سیاسییەکانی جهان جیاواز نیشان دەدات، ئەگەر تادوێنێ جەنگ لەسەر دیموکراسی و عەدالەت بوو، ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە دیموکراسی جەنگ هەڵدەگیرسێنێت، گوایە ناعەدالەتی هەیە، ئەمەیە جیاوازی زەمەنی دیموکراسییەتی ئەمڕۆ و دوێنێ.

هەمیشە چەپەکانی دونیا لە دوای دەستبەسەراگرتنی سەرمایەداری بەسەر دوایین سیستم بۆ جهان، چاویان لە عەدالەت بووە، لەوانەش چاویان لەدیموکراسی بووە وەکو خۆشگوزەرانی و یەکسانی بۆ هەموو نەتەوە و ئایینزا و پێکهاتەکان کە لەنێو چینەکاندا مانایان زیاترە نەک لەوەی بەتەنها رۆشنبیران داواکاری بن « لە جیهانی هاوچەرخدا و لە رۆژئاوا دیموکراسی وەکو چەمک و وەکو سیستم لەلای باڵی راست و باڵی چەپ، دوو مانای جیاوازی هەیە، بۆ راستەکان دیموکراسی تەنها مانای حکومەتی پەیڕەوی دەستوورییە، ئەم زاراوەیە بەو واتایەی ئەو حکومەتە دێت کە کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکان بەدەنگدانی ئازاد سیستمێکی دادی سەربەخۆ، رۆژنامەگەری بێ سانسۆر و رێکخراوی هاوشێوەی لە خۆگرتبێت، هەتا بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەی ژیانی سیاسی بەشداری بەڕای گشتی کردبێت، بەڵام بۆ چەپەکان دیموکراسی شتێک

زیاتـر لـە حکومەتـی پەیـڕەوی دەسـتووری بەتەنهـا هەیـە، لایەنگرانـی بیرۆکـەی چـەپ زۆربـەی کات ئـەم دەسـتەواژەیە بەمانـای یەکسـانباوەڕی بەکاردەهێنـن، ئـەوان پەڕەسـەندن و گەشەسـەندنی دیموکراسـی لەگـەڵ پەرەسـەندنی یەکسـانی دەرفەتـەکان بـۆ هەمـوو شـارۆمەندەکان هاوتـا دەکـەن، کەواتـە ڕۆشـنبیران لایەنگـری بیرۆکـەی چـەپ، زۆربـەی کات دەڵێـن لـە ئامریـکا دیموکراسـی دەسـتەبەر نەبـووە».(٦٥).

لەسـەردەمێکدا کـە جەنگـی سـارد لەئارادابـوو لەنێـوان دوو جەمسـەری حوکمڕانـی دونیـا ئامریـکا و سـۆڤییەتی کـۆن، (ماوتسـی تۆنـگ) وەکـو ڕێبـەر و بیرمەندێکـی کۆمۆنیسـت کـە بـڕوای بـە شـۆڕشـی چەکـداری و پارتیزانـی هەبـوو دەیگـوت (بـۆ ئـەوەی ئاشـتی بەرقـەرار بێت دەبێت بجەنگین وەئێمە لەپێناو ئاشتیدا دەجەنگین) و هـەر ئـەم وەهمـەش بـوو کـە چـێ گیڤـارا و (فیـدڵ کاسـترۆی) کـردە پاڵـەوان و مۆدێلێکـی سیاسـی هێنایـە کایەوە کە ئێستا بە پێچەوانەوە بوونە بە کاڵای بازاڕی سیاسـی سـەرمایەدار و لـە ئیکسسـواراتی جل و بـەرگ و ملوانکـە و میداليـا و وێنـەی مـاڵ و ریکلام بـۆ شـەڕڤانان و هتـد بەکاردێـت، یەعنـی ئـەم لۆژیکـە وەهمییـە هەمـان ئـەو لۆژیکەیـە کـە پێشـتر (بـوش و وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئامەریکا) وەختێـک هاتنـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کاریـان پێدەکـرد، بـەڵام ئـەم جارەیـان لەژێـر نـاوی جەنـگ

لەپێنــاو بەرقــەرار بوونــی دیموکراســی لەجیهانــدا و دروشــمەکە جارێکــی تــر شــەرعیەتی وەرگــرت، بــەڵام نــەک شــەرعیەتی شۆڕشــگێڕیتی، ئــەو دەوڵەتانــەش کــە ڕاســتەوخۆ ڕووبــەڕووی جەنــگ نەبوونەتــەوە، لایەنگــری ئــەو جەنگــە جیهانیــەن کــە تــەواوی ســەر زەمینــی گرتۆتــەوە و درێــژەی هەیــە تاکــو تەحقیــق بوونــی ســتراتیژی سیاســی ئامریــکا و دەوڵەتــە زلهێــز و ســەنعەتیەکان چاویــان لەبەرژەوەنــدی سیاســی ئابــووری خۆیان بێت، هەرچی جەنگی ئەوکات بوو بەناوی جەنگی ســاردی دوو جەمســەری ئامریــکاو ســۆڤیەت بــوو کــە ئــەم ســەرو ئەوســەری دونیــای داگیرکردبــوو، هەروەکــو ئێســتا لەســەر کەللەســەری هــەزاران ئینســانی بێئــاگا لەگۆڕەپانەکانــی شــەڕو داگیرکردنــی خــاک و کولتــوورو هەنــدێ جاریــش ئاییــن لەنێــو سیاســەت یەکلایــی بۆتــەوە. میشــیل فۆکۆ پرســیارێک دەکات لەبــارەی جەنگــەوە. (ئایا دەکــرێ وابــێ دەزگا ســەربازییەکان و ئــەو دەزگایانــەی کــە بەدەورییــەوەن)؟، هــەر خــۆی وەڵام دەداتــەوە، پێیوایــە بەشــێوەیەکی گشــتی کــۆی ئــەو رێوشــوێنانەی کــە بــۆ هەڵگیرســانی جەنــگ بەکاردێــن، لەهــەر لایەکــەوە لێــی بڕوانــی راســتەوخۆ یــان ناڕاســتەوخۆ، ناوکــی دەزگا سیاســییەکانن، چونکــە ئــەو جەنگــە لەلەژێــرەوە و لەنێــو پەیوەندییەکانــی دەســەڵاتدا کار دەکــەن کــە جەنگێکــی بەردەوامــە، کەواتــە سیاســەت بــەردەوام بــوون و درێــژەی

جەنگە.

بۆیە بەردەوامە جەنگ، چونکە پارادۆکسێکی سیاسی هەڵیدەسورێنێ و نەخشەی بۆ دادەڕێژێت، بەر لە سەرهەڵدان و بیرکردنەوە لەوەها جەنگێگ کە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بیریان لێکردبۆوە بۆ رۆژهەڵات و بەتایبەتی بۆ عێراق، چونکە لەژێر عینوانی روخانی دیکتاتۆرییەت هاتبوون، بەشێک لە چەپەکانی دونیا و عێراق و کوردەکانیش دژی ئەو جەنگە بەردەوامە بوون کە دەیانزانی کۆتایی نایات و ئەمە مەسەلەیەکی لۆکاڵییە و دەبێ نیشتیمان پەروەرەکان یەکلایی بکەنەوە، چونکە سیاسەت و گروپە بەرژەوەندخوازە سیاسی و بازرگانەکان کەڵکی لێوەردەگرن، کەچی ئامریکاییەکان نەیانهێشت، چونکە دەیانزانی بەبێ ئەوان ئەم ناوچەیە چ وەکو سەرمایەی نەوت و چ وەکو جوگرافیا لەدەستیان دەچێت و گەمە سیاسییەکان بەردەوامیان نابێت، بۆ ئەمە مارکسیستەکان بە پاڵپشتی چینی کرێکار و بێکار و هەژار و بێ نەواکان و ئەوانەش کە زەرەرمەندی دەستی ئەو رژێمە بوون، سەرەتا بانگەوازی دونیایان کرد و رۆژئاواییەکانیش بەشدار بوون بەڵام ناکام مایەوە، بەو مانایەی کە ئەوان شۆڕشگێڕبوون نەک تەنها ئیدیعا بکەن. ئەمە لە دونیای دەرەوەش وەکو ئەوروپاش هەمان بەرهەمی هەبوو «کێشەی سەرەکی مارکسیزمی رۆژئاوایی

بوونـــی نوقســـانی بـــوو لەنێـــو ســـوبێکتی شۆڕشـــگێڕی، یـــان بکـــەری شۆڕشـــگێڕیدا، بۆچـــی چینـــی کرێـــکار بـــە پڕۆســـەی بەخـــۆی لـــە پێنـــاو خـــۆی تێناپەڕێـــت و خـــۆی ناکاتـــە ئامرازێکـــی شۆڕشـــگێڕی؟، ئـــەم کێشـــەیە کـــە بۆتـــە پاڵنـــەری ســـەرەکی ئاوڕدانەوەمـــان لـــە دەروونشـــیکاری کـــە لەپێنـــاو شـــیکردنەوەی ئـــەو میکانیزمـــە لیبیدۆییـــەی کـــە نەســـتیە، دەبێتـــە ڕێگـــر لەبـــەردەم بەرزبوونـــەوەی هۆشـــیاری چینایەتـــی و ئـــەو میکانیزمانـــەی لەنێـــو بـــوون و دۆخـــی کۆمەڵایەتـــی چینـــی کرێـــکاردا چێنـــراوە، هانـــای بـــۆ ببەیـــن، بۆیـــە پێویســـتی بـــەوە نەدەکـــرد کـــە ســـازش بـــۆ تیـــۆرە دەســـتکاری کـــراوەکان بکەیـــن کـــە دەربـــارەی رابوونـــی چینـــە مامناوەندەکانـــە هـــەر لەبـــەر ئـــەم هـــۆکارە بـــوو کـــە رۆژئـــاوا بـــەدوای ئامـــرازی کۆمەڵایەتییـــەوە بـــوو بـــۆ توانـــای ریـــاڵ بینینـــی ســـوبێکتێکی شۆڕشـــگێڕی».(٦٦).

ئەمـــە بـــۆ دژایەتـــی کردنـــی ئـــەو درووشـــم و سیســـتمە بـــوو کـــە بەنـــاوی دیکتاتۆریەتـــی پرۆلیتاریـــاوە نازنـــاوی تەزویـــری هەڵگرتبوو، لەکاتێکدا ئـــەم سیســـتمە نـــەک هـــەر پێچەوانەکـــەی راســـت بـــوو، بەڵکـــو هەڵاوگێڕکردنـــی ئـــەو سیســـتمە بـــوو کـــە بانگـــەوازی بـــۆ دەکـــرا، بـــۆ نموونـــە ئـــەو بانگـــەوازە بـــۆ نەهێشـــتنی سیســـتمی ســـەرمایەداری ســـتەمکاری بـــوو، نـــەک دیکتاتۆریەتـــی پرۆلیتاریـــا و کوشـــتنی ســـەرمایەداری وەکـــو جەســـتە، چونکـــە هـــەروەک چـــۆن دیموکراســـیەت بـــۆ کوشـــتنی دیکتاتۆریـــەت نەبـــوو،

بەڵکو بۆ نەهێشتنی ئەو فەزایە بوو کە ئینسان و کۆمەڵگەی تێدا بەند کرابوو، ئەمە ئەو راستییەیە کە پێچەوانەکەی کراوە بە واقیعێک نەک هەر بۆ خەڵک بەگشتی، بەڵکو بۆ دەستەبژێری رۆشنبیریش ئەم واقیعیەتەی وەرگرتووە، چونکە دژایەتیکردنی ئەو سیستمەی کە ناوی نراوە کەرتی تایبەت و ستەمکاری دەرهەق بە کرێکار و بێکار کردنیان، پێچەوانەکەی لەزەینیەتی خەڵک رەنگیداوەتەوە، ئەم داتایە ئەوەمان پێدەڵێت کە رۆڵ بینینی ئەوەی ناونراوە چینی کرێکار کە بەهۆی کۆمپانیا ئەهلییەکانەوە شکستی هێناو و بگرە ئەو هێزەی کە پێشتر کرێکار هەیبو، شکستی هێناو بوو بە دواکارێکی وەکو سواڵکەر و لانیکەم رزگاربوونیان لە بێکاری، ئەمە تورەیی شاراوەی چەپەکان بوو کە لەنهێنیەوە ئاشکرا بوو، بۆیە ململانێ لە دروشمی روخانی دەوڵەت و سیستمەوە گۆڕا بۆ چاکسازی لە مافی کرێکار و مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان کە بریتی یە لە مەسەلەی سۆسیال، بۆیە دۆخەکە نەیتوانی چینێکی نوێی بەهێزی دڵنیا وەکو ئەلتەرناتیڤ هەبوو کە ترسی دژە کۆمپانیا و سیستمی ئابوری رۆژئاوا و ئابوری وڵاتانی پاشکۆی رۆژئاواشی بەهەمان دەرد برد، بۆیە یۆتۆپیاکە لێرەوە سەرجەم هەوڵەکانی شۆڕشی گۆڕی بۆ مۆدێلێک کە تەنها چاوەڕوانییە و هەرگیز شۆڕش ئەلتەرناتیڤی دۆخە

ئاساییەکە نییە کە وەکو دەرکەوتووە درووستکردنی ئەو دۆخە جگە لەبەرهەمهێنانی فاشیزم شتێکی دیکە بەرهەمناهێنێت، هەروەک ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستان لەدوای روخانی دەوڵەتی سەدام و نەجیبوڵلا بینیمان.

«بوونی سیستمێکی دیموکراسی گەردوونی، پێویستی بە بوونی حکومەتێکی جیهانی هەیە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان درووست ببێ، دیموکراسیزمێک نییە بتوانێ بەبێ رەخسانی ئەم مەرجانە رەگ دابکوتێت، هێشتا پێویستە لەسەرمان لە چین و کۆریا و باکور و رۆژهەلاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی وەرچەرخانی دیموکراسیانە بکەین».(٦٧) ئەم تێڕوانینە نزیکە لەو تێڕوانینەی ترۆتسکی وەختێک لەسەردەمی دوای سەرکەوتنی سۆڤییەت بەسەر قەیسەر، گوتی (کۆمۆنیزم یان نابێت هەبێت لە قەوارە و ناوچەیەکی بەرتەسک، یان دەبێ سیستمەکە لەهەموو دونیادا چوون یەک بێت، چونکە ستەمی سەر چینی کرێکار دیاردەیەکی ناوچەیی نییە و لە سەرتاپای جیهان ستەم هەیە)، دوای کوشتن و نەمانی و دوای نزیک بە ٨٠ ساڵ دواتر تێگەیشتن ترۆتسکی تیۆرەکەی واقیعیتر بوو، کەواتە هێشتا دەبێ چاومان لەو دەوڵەتانە بێت بەرانگاری ئەم شێوە دیموکراتیزەکردنەی دەوڵەت و سیاسەت هەیە بۆ ئەوەی بەرپەپەرچی ئەو سیناریۆیە بدەینەوە بەناوی دیموکراسیەوە گەمە بەکۆی کایەکانی

ژیانەوە دەکات. گوایە ئەمانە جۆرە دەوڵەتێکی یاخین لەو هێزە زاڵەی کە ئیدیعای دیموکراسی دەکەن بۆ تەواوی دونیا، کەچی لەبری خۆشگوزەرانی و ژیان و سەقامگیری ئەمنی، شەر بەرهەمدەهێنن کە ئامریکا و زلهێزە سەنعەتکارەکانی دیکەی دونیایە، ئەمەش جگە لەفرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بۆ تێکدانی ژیانی دەوڵەتان و کۆمەڵگە هەژارەکان شتێکی دیکەیان نییە.

ئەگەرچی بەشێکی زۆری شرۆڤەکارانی سیاسەتیش بەرلە روخانی سۆڤییەت و بەر لەوەی بزانن چۆن ئەم چەمکە بووەتە چەمکێکی بازاڕی سیاسی، نەیاندەزانی رەگوریشەی ئەم جەنگە جۆراوجۆرانە لەکوێوە سەریهەڵداوە و ئاکامەکەی بەکوێ دەگات، جەنگی دوو ئیدیۆلۆژیای دژ بەیەکن، یان جەنگی دوو جەمسەری سەرمایەدارییین، یان جەنگێکی لەبن نەهاتوون بۆ تەواوکردنی ئەوانی دیکە کە کۆمپانیاکان پێشەنگیانن، یان ئایا ئەم چەمکە ئەوەندە میتافیزیکیە کە دەبێت جەنگی نێوان خێرو شەڕ بێت، یان جەنگی قینە ئیدیۆلۆژیاکانە، بۆیە ئەوەی ئێستاش درێژە پێدەری هەمان جەنگە کە ئامەریکا بەبێ هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی ئەو مافەی بەخۆیداوە کە دەست لە کاروباری هەموو دوڵەتانی دونیا وەربدات و سیاسەتی پارادۆکسیانە بکات کە دونیا ناچار بووە بە سیاسی تیایدا، ئەم جەنگە شانۆییەی کە لە تەواوی

سـەرزەمینی دونیـا نمایـش دەکرێـت، هەرچـی ئینسـانیش هەیــە کارەکتەرێکــە تێیــدا، جارێــک بێئاگایــە تیایــدا و جارێکــی تــر بەئاگایــەوە لــەو شــانۆگەرییە و بەناچــار بەشــداری تێــدادەکات.

«گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی لەنێوان دوو گوتاردا دێت و دەچێت، گوتارێک بۆ کۆمەڵگە و گوتارێکیش بۆ رەخنــە لــە دەوڵــەت، هــەردوو گوتارەکــەش لەواقیعێکــی هەقیقیــدا یەکدەگــرن، هەردووکیشــیان بۆچوونێکــی ناڕەزایەتــی و وورد لــە دامەزرانــدن بیانــوو دەهێننــەوە، هــەردوو گوتارەکــەش لەشــوێنێکدا قۆرخکــەرن، یــان بانگەشــەی قۆرخــکاری دەکــەن، کــە ئەمــە شــیکارییەکی کۆمەڵگەیــە بــۆ دیموکراســی».[٦٨].

ئــەم دوو گوتارییــەی لەیــەک کاتــدا هــەم کۆمەڵگەیــە و هــەم خــودی چەمکەکــە ئــەوە هەڵدەگرێــت بــۆ پێگەیاندنــی کۆمەڵگــە، مانایەکــی تــەواو جیــاواز لــەو رەخنەیــە هەڵدەگرێــت کــە لەدەوڵەتیشــەوەیە، چونکــە دەوڵــەت بریتییــە لــە کۆمەڵێــک دامــودەزگای ســتەمکاری و قۆرخکاری لەلایەن بەرپرسی سیاسی و مافیاکان کە بەشــێک لــە جومگەکانــی سیســتمیان کۆنتــڕۆڵ کــردووە و بەکۆمپانیــا و کەرتــی تایبــەت دەیانهــەوێ بیشــارنەوە، کەچــی چارەسەریشــیان نییــە، بۆیــە دیموکراســی لێرەدا پێناســە و شــیکارییەکی دیکــە هەڵدەگرێــت کــە بریتییــە لــەدوو جەمســەری تــەواو جیــاواز لەهەنــاوی تاکــە

چەمکێکی مێژوویی کە فرە مانایی وەرگرتووە، گوتارێکی دیکەی نادیاری ئاکتیڤ هەیە کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتییەوەیە هەمیشە، ئەویش گوتاری توندڕەوی ئایینیە کە رەنگدانەوەی بەسەر سایکۆلۆژیای هەموو تاکەکانەوە هەیە، تەنانەت ئەم توندڕەوییە لەکایەی فەرهەنگیشدا بەدی دەکرێت کە زۆرجار توندڕەوەکان کەسانی پێشکەوتووخوازیشن.

هەڵبەت ئەوکاتەی کە بێئاگایە لەنێو جەنگەکەدا، ئەوکاتەیە کە تەنها بەفۆڕم و لەرێگای دەزگا راگەیاندنەکانەوە دەیبیستێ و دەیبینێ و دەیخوێنێتەوە، ئەوکاتەش کە بەئاگایە دوو بەشن، بەشی یەکەمیان گروپ گەلێک یان دەستەبژێرێک کاری تێدادەکەن، یان کارەکتەری چالاکی ئەم بوارەن و کەڵکی لێوەردەگرن، بەشەکەی تریان ئەو خەڵکە عەوامەیە کە هەم لەژێر کاریگەری راگەیاندنی چەواشەکار و هەم لەپەنا حیزبێک یان هێزێکی سیاسیدا کەوتونەتە نێو گەمەکەوە، یان مەعیشەتی بە ناڕاستەوخۆ لەژێر هەڕەشەی حیزبێکدایە کە گەمەکەری سیاسەتەکەیە، یەعنی واقیعی ژیان خەڵکی ناچار کردووە لەخۆڕا سیاسی بن و هەندێکجار بە هۆی هاوکاری ماددییەوە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە، منداڵ و ژنی خێزانە هەژارەکان دەبن بە ماتریاڵی ئەو حیزبە تیرۆریستیانە، ئیدی چۆن و لەکوێ ئەو فەزا دیموکراسییە بەمەنفەعەتی کێ

دەگەڕێتەوە، سەرەنجامیش تەنها کارێکتەرە چالاکەکانی حیزبی توندڕەوی ئیسلامی دەبن بەدەمڕاستی خەڵک و لەجیاتی هەموو خەڵک وەڵام دەدەنەوە «ئەگەر بمانەوێ پەیوەندیی نێوان هۆکارەکانی مەترسی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە ئاشکرا بکەین، هیچ مەفەرێک نییە تەنها ئەو دانپێدانانە نەبێ کە کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتن هیچ شتێک نادۆڕێنێ، تا ئەو جێگەیەی کە ترسی تارماییەک دەردەکەوێت و دەبێتە غەزەبێک بۆ کۆمەڵگە هەژارەکان».(٦٩). مارکوز ئەو سەروەختە کە هێشتا سەرمایەداری بەو شکڵە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو و تەکنۆلۆژیا بەو شکڵە نەبوو بە خزمەتکاری کۆمپانیاکان تاکو سیاسەت ئاراستە بکات، ئەو بیری بۆ ئەوە چووبوو کە سیستمی سیاسیی بۆ باشترکردنی دۆخی خۆی، ئینسان بەکاردەهێنێ، بۆیە لە ئینسانەوە دەیگوازێتەوە بۆ کەرەستەیەک کە تەنها بڕوا بە سیناریۆکان بهێنێ و ببێتە بەکاربەری ئەو کەرەستانەی کە خۆیانی کردووە بە کەرەستە.

بابزانین بۆچی سیاسەت ناچارمان دەکات، ئەو پرسیارانە بکەین کە ناکرێ و مەترسی تێدایە بۆ کارەکتەرەکانی نێو ئەم گەمەیە، ئەوەش کە خەڵک دەنگی ناگاتە ناوەندەکانی بڕیار، بۆ نموونە ئەم پرسیارانە سادەن و هەموو کەسێک دەتوانێ بیکات، بۆچی پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای سەربازی

پێشکەوتوو ترە لە تەکنۆلۆژیای تەندرووستی کە تسۆنامی شێرپەنجە بەهۆی جموجۆڵی سەربازی ئامریکا و هێزە نێودەوڵەتیەکانی تر لە رۆژهەڵات و شوێنانی تر لە ئارادایە بەرەو هەڵکشان دەچێت و هیچ رێگرییەکیش بیری لێنەکراوە، بگرە لەرێگەی تەکنۆلۆژیا و خۆراکی دەستکردەوە بەرەو زیادبوونیش دەچێت، ئایا ئەم دەستگا سەربازیانەی کە هێزە سەربازییەکان دەجوڵێنن و لەبەرچی بیری لە ئینسانیەت نەکردۆتەوە کە گوایە ئەوروپا شانازی بەو هیومانیستیەوە دەکەن، ئایا لەکوێ لەچ بستە زەویەک یەکەی سەربازی ئامەریکا نییە مانۆڕی سەربازی تێدا نەکات و مەبەستەکەش چییە؟ ئایا لە کوێ و لەچ دەریا و ئۆقیانوسێک کەشتی ڕانی سەربازی ئامریکای تیای نییە کە ئێستا دەوڵەتانی وەکو فەرانسا و ئاڵمان و دەوڵەتانی عەرەبیشی هاتۆتە سەر؟ لە کوێ لە ئاسمانی چ دەوڵەتێک فڕۆکەو هێزە ئاسمانییەکانی ئامریکا نییە چالاکی سەربازی تیا نەکات؟ لەکوێ لەچ شوێنێکی ئەم سەرزەمینە ئامریکا هەوڵی ئەوەی نەداوە بەشێک لەسەروەت و سامانی میللەتان جا بەهەر بیانویەکەوەبێ بۆ خۆی نەبات؟ جا بائەو سەروەتە کشتوکاڵی بێت یان کانزایی، دەریایی بێت یان پترۆڵ تادەگاتە کولتووریش؟، کام هەواڵ هەیە ئێمە نەیبیستین ناوی ئامریکا و وڵاتانی زلهێزی تێدا نەبێت؟ جا بەهەر

بیانویەکــەوە بێــت، جارێــک بەنــاوی تەرحــی سیســتمی دیموکراســیەتی مۆدێرنــەوە، جارێکــی تــر لەژێــر نــاوی جیهانگیریدا ئەو مافەی بەخۆی داوە دەست لەکاوباری جیهان وەربدات، ئایا کێشـەی کشمیر لەنێوان پاکستان و هیندستاندا لەسـەر دیموکراسییەتە، یان بیانوی گەشـەی تەکنۆلۆژیــا و چەکــی ناوەکیــە لەلایــەک، هەیمەنــەی دەســەڵاتی سیاســی ئامریــکا کــە لــەو پــەڕی دونیــاوە تەداخولــی تێــدا دەکات لەلایەکــی تــر؟ کێشــەی دەیــان ساڵەی فەڵەستین و ئیسرائیل، کێشـەی ئایینی و ئیتنیکیە لەنێوان یەهـودی و ئیسـلام، یان هەژموونـی سیاسـەتی ئامریکا؟ کێشـەی سیاسی و ئابوری و کەم خۆراکی بۆ خەڵکی سـودانی باکوور و سـودانی باشـوور و هەرێمـی دارفـۆر لەسـەر نەبوونـی سیسـتمێکی دادپەروەریـە، یـان هەیمەنـەی سیاسـەتی ئامریکایە لەکۆمبارسـی ئـەم فیلمـە لەنێوان ئەگەری ژیـان و مردنـی هـەزاران منداڵ و ژنـی بێگوناهـە لەبرسان لەلایەک و لەنێوان بەرداشـی میلیشیا چەکــدارەکان و حکومەتــی ســودان لەلایەکــی تــر کــە چەندیــن جــار ڕێکەوتــن مۆردەکــەن و هەڵدەوەشــێتەوە؟ ئێســتا دەرکــەوت کــە شۆڕشــەکەی ســودان دەســتێکی دەرەکــی بــوو، باشــترین ســەلماندنیش ئەوەیــە کــە دەوڵــەت رادەســتی ســەرباز کــرا، هەروەهــا کێشــەی ئەفغانســتان کێشــەی ئاییــن و کولتــوورە جیاوازەکانــە کــە ئامریــکا بەهێــزی ســەربازی دەیهــەوێ چارەســەری

گونجاوی بۆ دابنێ و ناوبەناو کپی دەکاتەوە و ناو بەناویش دەیکاتەوە بە هەواڵی جهانی، یان هەیمەنەی سیاسەتی ئامریکا و کۆمپانیا وەبەرهێنەکانە کە جگە لە تێکشکاندنی سیادەی دەوڵەت و کولتوورەکەی، هەزاران ئافرەت بوونە قوربانی تیایدا؟ ئایا کێشەی ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر کەرەباخە یان کێشەی دوو دەوڵەتی وەکو ئێران و تورکیایە کە سەرەنجام شەڕی سەرمایەی نەوتی هەردوو وڵاتەکەیە؟، ئەمانە و دەیان نموونەی دیکە کە بازرگانی جەنگ بەڕێوەیان دەبەن و ناو نراون جەنگی دیموکراسی کە لەراستیدا ئەمە تیرۆری دیموکراسی یە و بە دیموکمراسیەتی هەقیقی دەیفرۆشنەوە بەخەڵکی ناهۆشیار.

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا چیچان و رووسیا کێشەی ئایینیان هەیە و لەسەر ئایین رێناکەون، یان ئەونەخشە جەهەننەمیەیە کە لەسەرەتای جەنگی ساردەوە لەگەڵ خۆیدا بەکێشی کردووە و ئەو هێزانەی کردووە بە کاریکتەری نێو سیناریۆکان؟ هەروەها کێشەی مێژوویی لوبنان و ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلانە لەنێوان سوریا و ئیسرائیل؟، یان مانەوەی دۆخەکەیە کە مێژوویەکی پڕ لەخوێنی هەیە و دەبێت وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێشەی چەند ساڵەی سوریا و گروپە تیرۆریستیەکان و ئۆپۆزسیۆن و کوردەکان کە بەشێکیان لەخزمەت ئێران و بەرەی

روسـیان و بەشـێکیان لـە خزمـەت ئامریـکا و تورکیـا و سـعودیەن؟، هەروەهـا کێشـەی لیبیـا کـە لەنێـوان تایەفـە رەشـۆکیەکانی دونیـای جەهالـەت لەئارادایـە کـە لـەدوای سیسـتمەکەی قەزافییـەوە سـەریانهەڵدا، ئایـا ئەمانـە کێشـەی دیموکراسـیەتی وڵاتەکـەن، یـان کێشـەی بـازاڕی ئامریـکا و وڵاتانـی سـەنعەتی و گەرمکردنـی بـازاڕی چەکـە کـە لەعەمبـاری کۆمپانیاکانـی فەرانسـە و بەریتانیا و ئامریکا مابوون؟، ئایا کێشـەی هەرێمی قرم و دەوڵەتـی ئۆکراایینـا لەسـەر سـەربەخۆیی مێژووییـە؟، یـان کێبەرکێـی نێـوان ئامریـکا و روسـیا، ئایـا کێشـەی حوسـییەکان و دەسـەڵاتی یەمـەن، کێشـەی پێکهاتەیەکـی ئـەو وڵاتەیـە لەسـەر سـەربەخۆیی یـان ململانێـی نێـوان دوو جەمسـەری سوونن‌ە کە سعودیەیە و شیعە کە ئێرانە لەناوچەکـە کـە ئێـران هـاوکاری حوسـییەکان دەکات، دوا سـیناریۆی گـەورەی شـەڕیش کـە فەرمـان بـوو هەمـوو دەوڵەتانـی دونیـا دەبـێ بەشـداری تیـا بکـەن، کێشـەی لەبن نەهاتووی عێراقە، لەپەنـای ئەمەشـدا بیانـوو گرتنـە بەحکومەتـی ئێـران گوایـە لـەڕووی تەکنۆلۆژیـاوە هەڵدان و گەشـەی بەخۆیـەوە بینیـوە لەلایـەک، پشـکداریکردنی ئێرانـە لەگـەڵ بـازاڕی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا لەلایەکـی تـر کـە روبەرێکـی گـەورەی بـازاڕی داگیرکـردووە لەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، ئایا ئـەوەی بەنـاوی بەهـاری عەرەبـی کـرا و دەیـان کـەس تێیـدا شـەهیدبوون بەزوترین کات کارێکتـەر

گۆڕا و کاریگەرییەکی دیکە ببو بەسەرۆک لە میسر و تونس و لەسوریا بە ملیۆنان کەس بوونە قوربانی، بۆ گۆڕینی سیستم بوو؟، یان بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەجێندایەک بوو لەپێناو گۆڕینی نەخشەی سیاسی و جوگرافی و ئابوری ناوچەکە لەپێناو بەرژەوەندی ئامریکا و بەریتانیا و فەرانسە و روسیا و ئێران کە لەسەر داهاتی ناوچەکە بوو بەناوی ئازادی و دیموکراسی کرا و ئەنجامیشی هەر بەردەوام شەڕ بوو تاکو بەرهەمهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام و لەئەفەریقاش بەناوی بۆکۆ حەرام و کوشتن و قوربانی هەر بۆ خەڵکەکە بوون بەناوی دیموکراسییەتەوە کە وەهمێکی سیاسییەکان و سیاسییەکان بۆخۆشیان ئەو دانپیانانەیان کردووە لەرێگەی میدیاکانەوە، ئەمە جگە لەو سیناریۆیەی بۆ گۆڕینی جوگرافیای سیاسی و ئابوری رۆژهەڵات، لەژێر عینوانی بەهاری هەریەک لە تونس و میسر و لیبیا و سوریا بوون بە گۆمی خوێن، هەڵبەت دوای ئەو دەوڵەتانەش نۆرەی هەریەک لە جەزائیر و مەغریب و تورکیا و ئێران و وڵاتانی کەنداویش دێت کە دەیانکەن بە پارچەی جیاواز بەناوی دەوڵەتۆچکەی بچوک بچوک و لە دەهاتوویەکی نزیکدا دەبینرێ کە چۆن ئەم نەخشەیە دەگۆڕدرێت.

دەرکەوتووە کە ئەگەر کێشە لەسەرتاسەری دونیادا نەمێنێ، ئەوا دیموکراسی بۆخۆی نانەوەی کێشەیە،

چونکە لەبواری پراکتیک کردندا لەبوارەکانی پەروەردە و فێرکردن وەکو کێشەیەکی سەربەخۆیە، هەروەها لە بواری پیشەییدا پیشەسازیدا وەکو کار و وەکو کرێکاری دەوڵەت بۆخۆی کێشەیەکی ترە، هەروەها لە بواری زانستیدا هەر بە پیاوە ئایینییەکانەوە تا دەگاتە مامۆستا و دکتۆرای زانکۆ و پلەدارەکانی دەوڵەت کێشەیەکی تری چینایەتین، ستالین و هیتلەریش بەدەنگی دیموکراسیانە بوون بەو پاڵەوانەی مێژوو، «دیموکراسی لە سێ بواردا بە ئاشکرا نمایشی چینایەتی پێوە دەرکەوتووە کە لەرێگەی ئەو ئەفرادانەوە مافی کۆمەڵگە پێشێل دەکەن، ئەویش لەرێگەی خراپترین کارێکتەر کە پیاوانی دەسەڵاتی ستەمکارین، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمەڵگە دابەشی سەر چینەکان بووە کە لە ئاستی بژێویدا هەستیپێدەکرێت، بۆ نموونە چینی یەکەم ئەهلی کار و سەنعەتچی و بازرگان و کشاوەرزن، لەسەر سوویەک دەژین کە خەڵکی هەژار لەرێگەی بەناچارکردنی کڕینی شمەکەوە باجەکەی دەدەنەوە، چینی دووهەم چینی سیاسی و ئەو کەسانەن کە مامەڵە لەتەک پارێزەری دەزگاکانی دەوڵەت دەکەن، هەڵبەت ئەمانەش مووچە و بژێوییان لە چاو هەژاراندا ئاسمان و رێسمانە کە بریتین لە پیاوانی سوپاو و پیاوانی دادوەر و تەکبیرکەرانی دەوڵەت، چینی سێهەمیش ئەهلی رێنماییکارانی خەڵک

و زانستگەراکان و پیاوانی ئاینی و پیاوانی پەروەردەن، ئەوانەش کە پێیانوایە عەقڵیان لە عەقڵی خەڵک زیاتر بڕدەکات».(٧٠).

ئەم تێڕوانینە لەلای بیرمەندانی عەرەبیش هەیە کە تێگەیشتوون دیموکراسییەت ناچێنرێت وەکو چۆن تۆوی گەنم و دانەوێڵە و کشتوکاڵ دەچێنرێت و لەبەهاراندا بەرهەمی دەبێت، دیموکراسی دەبێ بە سرووشتی خۆی چەکەرە بکات لەلایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، وەکو مۆدێرنە کە کۆمەڵگەی بەرەو شوێنێکی تر برد، قۆناغی بونیاتنانی دەوڵەت ئەوەی کە گرێییەکە لە دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتان، ئەم فرسەتە نەک هەر لەدەست چوو، بەڵکو بەگشتی لەباربیان برد، بۆ ئەوەی بزووتنەوە نیشتیمانییەکان گومان نەکەن و لاسایی بکەنەوە. ئەم سیناریۆیە دەستەبژێری سیاسی پاڵپشتیان کردووە هەمیشە کە لە منداڵدانی سەرمایەدارییەوە لەدایک بووە، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە قسە لەسەر رزگارکردن و گەشەپێدان دەکەن بۆ نەتەوە و گەلێکی ژێر دەستە و بێچارە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونە زۆرە بۆ شەرعییەت پێدان بە سیاسەتی ئەو دەستەبژێرە.

ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەو نموونانەیە کە بوون بە دەمڕاستی دەسەڵات و سیستمی دیموکراسی، وەکو باشترین نموونەی دەسەڵات تەرویج دەکەن

لـەلای کۆمەڵگـە. ئەمـە باشـترین سـەلمێنەرە کـە دیموکراسـی سیسـتمی سـەرکوتکردن و زەقکردنـەوەی جیـاوازی چینایەتییـە کـە لـەو چینانـەوە باشـتر هەسـتی پێدەکرێـت، لـەوەش بتـرازێ بەنـاوی قبوڵکردنـی فـەزای دیموکراسـییەتەوە، رێکخـراوە توندڕەوەکان بەرهەمدێـت و دەبـن بـە نەگبەتـی بـۆ گـەلان و ئـەو وڵاتانـەی کـە لـەرووی سرووشـتییەوە خاوەنـی بەروبوومـی نـەوت و گاز و کانـزان، بەمـەش جارێکـی دیموکراسـی بەهەمـوو ناتەواوییەکانیـەوە دەکەوێتـە بـەردەم هەڕەشـەی خوێنڕشـن، هـەروەک ئـەوەی لـە ئەفغانسـتان و عێـڕاق و سـوریا و لیبیـا و لوبنـان روویانـدا.

هەڵبـەت نموونـەی ئـەو دەوڵەتانـە بەئاشـکرا دیـارن کێشـەکەیان تەنها نەبوونـی دیموکراسـیەت نییـە، ڕیشـەی ئـەو کێشـانەش لەکوێوە سـەریانهەڵداوە، ئەمانـە هەمـووی بەلایـەک، قۆرخکردنـی دەسـەڵاتی نەتەوەیەکگرتـووەکان و بڕیـاردان لەسـەر چارەنووسـی سیاسـی هەمـوو دونیـا لەڕێگـەی NU و یاسـاکانی کـە موناقەشـەیەکی تـرە، لەلایەکـی تـر کـە هیـچ هێزێکـی نێودەوڵەتـی لەنێـو مەحافلـی سیاسـی دونیـا ناتوانـێ بـەری پێبگرێـت، یەکێـک لەسـەرەتایی تریـن کارەکانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان ئەوەیـە مافـی نەتـەوەکان وەکـو خـۆی تەماشـا بـکات، کەچـی لەژێـر نـاوی بـازاڕی ئازاددا بەدەیان نەتـەوە دەبنـە قوربانـی هاوکێشـە سیاسـییەکانی ئامریـکا و دەوڵەتانـی

پیشەسازی کە لەئەنجامدا شوناسی نەتەوەییان لێدەستێندرێتەوە و پەراوێزدەخرێن، لەبەرامبەریشدا خێڵ و هێزی جیاجیا شوناسیان بۆ دروست دەکرێت، ئامریکا لەنێو نەتەوە یەکگرتووەکانیش لۆبی سیاسی خۆی هەیە و بەخزمەت سیاسەتی خۆی کارەکانیان بۆ مەیسەر دەکرێت، باشترین نموونەی بەردەست کۆمپانیا نەتەوەییەکانی ئامریکای لاتین و کەنەدایە کە بەچ شێوەیەک گرینگیان پێدەدرێت و رێکلامیان بۆ دەکرێت لەژێر عینوانی نەتەوەکان و کۆمپانیای فرە نەتەوەیی، کێشەی شوناسیش ئەگەر لە کۆنتێکستی کۆمەڵگە تەماشای بکەین، پانتایی زەمەنییە یان ناوچەییە وەکو دەرکەوتن، بەڵام بۆ تاک شوناسی تاکە کەسی زەمەن و هێماوە، چونکە کاتێک تاک دەتوانێ بڵێ شوناسم هەیە کە ئەمە ئێستا لە دونیادا بەتایبەتی لە رۆژئاوا بە هۆی بەریەککەوتنی تاکەکانەوە دروست دەبێت کە لەیەک کامپی نیشتەجێبوون بۆ تاقیکردنەوەی پێکەوە ژیان تێکەڵ دەبن، ئەوکاتەیە کە تاک هەستدەکات بەردەوامی هەبێت باشترە، لەوەی بێجگە لە هەستکردن بە جێگیربوونی کەسایەتی خۆی، بەمانا لۆژیکییەکەی بۆ مانەوەی لەدونیای فرەیی و تێکەڵ بوونی لەگەڵ فەزایەک کە خوازراوە وەکو ئەزمون، لەکاتێکدا ئەو ئەزموونە ئارەزوومەندانە نییە تاکو ئاشنابوونی بە کولتوورەکەی بەرهەمبهێنێیەوە بۆ

ناساندنی بەوانی تر، ئەمە ئەگەر ئەو تاکە بەرگری لە لایەنی نیگەتیڤی کولتوورێک نەکات کە نەفعی نییە بۆ تاک، تەنانەت هەندێکجار بۆ کۆمەڵگەش کەڵکی نییە کە دژە ئینسانی یە.

سیستمی ئێستای بازاڕی ئازاد ئەوەندەی بازاڕی کاڵا و بەرهەمهێنانی کاڵای نوێیە لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە، دە ئەوەندەش بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئینسانە لەئاستە جیاجیاکاندا وەکو مێگەلی کۆیلە و وەبەرهێنانی بەشەرییەت بەناوی ئیسلام و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی ئیسلامییەوە، ئەم فەزایە بارگاوی کراوەی سیاسەت لەپێناو بازاڕ و نەوت و گاز و هتد، کارێکی کردووە کە سیستمی کۆیلەداری سەردەمی جیهانگیری و پۆست جهانگیری کە جگە لە قەیرانی ئابوری، قەیرانی چارەسەر نەکراوی کولتوورەکانی بەرهەمبهێنێتەوە کە بەشێکی گرینگە لە سەرخانی دەوڵەتان کە هەندێک لەبیرمەندەکان ناویان ناوە (ئەمرەکە)، واتە بەئامریکایی کردنی دونیا کە فۆڕمێکی تری هەیە، ئەم ئەمرەکەیەش لەوێوە هاتووە کە ئامریکا دەیهەوێ لەرێگەی ئابوری و سیاسی و هێزە سەربازییەکانی خۆیەوە چیتر بەدوای دوژمنی وەهمیدا نەگەڕێت و هەموو دونیا لەژێر عینوانی جیاجیادا نەهێڵێەوە و ببن بە ئامریکایەکی گەورە، بەهەرحاڵ ئەوەی کە ئینسان لەبەرامبەر تەکنۆلۆژیای سەردەمدا بەتایبەتی

تەکنۆلۆژیای سەربازی وەکو چەکی ناوەکی کۆیلەیە، بەڵام بەخۆی نازانێ، لەوێدا دەردەکەوێ کە هەر بەراوردکردنی تەکنۆلۆژیای سەربازی و تەکنۆلۆژیای تەندرووستی، ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرمایەداری هاوچەرخ بەتایبەتی سەرمایەداری ئامریکا بۆ خزمەتی ئینسان داینەهێناوە، «ئەگەر دیموکراسییەت بیهەوێ هێزێکی سرووش بەخشی بۆ بگەڕێتەوە، دەبێت لەپێناو تاکدا خاڵە پۆزەتیڤەکان دوو ڕێگەی کۆتایی لەبەرچاو بگرێت، هەموو تاکێک نموونەیەکی لەبارەی ئەو سێ گۆشەنیگایە لەبارودۆخی جیاوازدا پێشکەش دەکات، کەسێک ئەگەر سادەبێت تەنانەت ئەگەر هەستیاترین شاعیری زیندووش بێت، لەو کاتەدا کارەکە پەیوەست دەبێت بەو دەفتەرەی کۆمەککردن، یاخود بۆ سندووقی دەنگدان دەچێت، تاکو لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگ بدات، کەواتە بەشێک لەو ئامێرەی کە لەپێشەوە ماکینەیەکی هەستیارە بۆ بەرهەمهێنانی سوپا و پاراستنی سیستمی سیاسی و کۆمپانیاکان، هەمویان پێکەوە یەکانگیر دەکات و دەیانکات بە دامەزراوەگەلی جیاجیای خزمەتی دەوڵەت کە لەدەرەنجامدا سیستمەکە خۆی ئاشکرا دەکات چ ناحەز و ناشیرینە». (٧١).

ئەگەر باشتر قسەی لێبکەین گەشەو هەڵدانی تەکنۆلۆژیای سەربازی بۆتە پێویستییەکی سەربازی هەموو دەوڵەتی جیهان، بەڵام تەکنۆلۆژیای تەندرووستی

ئـەو گرینگیـەی پێنـەدراوە، ئەوەتـا لەڕێگای تەکنۆلۆژیـای سـەربازیەوە لەیـەک لەحـزەدا سـەدان ئینسـان لەبەیـن دەچـێ، بـەڵام قـەد نەبـووە لەڕێـگای تەکنۆلۆژیـای تەندرووسـتیەوە بەدەیـان سـاڵیش هەوڵبـدەن ڕوحـی ئینسـانێک لەمـردن ڕزگار بکرێـت، ئەگـەر ئـەو حاڵەتانـە نەبێت کـە داهێنانـی تەندرووسـتین، لەکاتێکدا داهێنانی ئەم دوو تەکنۆلۆژیایـە لەسـەر دەسـتی ئینسـان خـۆی هاتۆتـە ئـاراوە و تەنهـا بـۆ چارسـەری کێشـەی تەندرووسـتی و ئینسـانیەکانە، ئیتر کۆیلایەتی چۆنـە ئەگـەر ئینسـان ناچار بکرێـت عەبەسـیانە بەرهەمـی خـۆی لـەدژی ژیانـی خـۆی بەکاربێنـێ، کۆیلەیەتـی چۆنـە ئەگـەر ئینسـان ئـازاد نەبێ لەهەڵبژاردنـی ژیانـی خـۆی، لەکاتێکـدا ئـازادی مەترسـی خـۆی هەیـە و دەیـان پرسـیاری فەلسـەفی هەڵگرتـووە و هێشـتا وەڵامـی پێنەدراوەتـەوە، بـەڵام دیسـان ئەگـەر ئـازاد نەبێ لەهەڵبژاردنـی شـوێنی نیشـتەجێبوون، ئەگـەر ئـازاد نەبـێ لەمومارەسـەکردنی سیاسـەت و تـەواوی کایـەکان ئەگـەر بەخزمەتـی ئـەم سیسـتمە نەبێ، دەبێ لـە ژێـر سـایەی ئـەم سیسـتمە نـا عەدالاتییـە بێت کـە وەبەرهێنـان بـە ئینسـانەوە دەکات، لەکاتێکـدا ئـەوە مەعلـوم بـووە بـۆ زۆر لەبیرمەنـد و نووسـەری جهانـی و لۆکاڵی، کـە میدالیای نۆبڵ چ بۆ کایەی ئـەدەب و هونـەر و فیزیـا و هتـد، چ بـۆ ئاشـتی لەچنگـی گرووپێکـی تۆپـی سیاسـیدایە، نـەک لەبەرچاوگرتنـی کارێکتـەری گونجـاو،

هەر نموونە وەرگرتنی نۆبڵی ئاشتی لەلایەن باراک ئۆباماوە، گەورەترین تاوان بوو دەرهەق بە جائیزەکە، چونکە ٨ ساڵی تەمەنی ئۆباما لە سەرۆکایەتی گەورەترین وڵاتی جیهان، شەڕ و ئاشوب وماڵویرانی بوو، وەرگرتنی جائیزەی نۆبڵی ئەدەب بۆ چیرۆک ساڵی ٢٠١٤ تەنها بۆ لێدانی ئەوانە بوو کە داهێنان لەدەرەوەی سیاسەت دەکەن.

«ئەوەی کە ناوی دادپەروەرییە پێدەچێ لە ئاییندا وەکو شێتێکی تۆڵەسێن بێت، بۆیە لەگەڵ شتێکی رەها جیاوازیان نییە، رەنگە بەئاسانی توندتر بێت، لەسەروبەندی غروری سوریالی و لەپای هەریەک لە ئەنتی گۆنای سۆفۆکلیس و شایلۆگی شکسپیر، رەنگیشە رێگەی ئاسمانێک بگرێ ئەو عینادییە، نەک لێبوردەییەک کە شارێک کاول بکات، چونکە یاخییەکانی سەربازەکانیش دەکوژن، یان ئەوەی کە بازاڕێک بۆردومان دەکەن کە قەرەباڵغە و پڕە لە خەڵک و مناڵ، بۆیە ئەمە لەژێر سایەی بیرکردنەوەی هەر ئایینێک و هەر ئەحکامێک بێت، توندوتیژییەکی دروستکراوە».[٧٢]. ئەمە ئاشکرایە کە ئایین جگە لەوەی خۆی وەکو تۆڵەسێنی بەرلەخۆی هاتووە و خەڵکی بەو شێوەیە هانداوە دژ بەدژەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا تەوژمێک دروستکرا کە هەمیشە بە رەها وەربگیرێت و هەر لە بیری تۆڵەسێندا بێت، جا ئەو

تۆڵەیـە نـەک لـە سـەرکردە و بنکردەکانـی، بەڵکـو لـەو خەڵکـەی کـە هـەواداری تایەفـە یـان لایەنگرانـی ئـەو شـارەی کـە دەسـەڵاتی دژەکـەی بەڕێـوەی دەبـات. هـەروەک ئـەوەی کـە لەخـواری بەغـدا و لەباشـوری عێـڕاق و ئەفغانسـتان و لـە میسـر و تونـس و پاکسـتان و لەمدوابیەشـدا لـە ئەوروپـا بینـرا کـە چـۆن بێتـاوان لەبری تاوانبارەکان بوون بە قوربانی، لەحاڵێکدا هەموو ئەوانـەی چاودێری دۆخـە سیاسییەکان دەکـەن، دەزانـن یـان لانیکـەم تێدەگـەن کـە ئەمـە کارێکـی خۆڕسـک نییـە بەڵکـو دەسـتکردە، لێـرەوە تێدەگەیـن کـە جەنگـی دژە تیـرۆر لەکوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە و نەفعـە سیاسـی و ئابورییەکـەی بـۆ کوێیـە.

تیرۆریـزم لەکوێـوە سـەریهەڵداو کـێ هـاوکاری لۆجیسـتی کـردوون و چـۆن گەشـەیان کـرد و بۆچـی خـودی ئامریکاشـی گرتـەوە؟ بۆچـی بـەر لەهاتنی داعـش وەکـو مەسـخەرەترین و سـەیرترین نموونـەی تیـرۆر و دەوڵەتی ئایینی لەدوای شکستهێنانی دەوڵەتی توندڕەوی بەبـێ هیـچ پەیوەندییەکـی نێودەوڵەتـی پێویسـتی بـە چارەکـە سـەدەیەکە بـۆ سـڕینەوەی ئاسـەوارەکەی، پرسـیار ئەوەیە بۆچی ئوسـامە بنلادن دەبێتـە سـیمبول و گروپەکەشـی دەبێتـە تارماییەکـی سیاسـی و هەمـوو دونیـا ترسـی لێبنیشـێ؟. بۆچـی دوای ١٥ سـاڵ ئـەم پاڵەوانـە بـێ ناسـنامە ئاشـکرایە لەپاکسـتان دەکوژرێـت

و لـه چیاکانـی تـۆره بـۆرەی ئەفغانسـتان نامێنـێ؟ ئایـا چـی ئوسـامە و مـەلا عومـەری لەعەرەبسـتانەوە گەیانـدە ئەفغانسـتان تاوەکـو شـەرعییەت بـە جەنـگ بـدەن و ئامریـکاش سـەرقافڵەی جەنگەکـە بێـت؟ ئایـا ئامریـکا بەبێ جهانـی دوو قوتبـی ناتوانـن سیاسـەت بکـەن تاکـو ئیسـلامی سیاسـی لەبەرامبـەر خۆیـان ڕابگـرن وەکـو بەدیلـی سـۆڤیەتی پێشـو نـاوی لیبنێـن تیـرۆر؟ چـۆن دەبێ لـە فەزایەکـی سیاسـی کـە بۆشـایی سیاسـی بـوو لـە سـوریا، گروپێکـی گومانـاوی وەکـو داعش کـە بەنـاوی دەوڵـەت درووسـت بـن و سـامانی وڵاتەکـە بفرۆشـن و ببنـە نیمچـە دیفاکتۆیەکـی سیاسـی و لەلایەکـی تریشـەوە بەنهێنـی بمێننـەوە و چارەسـەری بـازاڕی سیسـتمی سـەرمایەداری بکـەن کـە ناتوانێ بەتەنها و لـە شـەفافیەتدا قەیرانـە جۆراو جۆرەکان و کێشـەکانی خـۆی چارەسـەر بکات، دواتریـش بـە سـیناریۆ لـەو جوگرافیایـە نەمێنـێ و بچـن بـۆ شـوێنێکی تـر کـە چونیـان نیشـانەی پرسـیاری سیاسـییە، لەکاتێکـدا سـەرەتای تیـرۆر لـە سـەرهەڵدانی وەهابییـەت و دواتـر ئیخوانییەتـەوە هـات کـە کۆمپانیـا بەریتانییـەکان هاوکارییـان کـردن و بـەرەو میسـر و جەزائیـر چـوون، تاکـو لەوێـوە گەشـەیان سـەند و بـۆ دژایەتـی سیسـتمی سـۆڤییەتی کـۆن کەڵکیـان لێوەرگیـرا کـە دیمەنـە ترسـناکەکانی بینـران و تـا ئێسـتاش بەردەوامـە و بۆتـە واقیـع.

ئەمانــە پرســیارگەلێکن تەنهــا بەشــێک لەڕۆشــنبیرانی نــاودار و پســپۆڕانی شــارەزا لەسیاســەت قســەی تێــدا دەکـەن، هێشـتا لەسیاسـییەکی موحتەریفمـان نەبیسـتووە ئـەو هاوکێشـە سیاسـیانە شـیتەڵ بکاتـەوە و نهێنـی ئـەو مامەڵـە کردنـە ئاشـکرا بکات کـە لەگـەڵ گروپـە چەکدارە نەناسـراوەکان بــە چ پێوەرێکــە و پێدانــی چــەک بــە چ پێوەرێکــە؟.

زیاتـر لەپەنجـا سـاڵ بـەر لـە ئیسـتا CIA و پنتاگـۆن لەگـەڵ ئاڵوگـۆڕی هـەر سـەرۆکیکی ئامریکـی خەریکـی دانانی نەخشـەی سیاسـی و جوگرافی و ئابووری بوون بـۆ هەمـوو جیهـان کـە باشـترین و لەبارتریـن جوگرافیا هەڵبژاردنـی وڵاتانـی عـەرەب بـوو بـۆ ئامریـکا، تاکـو بتوانێ لەڕێگای ئەو ئایدیا ئایینی و کولتوریەوە دژایەتی سیسـتمی سـەرمایەداری دەوڵەتـی سـۆڤییەت بـکات، ئەویـش بەدانانـی نەخشـەیەک و خەتێکـی پێچاوپێـچ کـە لەمیسر و جەزائیرەوە دەست پێدەکات، تادەگاتە چیچان و ئەفغانسـتان کـە دواجار ئاکامەکـەی بەو سـیناریۆهاتە گەیشـت کـە ئێسـتا لەدەرهاویشـتەکانیدا ژیانـی هەمـوو ئینسـانی سـەرئەم زەمینـەی خسـتۆتە ژێـر مەرحەمـەت و ئـارەزوو میزاجـی چەنـد سیاسـیەکی کۆشـکی سـپی و ئەنجومەنـی پیـران، ئـەم قینـە مێژووییـە سیاسـییەی ئامریـکا ڕەنگـە لەوێـوە سـەرچاوەی گرتبێ کـە ئامریـکا توشــی گرێیەکـی سـایکۆلۆژی بـووە لەنێـو مێـژوودا،

ئەویش گرێی خۆ بەکەمزانینە لەبەرامبەر جیهاندا لەهەموو بوارەکاندا و نازەکەشی تۆڵەسەندنەوەیە لەسەر ئاستی مێژوو و ڕەسەنایەتی کولتووریدا کە تیرۆر باشترین کەرەستە بووە، لەرێگەیەوە تۆڵە بکاتەوە.

لەپەنای بازاڕی ئازاددا ئامریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بازارێکی تریان بارهێناوە کە لەڕێگای دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەکانی جهانەوە دەبینرێ، ئەویش بازاڕی سیاسی و ریکلامی سیاسییە، چ مەبەستێک لەپشت یەکگرتووی دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژئاوادا هەیە، جگە لەبەکەمزانین و تەماشاکردنی ئینسانی رۆژهەڵاتی کە دواجار لەژیانی رۆژانەی خەڵکدا ڕەنگیداوەتەوە.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نارەزایەتی لە رۆژئاوا بەگشتی لەبەرامبەر هەڵایسانی بێکاری و قەیرانی ئابوری کە دەرەنجامی بەشداریکردنی وڵاتانی ئەوروپایە بەگشتی، لەشەڕی دژ بەداعش و پشتگیری کردنی ئامریکا و فەرانسە و بەریتانیا لەبەرامبەر روسیا و ئێران و چین وەکو بەرەیەکی دیکەی سیاسی و ئابوری لەدونیادا، لەبەرامبەر ئەم هەڵایسانە ئابورییە ملیۆنەها کرێکار بێکارکەوتن کە بەپێی راپۆرتی فیدراسیۆنی کرێکارانی ئەوروپا بێت، بێکار هێندە زیادی کردووە کە ٣,١ ٪ زیاترە و بەناچار

داوای مردنێکی بەپەلە دەکەن، ئەم هەواڵە بەتایبەت لە ئاڵمان زیاتر دەنگۆی هەبوو لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٥ کە بەساڵی شوومی کرێکاران ناوزەد کرا و بەردەوامی هەبوو، کێشمەکێشی بازاڕی یۆرۆ و دۆلار کە لەسەر پشتی کرێکارانی هێڵی ئاسن کە دراوە بە کەرتی تایبەت، هەروەها لەسەر پشتی موچەخۆران تەواو بوو، سەرمایەداری هاوچەرخ بەناچار لەرێگەی دوژمنێکی دیکەی وەهمی وەکو داعش و لێسەندنەوەی پارە لەو خەڵکەی رۆژهەڵات کە بەناچار روحی خۆیان دەدەنە دەست قاچاخچی بەرەو ئەوروپا، گەمەیەکی دیکەی گەڕانەوەی ئیعتیباری دراوی ئابوری بوو بۆ دۆلار و هیچی تر، چونکە ئەگەر ئەم سیناریۆیە نەکرابا، ئاسان نەبوو ئەو هەموو کۆمپانیایەی لە ئەوروپا و ئامریکا هەن و ئیفلاسیان هێناوە، جارێکی تر بگەڕێنەوە ئاستی سەرمایەی خۆیان.

وەبەرهێنانی مرۆیی لەجەنگدا بابەتێکی زیندووی دونیای دوای سەرمایەداری هاوچەرخە کە دوا بەرهەمی بۆ مانەوەی خۆی دژەکانی خۆی بەرهەمدێنێتەوە بە ئینسان، مەسەلەی داعش کە سیحرێکی سیاسی و بازرگانی نوێ بوو لەدونیادا و نوێترین داهێنانی درووستکردنی مردن بوو بەناوی سوننەوە، ئەمەش جۆرێک لەوەبەرهێنانی جەنگی مرۆیی بوو لەجیاتی رزگارکردنی کێشەی مرۆیی واتە هیومانیزم.

## لەناشەرعیەتەوە بۆ شەرعییەت

لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە کە بەرێنمایی پیاوانی ئایینی، چەند دەزگایەکی جیاواز بۆ دەستەبژێری سیاسی و خەڵک هەبووە بەناوی ئاگۆڕا بۆ دەستەبژێر و ئەکلیسا بۆ خەڵک، هەر ئەم دوو دەزگایە سنوورێکی لەنێوان شەرعیەتی خەڵک و شەرعیەتی سیاسی دیاریدەکرد کە پرسی سیاسی گواستنەوەی دەسەڵات بنەمایەکی دیموکراسی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی، هەڵبەت ئاگورا شوێنی سەرەتایی دیموکراسیەتی سیاسی بووە، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە دەستەبژێری سیاسی ئامادەیی خۆیان لەو فەزایەدا دیاریکردووە کە لەکوێ ئاکلیسا واتە کۆبونەوەی خەڵک هەبووە، خاڵی گرینگ لێرەدا گواستنەوەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو بووە بۆ کۆمەڵگەیەکی هۆشیار، مەبەست لە هۆشیاری ئەوەیە کە خەڵک خۆیان قۆناغی سیاسی وەکو کایەیەکی سەربەخۆ لە نێو دەستەبژێر و کایەیەکی گشتی بۆ خەڵک دەستەبەر بکەن.

خەونێک کە پێشتر بەر لەهاتنی هەزارەی سێهەم، خەونی بەدیهاتنی سیستمی دیموکراسی بوو وەکو ئەوەی لە یۆنان و وەکو ئەوەی تیۆرە سیاسییەکان باسی دەکەن، ئەم خەونە لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و رادەستکردنی سیاسەت بۆ دەستی گروپە بزنسمانەکانی دونیا، (هەڵبەتە ژنیش ئێستا کاری بزنس دەکەن وەکو نموونە)، نەک هەر لە بارچوو، بگرە ئیتر بوو بە کێشەیەکی لاوەکی تەنانەت بۆ رۆژهەلاتییەکانیش نەک رۆژئاواییەکان، بەوپێیەی کە سەرمایەداری هاوچەرخ هێندەی بیری لەلای خۆ بەرهەمهێنان بوو لەرێگەی ئەو سوبێکتەوە کە خۆی کردووە بە ئیدیالێکی سیحراوی و لەوێشەوە ئەو بەرهەمە سیحراویانەی کە ئینسان تاکە مەتڵەبی ئەوە بێت خۆشگوزەران بێت، ئەو خەونەش زیندەبەچاڵ کرا، لەلایەکی تریشەوە هێندە باج ئەستاندن بۆ پێداویستییەکانی ژیان و بەتایبەتی بۆ ئەو پێداویستی یە لاوەکیەکانەی کە گەنج و منداڵ و ژنان وەکو مەرج بۆ باوک و لێپرسراوی ماڵ دایانناوە، ژیان لەو ویستە سیاسییەی جاران دەرچووە و بووە بە ویستێک کە تەنها بیر لە ژیان و خوشگوزەرانی بکاتەوە نەک عەدالەتخوازی و دەنگدان بە کاریکتەری پارلەمانی و حیزبەکان بۆ ئەوەی دیموکراسی دەستەبەر بکەن و ژیانی سیاسی بگۆڕێت، هەموو خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری دونیا سەلمێنەری ئەم راستیەن.

هەڵبەت کۆمەڵگەش دەبوو ئازاد و سەربەخۆبن تاکو یاساکان گرینتی ژیانی گشت مسۆگەر بکەن، دیموکراسی لێرەدا وەکو هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ وایە لەلایەن (ئەکلیسا) واتە لەلایەن خەڵکەوە بۆ (ئاگۆرا).(٧٣). دەستەبژێرێک کە خۆیان وەکو بەڕێوەبەری کۆمەڵگە ناساندووە، هەڵبەت هەڕەشەی یەکەم بۆ هێنانەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە خۆی دوورخستۆتەوە لە سیاسەت و ئابوری، هەروەک ئەوەی ئێستا لە دونیای سەرمایەداری دەبینرێ.

هەڕەشەی دووهەم گەڕانەوەی شەرعیەتی خەڵکە بۆ دامودەزگا حکومی و دەوڵەتییەکان و دەستکاری نەکردنیان بۆ کاری ناشەرعی بۆ بەرژەوەندی دەستەبژێری سیاسی، ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم گۆڕینی هەردوو دەزگای ئاگۆر و ئەکلیساین، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە دەستەبژێرێکی بەرژەوەندخوازن و دووهەم بەهۆی بێباکی خەڵک کە لە ئیرادەیاندا نەماوە هیچ سنوورێک بۆ دەستەبژێری سیاسی دابنێن، تاکو مەرگی ئەو مێژووە شەرعییەت پێدراوە رابگەیێنن، بەمەرجێک ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی کە لەرێگەی پەیوەندیی بەرهەمهێنانەوە کە بەشێکی زۆری دەستی کارە و رادەستی کۆمپانیاکان کراوە و ئەوانیش دەسەڵاتی پارلەمان دیاردەکەن، ئەو پەیوەندییە بگۆڕن بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی کە لە چەشنی ئەکلیسا کەی کۆنی یۆنان بێت، لێرەوە دەستدەکەین بە پێناسەیەکی

نـوێ بـۆ ئاڵوگـۆڕی دەسـەڵات چ لـە پارلەمـان و چ لـە دەوڵـەت و چ لـە دامـودەزگا حکومییـەکان کـە دەبـێ زەمینـەی دیموکراسـیەتی راسـتەقینەی بـۆ بڕەخسـێت.

هەمیشـە سـەرمایەداری بـۆ شـەرعییەتدان بـە سیستمەکەی خۆی، ریکلامـی بۆ شـەرعییەتدان بەدەزگا تەشـریعیەکان داوە لەرێگـەی خەڵکـەوە، نموونـەش دەزگایەکـی وەکـو پارلەمـان کـە بەپڕۆسـەی هەڵبـژاردن دادەمەزرێـت شـەرعیەتی بـۆ پەیـدا دەکات لەلایـەن خەڵکـەوە، بۆ ئـەوەی بیسـەلمێنێت کە پارلەمـان موڵکـی ئـەو دەنگانەیـە کـە خەڵـک ئارەزوومەندانـە بەشـدارییان لـە دامەزرانـدن و درووسـتکردنیدا کـردووە و بەتاکـە دەزگایەکـی پـاک و بـێ کێشـە و بەرگریـکاری خەڵکـی دەزانـن.

لەوەتـەی مێـژوو چیرۆکـەکان تۆمـاردەکات هـەر دەسـتە ناشـەرعییەکان بوونـە لەرێگـەی سـتەمکارییەوە شـەرعییەتیان زاڵ کـردووە بەسـەر خەڵکـدا، ئەویـش درووسـتکردنی دەزگای یاسـایی بـووە لەکاتێکـدا شـەرعییەت لەرێگـەی بونیـادی عەقڵییـەوە خـۆی بەرهەمهێنـاوە، ئەویـش بـۆ درووسـتکردنی دەزگایـەک کـە بەدەنگـی خەڵـک بونیادنـراوە، مەبەسـتم لـە بونیـادی عەقڵـی ئەوەیـە کـە مـرۆڤ سـەرەتا پێویسـتی بەئـەوە هەیـە، عەقڵـی خـۆی ئـازاد بـکات، لەحاڵێکـدا ئـەم داواکارییـە بـۆ رزگاربـوون لـە عەقڵـی زاڵ، لـە بنچینـەدا شـۆڕش بـووە.

وەختێک کە باس دێتە سەر رزگاربوونی عەقڵ، ناتوانین نموونەی تاکی رۆژهەڵاتی وەربگرین، چونکە ئینسانی رۆژهەڵاتی دوورە لەم بیرکردنەوەیەوە، باشترین نموونەش ئەوەیە کە هیچ چەمکێک لەوانەی لە بواری سیاسی و سیستمدا کاری پێدەکرێت، موڵکی عەقڵیەتی رۆژهەڵاتی نییە، بۆیە کە لاسایش دەکاتەوە هەمان ئاکامی رابردووی دەبێت کە دانەبڕاوە لەرابردووەکەی «بونیادی مێژوویی عەقڵی کەسی خۆرهەڵاتی و بونیادی مێژوویی کەسی رۆژئاوایی بەدوایەکدا هێنا، هیگڵ لەکتێبی (فەلسەفەی مێژوو دا) دەڵێ (خۆرهەڵاتییەکان نەگەیشتنە ئەوەی کە (روح _ یان مرۆڤ) وەکو ئەوەی کە مرۆڤ ئازادە) سەرکێشی و گوتنی شتێکی تازە نییە گەر بڵێم فەلسەفە هەر چەندێک جیاوازیش بێت لە پێناسەماندا بۆی، لەسەر هەردوو ئاستی مەعریفی و بەهایی مەرجدارە بە ئازادییەوە، دواجاریش چالاکییەکی تایبەتە بە مرۆڤە ئازادیخوازەکان».[٧٤]. بەڵام هۆکاری یەکەمی ئەوەبوو کە مارکس وڵامی ئەو ئایدیا نموونەییەیی دایەوە کە مادده پێش روح دەکەوێ، سیستمیش گرێدراوی ئەو چەمکانەیە کە لەدیالیکتیکەوە سەرچاوەیان گرتووە.

لە رۆژهەڵات هیچ فەلسەفەیەک نییە کە موڵکی مێژووەکەی بێت، بۆ ئەوەی کە پراکتیک کرا سرووشتی خۆی وەربگرێت، جگەلەوەی هەیە لاسایی کردنەوەی رۆژئاوایە بە کولتوورێکی ئیسلامی و دواکەوتوانەی

گوندی دوور لە سیستمی شار و شارستانییەت، کەواتە ئەگەر ناڕەزاییەتیەکیش هەبێت بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن خەڵکەوە، داواجار بە هەمان لۆژیکی کۆن و بە دەقێکی ئایینی هەم دادەمکرێتەوە و هەم ئەلتەرناتیڤی بۆ پەیدا دەکرێت، ئەویش لەرێگەی پیاوانی ئایینی دەکرێت، کەوابوو هاوڵاتی هەرگیز ئەو کەسایەتییە خاوەندارێتی عەقلییەتی بۆ ناگەڕێتەوە کە چەمکەکان پێناسەیان بۆ کردووە، کەچی ئایین پێچەوانەکەی پێدەبەخشێتەوە و قەبوڵیشێتی، ئەم فۆڕمە جێماوەی عەرەبی لادێیی کۆنە و کاریگەری خستۆتە سەر کەسایەتی نەتەوەکانی دیکەش، تا ئەورادەیەی کە کاریگەری خستۆتە سەر کارێکتەری شارنشینیش، مەبەستم لە کارێکتەری شارنیشینی ئەوەیە کە لانیکەم دابڕاوە لەخوی کولتووری کۆن کە هاوکاری تیرۆر و ئایدیای تیرۆریستان دەکات.

«یەکێتی نێوان شوناسی هەر دوو عەقڵی یۆنان و رۆژئاوایی، سەرچاوەکەیان ئەپستمۆلۆژیای گەورەیە کە لەسەر جابری لە پرۆژە رەخنەییەکەی لە عەقڵی عەرەبی بیناکراوە، ئەمە ئەو دژیەکەیە کە زیاتر لە لایەنێکی هەڵگرتووە، بەڵام لەشوێنێکدا خاڵی بەیەک گەیشتن هەیە، بۆ نموونە واماندانا کە عەقڵی عەرەبی هەمیشە دژی عەقڵی رۆژئاوایی بووە و ئێستاش وایە، ئەدی بۆچی دژی عەقڵی یۆنانیین کە بەشێک لە شوناس و بیرۆکە و گەشەسەندنی عەقلیەتەکەش

لـه یۆنانـەوە وەرگیـراوە».[٧٥]. ئـەم تێگەیشـتنە کـورد ناچـار دەکات لەپەراوێـزی عەقڵـی عەرەبـی خـۆی رزگار بـکات، چونکـە لەوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە عـەرەب بەهەمـوو ئـەو وەرگیـراوە لـە چەمکـە سیاسـی و فکرییەکانیانـەوە لـە رۆژئـاوا، هێشـتا بـەو گوتـارە کۆنـە مامەڵـە دەکـەن کـە هەمـوو بەرهەمەکانیـان دزراون و لادراوە لـە ئەسڵەکە بۆیـە حەرامـن، لێرەوە ئەگـەر تـەواو وردبینـەوە لـەو بەکاربردنـەی کـوردەکان بـۆ سیاسـەت و بـۆ هەمـوو کایەکانـی دیکـە، کـە رەنگیداوەتـەوە لـە عەقلیەتـی کوردیـدا، بۆمـان رون دەبێتـەوە کـە کـورد بۆچـی لەگـەڵ دژەکانـی خۆیـدا تەبـا نییـە و بۆچـی پێکەوەژیـان و یەکتـر قبوڵکـردن و رێزگرتنـی زۆرینـە بۆ کەمینـە کاری پێناکرێت وەکـو خـۆی، چونکـە هەمـان سـتایلی عـەرەب لاسـایی دەکاتـەوە کـە تەنهـا بـە فـۆرم مەدەنیەتـی قبـوڵ کـردووە، وەختێـک دێتـە سـەر پراکتیکـی چەمکـەکان رادەوەسـتن و هەڵوێسـتی رابـردوو دوبـارە دەکەنـەوە کـە توندوتیژییـە. کەوابـوو شـەرعییەت تەنهـا لەدامودەزگاکانـی دەوڵەتـدا نییـە، بـۆ نموونـە هەندێـک دیـاردە کـە پەیوەندیـی بەنێوخـۆی دەوڵەتیشـەوە، کەچـی سـیناریۆکەی لـەدەرەوەی دەوڵەتـەوە دەنێردرێـت، کەوابـوو شـەرعیەتدان لێـرەوە دەسـتپێدەکات گوایـە دیموکراسـییەت شـەرعیترین سیسـتمی سیاسـییە کـە خەڵـک و حیزبـە جیـاوازە بـە ئیدیۆلۆژیـای جیـاوازەوە چێـژی لێوەردەگـرن، بـەڵام ئـەو پرسـیارەیان لەبیـر خەڵـک

بردۆتەوە کە ئایا لەپای چی حیزب بەگشتی لەدونیادا و حیزبی دەسەڵاتدار بەتایبەتی ئیدیعای دیموکراسی دەکەن و بۆچی لە پراکتیک کردنی سیستمەکە دەترسن؟ ئەم پرسیارە ناچارمان دەکات هەڵوێستە سیاسی و نیشتمانییەکان بکەین بەسەنگی محەک، ئەوان تەنها بەسەر زارەکی ئیدیعای دیموکراسی دەکەن تاکو جەماوەر بۆخۆیان ڕابکێشن و بیکێشنە نێو هەڵاوزەنای دەنگدانەوە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی باشتر کە لەبەرنامەی وەهمی حیزبە کێبەرکێکەرەکاندا هاتووە، بەڵام کە دێتە سەر پراکتیک لێی دەترسن، چونکە ناتوانن بەبێ قۆرخکردنی دەسەڵات و ئابوری و داهاتی وڵات و گوێنەدان بەخەڵکی سەربەخۆ لیستەکانی تر بەسادەیی بێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

دواجار جەنگی دیموکراسی بەپاڵپشتی بنکە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگ دەکرێت کە لەبنەچەدا دیموکراسی مانایەکی نامێنێ، وەختێک جەنگەکە بەخەڵک کرا، چونکە لێرەوە لە بەرەنجامی ئەو جەنگە کۆمەڵایەتییەوە کە ئیدی حیزب یان ئیدیۆلۆژیا، یان ئایین یان هەر شتێکی دیکەبێت، جیاوازی لەژێر خاک دەنێت کە گەورەترین شانازی دیموکراسییە، هەڵبەت دەڵێم ئەوان مەبەستم لەو هێزە گەورانەیە کە لەپشت حیزبە دەسەڵاتدارەکان و ئەوانی ترن، هەوڵدەدەن هەرچی زیاتر لەرێگەی ئەو چەمکەوە کە کاری پێناکرێت بەناوی دیموکراسیەتەوە پایەکانی

خۆیـان بچەقینـن و لەپرۆسـەیەکدا خۆیـان جەمـاوەری بکەنـەوە کـە سـوود لـە ڕەگوڕیشـەی پێکهاتـەی گروپـە کۆمەڵایەتیـەکان وەربگـرن، هـەر بۆیـە جارێـک لەئۆرگانەکانـی خۆیانـدا گەشـەیان پێـدەدەن و وێنایـان دەکـەن، جارێکیتـر لەهەنـاوی تەشـکیلات و ئۆرگانەکانـی خۆیانـدا مەحویـان دەکەنـەوە، بەبەهانـەی ئـەوەی کـە حیـزب دەرهاویشـتە و نموونـەی تازەتریـن دیـاردەی مۆدێرنەیـە کـە سـەرمایەداری لەگـەڵ خۆیـدا هێناویەتـی، ئەمـەش کە تەنها لـەڕووی فۆڕمـەوە وایـە، بەپێچەوانـەوە لەناوەڕۆکدا هەڵگری هەمـان گوتـارە کـە خێڵ و گرووپـە دوواکەوتوەکانـی ڕۆژهـەڵات بەگشـتی هەڵیـان گرتـووە.

بـەو پێیـەی کـە دەسـەڵات لەتـەواوی کۆمەڵگاکانـی ڕۆژهەڵاتدا لەژێر کۆنترۆڵی حزبەکاندایە، هەڵبەت حزبیش لـەم ڕاسـتاییەدا بـۆ درووسـتکردنی هەیکەلێکـی شـێوە تەشـکیلاتی سـەربازیش پێویسـتی بـە زیندووکردنـەوی ئـەو عەقڵیەتـە هەیـە کـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیەکانـی وەکـو ئاییـن و ئایدیـای جیـاواز و بەرنامـەی جیـاواز بـۆ گێلکردنـی خەڵـک تاکـو بەشـداری بکـەن، جەنگێـک کـە دۆڕاوەکان و بـراوەکان لەیەکتـر جـودا ناکاتـەوە لەنێـو جەنگـە ڕاستەقینەکە، بەڵکـو دواجـار دەبـن بـەدوو بـەش کـە بـراوەکان کـە دەتوانـن دۆڕاوەکان سـەر ببـڕن و لەنێویـان ببـەن، ئەگـەر بیشـیانکوژن هیـچ کێشـەیەک لەگۆڕێـدا نییـە، سـەروەرێتی دوڵـەت زۆر بـە ئاسـانی لەنێـو دەچێـت، چونکـە ئـەو کەسانەی ئـەو دەوڵەتەیـان

دروووسـت کـردووە، مـردوون، ئەگـەر بـراوەکان دۆڕاوەکان نەکـوژن و بـە زیندوویـی بیانهێڵنـەوە، لـەم حاڵەتـەدا دۆڕاوەکان تەنهـا دەتوانـن یاخـی بـن و دژی سـەرکەوتن راپـەڕن». (٧٦).

هەڵگیرسـانەوەی جەنـگ لـەم حاڵەتانـەوە روو دەدەن کـە هیـچ لایەنێـک، واتـە دۆڕاوو بـراوە لـەو جەنگانـەدا، قەرەبـووی قوربانیـەکان ناکەنـەوە لـەرووی سیاسـیەوە، تەنهـا ئـەوە نەبـێ کـە موچەیـەک بـۆ خانـەوادەی قوربانییـەکان تەرخـان دەکـەن، بـەم هۆیەشـەوە کـە بیرۆکـەی دیکـە دێتـە پێشـەوە و پاشماوەی قوربانیـەکان خەیاڵیـان بـۆی دەچێـت، ئەویـش ئەوەیـە کـە مەرگێکـی تـری بەکۆمـەڵ وەکـو مەترسـی هەڵدەگیرسـێتەوە، ئەمـەش لەپێنـاو خـاک و نەتـەوە و شـەرەف و ئەخلاقـی ئیتنیکییـە، بـەلام بەوەهـم نـەک راسـتەقینە، ئـەم حاڵەتـە لـە رۆژهەلاتیـش بـۆ بەرژەوەنـدی پاراسـتنی خێـڵ و عەشـیرەت و تەکیـە بەسـتایل بچووکەکـەی هەیـە، ئەویـش لـە شـکڵی ئاغاکانـی کـۆن بـەلام ئەمجارەیـان بـە مۆدێرنەکـەی، ئێسـتا گروپـی تـری هاوشـێوەی حیزبـە دەسـەلاتدارەکانیش پەیدابـوون کـە پێشـتریش لەهـەر لەنـاو دەسـەلات بـوون، بگـرە بڕیـار بەدەسـت بـوون، ئێسـتا وێنـەی خۆیـان گۆڕیـوە بـۆ ئۆپۆزسـیۆن، ئۆپۆزسـیۆنێک کە تەنها ناڕەزایەتی لـە سـوچێکی کەمـی سیسـتمەکە هەیـە تاکـو دەبێتـە بەشـێک لەدەسـەلات و تێکـەڵ دەبێـت وەکـو ئـەوەی لەتـەواوی دونیـا خۆیـان

تاقیکـردەوە و لەدەسـەڵاتە کلاسـیکەکان خراپتـر بـوون، ئیـدی بەهـەر هەموویـان لـەدەرەوەی ئیـرادەی خەڵـک کەڵـک لـەو ماتریاڵـە بەشـەریە وەردەگـرن کـە دەنـگ دەدەن لەپێنـاو ژیانێکی شایسـتە کـە وەهمێکـی سیاسـییە، بۆیـە تائـەو جێگاییـەی ئامانجەکانـی خۆیـان دەپێکـن هەمـان سـیناریۆ دووبـارە دەکـەن. ئـەم گروپـە پێیـان دەگوترێت پۆپۆلیسـت، پۆپۆلیسـتیش لـە بنەچـەدا لەسـەر ئـەو مەرجـە خـۆی بونیـاد دەنـێ کـە ویسـتی گشـتی چییـە و چـۆن وەبەرهێنانـی سیاسـی بـکات بـۆ چوونـە پێشـەوەی خـۆی، یەکێـک لـە بنەمـا سـەرەکیەکانی ئـەم گروپە ئـەو خەسـڵەتە کۆنسـێرڤاتیڤەیە کـە دەسـتەبژێری سیاسـی لەرێگـەی توێـژە جیاوازەکانـەوە خەڵـک دەکـەن بـە کەرەسـتەی دژی ئەوانـی تـر و بەتایبەتیش دەسـەڵات. بۆیـەش هانـی خەڵـک دەدەن و کاریگـەری جـۆراو جـۆری سیاسـی لەسـەر زەینیەتـی خەڵـک دادەنێـن، چونکـە بونیادێـک هەیـە کـە شـەرعیەت بـدات بەخەڵـک تاکـو خۆیـان شـەرعییەت بەدەسـتبهێنن بـۆ دەسـەڵات وەرگرتـن.

# پۆپۆلیزم و دژەکانی

دوا بەسەرهاتی چیرۆکی پۆپۆلییزم بۆ دەستەبژێری سیاسی و لیبرالیزم، دەرکەوتنی ئەو فاشیزم و راسیزمەیە کە لەمدواییەدا لە ئەوروپای بەناو دیموکراسی و لیبرالی لەدایک بوو دژی کۆچبەران و خەڵکی رۆژهەڵات کە لەترسی تیرۆر و ژیانی ناشایستە هەڵهاتوون، ئەم دیمەنە لە رابردووشدا هەبووە، ئەم کۆپی کردنەوەیەی مێژوو تەنها میکانیزمە کۆنەکەی سڕیوەتەوە و لەبەرامبەردا کەرەستەی نوێ بەکاردەهێنێ، لەم رووەوە سادەترین کاری سیاسییە کە بتوانێ شرۆڤە بۆ ناعەدالەتی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگە بکات و بیکات بە پاکێج لەبەرامبەر دەسەڵات، هەروەها پاکترین جوڵانەوەی سیاسییە کە بەشە جیاوازەکانی رووداوەکانی لەپێناو سیاسەتدا بەکاربهێنێ، بۆ نموونە ئاسایشی وڵات و تەندرووستی و ئیدارەدانی کۆمەڵگە و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بخاتە نێو پاکێجێکی چینایەتییەوە، چونکە دەتوانێ لەرێگەی سۆزەوە هەستی خەڵک بجوڵێنێ و دەسەڵات شەرمەزار بکات، بەوپێیەی کە داوای خەڵکە نەک سیاسەتی وشک. ئەمە جگە

لـەوەی کـە ئـەم بزووتنـەوە سیاسـییە لـە تواناییدا هەیـە لەواتـای هەمیشـەی درۆینـەدا دوژمنێکی دیکـە هەڵبژێرێت و وەکـو ئەلتەرناتیـڤ بیفرۆشـێتەوە. «سـایکۆلۆژیای کەسـی جەمـاوەری لـە ئەوروپـا لـە نێـو کەشـوهەوای داڕوخانـی کۆمەڵگـەی چینایەتیـدا گەشـەی کـرد، ئـەم واقیعـە بەشـێوەیەکی یەکڕەنـگ رۆتینـی و ئەپسـتراکت بـووە چارەنووسـی هەمـوو تاکەکانـی جەمـاوەر، ئەمـەش نەبووە بەربەستێک تا ئەو کەسانە خۆیان بە خەڵکانێکی دۆڕاو بزانـن و دونیـاش بـە دونیایەکـی سـتەمگەر و نادادگـەر نەبینـن، بەهـەر حـاڵ ئەگەرچـی ئـەو سـەختی و دژوارییـە ناخـی زۆرێـک لەتاکەکانـی جەمـاوەری گرتبـووەوە، بـەڵام پەیوەندیـی هاوبەشـی لەنێـوان ئـەو تاکانـە درووسـت نەکرد، چونکـە ئـەو ئێش و ئازارە لەسـەر هیـچ بەرژەوەندییەکـی هاوبەشـی ئابـوری کۆمەڵایەتـی و سیاسـی دانەمەزرابـوو، دەرەنجـام گۆشـەگیری هـاوکات بـوو لەگـەڵ لاوازی ویسـت لەغەریزەی مانـەوەدا، ئەمـەش لـە خۆنەویستیەوە بەدیارکـەوت بەمانـای ئـەوەی بـوون و نەبوونـی تـاک هیـچ گرنییەکـی نەبێـت هەسـتکردن بـەوەی مـرۆڤ بەقوربانـی بکـرێ». (٧٧)

چەمکـی پۆپۆلیسـت زۆر جـار لەشـوێنی خۆیـدا بـەکار نەهاتـووە، بەقـەد ئـەوەی لـە سـیاقی فەلسـەفەی سیاسـیدا بەکارهاتـووە، ئـەوەش کـە کەڵکـی لێوەرگرتـووە ئـەو گروپانـەن کـە بەنـاوی بەرگریکـردن لـە چینـەکان و خەڵـک بەگشـتی و لەژێـر عینوانـی دیکـەدا شـەرعییەتیان

بەخۆیانـداوە و بەرێگـەی عاتیفـی جێکەوتـە بـووە و بەرهەمهاتـووە» دەبـێ لـە زەینمانـدا دابێـت کـە هەتـا ئـەو توخمانـە چـۆن بـە کـردەوە شـوێنی نارەزایـی کرێـکاری داگیـری دەکـەن، کـە بەنـاوی رەگەزپەرسـتی دەسـتە راست سـەرهەڵدەدەن، دیارە داواکاری وەسـتانی بوەسـتێ و پێکهاتـەی چینایەتـی جێگۆڕکـێ بـووی لەبەیـن ببـات، کاری خێرخوازانـە کـە ئیدیعـای دەکات، پیداگیـری پەتـی بەسـەر فـەزای کـراوەی لەسـەر بنەمـای فـرە کولتـووری خائینانەتریـن شـێوازی دەرکەوتنـی دژایەتـی چینایەتـی کرێکارییـە».[٧٨]. ئەمـەی کـە لەپەراوێـزی پۆپۆلیـزم هەسـتی پێدەکرێـت و بەنـاوی بەرگرییـەوە ململانێکە دەرکەوێت، ئەوەیە کە وەختێک دەبینین چۆن رەگەزپەرسـتی لەبەرامبـەر پەنابـەری وڵاتـان لەئەوروپـا هەیـە و لەبـری دەسـتی کاری وڵاتـە کـە خـراپ کەڵکیـان لێوەرگیـراوە، مەبەسـت لـەو ستەمکارییەیە کە کرێـکاری ئەوروپـا دژایەتـی کرێکارانـی بـێ وڵات و بـێ شـوناس دەکـەن، لەولاشـەوە هێـزە پۆپۆلۆیسـتەکان دێـن و دەبنـە پارێـزەری سـاختەکار.

دەبێـت بپرسـین بۆچـی شـەرعییەت لەسـەرەتاوە لەژێـر دەسـتی خەڵکـەو دواجـار دەگوازرێتـەوە بـۆ پارلەمـان، گوایـە دەزگایەکـی شـەرعیە و نوێنەرایەتـی خەڵـک دەکات، لێرەوە تێدەگەیـن کـە حیزبـی رۆژهەڵاتـی تەنهـا بـۆ کارێکـی دیاریکـراو و سـنووردار خەڵکـی گەرەکـە بـۆ دەنگـدان و بەڕێوەچوونـی پرۆسـەکە، تاکـو

لەوێـوە لەرێگـەی دەزگایەکـی تەشـریعییەوە شـەرعیەت بـە مانـەوە و تەمەندرێـژی و دەسـەڵاتە ئیدیۆلـۆژی و سیاسـەتەکانی خـۆی بـدات کـە بریتیـن لـە بەرژەوەنـدی گروپـە سیاسـییەکان.

بەبـڕوای (کارڵ پۆپـەڕ) فـرە حیزبـی مانایەکـی نییـە جگـە لـە ئانارشـیزمی سیاسـی و فەزایـەک بـۆ دوورخسـتنەوەی گشـت لـە شـەرعیەت وەرگرتنـی سیاسـەت و بەشـداریکردنی گشـت، لەکاتێکدا ئەمـە دژی سیسـتمی بەنـاو دیموکراسییە کـە بڕوای بـە فـرە حیزبـی یـە، مەبەسـت ئەوەیـە گروپێکـی دەسـتەبژێر هاوبەشـی خەڵـک بـۆ سیاسـەت وەکـو قۆرخـکاری دەگـرن و ڕێگـە نـادەن خەڵـک وەکـو خۆیـان بەبێ ئایدیـا و حیزبـی دیکـە بەشداربن، بەڵام ئـەو دەڵـێ « بـە بـڕوای مـن فـرە حیزبـی دیاردەیەکـی خراپـە و هەروەهـا نوێنەرایەتـی هاوڕێژەیـی لـە هەڵبژاردنـدا ناپەسـەندە، زێدەبوونـی حیزبایەتـی دەرەنجامی دەوڵەتی هاوپەیمانی لێدەکەوێتەوە، کە لەوێدا کـەس لـە ئاسـت گـەل و نیشـتیماندا خـۆی بـە بەرپرسـیار نازانـێ، لەبـەر ئـەوەی هیـچ کارێـک ئەنجـام نـادرێ تەنیـا لـە ڕێگـەی پێکەوەسـازان و گونجانـی حیزبەکانـەوە نەبـێ، تەنانـەت ئەگـەری لەسـەر لابردنـی حکوومـەت دەخرێتـە ژێـر پرسـیارەوە، چونکـە تەنهـا کارێـک کـە حکومـەت بـۆ مانـەوەی دەسـەڵات دەیـکات ئەوەیـە کـە هاوپەیمانییەکـی تـر بـۆ خـۆی بدۆزێتـەوە». [٧٩]

(جـۆن سـتیوارت میـل) ترسـی هەیـە لـە دیموکراسـی کـە

وەکو خۆی پەیڕەو ناکرێ، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم سیستمە درێوترین شکڵی حکومەتە، چونکە ئەم سیستمە ناتوانێ سیستمی حکومی لابەرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە فۆڕمی حکومەت لە دەسەڵات دەستوورییەوە دەگۆڕێت بۆ کاری تایبەت و کەرتی تایبەت و لەژێرەوە کارکردنی دەستەبژێر بە پرسی پاشا و دەسەڵاتی نهێنیەکان و خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لە دژی بەرژەوەندی گشت. میل دەڵێ (حکومەتی سەرەڕۆ تەنانەت بۆ دەوڵەتێکی وەکو سویسراش دەگونجێت ناوی لێبنرێت، چونکە لەوێش دکتاتۆرییەتی راهێنان هەیە بۆ ئامادەکردنی ئینسان لە ناوەندی خوێندن و فێرکاری و درووستکردنی ئینسانی ئەخلاقی، ئەمە دووبارەکردنەوەی ئەو زۆرکردنەیە کە سۆڤیەت لە ئەفغانستان گەرەکی بوو بیکات و نەجیبوڵڵا ململانێی کرد، بۆیە بەرگریکردن لە دیموکراسی تا ئەو شوێنە شەرعییەتی دەبێ کە نزیک دەکەوێتەوە لە ئامانجە سیاسییەکان کە روناکبیران لەم هاوکێشەیە تێناگەن و تەنها لە رووی فکرییەوە تەماشای دەکەن، بۆیە توشی وەهم بوونە لەسەر دیموکراسی بەرگری دەکەن.

سەرەنجام کارڵ پۆپەر پێی وایە دیموکراسی هەرگیز حکومەتی جەماوەر نەبووە و هیچکات ناتوانێ و ناشبێتە دەسەڵاتی گەل. چونکە پرسیاری دوای بەرقەرار بوونی شکڵی دیموکراسی لەوێوە دەستپێدەکات کە خەڵک دەچنەوە سەر کاری خۆیان و بیرییان لەلای سیاسەت

و هەڵبژاردن و لایەنگیری دەستەو تاقم و تاکی سیاسی نامێنێ، دەسەڵات راستەوخۆ دەچێتە دەستی تاکە ساختەکارەکان و گروپە بەرژەوەندخوازەکان و تاقمە بازرگانەکانی جەنگ و ئاشتی، ئەوان وەبەرهێنان بە دیموکراسییەوە دەکەن و بۆ ماوەی چوار ساڵی حوکمڕانی دەخۆن، پرسیارە ساکارەکەش ئەوەیە ئایا گۆڕینی بیچمی سیستم و تاقمەکان دیموکراسیەتە، نەخێر، چونکە ساماندارەکان بۆ حەز و بۆ دڵسۆزی خەڵک و خاک و نیشتیمان و پێشکەوتنی دەوڵەت و نەتەوە و قەوارەی دەوڵەت و سیاسەت هەوڵنادەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە کێ دەبێ حوکم بکات، لەبری زەحمەتکێشەکان تاکو قیمەتی زەحمەتی ئەوان لە بیرۆکەی سیستمی ئابوری نەترازێ، ئەمەیە گرەوەکەی دیموکراسی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە لایەنگری ئەو سیاسەتە بین کە لە ئامریکا و بەریتانیا هەیە تەنها لەنێوان دوو حیزبدا دەستاودەستی دەسەڵات دەکرێت.

جۆن ستیوارت میل هەر لەبارەی پەیوەندیی دەوڵەت بەتاکەوە، پێیوایە خۆشبەختی گشت زەروورە بۆ خۆشبەختی تاک، ئەو کۆمەڵ دابەشی دوو شەتر دەکات، یەکەمیان تەمبەڵ و خاووخلیچکەکان و ئەوانی تر کارگەر و بەرهەمهێنەکانن، ئەمانە نابێ وەکو یەک تەماشا بکرێن و چێژ لەو ئازادی و خۆشبەختییە وەربگرن بە یەکسانی.

## ترسی پێکەوە ژیان

ئایا ئێمە پێکەوە دەژین؟ یان حکومین بەواقعی کۆمەڵگایەک کە پێکهاتەکەی فرەیی کولتوورو مەزهەبی جیاجیایە لەعێراقدا؟ هەڵبەت کاتێک باس لەکۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی دەکەین بەخەسڵەت و سیما تایبەتیەکانیەوە و بەو ژینگە ناتەندروستە سیاسیەی کە هەیەتی، (باس لەکۆمەڵگەیەکی داخراو دەکەین) کۆمەڵگەیەک کە هەرچی دەرگا و پەنجەرە هەیە لەسەر خۆی داخستووە و هیچ بەهایەکی بۆ کولتوورەکانی دەرەوەی خۆی دانەناوە، بەڵام زۆرترین زەمەنی بۆ پتەوکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (خێڵ و مەزهەب و تەکیە) تەرخان کردووە، لەچوارچێوەی فەزایەک لەترس و تۆقاندن، ئیتر لەڕێگەی ئەخلاقەوە بێ یان شتە پیرۆزەکان، یان ئەو کارەکتەرانەی کە هەمیشە مرۆڤی ترسنۆک بەرهەم دێنن، مرۆڤێک لەمەرگ و شەڕ و تیرۆر و خۆکوشتن بەولاوە، بیر لەهیچ شتێکی تر ناکاتەوە، ئەوەش بەناوی دیموکراسیەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ.

سێ جۆر ترس هەیە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بۆ گروپ و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی بەرامبەری، هەروەها ترسی دیکەش هەیە بۆ ژیان لەرووی فەرهەنگییەوە، ئەوەی کە دەسەڵات ترسی لێی هەیە ئۆپۆزسیۆن و نەیار و رەخنەگرەکانییەتی، ئەوەش کە زۆرینەی کۆمەڵگە ترسی لێی هەیە، ئایینە جیاوازەکانە کە لەگەڵیاندا دەژی، هەردوو حاڵەتە لەرووی سیاسی و لەرووی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیشەوە لە کوردستان مەوجوودە.

«خوازیاری گۆڕینی ئەو سیستمەی هەڵبژاردن بوو کە لەسەر زۆرینەی رەهای دەنگداندا دامەزراوە، لەو سیستمەدا کە سیستمی بازنەییە لەهەر مەڵبەندێکی هەڵبژاردندا تەنها یەک نوێنەر هەڵدەبژێردرێت، ئەو کەسە براوەی هەڵبژاردنەکە دەبێت کە لەقۆناغێک یان چەند قۆناغێکدا زۆرترین دەنگەکان بەدەست دەهێنێت، کاندیدەکانی دیکەش لەمەیدانی پێشبڕکێ و ململانێی هەڵبژاردنەکە دەچنە دەرەوە، جۆن ستیوارت میل لەبەرامبەر ئەو سیستمە هەڵبژاردنەی کە باسکرا پشتیوانی لە سیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی کرد (ئەو ئۆلگۆیەی میل هەمان مۆدێلی پێشنیازکراوی تۆماس هار (١٨٨٦_١٨٩١) بوو، سیستمی رێژەیی بوونی نوێنەرانی کەمینەکان بەگوێرەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستی دێنن دەستەبەر دەکات، لەو جۆرە سیستمەدا

دەکرێـت هەڵبـژاردن بەپێـی بنەمـای یـەک مەڵبەنـدی هەڵبـژاردن لەسـەر ئاسـتی وڵات ئەنجـام بدرێـت، یـان مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن ئەوەندە فراوان بن کە لەهـەر مەڵبەندێکـدا چەندیـن نوێنـەر هەبـن».[٨٠] ئـەم حاڵەتـە رەنگـە لەزۆربـەی کونـج و قوژبنـی دونیـا هەبێـت کـە جیـاوازی نێـوان هـەژار و دەوڵەمەنـدە، بـەڵام لـەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە کۆمەڵگە لەحاڵەتی شەڕدا بێت و جیاوازیەکە بە شێوەیەکی نالۆژیکی و نادیار بەرەو هەڵکشـان بچێـت، ئیـدی گوزەرانەکـە لەبـری چاکسـازی تێدابکرێـت، بگـرە سـتەمی زیاتـری لێبەرهەمدێـت، ئـەم سیسـتمە مەگـەر تەنهـا لـەو کۆمەڵگایانـەدا هەبـێ کـە هەمیشـە شـەڕی خۆکوژیـدان بـەڵام بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ و نادیـار، «پێوییسـتی جیاکردنـەوەی دیموکراسـی لـە فەلسـەفە، رێـک بەهەمـان شـێوە کـە رێسـای لێبوردەیی و پێکـەوە هەڵکردنی ئایینی و هـۆزی کۆمەڵایەتـی بزاڤـی رۆشـنگەری پێشـنیاری دەکـرد زۆربـەی بابەتەکانـی ئیلاهیـات و کەلامـی پێـوەر لـە کاتـی تێڕامـان دەربـارەی سیاسـەتی گشـتی و پێکهێنانـی دامـەزراوە سیاسـییەکان لـە کەوانـەدا دابنێیـن، بەهەمـان شـێوە پێویسـتمانە کـە زۆربـەی بابەتەکانـی پێـوەری لێکۆڵینـەوەی فەلسـەفی لەنـاو کەوانـەدا دابنێیـن». [٨١].

ئالێرەوەیـە قسـەکردن لەسـەر کۆمەڵـگای عێراقـی بەگشـتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی، فکری سیاسی

کـە دەســەڵات دەبینیـن حـزب بەتەکتیکێـک سیاســەت دەکات و سـەقفی دەسـەڵاتەکەی ڕاگرتووە کە هەموو ئەو هەژمونکاریانـەی شـاردۆتەوە کـە ئەخلاقیاتـی کۆمەڵـگا پێکدەهێنێـت. بەمانایەکـی تـر بەنـاو حزبـی سیاسـی ئۆپۆزسـیۆنی حزبـی دەسـەڵات لەکوردسـتان لەسـەر ئـەو خاڵانـە کۆکـن کـە ئێسـتا دیموکراسـی پـێ پێناسـە دەکـرێ، لەڕاسـتیدا نەبوونـی جیاوازی لەنێـوان حیزبـی ئۆپۆزسـیۆنی و حیزبـی دەسـەڵات شـێوازێکە لەگەندەڵـی سیاسـی، ئەمـە بۆخـۆی ترسـێکی گـەورەی پێکهێنـاوە لەدڵـی خەڵکـدا و بەهـای بـۆ هیـچ کام لـەو پرەنسـیپانە نەهێشـتۆتەوە کـە دواجـار ئەخلاقیـات و فەرهەنگـی کۆمەڵـگا پێویسـتی بەگۆرینـی هەیـە، بەمـەش حیزبـی دەسـەڵاتدار دەسـتی بـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیانـەوە گرتـووە هەڵنەوەشـێتەوە و کـە ڕەگوڕیشـە و پێکهاتـە کۆمەڵایەتیەکان پێکدەهێنێت و دواجار سوودی لێدەبینێ، جەبریەتەکەشـی هـەر ئەوەیە، ئیدی بـۆ تەشـکیل کردنـی حیـزب و دانانـی بنکـەی جەمـاوەری ئـەو جەبریەتەیـە کـە گوتـاری سیاسـی کوردی پێکدەهێنێ و دواجـار هـەر ئـەم گوتـارە دەبێتـە گوتـاری خێـڵ و بەپێچەوانەشـەوە جـاری واهەیـە گوتـاری خێڵ دەبێتـە حیزب، بەمانایەکـی دیکـە گوتارێـک کـە حیـزب دەیهـەوێ کەڵکـی لێوەربگـرێ بـۆ هەرچـی زیاتـر شـاردنەوەی فۆرمـە باوەکەیـە کـە خێـڵ و بنەماڵەیـە کـە هەمـوو حیزبـە کوردییەکانـی

کوردستانی عێراق کاری پێدەکەن، بە ئیسلامی ریبرالی و دیموکراسی و سۆسیال دیموکراتیشەوە، چونکە لە داهاتووی خۆیان دەترسن.

کەوابوو لێرەوە تێگەیشتین کە هەر چەمکێک کە پراکتیک نەکرا، درووست ئەو دەلالەتەی هەیە کە یان ئەوەتا پێویستیەکی گرینگ نییە، یان ئەوەتا ترسێک هەیە لەدەرهاویشتەو رەهەندەکانی، دیموکراسیش ئەو سیستمەیە کە کاری پێناکرێت وەکو خۆی، ڕەنگە ئەمە ڕاستترین وتەیەک بێت بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی بەلۆژیکی کۆن هەڵسوکەوت دەکەن، لۆژیکێک کە لەبونیادەوە پرنسیپەکانی پرسیاری رەتکردۆتەوە و نەیکردۆتە یەکێک لە مەهامە بنچینەییەکانی فکری خۆی، چونکی دەترسێ، کۆمەڵگای ترساویش هەمیشە لەڕووی پێناس و کولتوورەوە ونبووە، دواجاریش وندەبێتەوە لەنێو چەمکی شارستانیەتەکان، لەنێو سیستمەکان، لەنێو سەیرووڕەی مێژوو، لەنهێنی دەقە زانستی و ڕوحیەکان، ئەم ونبوونەش بەشێکی زۆری پەیوەندیی بەو ترسەوە هەیە کە شارستانیەتەکان، ئایینەکان، دەسەڵاتەکان بەگشتی و بەشێکی فراوانیشی بازاڕە، بۆیە دەسەڵاتەکان کە هەموویان پاشکۆی سیستمی سەرمایەدارین و هەریەکەیان بەناوێکی جیاوازەوە هاتوون، لەگەڵ هاتنی خۆیاندا ئەم فەزایەیان خولقاندووە، پاشان بەجێیان هێشتووە هەر

ئەم ونبوونەشە دواتر شەرعییەت بەومانا گەلە دەدات کە بەشێوەیەکی ناتەندرووست بۆ چەمکەکان دەیکات.

مومارەسەکردنی ڕەخنە یەکێکە لەدرووستبوونی جیاوازی دەسەڵات و ڕۆچونە بۆ نێو قوڵایی دیموکراسی و ئازادیەکانی دی، هەر دەسەڵاتێک ئەم مافانە بەڕەسمی نەناسێت و جیاوازی بوون بەلەت بوون ببینێ، دەسەڵاتێکی ناشارستانییەو کۆمەڵگاش لەژێر سایەیدا بەداخراوەیی دەمێنێتەوە.

گرفتی بەیاننامە پڕ هەراوزەناکان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئیسلام لەوەدایە کە نازانن ئیسلامیش وەکو هەموو ئایینەکانی تر ئەو شتە نییە کە کتێبەکان دەیڵێن، بەڵکو ئەو شتەیە کە خەڵک دەیڵێن، براوەی بونیادگەراکان لەبیر بەرنەوە، ئەوان کە مایەتییەکی بچووکن، ژیانی رۆژانەی زۆربەی موسڵمانان پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت ئیسلام لەجەوهەردا ئایینێکی دژە رۆژئاواییە، یان دژە مۆدێرنەیە، پڕ حەشیمەترین وڵاتی ئیسلامی واتە ئەندۆنوسیا، دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٤٩ لە دەوڵەتێکی سکۆلارەوە و حیزبی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەت کە پارتێکی ئایینییە، بوو بە حیزبێکی سەرمایەداری و گەشەی سەند، ئەم وڵاتە تاکو ئەمدواییەش لە روانگەی بانکی جیهانیدا وەک سەرچەشنی جیهانی سێهەم لەقەڵەمدەدرا، کەچی لە

سی ساڵی ئابوریدا خۆی لیبرالیزە کرد و ڕێژەی گەشەسەندنی گەیشتە ٧٪ ئێستاش باوەشی بۆ ئەو دیموکراسی یە کردۆتەوە وەکو ڕۆژئاواییەکان گەرەکیانە».[٨٢] ئەم دیمەنە سیاسی و ئابورییە لە قەتەر و ئیمارات و سعودیە و چەندین وڵاتی کەنداویش دەبینرێت، یان وڵاتێکی وەکو مالیزیا، کەچی دەورووبەرەکەی خۆیان هاندەدەن دژی هەر جۆرە قسەکردنێک بن لەبارەی دیموکراسی و سیکۆلاریزم و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی فرە کولتووری و یەکتر قبوڵکردن و هتد. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە دیمەنە ڕاستەقینەکەیەتی، بۆیە ڕۆژئاوا بەهەردوو ڕوانگە کەڵکی لێوەرگرتووە، لەسەرێکەوە بۆ ڕەنگدانەوەی کولتووری سیاسی خۆی کە وەکو دیارییەک و سیحرێک بۆ هەموو جیهانی سێهەم، لەسەرێکی دیکەوە وەکو دێوە دزێوەکەی جهانی عەرەبی و ئیسلام بۆ مانەوەی خۆیان.

گۆڕینی سیستم بەرلە سەدەی نوێ، واتە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو، لەرێگەی ململانێی سیاسی و هێزی کۆمەڵایەتییەوە بوو، بەڵام کە دەوڵەت و سیستمەکەی لەکۆنترۆڵی هێزی کۆمەڵایەتی وەریگرایەوە و زلهێزەکان وەکو کاڵا تەماشایان کرد و کاریان پێکرد، ئیدی ناو و ناونیشانی سیستم بوو بە بیانوویەک بۆ لابردنی ئەو کارێکتەرە سیاسیانەی

که لەئاست هێزە گەورەکانی دونیا سەرکێشی دەکەن، ئەم هەوڵە بەتەنها داگیرکاری نییە وەکو پێشتر ناوی لێنرابوو کۆلۆنیالیست (داگیرکەر)، بەڵکو ترازان و دابڕانی ژیانی سیاسی بوو لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەو ئەجێندایە فکری تاکە کەس و داهێنەرەکانی کۆنی وەکو ماکیاڤیللی نەبووە، بەڵکو مەترسییەک بوو لەلایەن سەرمایەدارییەوە بۆ داهاتووی».[٨٣]

بەوپێیەی کە تەکنۆلۆژیا پێشکەوتو خەڵک هۆشیار بووەوە، لەوە ترسان سیستەمەکە بکەوێتە بەر شاڵاوی خەڵکی هۆشیار و لەبری دابڕان بەرەو هەژموونگەری سەرمایەداری، بەپێچەوانەوە هەژموونی دیموکراسی وەکو خۆی کاری پێبکرێت کە دەسەڵاتی خەڵک بەرهەمبهێنێتەوە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو حاڵەتە ترسناکە، دابڕانەکە بەو ئاراستەیە ڕۆیشت کە لەبری مانەوەی سەرمایەداری لەنێو ترسێکی هەمیشەیی، ترسی خەڵک لەگۆڕینی ڕژێمەکان لەلایەن سەرمایەداری مەزنەوە کە کۆمپانیاکانی وەکو ئیکسۆن مۆبیل و شیشرۆن و ماکدۆناڵد و کۆکا کۆلا و ئایفۆن و گالاکسی و هواوی و هتد.

بەبڕوای مارکس ئەو دیموکراسیەتەی کە لەسەروەختی بوونی ئەودا واتە سەدەی نۆزدە، مانەوەی سیستمی سەرمایەداری بووە لەژێر پەرچەمی دیموکراسیەتێکدا کە بازاڕ کۆنترۆڵ بکات و بیکات بەدیاری خۆی بۆ

خەڵـک کـە گوایـە لەڕێگـەی ئـەم چەمکـەوە ژیـان بـۆ گشـت دەسـتەبەردەبێت.» هەڵبژێـردراوە دیموکراتییـەکان کـە نوێنەرایەتـی لقێکـی بازرگانـی یـان بەرهەمهێنـان دەکەن، دانوستان لەگەڵ ئەنجومەنی ئابوری نەتەوەییدا دەکـەن تاکـو بگـەن بەڕێکەوتـن لەسـەر کۆمەڵێـک بڕیـار دەربـارەی سـەرمایەگوزاری، نرخـەکان لەلایـەن یەکەکانـی بەرهەمهێنـان ڕێکدەخرێـن نـەک لەلایـەن ناوەندێکـی بڕیاردەرانـەوە، ڕێکخسـتنی نرخەکانیـش بەپێـی ڕاوێـژ لەگـەڵ مەسـرەفکاران، بەکارهێنـەران، گروپـە سـوودوەرگرەکان و هتـد بێـت، هەندێـک لـەو بانگەشـەکارانەی ئـەم بەشـەی ئابوریيـە هاوبەشـەکان دەچنە ژێر باری جۆرێک ئابوری تێکەڵی سۆسیالیستی کاڵاکان کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەوانەوە بەستراونەتەوە بە (خۆراک و داوو دەرمان و پەروەردە و گواستنەوە و گەیانـدن و وزە و ئامرازەکانـی دابینکردنـی بژێـوی و دامـەزراوە داراییـەکان و میدیـاکان و هتـد) دەبێـت بکەونـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی دیموکراتـی هەموانـەوە، چونکـە ئەوانـەی دابەشـکردنی ئەمجـۆرە کاڵا کۆمەڵاییانەیـان بەدەسـتەوەیە، ئەگـەر بۆنـی سـوودێکی زیاتـر بگاتـە لوتیـان کاری زیانبەخـش بەرانبـەر بـە کۆمەڵـگا ئەنجـام دەدەن، بـەڵام ئـەو کاڵایـە کەمتـر زەروورن بـۆ پێداویسـتییەکانی کۆمەڵـگا (کاڵاکانـی ڕازاندنـەوە و جوانکاری) دەکرێت بەدەستی ڕەوت و ئاراستەی بازاڕ

بسپێردرێت، هەندێک لەلایەنگرانی سۆسیالیزمی بازاڕ کۆی ئەم فۆڕمانە ئاڵۆزتر لەوە دەبینن کە پڕاکتیکی و قابیلی پیادەکردن بێت».[٨٤]. دوای ئەوەی کە شۆڕشی جەماوەری خنکێنرا بەتایبەتی ساڵی ١٨٤٨ لەفەرانسە، ئەویش بەهۆکاری ئەو پاڕادۆکسەی کە لەگوتاری بۆرژوازی و بزووتنەوەی کرێکاریدا هەبوو، بۆیە مارکس و ئەنگلس ساڵی ١٨٥٠ هەڵوێستێکی نوێیان وەرگرت سەبارەت بەمانای بابەتی گۆڕاوی دیموکراسی ڕۆژئاوایی، مارکس ئەوکاتە پشتگیری لە حیزبەکەی لیدرۆ ڕۆلان و لویس پلان دەکرد، هۆکارەکەشی باوەڕپێکردن نەبوو بە سەرکردایەتییەکەیان، بەڵکو ئەوەبوو کە ملیۆنەها کرێکار و جوتیاری شۆڕشگێڕ لەژێر ئەو پەرچەمەدا ڕێپێوانیان دەکرد، بۆیە مارکس و ئەنگلس دەستیان بەو دیموکراسییەتەوە گرت کە بۆتە هۆکاری هاندانی کرێکاران دژی پاشماوەی سیستمی فیودالی». [٨٥] .

سیستمی کۆتا کە سیستمێکی قایلکەرە بۆ پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە ڕۆژهەڵات، مۆدێلێکی دیکەی تەوافوقی سیاسییە کە دەستەبژێرێکی سیاسی بەناوی پێکهاتەکانەوە ئیمتیازەکەی وەردەگرن، ئەم حاڵەتە هێندەی کێشە و گرێی دەروونی درووست دەکات بۆ جەماوەری پێکهاتەکان، هێندە چارەسەری کێشەی دیموکراسیەت

ناکات کە بەشدارییەکی کاریگەری گەرەکە.

کە باس لە دیموکراسیەت دەکەین بەو مانایەیە کە غیابی ئەم سیستمەیە، یان وەکو ئەو خەونەیە کە هەمیشە بەهیواین بێتە دی، دیسان ئەمەش جۆرێکە لە گەندەڵی دیموکراسی، کەوای کردووە سزا نەبینراوەکان فۆرمێکی تر وەربگرن لە بەرامبەر سزا ڕاستەوخۆ و ئاشکراکانن، هەر لەوەی دەزگا ئابوریەکان فۆرمێکن، لە جەوهەردا شێوەیەکی تر، دەزگا جەوهەریەکان لە پراکتیکدا فۆرمێکی تریان هەیە، یاساکان فۆرمێکن و کارپێکردنیان لەنێو دادگا فۆرمێکی تر، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فۆرمێکن و مەزهەبەکان و ئایینەکان کارپێکردنیان فۆرمێکن لە ناوەندەکانی دەسەڵاتیشدا فۆرمێکی ترە، ئەمانە بەشێکی زۆر کەمن لەو سزایانەی بەچاو نابینرێ یان بابڵێین سزای ڕاستەوخۆ نیین، ئیتر ئەم کولتووره لەکۆمەڵگای کوردیدا ڕەوتێکی ناعەقلانی درووستکردووە لە پڕۆسەی کارگێڕی و بەڕیوەبردندا، چونکی ئەم دەسەڵاتە لەم پڕۆسە ناتەندرووستەدا ئەو توانایەی نامێنێ کە هێزەکانی بەرهەمهێنان لەچنگی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان رزگار بکات، ئەم هاوکێشەیە ئەگەرچی لەئاستی ئابوریەکی زەبەلاحدایە، بەڵام هەمیشە لەهەموو شوێنێکدا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، یەکێک لەو بەرهەمهێنانەوەیە کوشتنی توانا و ئازادی رەهای تاکە لەنێو فەزای

سیاسیدا کە دیموکراسی وەکو سیستم ناتوانێ دەستەبەری بکات، مەگەر بەفۆرم و بەشتی لاوەکی ژیانەوە نەبێت، بۆ نموونە» دیموکراسی جارێکی دیکە پەیوەندیی تاک لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیدا گرێدەداتەوە بۆ ئەوەی بە هۆی یەکێتی و هەماهەنگیانەوە سەر لەنوێ کۆمەڵگە ڕێکبخرێتەوە، هەڵبەتە لەکۆمەڵگەیەکی یەکپارچە وەکو کۆمەڵگەیەک کە لەسەر هاوکاری تاکە ئازادەکان بونیادنرابێت، لیبڕالیزم چ لەمەسەلە مادییەکاندا و چ لەمەسەلە مەعنەوییەکان، ئازادی تاک بە ئازادی لەبەرامبەر دەوڵەت دەژمێرێت و پشتیوانی لێدەکات، بەڵام دیموکراسی بە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بونیادنراو لەسەر لێکگەیشتنی هاوبەشی تاکەکان کۆمەڵگە و تاک لەگەڵ یەکدا ئاشت دەکاتەوە، تاک لەلای لیبرالیزم دامەزرێنەری هەر کارێکە کە بەدەر لە سنووری ڕەفتاری دەوڵەت بەڕێوەدەچێت لەلای دیموکراسیش تاک لایەنگری دەوڵەتێکی جیاوازە کە بڕیاردانە بەکۆمەڵ و گشتیەکان لەو دەوڵەتەدا لەدەسەڵاتی تاکەکان یان نوێنەر و هەڵبژێردراوەکانیانەوە بێت».(٨٦).

ئەگەرچی شۆڕش لەدوای شکستی سۆڤیەت و هاتنی چەمکی جیهانگەری نە بەهای ماوە و نە جەوهەرکەی کە بەمانای وشە بۆ گۆڕینی سیستم بێت، بەڵکو ئەلتەناتیڤێکی وەکو وەهمێک بۆ دژە نادادپەروەری پەیدا بووە کە بەشداریکردنەکە تا ئەو

شوێنەی فۆرمی سیستەمەکە دەگۆڕێت جێگەی قبوڵە و لەوە بترازێت وڵامی توندی هەیە. «ئەگەر گریمان لەدونیای دیموکراسیدا تاک بەرهەمی نرخێک بێت مومارەسەی ژیانی ئاسایی و ئازادییەکانی بکات، بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکان دیموکراسی لەهەناوی خۆیدا پیلانێکی هەیە بۆ کوشتن و چەپاندنی فکری شۆڕش و شۆڕشگێڕیتی، چونکە شۆڕشێک کە تاکەکان گەرەکیانە لەگەڵ ڕێڕەوی ژیان و پێشکەوتنەکانی لەبورای کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بیگرنەبەر، ئەوەنیە کە سیستەمە جۆراو جۆرەکانی دیموکراسی قەبوڵی بکات. ئەلێرەوەیە کە ترسێک هەیە لەهەناوی دیموکراسی بۆ گشت بەرامبەر بەگشتی، دیسان بۆ تاکیش بەرامبەر بەتاک».(٨٧).

سزا بەشێکی بەرهەمهاتووی ئەو ترسەیە کە بەرامبەر خۆی پێدەنوێنێ، مەبەستم ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە هەم خۆی بەشێکە لەجێبەجێکردنی سزا، هەم خۆی سزادراوە، بەڵام دەوڵەت و سیستەمەکەی هەمیشە کۆمەڵگەی لەسەرووی خۆیەوە داناوە، بۆ ئەوەی تاک و گروپی جیاوازی ناڕازی یاخی نەبن، یان لانیکەم هانیان بدەن لەدژی ئایینی باڵادەست یاخی نەبن کە ئەمە زیاتر لەرۆژهەڵات هەیە و پێشتریش لە رۆژئاوا بەرلە ریفۆرمی ئایینی هەبوو، بەمەش هەمیشە سزای شاراوەی هەیە هەتا سزای ئاشکرا نەبێە لەککە

بەسەر نێوچاوانی دەسەڵاتەوە. کەوابوو «کارپێکردنی سزایەکی شاراوەی نادیار هەیە و لەبورای ئابوریدا دەبینرێ، بەوەی لەسایەی دیموکراسیدا قەیران بەردەوامە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرقاڵکردن و دوورخستنەوەی تاک لە شۆڕش و هەمیشە لەبری ئەوە داوای ریفۆرم لە دەوڵەت و سیستمەکەی بکات، یان لەئەرک و مافی هاوڵاتیاندا دەبینرێ، هەر وەک چۆن دەرکەوتە ناعەدالەتییەکان لەسەراسەری دونیادا لەسەر زاری سیستمەکە خۆی ئاشکرا دبێت، کەوابوو سزا مەرج نییە سزای جەستەیی بێت، هەروەک چۆن سزا مەرج نییە دەروونی بێت، بەڵام سزای ئابوری کە لە بوارەکانی کارگێری و بەڕێوەبردندا زیاتر ئاشکرا دەبن و ئازارەکەی زیاتر و قورسترە، دەکرێ هەموو لایەنەکانی تر و ئیشکالیەتەکانی کۆمەڵگەی پێبخوێنرێتەوە کە ئەمە بەشێکی زۆر کەمی ئەو سزایانەی کە لەکۆمەڵگای کۆنترۆڵکراودا هەیە، چونکە کۆمەڵگە بەگشتی لەنێو کایەی سیاسیدا ئەگەر بەشداریش بێت بەدەنگدان، هێشتا بە کۆمەڵگەیەکی کۆنترۆڵکراو هەژماردەکرێت» (٨٨).

هەڵبەت سزاکان لەکۆمەڵگەدا تەنها لەپێکهاتەی خێزاندانییە کە یەکەیەکی سەربەخۆیە، بەڵکو پانتاییەکی زۆری لەناوەندەکانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریشی داگیر کردووە، ئەوەتا لەزانکۆکاندا هەر لە سیستمی

خوێندنـەوە بگـرە کـە کلاسـیکیە تاوەکـو مامەڵـەی ماموٚستاکان، سزایە بەسەر قوتابیەکانەوە کە سەرەتای سـزاکە لێسـەندنەوەی مافـی خوێـندن لـە هاوبەشـی و بەخششـی دەوڵەتـەوە، بـۆ خوێـندن بـە پـارە لەلایـەن کەرتـی تایبەتـەوە کـە دواجـار ئـەم سیسـتمە کاریگـەری نێگەتیڤـی لەسـەر بوارەکانـی مەعریفـە و سـایکۆلۆژیاو خوێندکارەکانیـش کـردووە، هـەروەک چـۆن ئـەو سـزایە لەپەیوەندییـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابوریەکانیشـدا کاریگـەری لەسـەر (تـاک و کـۆی) تـەواوی کۆمەڵـگاکان کـردووە، تەنانـەت وای کـردووە کـە هۆشـیاری لەدەسـت بدەن و تەنهـا چاویـان لـەو یاسـایانە بێـت کـە سیسـتمی دیموکراسـی سـەپاندوویەتی بەسـەر تاکـدا.

کولتووری تـرس ئـەو کولتوورەیە کـە لەژێـر کاریگـەری دەسـەڵاتە کلاسـیکی یـە مەزهـەبی و تۆتالیتاریسـتەکاندا بەرهـەمهاتـووە، بـەو مانایـەی دەسـەڵاتەکان چونکـی بەزەبرو زەنگ و شـەڕ و خوێن هاتوونەتە سـەر دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـی، هەمیشـە دەترسـێ و بەچاویلکەیەکـی ڕەشـەوە هێـز و گروپـە سیاسـییەکانی تـر دەڕوانـێ، هـەروەک چـۆن جیـاوازی لەنێـوان جیاوازییـەکان و ئۆپۆزسـیۆنەکان، ڕەخنەگـرەکان و دژەدەسـەڵاتەکاندا ناکات، ئەمـە بەدیاردەیەکی دوژمنکارانـە دەزانێت و لێی دەترسـێ، هـەر ئـەم ترسەشـی کـردووە بەمیکانزمێـک بـۆ ڕاگرتنـی خـۆی بەسـەر پێـوە، بـەو پێیـەی ئـەم دەسـەڵاتە

لەژێـر کاریگـەری عەقڵـی پـان عەربیـزم ئیسـلامیزمدا لەمۆدێرنـەو لەدیموکراسـی دەترسـێ، وەکـو ئـەوەی چەمکـی مۆدێرنـە بەمەبەسـتی تێکشـکاندنی حـزب و حکومـەت و دەسـەڵات هاتبێتـە نێـو فەرهەنگـی ئێمـەوە، یـان ئـەوەی قسـەی لەسـەر مۆدێرنەکـرد، کەواتـە قسـە لەسـەر تێکشـکانی هەرەمـی دەسـەڵات دەکات، لەکاتێکدا حیـزب بۆخـۆی یەکێکـە لەدەرکەوتـە مۆدێرنەکانـی سیسـتمی سـەرمایەداری، دەسـەڵاتی کـوردی کـە خاوەنـی هیـچ سیسـتمێکی دیـار و نـاو نییـە، وەکـو نموونـە وەردەگریـن لەناوچەکـەدا، بەحوکمـی ترسـەکەی لەژیانی سیاسی خۆی، ئەوەندە لەدیموکراسی دەترسێ کـە ئەگـەر نەخشـەیەکی نـوێ بخەینـە بەردەسـتی بـۆ پیادەکردنی سیسـتمی دیموکراسـی و هەڵبژاردن، ڕەنگە بەمۆدێلێکـی دوژمنکارانـەی بزانـێ و بەپلانـی دژە خـۆی لەقەڵـەم بـدات، چونکـی تائێسـتا ئـەو قەناعەتـە وەهمیـە لەزەینی حیزبـە کوردییەکانـدا نەڕەویوەتـەوە کـە خەڵـک بۆچی و لەژێر کاریگـەری چ بەرژەوەندیـەک دەنگدەدەن بەحزبەکان؟ ئایا لەپرۆسەی هەڵبژاردندا دەنگدەر وەکو تاکێکی هۆشیار دەنگ دەدەن، یان لەترسی ئەوەیە کە دەسـەڵات بەرژەوەندیەکانیان دەخەنە بـەردەم خەتـەرەوە ئەگـەر دەنگ نـەدەن؟. یـان لەترسـی ئەوەیـە کـە ئەگـەر مۆدێلێکـی نوێـی بەنـاو ئۆپۆزسـیۆن هـات و پاڵپشـتی نەکـەن؟، ئـەوا دەکەونـە بـەر نەفرەتـی شـارێک، یـان هیـچ

نەبێ لەهەمـوو بوارەکانـدا پەروایـز دەخرێـن، هەڵبەتـە ئـەم ترسـەیان لەوانـی تـر مەترسـیدارترە بـۆ ئازادیـەک کـە بانگەشـە بـۆ دەکرێت.

دیموکراسـی بـەم شـێوەیە هەڵدەسـوڕێ ئەگینـا پڕۆسـەیەکی وەهـا کـە دەیـان ئیشـکالیاتی مێـژووی و دیالیکتیکی تێدایـەو سـەرمایەداری لەگـەڵ هاتنـی خۆیـدا سەدوهەشـتا پلـە ئـەم پڕۆسـەیەی گـۆڕی کـە٣٥٠ سـاڵ پێش زاینی لەئەسـینا تاقی کراوەتـەوە، ئەگـەر ناخـۆ بـۆ یەکـەم جار دیموکراسـی لەیۆنـان بـەر قـەرار بـوو، ئـەی بۆچی ئێستا لەیۆنان دیموکراسیەت بەمانا رەسـەنەکەی بوونـی نییـە؟

رەخنـە لـەم سیسـتمە یـان ئـەم جـۆرە دەسـەڵاتەی لەژێـر ئـەو عینوانـە حوکمڕانـی دەکات، لەجەوهـەردا دەبێـت لەوێـوە تەندرووسـتی هەبێـت کـە بەئەنـدازەی بـەرەو پێشـوەچوونی قۆناغەکانـی بەشـەرییەت بێـت، نـەک ڕەخنەیـەک لەسـەردەمی خـۆی، واتـە پێشـووتر ئەم ڕەخنەیە گیراوە لەدیموکراسییەت ئێستاش هەمـان ڕەخنـەی لێبگیرێـت، چ جـای دەسـەڵاتی کۆمەڵگایەکـی داخـراوی وەک کۆمەڵـگای کـوردی یـان پاکسـتانی و سـودانی و نیپاڵـی و هتـد کـە دوای ئـەو هەمـوو ئەزموونـە لێـی دەترسـن، چونکـە سـەرمایەگوزاری و جوگرافیا سیاسیەکە، وڵکی ئەو دەستەبژێرە سیاسییە نییـە کـە حاکمـن، ئیـدی ڕەنگـە کەسـێک کـە لەنێـو

دەسـەڵاتەکاندا لەترسـی بەرژەوەندیەکانـی خـۆی سـڵ بکاتـەوە لەدیموکراسـیەت و پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە کـە ڕەنگـە هەندێ جـار بەرژەوەندییەکانیـان بپارێـزرێ، بـەو وێنەیـەی کـە هەیـە، وەختێکیـش بـاس لەدیموکراسـی دەکـەن بـە دیـدی خۆیـان باسـی لێـوە دەکـەن، هـەر ئـەو کاتـە ئەوانـە بەحاڵێکیـش ببنـە دیموکراسـیخواز کـە نەناسـرێنەوە.

ئەمـە دیوێکـی تـری ئـەو ترسـەیە کـە ئێمـە لەدیموکراسـی هەمانـە، چونکـی دیموکراسـی و بەرژەوەندیەکانـی و دیموکراسـی حیزب و دیموکراسـی خوازراو دیموکراسـیەتی ئێـرە واتـە کۆمەڵـگای دواخـراو، جیاوازیەکـی زۆریـان هەیـە، بـەڵام ئـەو جیاوازیـەی دژی هەمـوو جیاوازیەکانـی بیرکردنەوەیـە کـە لەڕاسـتیدا ئەمـە بەشـێکی گەورەیـە لـە ئیشـکالیەتەکان و دونیـای عەرەبـی توشـی دوودڵـی و ڕاڕایـی کـردووە کـە بـۆ زیاتـر لـە سـەدەیەک دەچێـت و نەچۆتـە پێشـەوە و لـە چوارچێوە تەقلیدیەکـەی دەرنەچووە، لـە لایەکـی دیکـەوە بەشـێکی دیکـەی ئـەو دەسـتەبژێرە سیاسـییەی کـە دژی دیموکراسـین، بـە دیدێکـی تـر پێیـان وایـە دیموکراسـی هەڕەشـە لـە بەرژەوەندیەکانیـان دەکات.

ئەگـەر ئاییـن ئـەو ڕۆشـنبیریە بێ کـە کۆمەڵـگا بەتاکـە مەرجـەع و نموونـەی بـاڵای (مپـل الاعلـی) ی بزانـێ کەلـە جەوهـەردا شـتەلێڵ و شـاراوەکانی لەگـەڵ خۆیـدا هەڵگرتـووە، کەوایـە وەزیفەیەکـی تایبەتـی مۆڕاڵـی

بەرگری پێیە کە قەناعەتی زۆرینەی خەڵکە، مەبەستم ئەو خەڵکەیە کە بەشێوازی تەقلیدی ئایین پەرستن و هەر بەو شێوازەش پارێزگاری کوێرانەی بێمەعریفە لەم ئایین و کولتووره تایبەتە دەگەن، کە ئەمە دەڵێم پشت بەو خوێندنەوانە دەبەستم کە لەدنیای ئێمەدا چ گوتارێکی بەرهەمهێناوە چ گوتارێکە توانیویەتی زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەم کۆمەڵگە ترساوە بکاتە باو، چۆن ئەم ئایینەی کردووە بەمۆدێکی کۆمەڵایەتی و بە چ فۆڕمێک و چۆن خۆی دەردەخات چۆن مامەڵە لەگەڵ کەمینە ئاینیەکاندا دەکات و چۆن لەگەڵیاندا دەژیت، «دیموکراسی لانیکەم لە بەکاربردنی سەرەتاییدا، بەهەردوو مانا و تێگەیشتنەکانیەوە شیکراوەتەوە، لەهەر جێگەیەک کە بنەمای دابەشکردنی راستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان و زۆرینەی هاوڵاتیاندا بێت، ئەوا هەوادارانی لێکدانەوەی یەکەم هەوڵدەدەن کۆمەڵە بنەمایەک بەرجەستە بکەن، کە هەمووان پابەندن بە چاودێری پاراستنیەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەلایەنگرانی لێکدانەوەی دووەم زیاتر هەوڵی بەرجەستەکردنی ئامانجی یەکسانیخوازی دەدەن و پێیانوایە کە حکومەتی دیموکراتیک پێویستە ئیلهامی لێوەربگرێت، ئەوەی لەبەرچاوگرتنی گشتە».[٨٩].

ئەوەی کە لەکۆمەڵگە فرەییەکان لە رووی ئایین و نەتەوە و کولتوورەوە روودەدات و گوتاری زاڵی ئایینی

و گوتاری زاڵی نەتەوەیی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێنراوە، باشترین سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگانە نەک هەر دیموکراسی نیین، بگرە دیکتاتۆرن و لەژێر پەرچەمی دیموکراسیدا سیاسەت دەکەن و ئیدیعا دەکەن کە وڵات بۆ هەمووانە، کەچی لەو کۆمەڵگەیانەی دیموکراسی نابینرێت بەو سیفەتەی هەژارن وەک هیند و نیپاڵ و تایوان و تاڕادەیەک مەغریب و لوبنان و هتد، هێندە دیموکراسیەتی پێوە دیارە بەش بەحاڵی خۆیان، ڕەنگە لەنێو سیستمیش نەبێت مەسەلەیەک نەبێت، هەڵبەت مەبەستم لە شێوە پێکەوە ژیانەکەیەتی بەبێ ترس هەمووان پێکەوە دەژین، چونکە ئایین و ئاینزاکان و نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکان، لەژێر هیچ فشارێکدا نیین و مومارەسەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی خۆیان دەکەن.

ترس لە پێکەوەژیان تەنها ترس نییە لە پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و کولتوورە جیاوازەکان، بگرە ترسە لەوەدیهێنانی ئەو بەهەشتەی کە ماناکەی نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی یە کە لەڕێگەی دەسەڵاتی خەڵکەوە بەرهەمبێت، چونکە پێکەوەژیان لەکورتترین مانادا وەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی یە بۆ گشت بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوان نەتەوە و ئایینەکان و مەزهەبەکان و ئیدیۆلۆژییەکان لەئاستی سیاسی، نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی لەنێوان ژن و پیاو و

ڕەگـەزی سـێهەم و هتـد.

ئەفلاتـون لـە کتێبـی یاسـاکاندا ئـەو وانەیـەی پێشـکەش کـردووە کـە سـامان بنچینـەی دابەشـکردنی چینەکانـە، نـەک توانـا و شـارەزایی سرووشـتی وەک لەدەوڵەتـی کۆمـاردا ئامـاژەی پێکـراوە، یـان لەشـوێنێکی دیکـەدا بـاس لـەوە دەکات کـە نابێـت ڕێگـە بدرێـت سـامانی تاکـە کەسـێک پێنـج جـار بـە قـەد سـامانی کەسـێکی هـەژار بێـت، وەختێـک ئەمـە دەبینیـن و سیسـتم وەکـو ئازادی بەدەستهێنانی سـەرمایە تەماشـای دەکات، لەوێدا شـەرعیەتی وەرگرتـووە کـە جیاکردنەوەکـە لەنێـوان چینـە دەوڵەمەندەکان بۆ پشتاوپشـت بـووە، بـەڵام لـە سیسـتمی سـەرمایەداریدا ئەمـە لەتواناشـدا دەرچـووە دەرەوە کـە چینـی باڵادەسـتی سـەرمایەدار کـە خـاوەن کار و خـاوەن موڵکیەتـە، بەڵکـو چـووە نێـو سیسـتمی خێزانیشـەوە، بـۆ نموونـە منداڵێـک لـە دایـک و باوکێکـی دەوڵەمەنـد لەدایـک دەبێـت، ئۆتۆماتیـک دەبێتـە سـەرمایەدار و خـاوەن موڵـک، منداڵێکیـش لەدایـک و باوکێکـی هـەژار دێتـە دونیـاوە، بەهـەژاری دەمێنێتـەوە، ئەمـە سـەرەرای ئـەوەی منداڵـە هەژارەکـە کەسـێکی بەتواناشـە لـەو کایـەی شـارەزایی لـێ پەیداکـردووە، ئـەم حاڵەتـە بـەردەوام خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە و خـۆی بەرهەمدێنێتـەوە لەهەمـوو سـێکتەر و کایە جیاوازەکان و بگرە لەنێو گروپە کۆمەڵایەتیەکانیش، ئەمەیـە نەبوونـی ئـەو پێکەوەژیانـەی کـە دەبـوو لەنێـو

چینەکاندا جیاوازی نەهێشتبا.

دەبێت بپرسین ئایا ئەوەی کە ناونراوە پێکەوە ژیان لەو وڵاتانەی تەنها ناوی سیستمەکەیان دیموکراسییە، واتە هەموو ئایینەکان و کەمینەکان توانیویانە بەشێوەیەکی یەکسان مومارەسەی سرووتە ئایینەکانی خۆیان و کولتوورە مەزهەبیەکانی خۆیان بکەن؟ ئەمە لەکۆمەڵگای کراوەدا، بەڵام لە کۆمەڵگای داخراودا کە ئەو جۆرە ژیانە مومکین نییە، چونکی دەسەڵات کە هێزی زۆرینە و بنکە جەماوەریەکەی ئیسلامە و ئاینەکانی دیکە پەراوێزخراون، بۆیە گوتاری سۆسیۆلۆژی خۆی لەسەر ڕووی هەموو گوتارەکانی دیکەوە دەبینێ کە دواتر هەر ئەم کولتوورە لەبارتر دەبێ وەکو ئەوەی کە هەیە و بەردەوامی بەخۆی دەدات، تەنانەت تاکەکانی کۆمەڵگاش پەلکێش دەکات و دەیانکات بەتوندڕەو، یان هیچ نەبێ دەیانکات بە پیاوسالاری ژن کوژ و توندڕەوی پیاو کوژ، هەروەک ئەوەی پیاوانی دەسەڵاتدار خراپ کەڵکیان لێوەردەگرن، یان حیزبە ئیسلامییەکان کەڵکیان لێوەردەگرن، «لەم ڕاستیەشدا زەوتکردنی ئازادی و مافە تایبەتیەکانی وەکی ئیشتیهادی ئایینی و مەزهەبی و عەقیدەیی و تەنانەت بێباوەڕی و جۆرەکانی دیکەی وەکی خوداپەرستی لەلایەن زۆرینەوە زەوت دەکرێ، ئەمەش وەنەبێ جۆرێک لەململانێی شارستانیەتەکان بێ، بەپێچەوانەوە ئەمە ئەو

مەحاڵبوونەیـە کـە قەبوڵـی هیـچ شـتێک نـاکات لەخـۆی زیاتر، وەکو ئەوە وایە کەسێک لەبەردەم ئاوێنەدا تەنها خودی خۆی ببینێ». [٩٠] ئەم عەقڵیەتـە بۆ ئەو زەبر و زەنگـە دەگەڕێتـەوە کـە دەقـە ئایینیـەکان بەرهەمیانهێنـاوە و دەیگێڕنـەوە بـۆ دەسـەڵات کـە ڕژێمـە تۆتالیتـارەکان و رژێمـە ئایینـەکان و تەوتەمیـەکان کاریـان پێکـرد، وەکـو چـۆن سـەدامی بەعـس و هیتلـەری نـازی و مۆسـۆلۆنی شـۆڤێنی کەڵکیـان لێوەرگـرت، ئێسـتاش بەشـێوەیەکی تـری ئامریـکا و بەریتانیـا و زلهێـزە هاوپەیمانەکانیـان، بەدرێژایـی تەمەنیـان کاریـان بـۆ کـردووە، کوردیـش بەدرێژایـی زەمـەن ئـەوە زەمینانـەی بـۆ ئـەم کولتـوورە ڕەخسـاندووە کـە ببێـت بەسـەنتەری دەسـەڵات و بیـکات بـە سیسـتمێکی ئەخلاقـی و مۆدێکـی کۆمەڵایەتـی و کاری پێبـکات لـە هەمـوو بوارەکانـدا، دواتریـش هـەر ئـەو کۆمەڵگەیـەی کـە درەنـگ تێدەگات بەبـێ ئـەوەی بەخـۆی بزانـێ دەبێتـە کۆیلـەی ئـەو دەسـەڵاتە، کاتێکیـش لەگـەڵ بەرهەمهێنانـی نەوەیەکـی نوێ توشـی سـەدمەیەک دەبێـت لەبـەردەم شارسـتانیەتەکانی تـر، هەوڵـدەدات باڵانسـێک درووسـت بـکات بەخاتـری ڕای گشـتی، لەڕاسـتیدا ئـەم کولتـوورە بەشـێکی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو مەرجەعیەتـە شـکڵ گرتووانـەی کـە سـنووری بـۆ شـتەکان دانـاوە و حەرامـی کـردوون لەئینسـان و بەشـێوەیەک لەشـێوەکان بـە لەدەسـتدانی ئەخـلاق پێناسـەی کـردووە، لەسـەر

دەستی پیاوانی ئایینی لەهەموو ئاینەکان جوگرافیای بۆکێشراوە و دواتریش چەمکی ترسی بەرهەمهێناوە، بەڵام ئایا ئەو ستراتیژەی ئایینەکانە وای کردووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان مەحاڵ بکات لەیەکتر؟، یاخود ئەو دەسەڵاتە کەلەپووری خۆی بەو شێوەیە جێکەوتە دەکات و فەزای بیرکردنەوەکان بچووک دەکاتەوە بۆ ئاستێکی بچووکتر کە هەمیشە تارماییەک لەپشت پەنجەرەکانمان، یاخود تارماییەک لەبەر چاومان پەنجە ڕادەوەشێنێ، نەکەی لابدەی لەنەریت، لابدەی لەعورف، لابدەی لەئایین لەشتە پیرۆزەکان لەدەسەڵات و هتد. کە بەبڕوای من بەدەر لەوەی ئەم ترسە بەمێژویەکدا گوزەری کردووە دەبێ سوڕی ژیانی خۆی ببینێ و تەواوی بکات، تاکوو لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر نەوەیەک کاڵتر دەبێتەوە، هەر بۆیە ئێمە ناتوانین پێکەوە بژین، چونکە لەڕەسەنایەتی دەترسین لەدەستی نەدەین، وە ئەمە دواجار لەترس زیاتر شتێکی تر بەرهەم ناهێنێ.

ئەگەر بە بۆچوونی تیۆری دیموکراسی ناسەکان قسە بکەین دووچاری هەڵەی جۆراوجۆر دەبین کە ئەم سیستمە عەدالەتییە، بەڵام هیچ نەبێت لە تێڕوانینی مارکسەوە تێدەگەین کە هەرگیز ناکۆکی چینایەتی ئەو موژدەیەی پێ نییە کە دیموکراسی بۆ نەهێشتنی چینەکان هەیەتی کە کۆمەڵناسەکانی بەر

مارکسیش لەوە تێگەیشتبوون ململانێ مەسەلەیەکی تا هەتاییە، ئەگەر شۆڕش چارەسەری نەکات، بۆ نموونە «مارکس بەزمانێک کە لەژێر کاریگەری رۆسۆدایە، ناکۆکی بنەڕەتی لەچەمکی سیاسی دیموکراسیدا دەدۆزییەوە و بڕوای وابوو تاکو ئەوکاتەی کە لەزەمینەی واقیعی چالاکی ئابوری کۆمەڵگەی مۆدێرندا، بونیادی نایەکسانی هەیە، پێشمەرجی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان لەئارادایە، دەوڵەت وەک هێزێکی دەسەڵاتخواز بەسەر کۆمەڵگەوە، بەڵام لەخزمەت چینی باڵادەستدا، بوونی دەبێت و تاکو ئەوکاتەش کە دەوڵەت هەبێت، ناکرێت باسی یەکسانی سیاسی بکرێت، مارکس وەکو رۆسۆ بڕوای وابوو لەکۆمەڵگەیەکدا کەلەسەر بناغەی نایەکسانی موڵکایەتی دامەزراوە ئازادی بێ سنوور، لەخەیاڵێک زیاتر نییە، وە بەدیهاتنی مومکین نییە».[٩١]. مومکین نەبوونی ئەو زەمینەیەش بۆ خەڵک وەکو فەرهەنگ و بۆ دەسەڵاتی ئابوری وەکو خولقاندنی خۆشگوزەرانی، بۆ دەسەڵاتی سیاسیش وەکو فەرهەنگی قەبولکردن و پێکەوژیان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، کەوابو نەک هەر مومکین نییە، پراکتیک کردنی وەکو خۆی، وەهمێکی سیاسییە و هیچی تر.

# ماڵئاوا شۆڕش

بیرۆکەی شۆڕش لە مێژوودا لەگەڵ شۆڕشێک کە ئێستا بیری لێدەکرێتەوە، دوو پنتی لێکدابڕاون و پێکەوە گرێنادرێن، ئەوەی کە مۆدێرنە لەدوای شۆڕشی فەرانسە ساڵی ١٨٥٢ و شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و شۆڕی فەرهەنگی لەزانکۆی فرانکفۆرت لەساڵانەی رابردوودا کردیان، سەرەتای دابڕانێک بوو کە بەتەکنیکی نوێ کۆتایی بەخەباتی نیشتیمانی و نەتەوە و ئایینی هێنا، چونکە هیچ پیرۆزیەکی بۆ ئەو چەمکانە نەهێشتەوە کە وەکو کەڤەڕی شۆڕش لەدوورەوە هەستی پێدەکرا و هەڵگرانی شانازییان پێوەدەکرد، بۆیە لەبری ئەوانە ئیدیۆلۆژیا نوێی درووست کرد کە بریتین لە یانەی وەرزشی بەعینوانی جیاواز و ستایل و دیزانی نوێی تەلەفونی ئایفۆن و گالاکسی و ماشین بەلۆگۆی جیاواز و هتد. بۆئەمەش ناچاربوو لەدژی شۆڕشی راستەقینە، شۆڕشێک بەناوی عەقلییەوە بەرهەمبهێنێ کە سەرکەوتنەکەی لەسەر حیسابی گیان نییە، بەڵکو مسۆگەرە. ئەویش بردنەوەی گرەوی بازاڕ و ئابوورییە بۆ هەر تاک و گروپێک کە لەئەنجامی خۆ ئەزموون

کردنەوە، شارەزایی پەیدا دەکەن، ئەمانە لەبری ئەوەی ببن بە پاڵەوان وەکو شۆڕشگێرەکانی کۆن، دەبن بە ئەستێرەی بازرگانی و میدیایی.

پێشتر لەگەڵ چەمکی شۆڕشدا کە چەمکێکی رۆمانسی بوو، چەمکەکانی وەکو خائین و دژە شۆڕش ی لەبەرامبەر راگیرابوو، ئێستا تەواو مانای ئەو چەمکانە گۆڕان، بۆنموونە شۆڕش لەئێستادا چەمکێکە بەناوی خۆشگوزەرانییەوە، دروستکردنی فەزایەکە بۆ خۆشکردنی کۆمەڵایەتی لە کایەی هونەری دا کە بریتین لە سینەما و ریکلام و شۆ میدیا بەگشتی، هەڵبەت دژەکەشی خائین و سیخوڕ و موئامەرە چی نیین وەکو رابردوو تاکو سزا بدرێن، بگرە ئەوانیش ئەستێرەی و بەشدارن لەو فەزایە بەڵام وەکو کێبەرکێکەر و کارێکتەری ململانێی نێوانەکان، گۆڕینەوەی بەرژەوەندی لەنێوان کارێکتەر و گروپی دەستەبژێری سیاسی و مقاولی جەنگ، ئەمەش لەسەر حیسابی کەمینە چەوساوەکان و نەتەوە بێ دەوڵەت و بێ مافەکان و گروپە ئیتنییە زوڵم لێکراوەکانە، ئەم حیسابە دواجار کە جەنگ و شۆڕشە موزەیەفەکە تەواو دەبێ کە بەهاندانی کۆمپانیا و دەوڵەتە زلهێزەکان بەرهەمهاتووە، پاداشتەکەی بۆ زوڵملێکراوەکان ئەو هاوکاریانەیە کە وەکو چاکەکارییەک پێشکەش دەکرێتەوە بەو گروپانەی کە زەرەرمەندی جەنگ بوون، هەروەکو ئەوەی منداڵ کبە باوکی دەڵێ (بابە

شۆڕش چییە؟. باوکیشی دەڵێ شۆڕش ئەوەیە ئێمە عەیبمان نەبوو پێش شۆڕش، خاوەنی ماڵ و حاڵ و خۆشگوزەرانی خۆمان بووین، نەتەوە یەکگرتووەکان بە چادرێکی ئاوارەیی قەناعەتی سەرکەوتنی شۆڕشی پێکردین.

شۆڕش پێشتر بریتیی بوو لەبزووتنەوەیەکی پێشکەوتووخواز بەرامبەر بەدواکەتووەکان، لەپێناو هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی گروپ و ئیتنیک و چینێکی مەزڵوم، بەسەر چینێکی دیکەدا کە زاڵمن، یان ماناکەی لە گۆڕینی سیستمێک بەسەر سیستمێکی دیکەدا کۆدەکرایەوە، ئێستا دوای ئەوەی سەرمایەداری هاوچەرخ گەیشتە لوتکەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی خۆی و خەریکە ئێق دەکاتەوە، شۆڕشی بەستایلێکی دیکە و بەهەمان فۆرم داهێناوە، بەڵام بەمانای جیاواز، بۆ نموونە کەس تاوانبار ناکات و داواش لەکەس ناکات بەشداربێت وەکو شۆڕشگێڕ و ئینتیما بۆ ئایدیا سیاسیەکە بکات، بەڵکو شۆڕش دیاردەیەکە هەمووان بەبێ هاندان و تەکلیفکردنی کارێکتەر ناودار لەخەڵک، خەڵک بەناچار خۆیان بەشدارن تێیدا و بکەرەکەشی پاڵەوانەکەیە کە خۆیەتی، هەندێک جار ئەوەی کە بەگرووپ دەکرا و ناوی لێدەنرا شۆڕش، ئێستا بەهەمان شێوە شۆڕش گشت تێیدا بەشدارە، جارێک وەکو قەبولکەری ئایدیای ماتریالی، جارێک وەکو بەکاربەری کاڵا و پێداویستی رۆژانە، جارێکی

تـر وەکـو نوێنەرایەتـی کردنـی کاڵا و یانـە نـاودارەکان و هتـد. لەنێـوان دەسـەڵات و کایەکانـی تـری سیاسـەت، شـتێک هەیـە بەنـاوی (ئاکلێسـا) کـە بریتییـە لـە توانـای مرۆیـی بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو کێشـانەی کـە لەشێوەی قەیران سـەرهەڵدەدەن، کاتێک هـەردوو کایـەی دەسـەڵات و ئاکلێسـا کـە بەشێکە لـە جەسـتەی کۆمەڵگـە سـەرهەڵدەدەن، ئیـدی وانەیەکـی دیکـە و ئەزموونێکـی دیکـەی سیاسـی بەرهەمدێت، ئەمـە پرسـی گواسـتنەوەی رۆڵـی خەڵکـە و بەشـدارییەکی کاریگـەرە لەسیاسـەتدا، چونکـە ئاکلێسـا سـوود لـەو ئەزموونـە وەردەگرێـت کـە سـوپەر دەسـەڵاتەکانی وەکـو فرانسـیس فۆکـۆ یامـا باسـی دەکات، ئـەو پێیوایـە بەنـاوی سیاسـەتەوە هەرچـی ئومێد هەیـە لەخەڵکـی دەسێننەوە، گرتنـە دەسـتی جڵـەوی شـەقام داماڵینـی ئـەو عابایەیـە کـە سیاسـییەکان دەیـدەن بەسـەر فۆڕمـی کێشـە سیاسـییەکان و شـاردنەوەی بنەچـەی قەیرانـەکان لەخەڵـک، کەوابـوو ئـەوە مرۆڤـە عاقڵەکانـن کـە ئاکلێسـا دەکـەن بـە ئامرێزێکـی سیاسـی بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان تەنهـا بەدەنگـدان بەشـداری سیاسـەت نەکـەن و تەنهـا تەماشـاکەری هاوکێشـە سیاسـییەکان نەبـن، بـەو مانایـەی کاراکردنـی فـەزای گشـتی یـە. «کاتێـک ئەنجومـەن پێکدێـت و خەڵـک دووبارە لەئاگۆردا لەگەڵ یـەک کۆدەبنـەوە، باش نابێت، بـەم چەشـنە دەتوانرێ بگوترێت کـە لەدیموکراسـییەتدا گفتوگۆی نێوان دەسـەڵات و ئاکلێسـا و ئۆیکـۆس، هیـچ

کات کۆتایی پێ نایات، ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە بەدیهاتنی گۆڕان و گواستنەوە لەچوارچێوەی ئەم مەرجە بنەڕەتییە یە، واتە سەربەخۆیی کۆمەڵگە ئەکلیسا لەئەندامانی ئۆیکۆس بەچەشنێکی هاوکات هاوڵاتیان لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک، دەبێت خۆیان لە بنەڕەتدا ئازاد بن تاکو ڕاو سەرنجی حۆیان دەربڕن، کۆمەڵگەش پێویستە بە سەربەخۆ و ئازاد بێت، تاکو یاساکان دەربکات، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگە پێویستە بزانێت جگە لە تێگەیشتنی جددی و وردی ئازادی، ڕێکوپێکی یاساکان هیچ گرەنتییەکی تری نییە».[٩٢].

ئەگەر دەرکەوتنی جەستە لەچاوی فۆتۆگرافەوە تەمەشا بکەین، دەبینین کە ئامانجی فۆتۆگرافەر تەنها ئاشکرا کردنی ئەو نهێنیانەیە کە خوڵقێنەرەکەی دەیەوێ گوتارێکی ئیستاتیکی و میدیاییمان پێشکەش بکات، بەومانایەی کە ئامانجی بینینی فۆتۆگرافەری تەنها رووە ئیستاتیکیەکەیەتی بۆ بینەر و بوارێک بۆ تێڕامان، بەڵام هەر هەمان جەستە لەسەر شەقام تەمەشا بکات لەچاوی باڵادەستە سیاسیەکانەوە، درووست پێناسەی ئەوەمان دەداتێ کە جەستەیەکی ترسناک هەیە و لەتارماییەک دەچێ بۆ روخاندنی ئەو هێزەی بەرامبەر جەستەکان راوەستاوە، لێرەدا وێنەکە گۆڕا، چونکە لێرە دەسەڵات بریتیە لەکۆمەڵێک کایەی جیاجیای زەبروزەنگی ناسروشتی و ئەو

دەسـەڵاتەش کـە لەپشـت حەشـیمەتی خۆپیشـاندەرەوەیە هەمـان توندوتیژیـی لـە بیردایـە، بەوپێیـەی کـە دەسـەڵات جەسـتەیەکی ناسرووشـتیە لـەدژی ئـەو جەسـتانە خولقـاوە کـە دژی وەسـتاون، «بۆیـە پاڵنـەری سـەرەکی ڕێکخسـتنی سرووشـتی وەکـو زەرورەتێکـی شـێتانەی خۆڕسـکە، شـتێک هەیـە وەکـو نەخۆشـی وایـە کـە لـە حەماسـەتی سیسـتمی ترسـتناکدا پاڵنـەرە ناوەکیەکـە وەحشـیگەریتیەکەیەتی کـە دژی ئازادیـە».[٩٣]. بەوپێیـەی کە وەحشیگەریتی وەختێک دەرکەوێت کە جەستەیەکی دیکـەی دژی خـۆی دێتـە بەرچـاو و ترسـی لـە نەمانـی خـۆی لێدەنیشـێت، ئـەم ترسـە چونکـە ئەزموونـی لەپشـتەوەیە و کارتێکـی دیکـەی گەمـەی سیاسـییەکان لەبەرامبـەر جەستەیەکی غەریبی مەترسـیدار کـە خودی دەسـەڵاتە، بۆیـە خـودی دەسـەڵات هـەق بەخـۆی دەدات لـەو وانـە و ئەزموونـە بترسـێت کـە خۆپیشـاندانی خەڵکە.

ترسـی دەسـەڵات لەوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە وەختێـک ئیدیعـای دیموکراسـی بـوون و ئەزموونـی دیموکراسـیەت دەکات، پارادۆکسـیانە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو کردەیـە دەکات، هـەر ئـەو کاتـە پێناسـەی خـۆی دەکات کـە دەسـەڵات تەنهـا چـاوی کار دەکات و گوێـی بەپەمـۆ ئاخنیـوە و لەشـەقام دەترسـێ، چونکـە دەزانـێ ئەمـە وانەیەکـە بـۆ نەهێشـتنی لـەو مەقامـە، هەڵبـەت هـەر ئـەو جەسـتانەیە کـە دەسـەڵات کاتێـک ویسـتی بێـت دەیانڕژێنێتـە سـەر شـەقام بـۆ مەهـام و تەرویج

کردنـی گوتـاری سیاسـی خۆیەتـی، بـە پێچەوانەشـەوە بەئاگـر و ئاسـن وەڵامیـان دەداتـەوە، لێـرەوە وێنـەی ئەسڵی ستەمکاری دەسـەڵاتمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەو نهێنیانەمـان دەداتـێ کـە لـە سـایکۆلۆژیای سیاسـیەکاندا ئامادەیـە، وەختێک خۆنیشانی دەرەوەی فـەزای سیاسـی و کۆمەڵایەتی کوردستان بەراورد دەکەین بە رۆژئـاوا، بۆمـان دەردەکەوێـت چـۆن بـازاڕ بەجەسـتەیەکەوە دەکرێت و واتـر دەفرۆشرێتەوە لـە دانوسـتانێکدا، بۆیـە هەمیشـە ئـەوەی بەنـاوی ئۆپۆزسـیۆنەوە کار دەکات، جەسـتەی خەڵـک لـەلا هەرزانـە و بـە ماتریاڵێکـی بـێ هـۆش و مەعریفـە دەناسـێت، هەرئـەم پنتـە نهێنییەشـە کـە دەسـەڵات جـوان ئاشـکرای کـردووە.





لەوەتـەی سیاسـەت هەیـە نارەزایەتـی و شـەقام و جەمـاوەر بەشێک بووە لـە سیاسـەت و بەشێک بووە لـە چاکسـازی سیسـتم، بـەڵام لێـرەدا کارێکتەرێکـی دیکـەی دەرەوەی سیاسـەت هەیـە کـە رۆشـنبیرە، نموونەیەکـی دیکەیە لـەو کارێکتـەرە چالاکانـەی کە گرینگی بە شـەقام دەدەن وەکـو بەشـێک لـە بەشـداریکردنی سیاسـەت، (هێربـەرت مارکـۆزە و جـان پـۆڵ سـارتەر) دوو کەسـی دیـاری ئـەم ئەزموونـەن کـە لوتبەرزانـە رووبـەڕووی دەسـەڵات و سیسـتم بوونـەوە و پێشڕەوایەتی جەمـاوەر و خوێنـدکاران و خەڵکـی نـاڕازی لەسـەر شـەقام، ئـەم ئەزموونـە هیـچ دەسـەڵاتێک و حکومـەت و هێزێکـی سیاسـی ئەزموونـی لێوەرناگرێـت، بـۆ، لەبـەر ئـەوەی

هیــچ هێزێکــی سیاســی خــۆی بەکەمتــەر خــەم و بــە ستــەمکار نازانێت کــە ستــەمکاری لــە زۆرەوە بــۆ کــەم هەیــە و لــە کەمیشــەوە بــۆ زۆر هەمــان شــێوەیە.

ئەگــەر پێشــتر ناڕەزایەتــی و خۆپیشــاندان بەهایەکــی ئیدیاڵــی و فکــری لــە پشــتەوە هەبــوو، مانایــەک کــە بەرهەمــی هەبــوو بــۆ ئــەو ماتریالــەی کــە ئومێــدی لــەو جەســتە ناڕازییــە هەبــوو کــە پێکــەوە نمایندەی خۆیــان دەکــرد، ئێســتا ئیتــر لــەدوای ململانێکانــی دوای هــەزارەی ســێهەمەوە دەرکــەوت کــە هەمــوو شــتێک بــەراواژوو بــووە و ناگەڕێتــەوە نەشــازییەکانی دوای بەرهــاری عەرەبــی ئــەوەی ســەلماند کــە سیناریۆی هاتنــە ســەر شــەقامی خەڵــک و توێژێــک لــە خوێنــدکار و بێــکار درووســتکرا بــوو، دەرەنجامەکەشــی دەرکــەوت بۆچــی بەردەوامــی نەبــوو دابڕانــی تێکــەوت و لــە وڵاتێکــەوە بــۆ وڵاتێکــی تــر جیاوازی زۆر هــەبوو، بۆیــە دیمەنــەکان نــەک هــەر فاکتێکــی سیاســی و کۆمەڵایەتیــان نەبــوو، بەڵکــو خەیاڵێکــی نــا تەندرووســتی خوڵقاند تائــەو جێگەیــەی کــە خەڵــک بــۆ هەتــا هەتایــە بێئومێــد بــن لــە شــۆڕش، چونکــە جێگەوڕێگــەی کۆمەڵایەتــی نێــوان چینــەکان روون و ئاشکرا نەبوون و دوارۆژیشیان دیار نەبوو کە کامەیان دەبنــە خــاوەن دەســتکەوتەکانی شــۆڕش، لەمبارەیــەوە «مارکس لــە نووســینە تایبەتەکانی ســەبارەت بــە شــۆڕش، باســی ئــەو نێوانــە دەکات کــە بریتییــە لەنێوانــی ئــەوان و پۆلیســەکان، وەکــو داپۆشــراوێکی مێژوویــی دیاریکــراو

و لەهەمان کاتیشدا نادیار، ئەو لاسایکردنەوانەی رابردوو بۆ شۆڕش، تاکو ئەوەی دۆخی چینایەتی جێگەو ڕێگەیەکی ستراتیژی نەبوو، بەلای مارکسەوە کەلێنەکە ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە کە دەبوایە هەبێت و جێگەورێگەی چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانیش بنچینەیەکی هەڵبژێردراو بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی دیاری بکات».[٩٤]. دیوی نەبینراوی دیمەنەکان سەروەختی بەهار عەرەبی، سەرباری ئەوەی شانۆگەرییەکی نائاشکرا بوو، ئەوەبوو کە بەنەشارەزایانە مامەڵە بە جەستەی خەڵک و ژیانی خەڵک و جوگرافیا و سومعەتی خەڵکەوە کرا.

ئەوەی کە لەدوای درووستبوونی قەیرانی ئابوری رۆژئاوا لەرابردوودا بینرا و بەتایبەتیش قەیرانی کەرتی تایبەت لە رۆژئاوا، مەبەستم لەدوای ئەو قەیرانە هەمەلایەنەی دونیایە و بەتایبەتی رۆژئاوا کە دووچاری قەیرانی درووستکراوی دارایی و کێشەی هەڵایسانی ئابوری و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، بینیمان کرێکارانی شەمەندەفەری ئاڵمان کە پێشتر بە شێوەی ملیۆنی شەقامیان بۆ ماوەی چەند رۆژێک دەگرت و دەوڵەت بەناچار چۆکی دادەدا، لەساڵی ٢٠١٤ کاتێک هەمان ئەو کرێکارانە کە بێکار بوون لەئەنجامی شکستی چەند کۆمپانیایەک، بەهۆی نەبوونی وەڵامی لۆژیکی و ئابوری بۆ کرێکاران، بەناچار کرێکارەکان لەجیاتی ئەوەی داوای مافی بنەڕەتی خۆیان بکەن

و هەڕەشـەی ئـەوە بکـەن نابـێ بێـکار بکرێـن، داوای ئەوەیان کرد کە دەرمانی ئەوەیان پێبدەن بەبێ دەنگی و بەهێمنی و بێدەنگی بمرن، نەک مەرگەساتی بێکاری و نـەداری و بـێ نەوایـی ببینـن، هەروەهـا هەڵایسـانی شـەقامی ئامریـکا کـە بـە وڵ سـتریت ناسـرابوو، کـە شـەقامێکی توندبـوو و هیـچ دەسـەڵاتێکی نەمابـوو لـە گۆڕینـی سیسـتمی ئابـوری ئـەوکات، هـەردوو ئـەم حاڵەتە لـەدوای ئـەوە هـات کە ترسێک نەمابوو لەلایەن دەوڵەتانـی زلهێـزەوە بـۆ هێـز و گروپـی کۆمۆنیسـت و کرێکارییـەکان لـەدژی دەسـەڵات، تاکـو شـەقام بگـرن و ترس بخەنە سـەر جومگەکانی دەسـەڵات تاکو بیڕوخێنن، ئەمـە مەبەسـتەکەیە کـە شـۆڕش و ناڕەزایەتییـەکان چـۆن فـۆڕم و جەوهەریشـیان گـۆڕاوە و فابریکەیـەک بەرهەمـی دەهێنـێ و دواتـر دەیانفرۆشـێتەوە.

ئـەم پاساوانە بۆ ئەوەبوو قسـە لەسـەر کوردستان بکەیـن، ئەگەرچـی ئـەم دیمەنانـە نابینرێـن چونکـە کۆمپانیـای زەبەلاحـی وەبەرهێنـان نییـە لەپشـت ناڕەزایەتییەکانـەوە، بۆیـە شـەقام گرتنـی لەوشـێوەیە نابینرێت و خەیاڵی وەها نییە بۆ جموجۆڵی سیاسی لەو چەشنە و شوێن و ڕێگەی چینە کۆمەڵایەتییەکان دیار نین و شۆڕش مانایەکی بنەچەیی نامێنێت، بەڵام هەوڵی پێناسـەکردنی سـایکۆ سیاسـی حیزبـی دەسـەڵاتدار و سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد، بەوەهـا پێشـەکیەک مافی خـۆی وەرناگرێـت و ئامانجـی ئـەم چاپتـەرەش بەگشـتی

و بەتایبەتـی ئاڕاسـتەی دەسـەڵاتی کـوردی نییـە، بـەڵام هـەر ئەوەنـدە بەسـە ئێمـە بـە بەراوردکردنـی سـەردەمی حکومڕانیەتـی سـەدام و ڕژێمەکـەی لەگـەڵ دوای هاتنـی هێـزە نێودەوڵەتیـەکان و ڕاسـتەوخۆش هاتنـی ئامریـکا و بەڕیتانیـا و کۆتایـی هێنـان بەسـەردەمی ڕژێمـی سـەدام، جیاوازیەکـی زۆر بـەدی دەکەیـن، تەقینـەوەی غـەزەب و ڕقـی خەڵـک و خۆپیشـاندان دژی گەندەڵـی سیاسـی و ئابوری لەزۆربـەی وڵاتانی عـەرەب و یۆنـان و فەرانسـە و ئامریـکا لـەدژی بێکاری و کێشـەی ماڵیـان و قەیرانـی هەمیشـەیی ئابـوری کـە لەسـەر حیسـابی خەڵـک تـەواو دەبێـت، لەبەرامبەریشـدا مامەڵـەی دەزگا ئەمنیـەکان و ڕووبـەڕوو بونەوەیـان بەئاگـرو ئاسـن و شـان خاڵـی کردنەوەیـان لـە کەمتەرخەمیەکانیـان و لەبەرامبەریشـدا تاوانبارکردنـی خەڵکـی نیشـتمان پـەروەر و نەتەوەیـی و بێتاقـەت لەئیـدارەکان، سـەلمێنەرێکی بەسـە بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنن کـە بێدەنـگ بوونـی خەڵـک بەرامبـەر دەسـەڵات هیـچ نەیویسـتووە، دیموکراسـیەتی عادیلانـە بێـت، کەچـی بەپێچەوانەشـەوە لێیـان دەترسـا، چونکـە بەبوونـی دیموکراسـیەتی ڕاسـتەقینە و گوێگرتنیـان لـەو خەڵکـەی کـە لەسـەرجەم پڕۆسـەکانی دەنگدانـی شـارەوانیەکان و پەرلەمانیەکانـدا بەبـێ لەبەرچـاو گرتنـی حیزبیـەت و ناسـنامەی هاوڵاتـی بوونـی خەڵکـی بەشداربووە لـە پرۆسـە سیاسیەکە کـە ئەگـەر بەشـداری نەکردبا بـە خیانتکار و ترسنۆک لەقەڵـەم دەدران، کەچـی

بەپێچەوانەوە پاداشتە سیاسییەکەیان بەو شێوەیە دەرهەق دایەوە.

ئەگەر وای نیشان بدەین نارەزایەتی بەشێکی بچوکی جەوهەری شۆڕشە، «چونکی سەرکەوتنی هەر نارەزاییەتییەک لەبەرامبەر دەسەڵاتی لۆکاڵی و دەرەوەیی، واتە پێشوەچوونێک بۆ بەناچارکردنی دەوڵەت و سیستمەکەی و دابەزاندنی کێرفی یاسایی و دەستووری بەسەر خەڵکدا کە لەژێر ناوی دەستووری نیشتیمانی بووە و بۆخۆشی ستەمکاری بووە لە ئەڵسدا، زۆر جار دەوڵەتانی داگیرکاری سەرمایەداری لەرێگەی دەستێوەردانی سەربازییەوە و شکستهێنانی هێزی دژی شۆڕش لە هەوڵدابوون، بەڵام ئەم دوژمنکارییە نەوەستاوە، ئەم دیمەنانە لە کۆتاییدا ئاشکرا بوو و بینرا کە پەیوەندیی بە سەرمایەداری کۆن و نوێی سەرماداریییەوە هەبووە».(٩٥).

ئەم وانەیە کە سەرباز دەبێتە خاوەن بەرژەوەندی کەرتە تایبەتەکان و کۆمپانیاکان کە خەڵکیان بێکار و هەژار کردووە، وانەیەکی ترسناکە کە پێشتر رەخنەمان لە دەوڵەتی شمولی هەبوو وەختێک هەموو کایەکانی لەژێر چنگدا بوو خۆپیشاندانی سەرکوت دەکرد، کەچی ئێستا لەرێگەی هیزێکەوە کە هیچ دەستووری و یاسایی نییە و گروپە بەناو کرێکارییەکانی دونیاش ئەمە قبوڵ ناکەن، کەچی ئەو هێزانە ئامادەکراون نەک هەر بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزی نادایری نەیار،

بەڵکو بۆ هێزی جەماوەریش ئەگەر لۆکالی یان نێودەوڵەتیش بێت تاکو سەرکوت بکرێت، بەلام دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە دەستەبژێری پێشڕەوی خۆپیشاندەران هیچیان لەو خاوەن بەرژەوەندیە تایبەتیەکان و دەوڵەت و ئەوانی تر نییە بۆ سەرکوت کردنی داوای شەرعی کە لەرێگەی گەمەی سیاسییەوە ناشەرعی کراوە.

«کرێکارانی بێکارکراو لە سەدەی رابردوودا موعاناتێکی زۆریان هەبوو، بەلام تێڕوانینی ئەوەیان هەبوو کە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، بەلام ئێستا ئەگەر کرێکاریش بن لە کارگەیەکدا هەروەک بێکار کراوەکانن کە یەکسانە بەو ئاستە زەمەنییە ژەنگ گرتووە گەورەیەی کە بەردەوامە لە ئاراستە هەنوکەییەکاندا، بۆیە ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەرکەکانیان کە بەرلەوەی بەرهەمهێنان بێت، کاری سیاسییە، چونکە بەشێکە لە ستوونی دەوڵەت و کۆمپانیا».(٩٦).

ديموكراسيەتی پیشەسازی کە پێشتر بەدەستی دەزگا وەبەرهێنەکانی دەوڵەتەوە بوو، ئێستا بەدەست کەرتی تایبەت و سەرمایەداری پێگەیشتوو و مۆنۆپۆلکەرەوەیە، لە فرۆشتن و راگرتنی کار و کارگەیە و لەدەستدانی هێزی کۆمەلایەتی کرێکاری لەلا گرینگ نییە، چونکە تۆڕێکی دەزگایی لە خاوەنداریێتی کرێکاری دیکە هەیە لە ناوچەیەکی دیکە، هیچ بە هایەک بۆ ئەو هێزە

کۆمەڵایەتییە کرێکارییە دانانێت لە قورسترین ئەگەر تا کەمترین ئەگەری خۆپیشاندان و بەکارهێنانی کارتی فشار، چ لەناو خۆ و چ لە ئاستی دەرەوە، هەر ئەوەی کە بینیمان لە ڕێگەی مۆنۆپۆلکردنی کارگەکانەوە لە ئامریکا وۆڵ ستریت و بروکلین و دەیان شوێنی دیکە کە هەندێکیان لە ڕێگەی ئینترنێتەوە قۆرخ کران و بە خراپترین شێوە بەکارهێنرانەوە و هیچ بەهایەک بۆ خۆپیشاندانی جەماوەری ملیۆنی دانەنرا، ئەمە بۆ مەیدانی تحریری میسر و تونس و بەحرێن و لە دوای ئەوانیش ئێران و دواجاریش خۆپیشاندانی کرێکارانی هێلی ئاسنین لە ئاڵمان، کە لە جیانی بەهێزکردنی کارتی فشار و قورس کردنی شانی کارگە و سەرمایەدارەکان لەرزاندنی زەمینی سەرمایەداری و ترساندنیان، داوای ئەوەیان دەکرد حەبی مردنیان پێبدەن تاکو بە زووترین کات بمرن، چونکە بەرگەی ئەو ژیانەی ئێستا ناگرن، هەرئەوەی ئەمساڵ بە ئامادە بوونی سەرۆک وەزیران و راوێژکاری دەوڵەتی ئاڵمان، کۆنترین کارگەی خەڵوز داخراو هیچ قەرەبوویەکیش نەکران ئەوانەی لەوێ کاریان دەکرد، بەڵکو کاری دیکەیان بۆ دۆزرایەوە، چونکە دەوڵەتی ئاڵمان بە هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیای دیکە لەو وڵاتانی وەکو هیندستان و ئافریقا بەهەرزانترین نرخ دەستیان دەکەوت، ئیتر پێویست ناکات ئەو کارگەیە بمێنێت، بۆیە کردیان بە مۆزەخانە و گەشتیار سەردانی بکەن، هەروەک ئەوەی مۆزەخانەی

میکانیـک و تەنکنیکیـان هەیـە لـە شـاری مانهایـم.

هەڵبــەت بــۆ ســەڵماندنی ئــەوەی پێشــووتر، ئەوانــەی مەیدانـی تحریـری میسـر یش، کارتـە فشـارەکەیان تەنهـا بـۆ خزمەتـی هاوکێشـەی سیاسـی بـوو، نـەک بـۆ خەڵکـی هــەژار یــان کرێــکار و توێــژە ناڕازییــەکان و ســەندیکا و یەکێتییــەکان. ئــەو دەرەنجامــەی بینیمــان باشــترین ســەلمێنەری ئــەو راســتییە بــوون کــە هەمــوو شــتێک مۆنۆپــۆل کرابــوو بــۆ سیاســەتێکی نادیــاری ئابــوری، هــەروەک ئــەوەی لــە کوردســتان ئەگەرچــی خەڵکــی عــەوام هیچیــان بەدەســتەوە نییــە، بــەڵام خــۆ دەتوانــن لـە بـازاڕ کاسـبی بکـەن، کەچـی بەهـۆی دەڵاڵـی حیـزب و مۆنۆپۆلکەرانـی بـازاڕەوە، ئاسـان نییـە کەسـێک بتوانـێ وەکــو ئــەوان کار بــکات و پوڵــی خــۆی بەبــێ تــرس لەبــازاڕدا وەگــەڕ بخــات.

بــە بــڕوای (نعــۆم چۆمســکی) کــە رەخنەگرێکــی سیاســی ئامریکییــە، جیاوازییەکــی گــەورە لــە نێــوان هــەردوو زاراوەی چاکســازی و شــۆڕش درووســتبووە، لـە هەمـان کاتیشـدا چـون یەکـن، جیـاوازن لەبـەر ئـەوەی پێشــتر شــۆڕش دەیتوانــی ســنوورێک بــۆ سیســتم دانێـت و سیسـتمێکی جیـاواز بەرهەمبهێنێـت، هەروەهـا چاکسـازیش بـە هەمـان شـێوە شـۆڕش بـوو، نموونـەش چاکسـازیی لـە دۆخـی کرێکاران و ژنـان و کێشـەی منداڵ و هتــد، هەروەهــا چاکســازی لــە ئاییــن و ترادیســیۆن لەسەردەسـتی (مارتـن لۆسـەر) لـە ئاییـن و دەسـتووری

کریستیانی و سیستمی قەشەسازی و کەنیسەکان، بەڵام ئێستا سەردەمێک هاتۆتە پێش کە کۆمپانیاکان تەنانەت دیموکراسیشیان مۆنۆپۆل کردووە، تا ئەو جێگەیەی کە دەزگاکانی دەوڵەتیشیان داگیر کردووە کە لە تارمایی چەپ و راستڕەوە پێشکەوتووخوازەکان ناترسن، بە پێچەوانەوە لەگەڵ داگیرکردنی دەوڵەتە بچووک و بێ شوناسەکان، هەژمموونی رۆشنبیر و بزووتنەوە نارەزاییەتەییەکانیشی داگیر کردووە، ئەمە جۆرە سەرقاڵییەکی دیکەی سیاسییەکانە کە هیچ هیوایەکی بۆ شۆڕش و چاکسازی نەهێشتۆتەوە. هەروەها سەرکووتکردنی هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی سیاسی مەترسیدارە بۆ سەر بانکە ناوەندییە دەوڵەمەندەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان و خودی سەرمایەدارە ناسراوەکان و هتد، تەنها بۆ دوورخستنەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نییە وەکو ئیدیۆلۆژیا، بەڵکو بۆ دوورخستنەوەی مەرگی ئەم سیستمەیە کە ناونیشانێکە بەناوی دیموکراسییەوە و هیچی تر.

## دەسەڵاتی ژن و ژنی دەسەڵاتدار

گۆڕینەوەی دەسەڵات لەحوکمڕانیدا، تائێستا لە نێوان پیاواندا باوە و بەدەگمەن ناوی ژنان یان نۆرەی ژنان دێت ئەویش لە وڵاتانی رۆژئاوا یان هیندوستان و هتد، ئەوەش کە دەسەڵاتی وەرگرتووە لەدەوڵتانی رۆژئاوا لەدوای رێنیسانسەوە بووە، بەڵام بەر لەو مێژووەش ژنان دەوری کاریگەرییان هەبووە لە پشت پیاوانەوە، ئەمما ئەو ژنانەی لە هیندستان و پاکستان و وڵاتانی کیشوەری ئاسیا چوونەتە سەر کورسی دەسەڵات، ئەوا یان بۆماوەیی بووە، یان نوێنەری گروپێکی چەوساوەی بێخاوەن بوونە.

تائێستا جگە لە شازادە و پاشماوەی بنەماڵەی مەلیکەکانی ئەسکەندەنافیا و هۆڵەندا و بەریتانیا و بەلجیکا و هتد، نزیکەی ٢١ دەوڵەت لەجهاندا ژن سەرۆکی بووە و چووەتە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردن و سیاسەتەوە، تەنها ئەو دەوڵەتە پارێزگار و کۆنسەرڤاتیڤانە نەبێت کە بەشێکی زۆریان بەر وڵاتانی عەرەبی دەکەوێت، بەڵام ژنان بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی تیۆری، کارێکتەری مەترسیدارن ئەمەش لە گوتاری ئایینیەوە

سەرچاوەی گرتووە کە ژنی بە پلەی دووی ئینسان ناساندووە، هێڵی یەکلاکەرەوە لەنێوان کۆمەڵگەی چەوساوە و کۆلۆنیال، مەسەلەی دابەشبوونی چینەکان بووە بەسەر هەژار و دەوڵەمەندەکان، هەروەها هەموو ئەو ژنانەی ناویان لە ئینسکلۆپیدیای دەسەڵاتداریێتی و دەوری ژنان لە دامەزراندنی حکومەت و دەسەڵاتدا هاتووە، بەشێکن لە ئاماری مێژوویی ئەوان، ناودارترین ژنانی نێو دەسەڵات و پشتی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی دەوڵەتی، بریتین لە کیلۆپاترای میسری و سیۆدۆرای رۆمانی و کاترین دۆمیسی فەرانسایی و مەلیکە ئەلیکساندرای روسیا و تزۆهیسی چینی و مەلیکە ماری بەریتانی و مەلیکە ڤیکتۆریای لەندەنی و گۆلدا مایری ئیسرائیلی و دەیان ژنی بەناوبانگی سەردەمی پێغەمبەرایەتی و پاشکۆی پێغەمبەرەکانی وەکو حەزرەتی مریەم دایکی عیسا و سارا خاتونی خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم و نیڤەرتیتی سەردەمی فیرعەونەکان و زولەیخای عاشقی یوسف پێغەمبەر و خەدیجە الکبری خێزانی یەکەمی محمد پێغەمبەر ئیسلام و عائیشەی خێزانی دووەمی و فاتیمە زەهرای کچی گەورەی پێغەمبەری ئیسلام و ئەندیرا گاندی کچی جەواهێر لال نەهرۆی هیندستان و بەنەزیر بۆتۆی پاکستان و هتد، هەروەها دەیان هەزار کەسی ناوداری فکری و سیاسی وەکو سیمۆن دی بۆڤاری خێزانی سارتەر و کلارا زتگینی

سـەرکردەی ژنـان و ڕۆزا لیکسـۆمبۆرکی سـەرکردە و بیرمەنـدی ژنانـی یەکسـانیخواز و دواتریـش کەسـانی وەکـو تانسـۆ چیلـەری تورکـی و مارگریـت تاتچـەری لەندەنـی و مارکێڵـی ئاڵمانـی و هیـلاری کلینتـۆن و هتـد. شانسـی ئەوەیان هەبووە لـە پۆسـتە باڵاکانی سیاسـەت و ئاییـن ناویـان لــە مێـژوودا بنوسـرێتەوە و ببـن بـە ئایکۆنـی سیاسـی زینـدووی هەمیشـەیی.

بەهـەر حاڵ هەمـوو ئەمانە بەشـێکن لـە درووسـتکردنی کورسـی و بەپێچەوانەشـەوە بەشـێکن لە شکسـتی کورسـی دەسـەڵاتدارێتی سیاسـی و پۆسـتی پێغەمبەرایەتـی و ئایینـی و هتـد، هەروەکـو ئـەوەی لـە چیرۆکـی داوود پێغەمبـەر دەگێڕنـەوە کـە ژنێـک بۆتـە هـۆی شکسـتی پلـەی پێغەمبەرایەتـی، چونکـە ژن هـەم عاشـقی ژیانـی دەسـەڵاتدارێتی و دەوڵەمەندییـە، هـەم کارێکتـەری ڕوخانـی دەسـەڵاتە ئەگـەر بەنەفعـی ویسـتی ئـەو نەبێت، وەکـو ئـەوەی چیرۆکـی مێـژووە جیـاوازەکان بۆمـان دەگێڕێتـەوە.

هەڵبـەت ژنگەلێکـی زۆر ناویـان هاتـووە لـە مێـژوودا وەکو سـەرکردە و وەکـو کاریگـەر لـە پشـت سـەرۆکەکان و لەتەنیشـت سـەرۆک و دەسـەڵاتداراندا، هەریەکەیـان بـە ئسـوڵێک گەمەیـان کـردووە و مەکریـان لـە خزمـەت دەسـەڵات و بەپێچەوانەشـەوە لـە دژیان بەکارهێناوە، بۆ نموونـە «کیلۆپاترا یەکەمین ژنی ناسراوی میسری بووە کـە لەڕێگـەی جوانـی و هونـەری قسـەکردنەوە دەسـەڵاتی

گۆڕیـوە کـە ژۆلیـۆس سـیزاری ڕۆمـا گەرەکـی بـووە میسـر داگیـر بـکات، ئـەو بـە پاراوییـەوە قسـەی لەگـەڵ سـیزار کردووە کە سـەرداری ڕۆمـا بـووە تـا ئەوکاتـە لـە زمانـی هیـچ ژنێکـی نەبیسـتووە، هـەر بـەم شـێوەیە سـیزار عاشـقی جوانـی و ژیـری ئـەو ژنـە جـوان و دڵڕفێنـە بـووە، ئـەو ئەڤیـن و هۆگرییـە سـەرەتاییە ڕوداوێـک بـوو کـە ڕەوتـی مێـژووی جهانـی لەنیـوەی سـەدەی کۆتایـی پێـش زاینـی گـۆڕی، ئیتـر پشـتیوانی سـیزار بـۆ کیلۆپاتـرا بـووە هـۆی ئـەوەی حکومـەت لـە میسـر بـووە هـۆی ڕاپەڕینـی بـرا (پیتۆلێمـی) و و داڕودەسـتەکەی بـەدژی سـیزار و هێـزە چـوار هـەزار کەسـییەکەی لـە ئەسـکەندەرییە کـە کەوتنـە ژێـر دەسـتی سـەربازانی میسـر، ئیـدی کیلۆپاتـرا داوای یارمەتـی لـە هێـزە لایەنگرەکانـی خـۆی کـرد و لـە شـەڕێکدا پیتۆلێمـی کـوژرا و هێزەکانـی میسـر سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنا».[٩٧]

زۆربـەی بیرمەنـدان و نووسـەران لـە ڕێگـەی ئەزموونـەوە بۆیـان دەرکەوتـووە کـە بەشـێکی زۆر لـەو ژنانـەی لـە مێـژوودا ناویـان هاتـووە، لەڕێگـەی توانـا و هونـەری سیاسـیەوە نەبـووە، بەڵکـو لەوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە ژن کائینێکـە وەکـو ئـەوە وایـە سـیحرێک بێـت لـە پیـاو کرابێـت، یـان بـە لۆژیکێکـی تـر تەنهـا بـۆ شـکاندنی غـروری پیـاو لـە چـاو شـتەکان و دیاردەکانـی سرووشـت کـە بـۆ ئینسـان دانـراون، ئەمـە دەڵێـم پشـت بـەو ئەفسـانانە دەبەسـتم کـە هـەر ئینسـان بـۆ خـۆی

وەبیر خۆی هێناوەتەوە و کەڵکی لێوەرگرتووە، هەر ئەوەی کە لە چیرۆکی ئەفسانەیی ئادەم و حەوا لە سفری تەکوینی تەوراتەوە دەگێڕێتەوە کە حەوا ئادەمی ناچار کردووە بە قسەی شەیتان بکات و لە سێوی بەهەشت بخۆن و لە زۆربەی ئایینیەکانی دیکەش هەمان چیرۆکیان تێدایە و وەکو پێوەر کاری پێدەکەن، ئەمە کۆدێکە کە پیاو ناتوانێ بەتاڵی بکاتەوە و رزگاری بێت لەو جەنگە دەروونییەی کە لەگەڵ هاتنیدا وەکو کائینێکی نێر هاتووە، بۆ نموونە (سیگمۆند فرۆید) باسی لە گرێی ئۆدیب کردووە کە شانۆیی (ئۆدیب پاشا) تەنها خەیاڵی خۆی نەبووە لەرێگەی سایکۆلۆژییەوە، بەڵکو هەقیقەتێکی سەلمێنراوی تێدایە کە پیاو ناتوانێ لە دەست جوانی ژنان رزگاری بێت و خۆی کۆنترۆڵ بکات کە ئەمە بەشێکە لەسیحری سرووشتی، بۆیە بەشێکی زۆر لە ژنان یان لەرێگەی سێکسەوە یان لەرێگەی بۆماوەییەوە بوونە بە خاوەن دەسەڵات یان کاریگەر لە پشتی دەسەڵاتی پیاوەوە، دیوەکەی دیکەی ئەو رەخنەیە بووە لە سیگۆشەی خێزان کە باوک و دایک و منداڵە، هەڵبەت لیچرەدا باوک وەکو ستەمکار و دایک وەکو ستەملێکراو هاتووە، بۆیە منداڵ کە ئۆدیب ە دژایەتی ستەمکار دەکات، ئەم سێگۆشەیە مەبەستەکەیە کە تائێستا ستەملێکراوەکە کاڵای بازاڕی سیاسەتە.

هەڵبـەت ئەمـە ئـەوە ناگەیێنـێ کـە جیـاوازی ژنـان و زەوییـەکان لـە رۆژهەڵاتـدا، «نموونـەی ئـەو کەشـوهەوایەکی قابیـل بـە گۆڕانـکاری نییـە کـە رەنگـە هێـزە کۆلۆنیالییـەکان ئەمەیـان بڵاوکردبێتـەوە، بـەڵام لەنێـو چەرخـی رێنیسانسـدا، زۆربـەی ئەوروپییـەکان لـە دادوەرەکان دەپاڕانـەوە کـە لـە ئاسـیا خۆیـان وەکـو نێـر تۆمـار بکـەن بـەو مانایـەی زەوی وەکـو مـێ ناونـووس بکـەن، ئـەم حاڵەتـە لـە گۆڕەپانـی سـتراتیژی دەرکراوەکانـدا بـوو بـە ئەلتەرناتیـڤ، بـەو پێیـەی کـە نێری رۆژهەڵاتـی وەکـو مـێ بناسـرێ» [٩٨]. ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی شـازادە ژنـە ئەوروپییـەکان ئەوانـەی کـە ئینتیمایـان بـۆ چینـی بـۆرژوازی بـاڵا هەبـوو، چاودێـری هەمـوو پیاوانـی رۆژئاوایـی بکـەن و پاسـەوانیان بکـەن، چونکـە دەترسـان لـەوەی وەکـو رەگـەزی مـێ خۆیـن دەربخـەن و رۆژهەڵاتیـەکان خـراپ کەڵکیـان لێوەربگـرن لـەرووی ئەخلاقییـەوە،

دەسـەڵاتی ژن لەوەتـەی مێـژوو چیرۆکـی بەشـەرییەت دەنووسـێتەوە، تەنهـا چیرۆکـی دەسـەڵاتێکی غەریـزی نەبـووە بەرامبـەر بـە نێرینـە، بەڵکـو تـرس بـووە لـەوەی رەگەزەکـەی بەرامبـەری کـە نێـرە جێگـە بـە غەریـزەی رەگـەزی ئـەوان لـەق بکـەن، هـەروەک ئـەوەی ئێسـتا لـە رۆژئـاوا بەنـاوی هۆمـۆ سیکسـواڵێتیەوە هەیـە کـە بەشـێکە لـە ئـازادی تاکەکـەس و پیـاوە خـاوەن غەریـزە لادەرەکان خۆیـان وێنـای رەگـەزی مێیینـە کـردووە،

بەڵام لەرابردوو و ئێستاش ژنان بەم رەفتارە نارەحەتن، چونکە سرووشتی دەسەڵاتی غەریزی ئەوانیان وەرگرتووە و خەریکە هاوکێشەکە تێکدەچێت، وەختێک ئەم سرووشتە تێکچوو و شیرازەی خێزانیش تێکدەچێت، شیرازەی خێزانیش بچوکترین شیرازەی هەرەمی دەسەڵاتە کە ژنان لێرەوە مولکیەتی دەسەڵاتخوازی خۆیان برەو پێدەدەن، نەخاسمە ژنێک کە شازادەی پاشایەتی بێت و دەسەڵاتی هەبێت وەکو خانەوادەی ئەلیزابێس و ئەوانی تری ئەسکەندەنافیا کە ژنان زیاتر باڵادەستن، یان ئەو ژنانەی کە لەپشت دەسەڵاتخوزایێکی سیاسیەوەن، هەروەک ئەوەی دەبینین ئێستا ئەم ستایلە لە دەسەڵاتخوازی و دەسەڵاتگرتنە وەکو مۆدێل سەریهەڵداوەتەوە

هەندێک جار ژنان کە دەسەڵات یان پۆست وەردەگرن، بە دەسەڵاتی و توانا و ئۆتۆریتەی خۆیانی تێگەیشتوون، بەڵام پێشبینی دەرچوونی ژنان لە هەڵبژاردن بۆ جوانکردنی جامخانەی دەسەڵات، بەشێکی لە رەگەزی ژناندا کۆکراوەتەوە، « مەسەلەکە ئەوە نییە کە بەلای باشترین حوکمەوە کێ جوانترینە، تەنانەت ئەوەش نییە کە بەلای ئاساییترین بۆچوونەوە کێ جوانترینە، مەسەلەکە پلەی سێهەمە کە دەمانەوێت تێبگەین لەوەی ئاساییترین بۆچونی چاوەڕوانی چی لە لە ئاسایترین بۆچوون دەکات، بۆیە ناچارییەکە ئەوەیە کە خاوەنی هێندە ئاگایی نابێت

بزانــێ هەڵدەبژێردرێــت»[٩٩]. ئەمــە ئــەوە دەگەێنێــت کــە بەشــداریکردنی دەســەڵات لەلایــەن ژنانــەوە، مانــای ئەوەنییــە کــە رەگــەزی ژنــان وەکــو رەگەزێکــی ئینســانی خــاوەن توانــای کۆمەڵایەتــی و ئۆتۆریتــەی سیاســی بەشــدارییەکی سیاســیی بکــەن، بەڵکــو ئــەوە ســیناریۆی دەســەڵاتی دەســتەبژێری سیاســییە کــە ژنــی کــردووە بــە نموونــەی باشــترین دەســەڵاتی سیاســی، گوایــە ژنــان کەلێنــی بەشــێک لــە ئینســانیان پڕکردۆتــەوە کــە تەنهــا پیــاوان نیــن دەبێــت دەســەڵات بگرنــە دەســت و ژنانیــش کۆیلــەی دەســەڵاتی پیــاوان بــن، کــە ئەمــە گوتــاری زاڵــی پیاوانــە و پیاوانیش لــە گوتــاری ئایینی زاڵ وەریانگرتــووە و خــراپ کەڵکیــان لێوەرگرتــووە، بــەڵام ئەمــە مانــای ئــەوە نییــە کــە بــە ســۆز تەماشــای دەســەڵاتی ژنــان بکەیــن کــە مێــژوو زۆر بــە تونــدی باســی دەکات و مێــژووی قۆناغــی دایکایەتــی باشــترین نموونــەی خراپــی دەســەڵاتە لــە مێــژووی قۆناغەکانــی کۆمەڵگــەی بەشــەری هەبــووە.

# ژن لەنێو سیستمی ئەخلاقدا



خــراپ تێگەیشــتن لــە جۆرەکانــی ئــازادی و ڕەهەنــدە جیاوازەکانی لـە کولتووری داخـراودا. لـە هەمـوو بارێکدا پــە یوەســتە بــە گوتــاری دەســەڵاتەوە. ئــەوەی کــە لــە رابــردوودا لــە ئەوروپــا بینــراو بیرمەندەکانیــش قســەی زۆریــان لەســەر کــرد، مەترســی بەرهەمهینانــی ئــەو ئازادییــە بــوو کــە مرۆڤــی ســارد و ســڕ و ژێردەســتەی دەســەڵات و کۆیلــەی گوتارەکــەی گەرەکــی بــوو.

ئازادی بۆ ئافرە ت و بە تایبە تیتی تریش بۆ سـێکس لــە کومەڵگــەی داخــراودا، توندوتیــژی بەرهــەم دێنــی کــە ئەمــە ویســتێکی تــا ئاســتێک نادیــارە لــەلای ڕەگــەزی مێیینــە، ســەرکوتکردنیشــی جۆرێکــی تــری پەرچەکــردار بەرهـەم دێنێتـەوە کـە مێیینـە لـە بەرامبـەر نێرینـە دەیکات. ئەوکاتــەی ســێکس ئــازاد دەکــرێ، هەســت بــە گوتارێــک دەکەیـن کـە نێرینـە بـە دژی خـۆی دەزانـی و دەسـەڵاتیش لــە چنگــی نێردایــە، بەمــەش کومەڵگــە تووشــی شــڵەژان و تێکچــوون دێــت و دەبێتــە هــۆی تێکچوونــی شــیرازە. ئــەو سیســتمە ڕێکخــراوەی دەســەڵات و بــە تایبەتیــش دەســـەڵاتی سیســـتمی ســـەرمایەداری بەرهەمـــی هێنـــاوە،

خێزانـــه کـــه یەکەیەکـــی چالاکـــی ئـــەو سیســـتمەیە، وەختێکیـــش ســـەرکوت دەکرێـــت، دیســـان دەبێتـــە هـــۆی بەرهەمهێنانـــی فەزایەکـــی داخـــراو کـــە بیـــری نامرۆیـــی ململانێـــی لەبـــارەوە کـــردووە و تـــوڕی هەڵـــداوە، بـــەڵام تەکتیکەکـــە لـــە هـــەردوو بارەکـــەدا یـــەک شـــتن.

بزووتنـــەوەی یاخیگەرێتـــی لـــە دەســـەڵات، تەنیـــا لـــە کایـــە سیاســـیە پەتیـــە کـــەدا نابینرێـــت، بەڵکـــو لـــە یاخیگەرێتـــی ترادیســـیۆندا باشـــتر هەســـتی پـــێ دەکـــرێ. وەختێـــک دەبینیـــن ئـــەو تـــۆڕە تێـــک ئاڵاوە وەک ئـــەوەی ئێســـتا هەیـــە لـــە کومەڵگـــەی رۆژهەڵاتیـــدا، دەســـەڵات خێـــرا لـــە ڕێگـــەی یەکـــە جیاوازەکانییـــەوە هەوڵـــی چارەســـەرکردنی دەدا، ئیتـــر ســـێکس لـــە پێداویســـتی ژیانـــەوە ماناکـــەی دەگـــۆڕێ بـــو بزووتنـــەوەی دژە کولتـــوور و نەریـــت و بـــاوەڕە ئاینییـــە کۆنکریتییـــەکان، بـــەڵام لـــە شـــوێنێکی تـــردا ئـــەم دەســـەڵاتە زیـــان دەکات، کاتێـــک ســـێکس تابـــۆ دەکرێـــت بـــە ئـــازادی، ئـــەوکات مەترســـی بـــۆ ســـەر دەســـەڵات و سیســـتمەکەیش ڕووبـــەڕووی مەترســـی دەبێتـــەوە.

نموونـــە ئەوەیـــە کـــە پێکهێنانـــی خێـــزان، یـــان بەگـــوێ نەکردنـــی کولتـــوور، یـــان دروســـتکردنی ئـــەو یەکەیـــە بەشـــێوەیەکی ئارەزوومەندانـــە و دواتریـــن حاڵەتیـــش جیابوونـــەوەی هـــەردوو رەگـــەز، ئـــەم یاخیگەرێتییـــە کـــە دەســـەڵات ترســـی لـــێ نیشـــتووە. ئەگەریـــش ئـــازادی کـــرد، بەشـــێوەیەک لـــە شـــێوەکان وەک ئێســـتا هەســـتی پـــێ دەکـــرێ. دیســـان گوتارەکـــە و ناوەڕۆکـــی گوتـــار

دەسەڵات دووچاری کێشە دەکاتەوە. لە حاڵێکدا هەردوو هەڵبژاردنەکە بۆ هەردوو بەرەکە، مەترسی بوونی تاک و بوونی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر هەیمەنەی کومەڵگە و نەریتێکی ترەوە کە دواجار هەم تاک و هەم کۆمەڵگەیش پەشیمانن لێی. بۆیە ئازادکردن و سەرکوتکردنی سیکس یەکسانن بە یەک.

نزار قەبانی دەڵێ، لە هەموو شتێک سەیرتر ئەوەیە ببینم ژنان خۆیان دژایەتی خۆیان دەکەن. لە پەراوێزی ئەم رستە یەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە مێژە بۆم دەرکەوتووە، کێشەی ژن بەرلەوەی کێشەی رەگەزێکی دیاریکراو بێت، کێشەی تەواوی کۆمەڵگەیە، بۆیە ژنیش بووەتە بەشێک لەو کولتوورەی ژن پەراوێز دەکات، بۆم دەرکەوت کۆمەڵگەیەک کێشەی ژن زەق دەکاتەوە کە ناتوانێ و بوێری نییە داببڕێت لە داونەریتی کۆمەڵایەتی کلاسیکی، دەرکەوتووە ئەم رەگەزە بەبێ ئەوەی پرسیار لە وردەکاری سەرهەڵدانی کێشەکە بکات و بزانێ بۆچی ژن کراوە بە کاڵایەک و لە بازاڕی سیاسەتدا، پرسیاریان لە خۆیان نەکردووە، ئایا ژنێک هەیە لە دەرەوەی رەگەزەکەی تر کێشەی سەربەخۆیی هەبێت؟

ئەگەر پرسی ژنان لە پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیەوە تەماشا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ بۆچی ژن لە چوارچێوەی چێشتخانە و ئامادەکردن و بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤدا قەتیس کراوە

و هــەر لەوێـش خـۆی بـە بەرهەمهێـن دەزانـیٚ، چونکـە ئــەم ڕەگــەزە بوونەوەرێکـی بەرهەمهێنــەرە و پیــاو بــۆ بەرهەمهێنانــەوەی ئــەو ماتریالــە کەڵکـی لـیٚ وەردەگـریٚ کــە دواجــار وەک کارەکتــەری ســەرەکی کۆمەڵگــە بــۆ مەرامــە غەریزییەکانــی خــۆی وەبەرهێنانــی پێــوە دەکات، بۆیــە ئــەم پرســە سۆســیۆلۆژییە و بەشـێکی بریتییــە لــە مێـژووی دەســەڵاتی مالیکییــەت کــە پلەبەنـدی ڕەگەزێـک لــە بەرامبــەر ڕەگەزەکــەی تــر کــە پیــاوە ریــز کــردووە، بەشــەکەی تریشــی فســیۆلۆژییە کــە لــە دەرەوەی عەقڵگەرایـی ڕەگەزێکـی کـردووە بــە قوربانـی ڕەگەزێکـی تــر، چونکــە لــە توانــای جەســتەیییەوە تەماشــای دەکرێــت، ئ‌ هەمــە ئــە خلاقـی کۆمــە ڵگــەی داخــراوە.

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەوەی ئاییــن پێناســەیەکی دیاریکـراوی بـۆ ژن دانـاوە وەک کارەکتەرێکـی ناچـالاک، ئەمــە پێشــتر لــە ڕۆژئــاوا هەبــوو، دواتــر کەڵـک لــە یەکســانی ژن و پیــاو وەرگیــرا، بــەڵام لــە ڕۆژهەڵاتــی ناویـن پرسـەکە لـە شـوێنی خـۆی مایـەوە و بـە مەسـەلەی سێکســەوە گــریٚ درا، بۆیــە وەک یەکێــک لــە پرســە هــەرە ترســناکەکان جێگیــر کــرا و هەمــوو ئازادییەکانــی کۆمەڵگــە بــە گشــتی و ژن خــۆی بــە تایبەتــی، لــە ئــازادی تاکەکــەس دوور خرایــەوە و لــە چوارچێوەیەکـی تەسـکدا قەتیـس کـرا کـە ژن تەنیـا بـۆ دامرکاندنـەوەی غەریـزەی سێکســی پیــاوە و هیچــی تــر. هەروەهــا لــەو سانســۆرەوە

سـەری هەڵـداوە کـە کۆمەڵگـە بـە پرسـی موڵکایەتییـەوە گرێـی داوە، بـەو مانایـەی پیـاو بـوو بـە سـەنتەری عەقـڵ و دەسـەڵات و ژنیـش وەک کەنـاری بەرهەمهێنانـی شارسـتانیەت، بـرەودان بـەم هاوکێشـەیە، برەودانـە بـە شـەرعیەتێک کـە بڕیـارە دەسـەڵات تەنیـا لـە دەسـتی پیـاودا بێـت.

ئـەوەی کـە پرسـی ژنـی بەهەڵواسـراوی هێشـتووەتەوە و لـە پرسـی کۆمەڵایەتـی دووری خسـتووەتەوە لـە شـوێنێکی تـردا، خەتاکـە لـە ژنـان خۆیانـە کـە لەلایـەک بەبیانـووی پاراسـتنی ئەخـلاق و لەلایەکـی تـرەوە هانـدان بـۆ یاخیبـوون لـە ئەخلاقـی بـاو، بـۆ نموونـە بـە کاڵاکردنـی ژن لەنێـو بـازاڕ و ریـکلام بـۆ کۆمپانیـاکان و دامرکاندنـەوەی غەریزەکانـی پیـاو لـە دەرەوەی خێـزان و لـە نـاوەوەی خێـزان و بەتایبـە ت لەنێـو کۆمەڵگـەی کـوردی، بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان گـرێ دراوە بـە چەمکـی ئازادییـەوە کـە ژنـان خۆیـان بـەم دیاردەیـە قایلـن، بـەم پێیـەش بێـت کولتـووری کـۆن و نـوێ ئـەو باڵانسـەی راگرتـووە کە ژن سەرپشکە لەوەی بە ئازادی خـۆی، خـۆی بکاتـە کاڵا لـە بـازاڕی سیاسـەتدا، یان لەنـاو خێزانـدا ببێتـە ئـەو کاڵایـەی کـە یەکـەی خێـزان بپارێـزێ و نەبێتـە قوربانـی سیاسـەت، بـەو مانایـەی نەبێتـە کارەکتەرێـک بـۆ رازاندنـەوەی جامخانـەی سیاسـەت بـۆ بەردەوامبوونـی دەسـەڵاتی پیـاوان.

پرسـی هاتنـە پێشـەوەی دەسـتەبژێرێک لـە ژنـان

بـۆ نـاو کایـەی سیاسـەت و چالاکییـە مەدەنییـەکان و بـە سیاسـیکردنی پرسـەکە، یەکێکـە لـەو پرسـیارانەی دەبـێ رووبـەڕووی ژنـان بکرێتـەوە، مەبەسـتم لـەو ڕێکخراوانەیـە کـە بەنـاوی ژنانـەوە کار دەکـەن، کەچـی ململانێکـە لـە پێناسـە کلاسـیکییەکە دەرنەچووەتـە دەرەوە، مەبەسـتم ئـەو ململانێیەیـە کـە لـە جیاتـی گۆڕینـی سیسـتم، خۆیـان سـەرقاڵی ئـەوە کـردووە دنیابینـی پیـاو بگـۆڕن کـە ئەمـە بـۆ خـۆی شـاردنەوەی پرسـی ژنـە کـە لـە ڕاسـتیدا پرسـی کۆمەڵگەیـە.

لـە میدیـای جهانیـدا وەکـو مەبەسـتیک ژنـان بوونـە بـە یەکێـک لـەو ئامانجانـەی کـە لـە ڕێگەیـەوە گوتـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئاراسـتەی کۆمەڵگـە بکـەن و ئەخلاقیشـیان یەکسـان کـرد بـە جەسـتەی ژن، چونکـە تـا ئێسـتە ئاوڕوچـوون لـەلای عەقڵیەتـی ڕۆژهەڵاتـی یەکێـک بـووە لـەو ئامانجانـەی کـە هۆکارێکـن بـۆ لێدانـی بەرژەوەنـدی پیـاوان، بۆیـە هـەر کـە سـایتەکان دەبینـی گرینگتریـن هـەواڵ خۆرووتکردنـەوە و نیشـاندانی لەشـولاری ژنـە هونەرمەنـد و ناسـراوەکانە، خـۆ ئەگـەر بیانـوو و پاسـاوەکەش ئەوەیـە هونەرمەنـد موڵکـی کۆمەڵگەیـە و جەنگـی دژە کۆنەپەرسـتی پـێ دەکـەن، بۆچـی بەهەمـان شـێوە مامەڵـە لەتـەک لەشـولاری پیـاو ناکـرێ؟ کەواتـە ژن یەکسـان کـراوە بـە ئەخـلاق، ئەمـە لەویـوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە ژن هـەم وەو کائینێـک لەنێـو دەسـەڵات و وەکـو کائینێـک لـە پشـت دەسـەڵاتەوە

بۆتــه مۆتەکــه بەســەر دەســەڵاتی پیاوانــەوە.
ژن لــە عەقڵیەتــی رۆژهەڵاتیــدا خراپتریــن نموونــە بێــت، هەندێکیــان کــراون بــە فیگــەری ناســراوی ئــەو جــۆرە گەمــە سیاســی میدیاییانــە، هەندێکیشــیان بەبــێ ئــاگا باجــی ئــەو پیاوانــە دەدەنــەوە کــە لــە ململانێــی تونــدن لەگــەڵ یەکتــر، هەندێکیشــیان بــۆ خۆیــان ئــەو فــەزا کۆنەپەرســتییەیان قبــووڵ کــردووە و گەرەکیانــە وەک تایپێکــی نموونەیــی دژەپیــاو بناســرێن، بۆیــە کــە دەردەکــەون خۆیــان رووت دەکەنــەوە، چونکــە دەزانــن جەســتەی ژن بــۆ ئــەو پیاوانــەی کــە لــە پشــتیانەوە وەستاون نەنگی و شکستە و بۆ ئەو پیاوانەش کە وەک کارتێکــی ئەخلاقــی بەکاریــان دێنــن ماڵیــات و قازانجــە و بۆ بینەریش ویستێکی خۆشــە، چونکــە هێشتا لــە دنیای چەپاندنــی ســێکســیدا دەژی، چونکــە ئەخــلاق یەکســان کــراوە بــە ژن.
تــا ئێســتەش لــەلای میدیــا بەوانەیشــەوە کــە خۆیــان بــە پێشــکەوتووخواز دەزانــن، گریگنتریــن هــەواڵ هەواڵــی ئابڕوچوونــە و بەتایبەتــی رووتبوونــەوە و دەرکەوتنــی لەشــولاری ژنــی هونەرمەنــد، یــان ئــەو ژنانــەی نزیکیــان لەگــەڵ سیاســییەکان و کەســە ناســراوەکانی نــاو میدیــا و سیاســەت هەیــە، ئــەم مامەڵــە ناشــیرینە نــەک لــەلای پیاوانــی بەنــاو ئازادیخــواز و پێشــکەوتوو، بەڵکو لەلایــەن ژنانــی پێشــکەوتوو چالاکیــش کەمتریــن قســەی لەســەر کــراوە و کەمتریــن ناڕەزایەتییــان لەبــارەوە دەربڕیــوە،

چونکـە عەقڵییەتەکـە هێشـتا لـەو فـەزا کۆنـەی کۆمەڵگـە و پێوەرەکانـی دەژی و هێشـتا ژن عەیبەیەکـە، بۆیـە یەکسـانە بـە ئەخلاقـی کۆمەڵگـە

پرسـی ئابڕوچـوون، بـۆ ڕۆژهەڵاتـی و بەتایبەتیـش بـۆ کـورد، نـەک لـە کوردسـتان و لـە ڕۆژهـەڵات، بەڵکـو لـە پەناهەندەیـش و لـە ئەوروپـاش بەهەمـان شـێوە مامەڵـەی لـە تـەک دەکرێـت، جەنگـی دەروونـی کـە لـە ڕێگـەی میدیـاوە دەکرێـت و بـە کەسـانی نەفسـنزم ئەنجـام دەدرێـت، ژن و بەرتەسـککردنەوەی ئازادییەکانـی وەک تاکـە کارتێکـی بەهێـز لـە دژی پیـاوان بـەکار دێنـن، یـان لێـدان لـە کەسـێتییان ئەگـەر ژنێـک وەک پیـاو بـوو بەخاوەنـی تێڕوانینـی خـۆی، چەنـدان نموونەمـان هەیـە کـە لەکاتـی هەڵبژاردنەکانـدا چـۆن لـەو ژنانـە دراوە خۆیـان بـۆ پەرلەمانتـاری پاڵاوتـووە، چـۆن لـەو هونەرمەندانـە دراوە کـە پێشـەنگن و بڕوایـان بـە کرانـەوەی کۆمەڵگـە و ئازادکردنـی جەسـتەی ژن هەیـە.

لـە ڕاسـتیدا پیـاو تاکـو ئێسـتا بـە عەقلییەتـی هـۆکاری ڕەوشـتی ژن دەبینـن، پیـاو بوونیـش بەواتـای کۆتنرۆڵکردنـی بایۆلـۆژی سـتراکتۆری ئاراسـتە، واتـا بەخشـی بە ڕەگـەزی حەتمی ژیان دێت. «ناوەندی تیۆری فێمینسـتی ئەوەیـە کـە جنـس و دەسـەڵات بەشـێوەیەک پێکـەوە گرێـدراون کـە ئافرەتـان سیسـتماتیکیانە بندەسـت دەکرێـن، ڕەوتـە کۆنتێکسـتە کۆمەڵایەتیـی و سیاسـییەکە

مانـا و بایەخـی جیـاوازی جنسـی درووسـت دەكات، دەهێڵێتـەوە و دەگۆڕێـت، بـەو شـێوەیەش پەیوەندییـە جنسـییە نابەرابەرییەكـە كـردەی نیزامێكـی دەسـەڵاتی كۆمەڵایەتـی و سیاسـییە» (١٠٠).

هەڵبـەت فێمینیسـتە پۆسـت مۆدێرنـەكان رەخنـەی رادیكاڵییـان هەیـە لـەوەی كـە دابەشـبوونی مـرۆڤ لـەو عەقڵییەتـە وە هاتـووە كـە پیـاوان دەسـەڵاتی خۆیـان سـەپاندووە و دەیانهـەوێ ئـەو بەرەیـە لـە ژێـر پێیانـدا دەرنەچێـت كـە یەكسـانی لـە مافـی هـەردوو رەگەزەكـە نەكەوێتـە ژێـر پرسـیاری نوێـوە كـە هەقیقەتـی یاسـایی وەربگرێـت. گرفتـی سـتراكتۆرە گوتارییـەكان ئەوەیـە كـە ئافـرەت پێناسـە دەكات و كێشـەی جێنـدەری چارەسـەر دەكات بەپێـی ئـەوەی پیاوانـی نـاو دەسـەڵاتی سیاسـی و خـاوەن گوتـاری سیاسـی لـەم باسـەدا هیـچ بەرگرییەكـی مۆدێرنانـەی بـۆ ناكرێـت، چونكـە شوناسـی ئافـرەت و زمانـە كۆمەڵایەتییەكـەی دەكەوێتـە چنگـی خۆیـەوە و دەربڕینەكانـی هـەر بەدەسـتی خۆیەوەیەتـی، جگـە لـەو فـەزا داخراوانـە نەبێـت كـە لـە رۆژهـەڵات و لەنێـو كۆمەڵگـە رۆژهەڵاتییەكانـی وەكـو عێـراق و كوردسـتان هەیـە و ئافـرەت بـەو فـەزا رادیكاڵانـە ئاشـنا نییـە، تاكـو بگاتـە ئـەو دەسـەڵاتەی كـە ژن بەشـێكی دانەبـڕاو بێـت تێیـدا.

فێمینسـتە پۆسـت مۆدێرنیستەكان دەڵێـن كـە ناسنامەی مـرۆڤ هـەر بەسرووشـت ناگوتاریـی، واتـە زمانیانـە و

سمكۆ محەمەد

کۆمەڵایەتیانــە بڕیــاری بــۆ دراوە و ئــەو چارەنووســەی پێــدراوە کــە ئێســتا هەیەتــی، گرفتــی ســترۆکتۆرە گوتارییــەکان ئەوەیــە کــە ئافرەتــان وەک ئافــرەت پێناســە دەکــەن، هیــچ ناســنامەیەکی ئافرەتــی (درووســت) وو راســت نییــە کــە لە(پشــت یــان لەژێــر) ئــەوەوە بێت کــە سیســتمی دەســەڵات دروســتی کــردووە، دەربڕینــی زمانــی و کۆمەڵایەتــی ئافرەتیانــەی ئافــرەت دەکــەن بــە خــودی ئافرەت، ناسنامە شتێک نییە کە زمانیانە و کۆمەڵایەتیانە دەربب‌ڕدرێــت، ناســنامە لــە خــودی دەربڕینەکانــی خــۆی پێکدێت، نەهیچی تر و نەهیچی زیاتر، هیچ ناسنامەیەکی جێنــدەری نییــە لەپشــت دەربڕینــە جێندەرییەکانــەوە بێت، ئــەو ناســنامەیە هــەر حــۆی لەخــودی ئــەو (دەربڕینانــە) ســاز بــووە کــە پــێ دادەگیرێــت کــە گوایــە ســەرەنجامی ئــەون» [١٠١]. ئــەم تێڕوانینــە بــۆ ئافــرەت وای کــردووە کــە خەباتــی ئافــرەت بــەو پێناســەیە بەلانیکەمــەوە بەشــێک لــە لافیتــەی مافەکانیــان دژ بــەو گوتــارە بێــت کــە پیــاو هەڵگرییەتــی، ئەزموونــی ژێردەســتەیی و ناکۆکــی عەقڵــی بــۆ ژیــان و پلانــی ڕۆژانــە کــە سیاســەت ڕەنگڕێــژی کــردووە، ئــەو ڕەخنەیــەی درووســت کــرد کــە ســترۆکتۆر بخرێتــە ژێــر پرســیارەوە، ئافرەتــان چیتــر بــەو کەمینەیــە ڕازی نەبــن لــە یەکــەی یاســایی و دەزگای تەشــریعی کــە پارلەمانــی کوردســتانە و بەرێــژە کورســیان بەردەکەوێت کــە سیاســەت وەکــو پشــک پێــی بەخشــیون، بــەڵام ئەمــە تەنهــا لــە ڕۆژئــاوا ســەریگرت، ئەویــش لــەدوای

سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی و ئەوەی کە پێی دەگوترێت ریێنیسانس کە بە گەورەترین شۆڕشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناسراوە.

لەنێو گرووپە کوردەکاندا بۆ سیاسەت، بۆ شۆڕ و کوردایەتی بەناوی دیموکراسییەوە، بۆ مان دەردەکەوێت کە هەم لەیاداشتەکانیان و هەم بەسەرزارەکی و هەم لەدیمەنە سیاسیەکاندا، دەردەکەوێت کە کوردستان بەهەموو پێناسەیەکەیەوە لەژێر هەژموونی ئەخلاقی ئایینی و کولتووریدا، بڕوایا نبە ژن نەبووە بەشداری بکات لە شۆڕش وەکو ئەوەی لە چەمکی دیموکراسی گەرەکیەتی، یان مافی هەبێت، لە کارێکتەرە کلاسیکیەکانەوە بگرە تادەگاتە مۆدێرن و نووسەرکانیانەوە، نەوشیروان مستەفا لە یاداشت و نوسینەکانیەوە دیارە کە بڕوای بە ژن و هێزی ژن نەبووە لە شۆڕ و سیاسەت، بۆ نموونە لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەت و ژن کۆدەبێتەوە لەبارەی رێکخراوەیی قسە بکەن و بەشداری شۆڕش بکەن و پشکداربن، کەچی ئەو زۆر دژانە دەوەستێتەوە، ئەم بابەتە لەلایەن هاوڕێکانیشییەوە دانی پێدانراوە، لە سیاسەتی رۆژانەشیدا دووبارە بۆتەوە و سەلماندوویەتی کە بڕوای بەژنی سیاسی نەبووە، تاکو بوونی لەنێو بزووتنەوەی سیاسیدا.

باشترین نموونە ئەوەیە کە دیموکراسی لە روانگەی فیمێنیستەکانی رۆژئاواوە، بخرێتە نێو نەسیجی واتە

چنینی کۆمەڵایەتییانـەوە و لەوێوە چارە بکرێت، یەعنـی ئـەو یەکسـانییەی کـە پیـاوان یـان گوتـاری پیاوانـە بـۆ بـەرز و نـزم کردنـی باڵانسـی سیاسـی لەنێوان پیـاوان و ژنـان درووسـتیان کردبـوو، وەکـو بیرمەندێکـی وەکـو (یۆنـگ) ی کۆمەڵنـاس و یاسـاناس لەسـەروەختی خـۆی گوتبـووی، (یەکسـانی هاوڵاتیـان دەخاتـە بـەردەم پرسـیارەوە کـە مانـای دەسـەڵات و بێ دەسـەڵات دەکات، بۆیـە بـەم پێودانگـە و تێگەیشـتنە نـا ئاسـاییە، دەبێـت دیموکراسـی بێـزار بکرێـت و گۆڕانـکاری تێـدا بکرێـت، چونکە لێرەوە دەردەکەوێت کـە سیستەمەکە بەر لەهەمـوو شـتێک جیـاوازی جێنـدەری خوڵقانـدووە)، لـە حاڵێکـدا خـودی فەلسـەفەی دیموکراسـی لـە دەسـەڵاتی مۆدێرنـدا ئـەو مەبەسـتە رەگەزییـە سێکسـییە ژێـر خـاک کـراو چیتر کاری پێناکـرێ.

(جـۆن سـتیوارت میـل) یەکێـک لـەو بیرمەندانەیـە کـە سـوودگەرایی و پرسـی ئەخلاقی وەکو پاشـکۆی بایۆلۆژی تەماشـاکردووە، « لـەلای ئـەو ئـاکار واتـە (ئەخـلاق) هێنـدە بـە ئاسـانی تێکـەڵ بـە دوالیزمـی چێـژ و ئـازار ناکرێـت و بـە لۆژیـک ناپێورێـت، بگـرە بـە پێچەوانـەوە هەندێکجـار ئـاکار دەبێتـە پێـوەر بـۆ حوکمـەکان لەسـەر ئـەوەی داخـۆ چ جـۆرە چێژێـک شـەرەفمەندانەیە و چ جـۆرە چێژێکیـش شـایەنی رێـز نییـە».[١٠٢]. جـۆن سـتوارت میـل لێـرەدا زۆر لـە ژێـر کاریگـەری (ئەمانوئێـل کانـت) بـووە بـەوەی کـە چەنـد ئامانجێکـی هەیـە ئـاکار، ئەوانیـش بریتیـن لـە

دابینکردنی چێژ بۆ زۆرترین خەڵک، نەک بۆ گروپێک و چینێک و توێژێک، لەولاشەوە بابەتی خۆ ئەزموون کردن لەلایەن تاک و کۆمەڵگەوە، نەبوونی ئەم فەزایە بۆ گشت، درووست مانای وایە دەسەڵات و گروپی دەستەبژێری سیاسی ئەخلاقییان لەدەست داوە، ئەمە بۆ نەریتخواز و حکومەتە کۆنسەرڤاتیڤەکانیش هەر وایە کە ئاکاریاان کردووە بە بڕگەیەکی یاسایی و دوخێکیان بۆ کۆمەڵگە خوڵقاندووە کە تاڕادەی ئەوەی دەزگای تایبەتیان بۆ درووست کردووە، هەر وەکو ئەوەی کە لە کوردستاندا لەژێر هەژموونی ئایین و بیری تەسکی ئایینپەرستانی ئیسلامی، ئەو فەزا داخراوەی بەرهەمهێناوە کە بۆتە هۆکار بۆ کوشتنی ئازادی و بووە بە عورفێکی کۆمەڵایەتی، لە حاڵێکدا گەرەک بوو بەپێی یاسا دەستگا و ئۆرگانەکان بە شێوەیەک دابمەزرێن کە لەنێوان بەرژەوەندی گشتی و تاکدا جوداخوازی نەکات و بۆ هەمووان چوون یەک بێت.

«لە بنەڕەتدا هیچ پێویست ناکات مەسەلە ئەخلاقییەکان بە مەعریفەی زانستییەوە ببەستینەوە. چەندین سەدەیە وایان لە ئێمە گەیاندووە لە نێوان ئەخلاقی ئێمەدا، ئەخلاقی شەخسی ئێمەدا ژیانی رۆژانەمانەمان و بونیادە گەورە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا گەلێک پەیوەندیی شیکاری بوونیان هەیە. بە بۆچونی من ئێمە دەبێت رزگارمان بێت لە شەڕ و خراپەی ئەم ئایدیایەی پەیوەندیی شیکاری یان

زەرووڕەتـی نێـوان ئەخـلاق و بونیـادە کۆمەڵایەتـی، یـان ئابـوری یاخـود سیاسـییەکانی دیکـە».[١٠٣]

ئێمـە کـە وەکـو تێڕوانینێکـی نـوێ بـۆ سیسـتمی نوێـی جهانـی، وەکـو هـەر کاڵایەکـی دیکـە کـە لـە بەهـای بەشـەرییەت دابڕاویـن، بەرهەمـی مۆڕاڵـی ئـەم سیستمەین، بۆیـە هەرچـی تێگەیـەک لەبـارەی کەسـی و رەفتارەکانـی رۆژانەمـان هەیـە، گرێـدراوی ئـەو پەیوەندییـە یـە کـە لەگـەڵ کاڵا و شـمەکی بـازاڕدا کۆکراوەتـەوە، بۆیـە وایـان تێگەیاندووین کە بونیادی کۆمەڵایەتی راستەوخۆ گرێـدراوی ئـەم بونیـادە سیاسـیەیە کـە سـەراپای جهانـی تەنییـوە، «لایەنگرانـی دژە سیسـتمی سـەرمایەداری هاوچەرخ کە لاف و گزاف بە پۆستمۆدێرنەوە لێدەدەن، لەهـەر کوێیـەک بـن فشـاریان بۆسـەر تیۆریسـینەکانی ئـەو بۆچوونەیـە کـە هەمـوو شـتێکی دەسـتکردی ئـەم سیسـتمە بـە ئیسـتاتیکا، جێگـەی رەخنەیـە و بـە پێـوەری شـاهیدگەرایی ناچێتـە سـەر وەکـو ئـەوەی نموونـەی شـاهیدی چـەرخ دەیانهـەوێ بیکـەن بـە واقیعـی نەگـۆڕ، بـەو مانایـەی کـە لەبری ئەخلاقـە کۆنەکـەی کـە پێـوەری ئینسانی بوو، ئێستا ئەخلاقێکی دیکە داهێنراوە کە تەنها ئەخـلاق نییـە، ئـەم سـتراتیژییەتە بـۆ کۆمەڵگـەی ئێسـتا کـە گوایـە فرەییەو ئەخلاقی گشـتی گۆڕاوە بۆ ئەخلاقی کەسـی، جگـە لـە وەهمێـک بـۆ ئەوانـەی کـە سیاسـەتیش بـە ئیسـتاتیکا دەبینـن، هیچـی دیکـە نییـە». [١٠٤]

هـەر ئـەوەی کـە ئەخـلاق لـە نۆڕمـە کۆمەڵایەتییەکـەی

ئەلتەرناتیڤێکـی دیکـەی وەرگرتـووە، وەکـو داهێنانـی چەمکێکـی نـوێ پەخـش کـراوە و پۆلینبەنـدی کـراوە لـە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دیکە، بەشێکە لە بەرهەمهێنانی ئـەو ئیدیۆلۆژیایـەی کـە لـە زەمەنـی ئاڵـۆزی وەکـو ئـەوەی ئێسـتا بەنـاوی ئازادییـەوە ئینسـان بـووە بـە کەرەسـتە بەدەسـت کەرەسـەتەی تەکنۆلۆژیـاوە، ئـە لێـرەدا ئەخلاقەکەیـان وەکـو نۆرمێکـی نـوێ بـە خەڵـک ناسـاندووە و جودایـان کردۆتـەوە لـە رابـردوو، ئەمـەش شـێوەیەکی دیکـەی بـە ئیسـتاتیکا کردنـی سیاسـەتە.

بەلای عەما نوئێل کانت فەیلەسوفی ئاڵمانییـەوە، ئـاکار مەسـەلەیەکە تائێسـتا پێناسـەی وەهـا تـەواوی بەخۆیـەوە وەرنەگرتـووە، بـەڵام لـە ئالیەتـی لۆکاڵـی پێوەرێکـی کۆمەڵایەتـی یـە کـە خەڵـک بەگشـتی بەپێـی گوتارێکـی گشـت لەسـەری کۆکـن، ئـاکار بکـەری یەکەمـی پێوەرێکـە بـۆ گشـت، ئایـا ئـەم چەمکـە لـە کایـەی سیاسـیدا کاری پێدەکرێـت وەکـو ئـەوەی لـە کایـەی کۆمەڵایەتیدا کـراوە بە پێوەر، ئایا مرۆڤ لە سرووشـتی خۆی لایداوە، یان سرووشـتی گۆڕیـوە بۆیـە لـە ئـاکار لایـداوە، لـە کاتێکـدا ئـاکار ویسـتی گشـتییە بۆ کارێـک یـان بۆ شـتێکی گونجاو کـە بەرژەوەنـدی گشـتی دەپارێـزێ، نـەک شـتێک بەنـاوی ئادابـی گشـتی.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان


١: ئەحمــەد گــوڵ محەمــەدی. بەجیهانیبــوون. کولتــوور و شــوناس. وەرگێڕانـی. عەبدوڵـڵا بەهرامـی. دەزگای توێژینـەوەی موکریانـی. سـاڵی ٢٠٠٧. ل١٧٢

٢: يوسف زيدان. متاهات الوهم. دار الشروق. سنة ٢٠١٣.ل١٤

٣: افلاتـون. جمهوريـة افلاتـون. نقلهـا الـى العربيـة. حنـا خبـاز، مطبعـة انتصـار. بغـداد. ص١٨١.

٤: فەلسـە و شـۆڕش. کۆمەڵێک نووسـەر. وەرگێڕانـی. وەلیـد عونـەر و زەردەشـت نورەدیـن. بڵاوکراوەکانـی ناوەنـدی غەزەلنـووس. سـاڵی ٢٠١٨. ل٢٨٤

٥: ریچـارد رۆرتـیّ. پێشـتر بوونـی دیموکراسـی لـە فەلسـەفە. و. لـە ئینگلیزییـەوە. فاتیـح سـەعیدی. بەڕێوبەرایەتـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی وەزارەتـی رۆشـنبیری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. سـاڵی ٢٠١٢. ل١٠٧

٦: دیموکراسـی. بیرۆکەیـەک لـە تازەبوونـەوەدا. وەرگێڕانـی کۆمەڵێـک نووسـەر. زنجیـرە کتێبـی دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم. سـاڵی ٢٠١٦. ل١٠٨

٧: ٧: كارل ماركـس. نقـد الفلسـفة الحـق عنـد هيغـل. ترجمـة جـورج طرابيشـي. دار النشـر الطليعـة بيـروت.

٧: ئەحمــەد گــوڵ محەمــەدی. بەجیهانیبــوون. کولتــوور و شــوناس. وەرگێڕانـی، عەبدوڵـڵا بەهرامـی. دەزگای توێژینـەوەی موکریانـی. سـاڵی ٢٠٠٧. ل٢١١

٩: . حسـن مسـكين. ازمـة النخبـة العربيـة. الثقافـة و التنميـة. مؤسسـات

الرحاب الحديثة للطباعة و النشر. بيروت لبنان. طبعة الاولى ٢٠١٢. ل١٢٦

١٠: غرايم جيل. ديناميات. السيرورة الديمقراطية و المجتمع المدني. ترجمة. شوكت يوسف. دار التكوين للنشر. سنة ٢٠٠٩. ص٢٠

١١: ديموكراسی بیرۆکەیەکە تازە دەبێتەوە، کۆمەڵێک نوسەر. چەند وەرگێڕێک، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠١٦. ل١٢

١٢:عبد الحسين الطائي. جدلية العلاقة بين المثقف و السلطة. د.دار الحكمة للنشر لندن. ل٦١.

١٣: بەختیار عەلی. رەخنە لە عەقڵی فاشیستی. بڵاوکراوەکانی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٦. ل٣٢٨

١٤: کارل پۆپەر. ئازادی و بەرپرسیاریتی روناکبیران. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عومەر ئیمام. دەزگای موکریانی بۆ چاب و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٤. ل٤٥

١٥: برتراند راسل. ئایدیاڵە سیاسییەکان. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە. ئەکبەر حەسەن. چاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم . ساڵی ٢٠١٣. ل٥٩.

١٦: میشێل فۆکۆ. دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئارام ئەمین شوانی. ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.ساڵی ٢٠١٨. ل٢٥٨

١٧: فالح عەبدولجەبار. دیموکراسی بۆچوونێکی کۆمەڵناسانیانەی مێژووییانەیە. وەرگێڕانی. کامیل محەمەد قەرەداغی. زنجیرە کتێبی گیرفان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٨. ل٧

١٨: ئەحمەد گوڵ محەمەدی. بەجیهانیبوون. کولتوور و شوناس. وەرگێڕانی. عەبدوڵلا بەهرامی. دەزگا توێژینەوەی موکریانی. ساڵی ٢٠٠٧. ل٢١٠

١٩: ناتاشا ئیزرۆ و ئیریکا فرانتز. دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت. تێگەیشتن لە رژێمە دەسەڵاتگەراکان و سەرۆکەکانیان. وەرگێڕانی. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ژمارە (٨١٧) ساڵی ٢٠١٧. ل١٦٢.

٢٠: ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی سیاسی. کوردی. فارسی. ئینگلیزی. دانشگاه کردستان. ساڵی ٢٠١٥. ل١٤٠
٢١: دیموکراسی بیرۆکەیەک لە تازە بووندا. وەرگێرانی.کۆمەڵێک نووسەر. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠١٦. ل٣٧
٢٢: : غرایم جیل. دینامیات السیرورة الدیمقراطیة و المجتمع المدني. ترجمة شوکت یوسف. منشورات. دار التکوین للترجمة و النشر. ص٣١٠
٢٣: نوربێر بۆبیۆ. لیبڕالیزم و دیموکراسی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ڕێباز مستەفا. لەبڵاکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوفکری و ئەدەبی نما. چاپی دووەم ٢٠١١. ل٤١.
٢٤: فەرید زەکەریا. داهاتووی ئازادی. وەرگێڕانی. عەدنان حەسەنپور. خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی. ساڵی ٢٠١٢. ل١٦٧
٢٥: فالح عبدولجەبار. دیموکراسی بۆچونێکی کۆمەڵناسییانەی مێژووییانەیە. وەرگێڕانی. کامیل محەمەد قەرەداغی. زنجیرە کتێبی گیرفان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٨ ل٣٨
٢٦: لیبرالیزم زەمینە مێژوویی و فکرییەکانی لەسەدەی بیستدا. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. وەرگێڕانی کۆمەڵێک نوسەر. ساڵی ٢٠١٦. ل٩٢
٢٧: مارکۆز و پۆپەر. وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی. بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٨. ل٣٢
٢٨: ئەحمەد گوڵ محەمەدی. بەجیهانبون. کولتوور و شوناس. وەرگێڕانی. عەبدولـلا بەهرامی. دەزگای توێژینەوەی موکریانی. ساڵی ٢٠٠٧. ل١٧٠
٢٩: فالح عبدولجەبار. دیموکراسی بۆچونێکی کۆمەڵناسییانەی مێژووییانەیە. وەرگێڕانی . کامیل محەمەد قەرەداغی. زنجیرە کتێبی گیرفان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٨. ل٣٨
٣٠: فالح عبدالجبار. المادیة و الفکر الدینی المعاصر. نظرة نقدیة. مرکز الابحاث و الدراسات الاشتراکیة فی العالم العربی. ١٩٨٥. ل٣٥.
٣١: د. حوسێن بەشیرییە. گوزەر بەرەو دیموکراسی. وەرگێڕانی

ئازاد وەلەدبەگی. بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان ساڵی ٢٠١١. ل٢٦٦
٣٢: جۆن مانیلۆ. شۆڕشگێڕان و هەڵبژاردنەکان. وەرگێڕانی بۆ کوردی. بژار سەردار. بڵاوکراوەکانی ناوەندیی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی کوردستان
٣٣: ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی سیاسی. کوردی. فارسی. ئینگلیزی. دانشگاه کردستان. ساڵی ٢٠١٥. ل١٣٨
٣٤: ناتاشا ئیزرۆ و ئیریکا فرانتز. دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت. تێگەیشتن لەرژێمە دەسەڵاتگەراکان و سەرۆکەکان. وەرگێڕانی. د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠١٧.ل٨٨
٣٥: فالح عەبدولجەبار. دیموکراسی. بۆچوونێکی کۆمەڵناسیانەی مێژوویانەیە. وەرگێڕانی. کامیا محەمەد قەرەداغی. زنجیرە کتێبی گریفان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٧. ل٧٢
٣٦: کارل پۆپەر. ئازادی و بەرپرسیاریێتی روناکبیران. وەرگێڕانی. عومەر ئیمام. خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٤. ل٤٧.
٣٧: في الديمقراطية .خاصية الاجتماعية و الاقتصادية.مجلة النهج. العدد. ١٦ _١٩٩٨
٣٨: برتراند راسل. ئایدیاڵە سیاسییەکان. وەرگێڕانی. ئەکبەر حەسەن. بڵاوکراوەکانی پرۆژەی
کتێبی یانەی قەڵەم. ساڵی ٢٠١٣. ل٢٤
٣٩: یاکوب باریون. ماهي الايديولوجية؟.. تعريب. د. اسعد رزوق. دار العلمية. طبعة الاةلى ١٩٧١ بيروت. ل٢٣
٤٠: ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی سیاسی. دانشگاه کردستان. ئێران. ساڵی ٢٠١٥. ل٢٢.
٤١: ئەندرۆ ڤینسینت. تیۆرەکانی دەوڵەت. وەرگێڕانی. عومەر مەولودی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان. ساڵی ٢٠٠٧. ل١٥
٤٢: حوسێن بەشیریە. بنەماکانی زانستی سیاسەت. وەرگێڕانی. ئەبو بەکر کاروانی. بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی. ساڵی ٢٠٠٩ ل١٢٨ و ل١٢٩

٤٣: هنری ایکون. عصر الایدیولوجیا. ترجمة. محي الدین صبحی. مراجعة. عبدالحمید حسن. منشورات وزارة الثقافة. دمشق ١٩٧١.. ل١٣
٤٤: مایکڵ فریدێن. دەروازەیەک بۆ ئایدیۆلۆژیا. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی. کارزان کاوسێن. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. ساڵی ٢٠١٢. ل٦٨
٤٥: سلاڤۆی ژیژەک. قومار لەسەر مەحاڵ. وەرگێڕانی. مەنسور تەیفوری. بڵاوکراوەکانی. خانەی وەرگێڕانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٩. ل٢٥
٤٦: د. حوسێن بەشیرییە. مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیست و یەکەم. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ناسر ئیبراهیم زادە. بڵاوکراوەکانی خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠٠٩. بەرگی یەکەم ل٣٥٩
٤٧: لیونارد جاکسون. نزع مادیة کارل مارکس. الادب و النظریة المارکسیة. ترجمة سائر دیب. دار النشر. المرکز القومی للترجمة. سنة ٢٠٠٢. ل٣٦٤
٤٨: یاکوب باریون. ماهی الایدیولوجیة؟. تعریب. د. اسعد رزوق. دار العلمیة. سنة ١٩٧١. ص٧٥
٤٩: یاکوب باریون. ماهي الایدولوجیة؟. تعریب. د. اسعد رزوق. الدار العلمیة. طبعة الاولی سنة ١٩٧١.ص٩٤
٥٠: سلاڤۆی ژیژەک، سەرەتا وەک تراژیدیا. کۆتایی وەک کۆمیدیا. لەعەرەبییەوە. ئەرسەلان ئافراسیاب. بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٧. ل١١٥
٥١: فەلسەفەی هیگڵ. کۆمەڵێک نوسەر. وەرگێڕانی بۆ کوردی. رێبین رەسول ئیسماعیل. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٧. ل٢٩٢.
٥٢: ئاندرۆ هێیود. تیۆری سیاسی. وەرگێڕانی. گۆران سەباح. دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس. ساڵی ٢٠٠٧. ل٢١
٥٣: حسین موسی. میشال فوکو الفرد و المجتمع. دار التنویر للگباعە و النشر. سنه ٢٠٠٩. ص١١٩.
٥٤: جاک دریدا. دەرمانخانەی ئەفلاتون. وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە،

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل. بڵاوکراوەی کتێبخانەی فێربوون. ساڵی ٢٠١٥.ل ٢٣٤
٥٥: د. غانم محمد صالح. بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست. و.سەلام کەریم. بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی بۆ چاپ و پەخش. ل ١٣٤
٥٦: کارل مارکس. فریدریک ئەنگڵس. بەرگی یەکەمی ئایدیۆلۆژیای ئاڵمانیا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی. سەلام مارف. بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج. ساڵی ٢٠٠١. ل٩٦
٥٧: د. حوسێن بەشیرییە. گوزەر بەرەوە دیموکراسی. وەرگێڕانی ئازاد وەلەدبەگی. بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان. ساڵی ٢٠١١. ل ١٩٤
٥٨: برهان غلیون و سمیر امین. الپقافه العولمه و العولمه الپقافه. دار الفکر المعاصر. بیروت. سنه ٢٠٠٨. ص٢١
٥٩: کارل پۆپەر. ئازادی و بەرپرسیارێتی روناکبیران. وەرگێڕانی. عومەر ئیمام. خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاکردنەوە. ساڵی ٢٠١٤. ل٤٦.
٦٠: نعۆم چۆمسکی. کۆنترۆڵی میدیا. ڕەزا نسر ئابادی. لەفارسیەوە بۆ کوردی. ئارام مەحمود. گۆڤاری ئایدیا ژمارە٥٦ و ٥٧. دۆسییەکی تایبەت بە چۆمسکی.
٦١: فەرید زەکەریا. داهاتووی ئازادی. وەرگێڕانی. عەدنان حەسەنپوور. خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی. ساڵی ٢٠١٢. ل١١٣.
٦٢: تیری ئیگلتۆن. بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو. وەرگێڕانی. پێشڕەو محەمەد. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا. ساڵی ٢٠١٦. ل٢٠٨
.
٦٣: شارل پێپەن. یەک هەفتە لەگەڵ فەلسەفە. بناغەکانی فەلسەفە لە حەوت ڕۆژدا. وەرگێڕانی بۆ کوردی. لە فەرەنسییەوە د. هیوا شەمسی بورهانی. بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٧. ل٧٨
٦٤: میشێل فۆکۆ. دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت، وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئارام ئەمین شوانی. بڵا وکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە. ساڵی ٢٠١٨. ل ٢٣٠

٦٥: ریچـارد رۆرتـی. پێشـتر بوونـی دیموکراسـی لەفەلسـەفەدا. وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی. فاتـح سـەعیدی. بڵاوکراوەکانـی ڕاگەیانـدن و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی سـلێمانی. سـاڵی ٢٠١٢. ل١٣٨

٦٦: سلاڤۆی ژیژەک. سـەرەتا وەک تراژیدیا. کۆتایی وەک کۆمیدیا. وەرگێرانـی بـۆ کـوردی. ئەرسـەلان ئەفراسـیاب. بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمـال عیرفـان. سـاڵی ٢٠١٧. ل١٢٩

٦٧: فالـح عەبدولجەبـار. دیموکراسـی بۆچوونێکـی کۆمەڵناسـیانەی مێژووییانەیـە. وەرگێڕانـی. کامیـل محەمـەد قەرەداغـی. زنجیـرە کتێبـی دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم. سـاڵی ٢٠٠٧. ل٢٧

٦٨: عبدالالـه بلقزيـز. في الديمقراطية و المجتمع المدني. مراثي الواقع. مدائح الاسطورة. دار النشر افريقيا الشرق. سنة ٢٠٠١. ص٣٧

٦٩: هربـرت ماركـوز. الانسـان ذو البعـد الواحـد. ترجمـة. جـورج طرابيشـي. دار الاداب. سـنة ١٩٦٩. ص٢٥

٧٠: الدكتـوره منتهـى عبـد جاسـم. جدلييـة العلاقـة بيـن التربيـة و السياسـة عنـد محمـد عبـده. دار الحكمـة. بغـداد ٢٠١٣. ص٩٣

٧١: برترانـد راسـل. کاریگـەری زانسـت لەکۆمەڵگـەدا. وەرگێڕانـی لەعەرەبییـەوە. دیدار ئەبو زەید. دەزگای وەرگێڕان. سـاڵی ٢٠١٢. ل٩٥.

٧٢: تيـرى ايجلتـون. الارهـاب المقـدس. ترجمـة: اسـامة اسـبر. دار بدايـات. للنشـر والتوزيـع . دمشـق. سـنة ٢٠٠٧. ص ٢٩

٧٣: ئاگـۆرا. بـەو شـوێنە دەگوترێـت کـە ناوچەیەکـی تایبەتـە بـە کۆبوونـەوەی سیاسـی و کەسـانی یاسـایی و سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سیاسـی و بەڕێوەبـردن لـە یۆنانـی کـۆن.

٧٤: ئەکلیسـا: بـەو شـوێنە دەگوتـرا شـوێنی کۆبوونـەوەی خەڵـک بـوو ڕێکخسـتنی کاری گشـتی واتـە کاروبـاری خەڵـک، گرنترینیـان سـەرچاوەی بڕیاردانانـی سیاسـەت بـوو کـە لەدەسـت دەسـتەبژێری سیاسـی بـوو.

٧٥: ناکۆکیەکانـی دوو دانیشـتن. گفتوگـۆی دوو ڕۆشـنبیری عەرەبـی لەسـەر دیموکراسـی و ڕۆشـنبیر. بڵاوکراوەکانـی چاپخانـەی ڕەنـج. سـاڵی ٢٠٠٧. ل٨٩

٧٦: جورج طرابيشي. نقد نقد العقل العربي. نظرية العقل. منشورات

دار الساقي. ١٩٩٩. ص١٩٣
٧٧: میشێل فۆکۆ. دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئارام ئەمین شوانی. نێوەدی هونەری و رۆشنبیری ئەندێشە. ساڵی ٢٠١٨. ل١٨٨.
٧٨: هانا ئارێنت. بنەماکانی تۆتالیتاریزم. وەرگێڕانی. حەمە رەشید. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٧. ل٨٤
٧٩: سلاڤۆی ژیژەک. دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی. بەشی دووهەم. گۆڤاری ئایدیا. ژمارە ٤٨ و ٤٩. ساڵی ٢٠١٥
٨٠: کارل پۆپەر. ئازادی و بەرپرسیارێتی روناکبیران. وەرگێڕانی عومەر خەیام. خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٥. ل٢١
٨١: نۆربێرتۆ بۆبیۆ. لیبرالیزم و دیموکراسی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. رێباز مستەفا. بڵاوکراوەکانی سەنتەری فکری و ئەدەبی نما. چاپی ٢٠١١ . ل٧٨
٨٢: ریچارد رۆرتێ. پێشتربوونی دیموکراسی لە فەلسەفە. و. لە ئینگلیزیەوە. فاتح سەعیدی. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠١٢. ل١١٠
٨٣: فەرید زەکەریا. داهاتووی ئازادی. وەرگێڕانی. عەدنان حەسەنپوور. خانەی بڵاوکردنەوەی موکریان. ساڵی ٢٠١٢. ل١٤٠
٨٤: دیالۆگی دەوڵەت و ئاین. گفتوگۆی نێوان سەمیر ئەمین و بورهان غلیۆن. وەرگێڕانی . هێمن مەجید. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ١٩٩٩. ل٤٧
٨٥: تیری ئیگلتن. بۆچی مارکس لەسەر هەق بوو. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشڕەو محەمەد. بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. ساڵی ٢٠١٥. ل٧٢
٨٦: لیبرالیزم و دیموکراسی. نۆربێرتۆ بۆبیۆ. وەرگێڕانی بۆ کوری. رێباز مستەفا. لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری فکری و ئەدەبی نما. چاپی ٢٠١١. ل٥٥
٨٧: ایزایا برلین .الفكر الغربي الحديث. نسيج الانسان الفاسد.

ترجمــة. ســمية فلــو عبــود . دار الســاقى للنشــر ســنة ١٩٩٣ ص٣٣
٨٨: د. عبدالــرزاق عيــد. نحــن و البيريســترويكا. دار الحــوار اللاذقيــة للنشــر. ســوريا. ســنة١٩٩١.ل٩٢
٨٩: فاطمــة المرنيســي. الخــوف مــن الحداثــة. الاســلام و الديمقراطيــة. ترجمــة. د. محمــد الدبيــات. ص٦٨
٩٠: ديموكراســی و ليبراليــزم. نۆربێــر بۆبيــۆ. وەرگێرانــی بــۆ كــوردی ڕێبــاز مســتەفا. بڵاوكراوەكانــی ســەنتەری فكــری و ئەدەبــی نمــا. چاپــی ٢٠١١. ل٤٣.
٩١: جــاد كريــم جياعــی. مقــال حــول الديمقراطيــة الماركســية. مجلــة النهــج. العــدد ٣٩ ســنة ٢٠٠٢.
٩٢: ديموكراســی. بيرۆكەيــەک لــە تازەبوونــەوەدا. كۆمەڵێــک نووســەر. چەنــد وەرگێڕێــک. زنجيــرە كتێبــی دەگای چــاپ و پەخشــی ســەردەم. ســاڵی ٢٠١٦. ل٨٧
٩٣: زيگمۆنــد باوەنــد. دەوڵــەت و كايــەی تايبەتــی. وەرگێرانــی بــۆ كــوردی. دانــا شــوانی. ڕۆژنامــەی هەولێــر. ژ. ٢٤٢٠ . ٢٠١٦/٨/٢.
٩٤: تيــری ايجلتــون. الارهــاب المقــدس, ترجمــة اســامة اســبر. بدايــات للطباعــة والنشــر. دمشــق. ســنة ٢٠٠٧. ص١٩
٩٥: دافيــد هوروتيــز. الامبرياليــة و الثــورة. ترجمــة. خليــل ســليم. دار الطليعــة. ١٩٧١. بيــروت. ص٢٠
٩٦: دافيــد هوريتــز. الامبراليــة و الثــورة. ترجمــة. خليــل ســليم. دار الطليعــة. بيــروت. ســنة ١٩٧١. ص٥٢.
٩٧: نعــوم تشومســكی. احتلــوا.. تامــلات فــی الحــرب الطبقيــة و التمــرد و التضامــن. ترجمــة. انطــوان باســيل. شــركة مطبوعــات للتوزيــع والنشــر. لبنــان. ٢٠١٤. ص٢٦.
٩٨: مەحمــود تلوعــی. ژن لەســەر تەختــی دەســەڵات . وەرگێرانــی بــۆ كــوردی. ئەبــو بەكــر مەجيــدی. دەزگای چــاپ و بڵاوكردنــەوەی مەوكريانــی. ســاڵی ٢٠٠٦. ل٢٥
٩٩: انيــا لومبــا. الكولونياليــة و مابعدهــا. ترجمــة. د. باســل المســالمة. دار التكويــن للتاليــف و الترجمــة و النشــر. ســنة ٢٠١٣. ل١٩٨
١٠٠: سلاڤۆی ژيژەک. ســەرەتا وەک ترژيديــا و كۆتايــی وەک كۆميديــا.

لەعەرەبییەوە. ئەرسەلان ئەفراسیاو. بڵاوکراوەی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٧. ل٢٠

١٠١: ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت. سەرەتایەک بۆ تیۆری سیاسی فیمێنیستی. ماریا فێندت هۆبەر. سیسلیا ئۆسە. ورگێڕانی لە سویدییەوە. ڕێبوار رەشید. بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٥ . ل٥١.

١٠٢: ماریا ڤێندنت هۆیەر. سیسیلیا ئۆسە.ناکۆکییەکانی ناو سیاسەت. سەرەتایەک بۆ تیۆری سیاسی فیمینیستی. وەرگێڕانی لە سودییەوە. ڕێبوار رەشید. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ساڵی ٢٠٠٥. ل٧١

١٠٣: لیبڕالیزم. زەمینە مێژوویی و فکرییەکانی لەسەدەی بیستدا. وەرگێڕانی. کۆمەڵێک نوسەر. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی ٢٠١٦. ل٢٢

١٠٤: تیری ئیگلتۆن. لە پۆلیسەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم. دەربارەی ئایدیۆلۆژیای ئیستالتیکا. وەرگێڕانی. پێشڕەو محەمەد. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. سلێمانی ساڵی ٢٠١٦. ل١٠١

## دانراوەکانی نووسەر

سمکۆ محەمەد نووسەر و رۆشنبیرو ئەدیبی کورد لە دایکبووی ١٩٦٩ کەرکوک، خاوەنی ١٦ کتێبە لەبابەتەکانی ئەدەب و فکر و سیاسەت، لە ساڵی ١٩٩٢ لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکان بابەتی ئەدەبی و فکری بڵاو دەبێتەوە و کەسێکی چالاکە لە بواری رۆشنبیری.

١: تونێڵەکانی ئەوین. شیعر. ساڵی ١٩٩٩

٢: جەنگ و نێوانەکان: بابەتی فکری. ساڵی ٢٠٠٣

٣: دەنگێک لەسێبەردا. شیعر. ساڵی ٢٠٠٤

٤: میتۆد و جیاوازی. لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی مارکس. ساڵی ٢٠٠٨

٥: ناسیونالیزم و دژەکانی. بابەتی فکری سیاسی. ساڵی ٢٠٠٩

٦: ئاین و کەمینەکان: بابەتی کۆمەڵناسی. لێکۆڵینەوە لە ئاینزاناکانی کوردستان. بەرگی یەکەم. ٢٠١٠

٧: نامە فەلسەفیەکانی مارکس. وەرگێڕانی تێکستی مارکس و ئەنگڵس. ساڵی ٢٠١٠

٩: کتێبەکان: شیعر. ٢٠١١

١٠: الموت. دیوان شعری باللغة العربیة. وەرگێڕانی

بـۆ زمانــی عەرەبـی. کۆمەڵێـک نووســەر و وەرگێـر. ســاڵی ٢٠١٣

١١: رەهەندەکانـی مـردن. لێکۆڵینـەوە لـە چەمکـی مـردن. ســاڵی ٢٠١٦

١٢: دەوڵــەت: لێکۆڵینــەوە لــە چەمکــی دەوڵــەت. ســاڵی ٢٠١٧

١٣: گونـاح و ئیمـان. توێژینـەوە لـە گروپـە ئیتنییەکانـی کوردســتان. ســاڵی ٢٠١٩

١٤: رەخنــە لــە ئایدیۆلۆژیــا . توێژینــەوە لــە چەمکــی رۆشــبیر و دەســەلا ت. ســاڵی ٢٠١٨

١٥: ناسیونالیزم. فکر و سیاسەت. ٢٠١٨

١٦: ئاژاوەی با. دیوانی شیعری. ساڵی ٢٠١٩.

ئەم کتێبانەش ئامادەی چاپن.

١: ناسیونالیزم لەنێوان فکر و سیاسەتدا

٢: ئەدەب لە پانتایی بۆشدا: رەخنەی ئەدەبی

٣: چاوپێکەوتنەکان. موناقەشەی چەمکەکان

٤: ئیســتاتیکا . دیالیکتیکـی عیشـق و سـێکس. توێژینـەوەی فکـری.

# پێرست


پێشـــەکی........................................................................ ٣
لەوەهمی ئایینی یەوە .. بۆ وەهمی سیاسی.................................. ١٢
دیموکراسی وەک ئیدیۆلۆژیا........................................................ ٢٤
وەهمی پارلەمانی..................................................................... ٥٨
دیموکراسی.. چەمکێکی بێ ئارگومێنت....................................... ١٠١
ئیدیۆلۆژیای ئیدیاڵە جیاوازەکان................................................. ١٣١
ئۆلیگارشیزمی سیاسی............................................................. ١٥٨
تیرۆری ئایدیایی..................................................................... ١٧٧
لەناشەرعیەتەوە بۆ شەرعییەت..................................................... ٢١١
پۆپۆلیزم و دژەکانی ................................................................ ٢٢٢
ترسی پێکەوە ژیان.................................................................... ٢٢٨
ماڵئاوا شۆڕش ........................................................................ ٢٥٣
دەسەڵاتی ژن و ژنی دەسەڵاتدار.................................................. ٢٦٩
ژن لەنێو سیستمی ئەخلاقدا........................................................ ٢٧٧
سەرچاوە و پەراوێزەکان............................................................. ٢٩٢